# ماڵێک لە سەر ئاو

## توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە زەواجی مسیار (هاوسەرگیریی کاتی) و سیغەی مەحرەمێت لە ئێران

**کامیل ئەحمەدی**

**و**

**هاوکاران**

ئاڤای بووف
2022 زایینی / 2722کوردی
© AVAYE BUF

avaye.buf@gmail.com AVAYeBUF .com

# House on water

A Comprehensive Study Research on Temporary Marriage in Iran

**By:** kameel Ahmady

**Publication Technician:** Ghasem Gharehdaghi
Publisher: Avaye Buf

# ماڵێک لە سەر ئاو

**سەرپەرشت و ڕێکخەر :** کامیل ئەحمەدی

**کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:** قاسم قەرەداغی

ISBN: 9788794295253
Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| سـەرپەرشـت و ڕێکخەر | : کامیل ئەحمەدی |
| ناوی [کتێب] | : **ماڵێک لە سەر ئاو** توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە زەواجی مسیار (هاوسەرگیریی کاتی) و سیغەی مەحرەمێت / سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی |
| زانیاریەکانی چاپخانە | : دانیمارک: |
| | : ئاڤای بووف |
| | 1401 هەتاوی، 2022 زایینی / 2722 کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیاریە ڕووالەتییەکان | : ٢٥٩ ل.؛ ٢١×٥/١٤ سم. |
| ژمارەی ئەسپاردن | : چاپخانەی ئەنتەرنێتی: |
| پێڕستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 978-87-94295-25-3 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 978-87-94295-25-3 |

- ناوی کتێب: ماڵێک لە سەر ئاو
- سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی
- چاپی یەکەم: 2022 زایینی / 2722کوردی
- چاپی دوو هە م: 2023
- تیراژ: 500 دانە
- شوێنی چاپ: چاپخانەی دانیشفەڕ

هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بڵاوکردنەوە بە هەر شێوەیەک بە مەرجێک کە ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.
بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێران و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:
لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: WWW.AVAYEBUF.COM

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی
**وه رگیر: نـەسیم غو ڵامی**
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چنوور مورادی
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی فارسی:** عایشێ عەلی‌یار
**هاوکاران و یاریدەدەرانی کاری مەیدانی:** فەریبا ئەڵماسی، عایشێ عەلی‌یار، حەکیمە پاشازادە، فەتانە سادقی موقەدەم، محەممەد (جەماڵ) حوسەینی، ژیلا سادقی، سەباح وەتەنی و ڤیدا زەفەری
**یاریدەدەر و شیکاریی داتاکان:** محەممەد (جەماڵ) حوسەینی , عایشێ عەلی‌یار
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سه رسپی
نیگارکێشی ڕووبەرگ: Godfrey Williams
**داڕێژەری خشته و چارتەکان:** محەممەد (جەماڵ) حوسەینی
**پەڕبەندی:** ئومید موقەدەس

## پێڕست


دەستخۆشی ........................................................ 11

سەروتار ........................................................ 17

**بەشی یەکەم: گشتێتیی توێژینەوە ................................. 21**

پێشەکی ........................................................ 23

پێناسەی کۆمەڵناسانە و خەڵکناسانەی بنەماڵە و هاوسەرگیری ...... 24

تەمەن وەک فاکتەرێکی دیاریکەر بۆ سەرکەوتنی هاوسەرگیری ...... 27

هەڵسوکەوتە سێکسییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد (لە کەلتووری ڕۆژاواییدا) ........................................ 29

ڕەفتاری سێکسی و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد (لە کەلتووری ئایینی و ئیسلامی) ........................................ 35

هاوسەرگیری لە ئێران ........................................ 41

ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتی مەتعە لە ئێران ........................ 43

ئـ) گۆڕانی بنەماڵەی ئێرانی ................................ 43

ب) سیاسەتدانانە ئایینی و دەوڵەتییەکان ........................ 47

ج) سیغە؛ هاوسەنگکردنی هەڵسوکەوتی سێکسی یان چێژێک بۆ پیاوان ........................................................ 53

ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان ................. 56

**بەشی دووهەم: بنەما مێژوویی، ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیری کاتی ........................................ 61**

1. بابەتی یەکەم: بنەمای مێژوویی هاوسەرگیریی کاتی ............ 62

پێشینەی هاوسەرگیریی کاتی لە دیکەی ئایین و نەتەوە کۆنەکاندا 65

هاوسەرگیریی کاتی لە ئێرانی کۆن ............................... 69
هاوسەرگیریی کاتی لە سەردەمی نەزانین (بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام
بۆ دوورگەی عەرەبی) ............................................ 76
هاوسەرگیریی کاتیی بەر لە شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران ... 83
بابەتی دووهەم: بنەما ئایینی و فیقهییەکانی هاوسەرگیریی کاتی ..... 84
واتای وشەیی و چەمکی مەتعە ................................... 87
ڕەواداریی مەتعە ............................................... 88
بەڵگە قورئانییەکان ............................................. 88
هۆکارە گێڕانەوەییەکانی ڕەواداری ............................. 89
قەدەغەکردنی مەتعە ............................................. 91
هۆکارە گێڕانەوەییەکانی قەدەغەکردنی مەتعە ..................... 93
دەسەڵاتە حکومەتییەکان ......................................... 94
هاوسەرگیریی مسیار ............................................. 95
یاسای مەدەنی و نیکاحی کاتی ................................... 101
بنەماکانی مەتعە ................................................. 103
مارەبڕینی مەتعەیی .............................................. 103
لایەنەکانی مەتعە ................................................. 104
ماوەی مەتعە ...................................................... 104
بڕەمارەیی مەتعە ................................................. 105
حوکمەکانی مەتعە ................................................ 106
میرات ............................................................ 106
نەفەقە ............................................................ 106
هەڵوەشاندنەوەی مەتعە ............................................ 107
عەدەی مەتعە .................................................... 108
جیاوازیی نێوان هاوسەرگیریی کاتی و هەمیشەیی لە ڕوانگەی یاسا و

هەلومەرجەوە .............................................. 109
خاڵە هاوبەشەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی ......... 114
تەمەنی هاوسـەرگیریی کچ و ئیزنی سـەرپەرشـتیار لە هاوسـەرگیریی
کاتی ................................................... 116
تـۆمارکردنی نیکاحی کاتی ................................. 123
بابەتی سـێهەم: بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونناسـییەکانی هاوسـەرگیریی
کاتی .................................................. 124
مەتعە: ڕێکار یان هەڕەشە؟ .............................. 124
بنەما تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان ........................... 127
ملدانی ژنان بە هاوسەرگیریی کاتی......................... 142
خواست بۆ عەشق ........................................ 143
خواست بۆ داکۆکی و سەرنجی کۆمەڵایەتی.................. 144
خواست بۆ خستنەوەی منداڵ................................ 144
خواستی ئابووری .......................................... 145
دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی ........................ 145
**بەشی سێیەم: ئەنجامە مەیدانییەکان............................ 149**
ئەنجامە مەیدانییەکان ..................................... 150
شێوازی توێژینەوە ........................................ 150
هەلومەرجە هۆکارییەکان ................................. 152
فاکتەرە ئابوورییەکان...................................... 152
فاکتەرە سۆزداری و دەروونییەکان........................... 159
فاکتەرە زەمینییەکان ...................................... 165
ئایین................................................... 166
پێکهاتەی یاسایی.......................................... 174
پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ..................................... 180

ڕوانگەی بنەماڵەیی ........................................180
عورف .....................................................185
نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی ڕەگەزێتی ............190
کارلێکی ستراتیژی .........................................193
مەتعە پەیوەندییەکی کاتی بە کۆتاییەکی دیاریکراوەوە ..........193
پەیوەندیی نایەکسانی سێکسی، ئابووری و سۆزداری .........194
دیاردەی تەوەری.............................................196
ڕابواردنخواری یان هێدۆنیزم.................................197
هاوسەرگیریی پێشوەختە ......................................202
دەرهاویشتەکان ............................................205
ئابووریی چێژ، گەندەڵی و لەشفرۆشی لە کۆمەڵگا ............206
ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و پەرەدان بە گومانخوازی.........................................208
لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە و هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق ...........209
منداڵهاوسەری، منداڵبێوەیی و وەستاندنی خوێندنی منداڵان210
پێشێلکردنی مافەکان و هەڵاواردن لە دژی ژنان ...............212
ئەنجامە چەندایەتییەکانی توێژینەوە ...........................214
1ـ خواستە ئابووری، سۆزداری و دەروونی، سێکسییەکان ....215
2ـ پابەندیی ئایینیی تاکەکەسی و بنەماڵەیی ...................217
3ـ بوونی پێشینەی بنەماڵەیی لە هاوسەرگیریی کاتیدا .........220
4ـ دەربڕینی ئاشکرای هاوسەرگیریی کاتی، ڕوانگەی سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی و ماوەی هاوسەرگیریی کاتی.................. 221
5ـ دووگیانی، ئاگاداربوون لە یاسا، تۆمارکردنی هاوسەرگیری، توندوتیژی دژ بە ژنان...........................................225
6ـ تەمەن، شێوازی مارەبڕین، دۆخی پەیوەندیی سێکسی و خوێندن

229........................................................
بەشی چوارەم: کۆبەندی، ڕێکار و پێشنیارەکان......................235
پێشەکی ....................................................236
پوختە و کۆبەندی توێژینەوە ..................................238
ڕێکار و پێشنیارەکان ........................................253
وتەی کۆتایی ...............................................276
سەرچاوە کوردییەکان ........................................279
سەرچاوە ئینگلیزییەکان .....................................288

## دەستخۆشی

لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو هەر هەموو کاتی خۆمم تەرخانی ئەم توێژینەوە کرد بۆ ئەوەی سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی و فاکتەرە پەرەپێدەر و ئاسانکەرەوەکانی لە ئێران، زانستێکی قووڵتر وەدەست بێنم. ئەم قۆناغە سەفەرێکی سەیر و سەمەر و پڕ لە فێربوون بۆ من لە هەر دوو بواری تاکایەتی و کاری بوو. پەرۆشیی جیدی سەبارەت بە بابەتی ئەم توێژینەوە بزوێنەرێکی بەهێز بوو کە لە تەواوکردن و ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەدا هاوکاری کردم. پاڵنەری توێژینەوە لە سەر سیغە و سیغەی مەحرەمێتی لە ئێران لە توێژینەوەکانی پێشووم سەرچاوەی گرتووە کە لە بارەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان[1] و خەتەنەی ژنان[2] لە ئێرانە کە بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و فارسی بڵاو بوونەتەوە. ئایدیای سەرەتایی ئەم توێژینەوە لە درێژەی ساڵانی توێژینەوەم لە بارەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە هەندێ لە ناوچە گوندییەکانی ئێراندا بیچمی گرت. لەوێ هاوسەرگیریی منداڵانم بینی و بۆم دەرکەوت کە هەر دوو پرسی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان و خەتەنەی ژنان لە ئێران پێکەوە گرێدراون و نموونەکانی توندوتیژین کە هەندێ جار هاوکات لە دژی

1. ئەحمەدی، کامیل (1396) زایەڵەی بێدەنگی؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: شیرازە.

Ahmady, Kameel (2017). *An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study on Early Child Marriage (ECM) In Iran*, New York: Nova Publishing.

2. ئەحمەدی، کامیل (1394) . بە ناوی نەریت؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران: تاران: شیرازە

Ahmady, Kameel (2015*). In The Name of Tradition: A Comprehensive Research Study on Female Genital Mutilation/Cutting (FGM/C) In Iran*, Oxford: Oxford Press.

ئافرەتان جێبەجێ دەکرێن. لە کاتی ئیشــی مەیدانی ســەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران کە لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگای هەڵگری زیاترین ڕێژەی خەتەنەی ژنان ئەنجام درا، تێگەیشــتم کە ڕێژمیەکی زۆری بەشــداربووانی دیمانەکان کەســانێکن کە لە تەمەنی زۆر کەمدا هاوســەرگیرییان کردووە. ڕێژەیەکی زۆری کچان و کوڕانی کەمتەمەنم بینی کە ڕۆڵی دایک / باوک و ژن / مێردیان دەبینی. دۆزینەوەی ئەم دیاردە هانی دام کە ســەبارەت بە هاوســەرگیریی پێشــوەختەی منداڵان زیاتر بکۆڵمەوە و وڵامی ئەم پرســیارە بدەمەوە کە ئایا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو دیاردە هەیە یان نا. زۆریی داتا وەدەستهاتووەکانی پەیوەندیدار بە هاوسەرگیریی منداڵان و شیکردنەوەیان بابەتێکی دیکەی بۆ ئاشکرا کردم کە ئەویش سیغەی مەحرەمێتی و بیچمێکی دیکەی هاوســەرگیری بە ناوی هاوســەرگیریی کاتی یان ســیغە بوو. لە نێو لێکۆڵینەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لێم ڕوون بۆوە کە ڕێژەیەک لە نموونەکانی لێکۆڵینەوە لە تەمەنی کەمدا لە ڕێگەی ســیغەی مەحرەمێتییەوە لە هاوسەرەکانیان مارەی شەرعی (بەڵام نافەرمی) کراون. لە ڕاستیدا بۆم دەرکەوت کە منداڵهاوسەری یەکێک لە دەرەنجامەکانی نەریتێکە بە ناوی ســیغەی مەحرەمێتی (بڕیاری مەحرەمێتی) کە لە ناو هەندێ لە بنەماڵە ئێرانییەکاندا باوە. چاودێری بە ســەر ڕەفتاری ســێکســیی منداڵان و ڕێگری لە تووشــبوون بە گوناح، ترس لە ســەڵتمانەوەی کچان لە تەمەنی ســەرتردا، ڕەولندنەوەی زەختە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی پەیوەندیدار بە تێکەڵاوبوونی کچان و کوڕانی کەمتەمەن لە شوێنە سنووردارەکاندا تۆخترە و هەروەها ئاســانبوونەوەی پەیوەندییە خێزانییەکانی کچ و کوڕ لەو فاکتەرە گرینگانەیە کە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی بنەماڵەکان لە ســەرەتای تەمەنی پێگەیشــتنەوە و تەنانەت هەندێ جار لە هەڕەتی بەر لە پێگەیشــتن، کچ و کوڕەکانیان لێک سیغە بکەن. یەکەمین لێکەوتەی لێک سیغەکردنی منداڵان

ئەومیە کە هێشتا بە تەواوەتی خۆیان نلناسن و لە هاوسەرگیری و ئەرکی هاوسەریێتی و پێوەرەکانی هاوسەربژێری باش تێناگەن، لە مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لە تەمەنی گەورەساڵی بێبەش دەبن. هەروەها ئەگەرچی نەبوونی پەیوەندیی سێکسی یان لانیکەم نەبوونی پەیوەندیی سێکسیی تەواو لە مەرجە نەنووسراوەکانی سیغە مەحرەمێتییە، ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو منداڵانەی کە لە ڕێگەی سیغەوە دەبنە مەحرەمی یەکتر بە پێی هەلومەرجی تەمەنی پێگەیشتنیان پەیوەندیی سێکسی ساز دەکەن. پەیوەندیی سێکسی لەم چەشنە هاوسەرگیرییانەدا زۆر جار خەسارەتی جیدی بەتایبەت بۆ سەر کچانی لێ دەکەوێتەوە؛ چوونکە یەکەم لەبەر ئەوەی لە تەمەنی زۆر کەمدا ڕوو دەدا و دووهەم بە هۆی نافەرمیبوون و تۆمارنەکرانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە، هاوسەرەکان لە ڕاهێنانی کەم و سنووورداری ناوەندە تەندروستییەکانیش بێبەش دەبن. دووگیانبوونی نەخوازراو و پێشوەختە و لەباربردنی کۆرپەلە لە زیانە گرینگ و بینراوەکانی ئەم شێوازە هاوسەرگیرییەیە. هەروەها لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا سیغە مەحرەمێتییەکان جیابوونەوەیان لێ دەبێتەوە کە لەم حاڵەتەدا لێکەوتەی جیدیتری وەکوو لەدەستدانی هەلی هاوسەربژێری لە داهاتوو و منداڵبێوەیی ئاوقانی کچان دەبێت. جیا لەم زیانانە، بۆشایی یاسایی جیدی لە بواری سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی و کەمتەرخەمی ناوەندە بەرپرسەکان لە بواری یاسادانان و کەلتووسازی و ڕاهێنان بوون بە هەوێنی پاڵنەرە سەرەکییەکانی من بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە. هیوادارم ئەم ئەنجامانە و ڕێکارەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ببنە پێشەکییەک بۆ لێکۆڵینەوەی زێدەتر و هەڵکشاندنی ئاستی هەستیاری و داخوازێتی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەروەها دامەزراوە سەرپەرشتیارەکان بەتایبەت یاسادانەران سەرنجی زیاتر بخەنە سەر ئەم بوارە.

به خۆشحاڵییەوە ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە زۆرێک

لە وڵاتان بۆ وێنە ئێران ڕووی لە کەمبوونەوەیە. سەرەڕای ئەمە، هێشتا دەبێ بۆ هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیری، بنەبڕکردنی منداڵهاوسەری و کەمکردنەوەی خەسارەتە داوێنگیرەکانی منداڵان و ژنان داپەڕی زیاتر ئەنجام بدرێت. من و دیکەی توێژەرە هاوبیرەکانم دەستی هاوکاریی خۆمان بەرەو لای دەوڵەت درێژ دەکەینەوە و ئامادەیی خۆمان ڕادەگەیێنین بۆ ئەوەی هەوڵێکی نیشتمانی لە پێناو وشیاری لە بارەی هاوسەرگیریی پێشوەختە، منداڵهاوسەری، منداڵبێوەیی، مافەکانی منداڵان و ... دیاری بکەین.

پێویستە ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە و لەم ماوەدا پشتیوانیان لێکردم، دەستخۆشی خۆمیان ئاراستە بکەم. سپاسی شەفەق ڕەحمانی و دیکەی ئەندامانی بنەماڵەکەم دەکەم کە هیچکات پشتیوانیی خۆیان لە من درێغ نەکرد و لە هەموو قۆناغە دژوارەکانی ئەم کارەدا لەگەڵم بوون و هەروەها سەری ڕێزنەوی دەکەم بۆ ئەو دۆست و هاوڕێ نزیکانەی کە لەم پرۆسە توێژینەوەییەدا هانیان دام.

سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە کۆ بوونەوە و گێڕانەوەکانی ئەم کارەیان کۆ کردەوە و ئینجا شرۆڤەیان کرد بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر وەدەست بهێنرێ، سپاسی تایبەتیم هەیە بۆ یاریدەدەران و هاوکارەکانم، خاتوو عائیشە شیلان عەلی یار و بەڕێز محەمەد (جەماڵ) حسێنی کە لە قۆناغەکانی توێژینەوەدا لەگەڵم بوون و لە کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوە و شیکارییەکاندا یارمەتییان دام و سپاسی خاتوو زێنەبی پزیشکیان دەکەم کە بۆ بیچمگرتنی وردانەی ئەم بەرهەمە هاوکارییان نواند و ئەرکی پێداچوونەوەیان گرتە ئەستۆ. هەروەها ئەو کەسانەی کە پێیان خۆش نەبوو لەم بەرهەمەدا ناویان بهێنرێ، بۆ هاوکاری و چاکییان لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوە سپاسیان دەکەم.

زۆر کەس و ناوەند بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوە هاوکارییان نواند. ئەم

توێژینەوە بەتایبەت بەشــە مەیدانییەکەی، تەنیا بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە، ڕاهێنانی مەیدانی، پشتیوانی و هاریکاریی ئەوان هاتە دی. لەم بوارەدا سپاسی ئەندامانی تیمە مەیدانییەکەم بە سەرپەرشتیاری خاتوونەکان فەریبا ئەڵماسی و عائیشــە عەلی یار و دیکەی ئەندامانی تیمی مەیدانی و شــیکاریی حەکیمە پاشــازادە، موســلیم نازمی، فەتانە ســادقی موقەدەم، ژیلا ســادقی، ســەباح وەتەنی و ڤیدا زەفەری دەکەم. دەســتی ماندووبوونی بەڕێز محەمەد (جەماڵ) حســێنی دەگووشــم کە لە ئامادەکردنی پوختە و ئەنجامدانی شــیکاریی چەندایەتی ئەم توێژینەوە و ڕاپۆرتی ڕوونوێنی یارمەتی دام. بە هۆی پێدانی زانیاریی ئایینی لە کات و پاش نووسینی ئەم کتێبە سپاسـی مەحەمەد جەماڵ واژی دەکەم ، سـپاسـی خاتوو سـارا سـەحرانەوەرد دەکەم کە دەقی کتێبەکەی ســەر لە نوێ خوێندەوە و بۆ ڕازاندنەوەی ڕووبەرگی ئەم کتێبە ســەری ڕێز بۆ بەڕێز ئەیووب محەمەدپوور دادەنەوێنم.

خۆم بە قەرزداری پشــتیوانی، میوانداری، ڕا و بۆچوونی هزرمەندانە و پێشــنیارەکانی ئەم بەڕێزانە و هاوکارەکانم لە هەر ســێ شــاری کەڵێنشــاری تاران، مەشــهەد و ئیســفەهان دەزانم: لە پارێزگای تاران خاتوو دکتۆر مەعســوومە مەعافومند بۆ ڕاوێژ و یارمەتیدانم لە ڕێکخســتنی پرســیارە سەرەتاییەکان؛ لە پارێزگای ئیسفەهان خاتوو گۆلیتا حسێن پوور ئیسفەهانی و خاتوو جەمیلە هاشــمیان؛ لە پارێزگای خوراســانی ڕەزەوی بەڕێز ســپێهری ئێستیری، ناوەندی "ژنانی مافناسی سورا" بەتایبەت خاتوو مەرزییە مووحێبی و ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

ســپاســی جڤاکی زانایانی ئایینی، دامەزراوە ئایینییەکان و دیکەی کەســایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم کە لەم توێژینەوەدا هاوکارییان نواند. بەتایبەتی ســپاســی وەزارەتخانەکان و نوێنەران بۆ وێنە کەســانی بەرپرس لە بەشــی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی، تەندروســتییەکانی زانکۆکانی زانســتە

پزیشــکییەکان، ئـازادی ئیســلامی و پـەیامی نوور دەکـەم؛ چوونکـە بۆ تـەواوکردنی ئەم پرۆژە ئێمەیان لە زانســت و زانیارییەکانی خۆیان بێبەش نەکرد. بەو هیوایەی کە بە زانســتێکی تەواوتر و گشــتگیرتر ســەبارەت بە هاوســەرگیریی پێشـوەختەی منداڵان لە سـەر تەوەری سـیغەی مەحرەمێتی و هـاوکـات هـاوســـەرگیریی کـاتی ڕێنوێنی دەوڵـەت بکـەین و گرینگیی بەرەنگاربوونەوەی ئەم بابەتە گرینگەیان وەبیر بهێنینەوە.

کامیل ئەحمەدی
نەورۆزی 2018
kameelahmady.com

## سەروتار

زانستە مرۆییەکان وەک گرینگترین پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ دێنە هەژمار و لە دیوی جۆراوجۆری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کەلامی و فەلسەفییەوە شایەنی سەرنجن. لە نێو لێکۆڵینەوەدا جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە چاو زانستە ئەزموونییەکان بەدی دەکرا. بوونی هەستی لایەنگرانە یان دژبەرانە لەو فاکتەرانەن کە هەمیشە ئەنجامی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان تووشی کێشەی جیدی دەکەن. بە ئاوڕدانەوە لە بواری خوێندنم و هۆگریم بۆ بابەتە خەڵکناسییەکان ساڵانێکی زۆرە لە بارەی بەتواناکردنی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە دەکەم. لە ساڵانی سەردەمی خوێندکاریم لە وڵاتی ئینگلتەرا و هاوکاریم لەگەڵ ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و مافە مرۆییەکاندا هەمیشە لە سەر ئاستی وڵاتانی کیشوەری ئەفریقایی، ئاسیایی و ئەورووپایی هەوڵم داوە سەبارەت بەو بابەتانە توێژینەوە ئەنجام بدەم کە ئەنجامەکانیان ببێتە هۆی کەمکردنەوەی نایەکسانی و نادادپەروەری لە کۆمەڵگای مرۆیی بەتایبەت بۆ منداڵان و ژنان. بوونی ئاراستەیەکی زانستی و بێ لایەنگرانە لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پڕەنسیپە گرینگەکانە کە مەخابن لە لێکۆڵینەوەکانی وڵاتی ئێمە بارودۆخەکە زۆر گونجاو نییە. بابەتەکانی وەکوو سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی بە هۆکاری جیاوازی وەکوو هۆکاری ئایینی و کەلتووریی هەمیشە چەلێنجبزوێن بووە. بارودۆخی ناڵەباری بێ لایەنگرلنەی بایەخداری و هەستیاریی کەلتووری و

ئایینی لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی بۆتە هۆی وێنەیەکی ئاڵۆز کە لەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بیچم بگرێت.

لە ناو دڵی توێژینەوەکانی ڕابردووم لە بارەی خەتەنەی کچان لە ئێران کە بە مەبەستی دابین‌کردنی داتا و سەرچاوە و بۆ ئامادەکردنی یاسا و بەرنامەیەکی گشتگیر سەبارەت بە بنەبڕکردنی خەتەنەی ژنان ئەنجام درا، بابەتی هاوسەرگیریی منداڵ سەری هەڵدا. بەم شێوە هاوسەرگیریی منداڵان وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی کە ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە، بوو بە خەمی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانم.

منداڵ‌هاوسەری لە ڕووی خەسارەتی جەستەیی و دەروونییەوە زیان بە منداڵان بەتایبەت کچان دەگەیێنێ و دەرهاویشتەگەلی وەکوو منداڵ‌بێوەیی، بەردەوامێتیی پرۆسەی هەژاری و پەرەسەندنی داوێنپیسی لێ دەکەوێتەوە. ڕەگی منداڵ‌هاوسەری لە نۆرمە نەریتی و باوەکاندایە و لە ناوچە گوندی و شارییەکاندا زۆر باوە. هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان دیاردەیەکی نوێ نییە و هەر ئێستا سەرنجی توێژەران، گرووپەکانی بەرگریکاری مافەکانی منداڵان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و زۆرێک لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی یوونیسێف، هاوسەرگیرییەکە کە خوار تەمەنی 18 ساڵان ئەنجام دەدرێت. کەواتە توێژینەوەی کەم، کەم‌سەرنجی لە ئاست ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە و نەبوونی ئاماری فەرمی لە ئێران بووە هۆی ئەوەی ئێمە لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیردا بە ئاراستەی زانستییانە هۆکارە سەرەکییەکان و دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردە بخەینە بەر تیشکی ڕخنە و ڕای کۆمەڵگەی زانستی و ناوەندە یاسادانەرەکان.

لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێران، بۆم دەرکەوت کە باوەڕە نەریتی و ئایینییەکانی وەکوو

سیغەی مەحرەمێتی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی منداڵهاوسەری لە ئێرانە. سیغەی مەحرەمێتی یان هاوسەرگیریی کاتی لە نۆرمە نەریتی و ئایینییەکان لە ئێرانە کە شەرعێتیی یاسایی هەیە. بە گوێرەی مادەی 1075 و 1076ـی یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، مەتعە یان هاوسەرگیریی کاتی هاوسەرگیرییەکی بە ماوەی دیاریکراو و بڕەمارەیی دیاریکراوە. بەڵام ئەوەی دەبێ لێک بدرێتەوە ئەوەیە کە یاسا لە زۆرێک لە پرسەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی کاتی وەکوو نەفەقە، میرات و هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریی کاتی بێدەنگی نواندووە و ئەم دۆخەی هێناوەتە ئاراوە کە مافەکانی ژنان پێشێل دەکرێت. هەروەها منداڵان لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتی لێک مارە دەکرێن و لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتی هەلومەرجی منداڵهاوسەری ئاسان دەبێتەوە کە گرینگترین دەرهاویشتەکەی وازهێنان لە خوێندن لە لایەن قوتابیان بەتایبەت قوتابیانی کچە. بە ئاوڕدانەوە لە وەدواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری و بوونە باو و پەرەسەندنی پەیوەندییە ئازادەکانی وەکوو هاوسەرگیریی سپی لە ئێران، هاوسەرگیریی کاتی جار نە جارێ لە ڕێگەی بەرپرسانی فەرمیی وڵات، مامۆستایانی ئایینی و مینبەری نوێژی هەینی یان تەلەڤیزیۆنەوە دەخرێتە ڕوو؛ بەڵام هەموو جارێ ڕێژەیەکی زۆری بەرگریکارانی مافەکانی ژنان و منداڵان و هەندێ لە فەقێکان و ناوەندە نادەوڵەتییەکانەوە بەرهەڵستی دەکەن. بۆشاییە یاساییەکان و دەستەبەرنەبوونی بوارەکانی ڕابواردنخوازی و کەڵکاوەژوویی هەندێ لە دەڵاڵانی هەوەس وای کردووە بەرهەڵستکاران وەکوو "کڵاوی شەرعی" لە هاوسەرگیریی کاتی بڕوانن؛ بەڵام لایەنگرانی هاوسەرگیریی کاتی بە هۆکاری تەندروستیی کۆمەڵگا دەزانن. زۆر لێکۆڵینەوە هەتا ئێستا سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی ئەنجام دراوە، زۆر جار ڕوانگەیەکی بەهادارلنەیان بەرامبەر بەم بابەتە لە ئارادا بووە. بەڵام لەم توێژینەوەدا دیاردەی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی

مەحرەمێتی بە بێ ڕوانگەی لایەنگرلنە و لە گۆشـــە نیگای خەڵکناســـی و بە ڕەچاوکردنی بنـەمای بێلایـەنانـەی بـایـەخـدار، بـە شــێوەی گشــتگیر و بـە ئاراســـتەیەکی زانســـتی لە چوار بەشـــدا لێک دراوەتەوە. هەروەها هۆکار و لێکـەوتـەکـان بـە ڕوانگـەی زانســـتی ڕوون کـراوەتـەوە. هـەروەهـا بـە پێی دەرهاویشتەکانی و بۆشاییە یاسـایی و کێشـە کۆمەڵایەتییەکان هەندێ ڕێکار خراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی ناوەندە یاســـادانەر و کـارگێڕییـەکـان بتوانن بونیـادی هاوسەرگیریی کاتی وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی ڕێک بخەن.

# بەشی یەکەم: سەرجەمی لێکۆڵینەوە

## پێشەکی

هاوسـەر (زوج) لە وشـەدا بە واتای جووت و دژی تاک و تاقانەیە و لە مانادا بە ولتای هاونشـین و هاوڕێیە. ولتە دوو بوونەوەر کە دێنە پاڵ یەکتر و بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ئامانجێکی تایبەتیان هەبێت کە بەم حاڵەتە دەڵێن هاوسـەر. ولتە هاوسـەرێتی (زوجیت)، کە پەیوەندیی نێوان دوو شـتە؛ بە جۆرێک کە بوونی یەکیان بە بێ ئەوەی دیکەیان کارکردی سـەرەکی و چاوەڕوانکراو تێک دەدات. یەکێک لە نموونە باوەکانی هاوسـەرێتی (زوجیت)، پەیوەندی نێوان ژن و مێردە. هەندێ لە توێژەران پێیان وایە بەهاکانی هاوسەرێتی لە نێوان ژن و مێرد بریتییە لە خواستی سێکسی، ڕێز، چێژ، قبووڵکردن، متمانە و هاودڵی. لە گرینگترین بەهاکانی نێوان دوو هاوسەر، ڕاکێشانی سێکسی یان خواستی سێکسییە. هاوسەرگیری جۆرە پەیوەندی و گرێبەستێکە کە پەیوەندیی هاوسـەرێتی لە سـەر بنەمای هەڵسوکەوت و ڕاکێشانی سێکسی لە چوارچێوەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە کە لە نێوان ژن و پیاوێک دەبەسترێت. کەواتە لەو ڕووەوەی کە لە کۆمەڵگا جیا جیاکاندا ئازادی و سـنووردارێتیی ئەنجامدانی هەڵسـوکەوتە سـێکسـییەکان لە ژێر کاریگەریی فاکتەرە کەلتووری، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی هەمان کۆمەڵگایە، بە سیستماتیککردنی پەیوەندییە سێکسییەکان و دیاریکردنی سنوورەکان و مەڵبەندی ئەم بەستێنە هەمیشە جێی مشتومڕ و لێکدانەوە بووە.

**پێناسەی کۆمەڵناسانە و خەڵکناسانەی بنەماڵە و هاوسەرگیری**

شـێوازی تێرکردنی خواسـتی سـێکسـی لە زۆربەی کەلتووره مرۆییەکان لە چوارچێوەی هاوسـەرگیریدا خۆی دەنوێنێت. هاوسـەرگیری یەکێک لە نەریتە کۆن و پەسـەندکراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکانـدا بـە فەرمی نـاسـراوە. لـە نـاو هەمـوو جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندیی کە مرۆڤەکان لێک نزیک دەکاتەوە یان پێکەوەیان دەلکێنێ، پەیوەندیی ژن و مێردی لە هی هەموو پیرۆزتر و بە مانایەک پێویستترە (مەهدەوی، 1377). هاوسـەرگیری لە مانای وشـەدا بە واتای جووتبوون، ژنهێنان، شـووکردن و پێکەوە جووتبوونە (دێهخودا، 1371). هەروەها هاوسـەرگیری گرێبەستێک لە نێوان ژن و پیاوە کە لە سـەر بنەمای پەیوەندیی یاسـاییە کە بە گوێرەی ئایین و یـاسـاکـان جیـاوازە (فـەزلوالـلـە، 1383). لـە پێنـاسـەیـەکی دیکـەی هاوسـەرگیری، ئاماژە بە یەکێتیی جەسـتەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیی پیاو و ژن دەکرێ کە دەکەونە بەر یەکسـانسـازی و تێکەڵبوون لە هەمبەر کۆمەڵگا و چۆنیـەتی ڕووبـەڕووبوونـەوەی لایـەنـەکـان لـەگـەڵ ئـەم پرسـانـە گرێدراو بـە شـێوازی تێگـەیشـتنی ئـەوان لـە جیاوازیی ژن و پیاوە (دانینۆ، 1383). لە ڕاستیدا هاوسەرگیری دۆستانەترین جۆری پەیوەندی بۆ دابینکردنی خواستە مـادی و مـەعنـەوییـەکـانـە و وەک یـەکێک لـە قۆنـاغـەکـانی گـۆڕانی مرۆڤ لـە قەڵەم دەدرێت. ئـەم پـەیمـانـە پیرۆزە لـە نـاو هـەمـوو ئێتنیـک و نـەتـەوەکـان و لـە هەموو زەمەن و شـوێنەکاندا بوونی هەبووە، پەیوەندییەکی مێژوویی کە تێیدا ژن و پیاو ژیانێکی هاوبەش دەسـت پێدەکەن و پەیمان نوێ دەکەنەوە کە هاودەم و یار و خەمخۆری یەکتر بن، یەکتر بەختەوەر بکەن، یەکتریان خۆش بوێ و کۆتایی بە تەنیایی یەکتر بێنن. هاوسـەرگیری جیا لە تێرکردنی خواسـتە سـێکسـی و سـۆزدارییەکانی تاک، خواسـتە ئابوورییەکان، پەیوەندییە کۆمـەڵایـەتی و کـەلتوورییـەکـانیش ڕێـک دەخـا و بـە هـۆی گرینگی و کاریگەرییەک کە هەیەتی، وەک نۆرمێکی قبووڵکراو لە هەموو وڵاتانی دنیادا

دێتە هەژمار (ئازاد ئەرمەکی، 1386: 99). بە پێی پێناسەی کۆمەڵناسانە، هاوسەرگیریی کردەومیەکە کە لە سەر بنەمای پەیوەندییەکی هەمیشەیی سێکسییە و دوو ڕەگەزی لێکدژ پێکەوە پەیوەندیی سێکسی ساز دەکەن (سارۆخانی، 1385: 25).

دەتوانین لە دوو ڕووەوە هاوسەرگیری لێک بدەینەوە: هاوسەرگیری وەک جۆرێک ناوەند و هاوسەرگیری وەک جۆرێک پەیوەندی. لە هاوسەرگیریی ناوەند ئەم تایبەتمەندییانە بەدی دەکرێ: ئازادیی کەمتر لە هەڵبژاردنی هاوسەر، کارتێکراوی بە هۆی پێویستییە توندە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکان، پێداگری لە سەر ڕەهەندە ئابوورییەکانی وەکوو خاوەندارێتی و دابەشکردنی کاری ڕەگەزێتی، گرینگیی ڕەهەندی گشتی، بیچمگرتنی کۆمەڵەیەک لە پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، نایەکسانیی ڕێژەیی لە ناو ناوەندی هاوسەرگیری و بوونی جۆرێک پیاوسالاری، پێداگریی کەمتر لە سەر خواستە سێکسییەکانی هەر دوو لا و گرینگیی پەیوەندیی سێکسی بە مەبەستی دوگیانبوون و زکوزا. بەڵام لە هاوسەرگیریی جۆری پەیوەندی ئەم تایبەتمەندییانە بەدی دەکرێ: ئازادیی زێدەتر لە هەڵبژاردنی هاوسەر، دابڕانی ڕێژەیی ئەم پەیوەندییە لە پێویستییە توندە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکان، سووربوون لە سەر ڕەهەندە سۆزداری و نێوانتاکییەکانی پەیوەندی سێکسی، گرینگیی ڕەهەندی تاکەکەسی، بنەمایەک بۆ بە گەورەساڵدانانی تاک، یەکسانیی ڕێژەیی لە ناو ئەم پەیوەندییە و هاوڕێیەتی، پێداگری ئەرێنی لە سەر خواستە سێکسییەکانی هەر دوو لا (دوولایەنە) و گرینگیی پرسە سێکسییەکان وەک هێمای پرسەکانی ژیانی ژن و مێردی.

ئەوەی لە سەر بنەمای ناوەندی هاوسەرگیری بیچم دەگرێ، بنەماڵەیە. بنەماڵە یەکەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی مرۆییە. خەڵکناسان ئەوە بە بنەما و کۆڵەکەی کۆمەڵگا و خانەی سازێنەری ژیان و پەناگای ئەندامەکان لە قەڵەم

دەدەن. یەکەمین ئەزموونی مرۆڤ بۆ بە کۆمەڵایەتیبوون لەم پەناگادا ڕوو دەدات. بنەماڵە کۆمەڵێ لەو کەسانەیە کە بە پەیوەندیی خودییە ڕاستەوخۆکان پێکەوە دەلکێن و ئەندامە گەورەساڵەکانی بەرپرسایەتیی پاراستنی منداڵان لە ئەستۆ دەگرن (گیدنیز، 1389: 252). بێرگێس و لاک[1] (1953) بنەماڵە بە گرووپێک دەزانن کە پێکهاتووە لەو کەسانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندی سێکسیی، هاوخوێنی و یان قبووڵکردن (وەک منداڵ) پێکەوە وەک مێرد، ژن، دایک، باوک، برا و خوشک پێکەوە لە پەیوەندیدان و فەرهەنگێکی هاوبەش پێک دێنن و لە یەکەیەکی تایبەتدا ژیان دەکەن (بەهرامی، 1385). بنەماڵە یەکێک لە گشتیترین ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە پێی هاوسەرگیریی دوو ڕەگەزی بەرامبەر بیچم دەگرێ و تێیدا پەیوەندییە خوێنییە ڕاستەقینە یان پێوەلکاوەکان بەدی دەکرێت. بنەماڵە جۆرێک هاوبەشیی شوێنی لە خۆ دەگرێ و هەڵگری کاردە جۆراوجۆرە کەسێتی، جەستەیی،، ئابووری و پەروەردەییەکانە. بەم شێوە بنەماڵە یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ڕەهەندی جۆراوجۆری ژیانی، ئابووری، یاسایی، دەروونی و کۆمەڵناسانانەی لە خۆ گرتووە؛ بنەماڵە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و لە لایەکی دیکەشەوە یەکێک لە فاکتەرە گرینگە کاریگەرەکانی سەر کۆمەڵگایە (سارۆخانی، 1385: 136). لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، بنەماڵە بە بیچمی جۆراوجۆرەوە بوونی هەیە و خەڵکناسان و کۆمەڵناسان بیچمەکەیان ناسکاری و پۆلێنبەندی کردووە. هەندێ لە بیچمەکانی بنەماڵە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا دەبینرێن و هەندێکی دیکە هی کۆمەڵگا تایبەتەکانن. بنەماڵەی ناوەکی / بەربڵاو؛ بنەماڵەی باوکسالار / دایکسالار؛ بنەماڵەی باوکشوێن / دایکشوێن؛ بنەماڵەی یەکهاوسەری / فرەهاوسەری؛ بنەماڵەی ناتەواو / تاکهاوسەری و بنەماڵەی زەڕی (هەڵگری ئەندامانی زەڕ) و هاوسەرگیریی

1. Burgess &Locke

هاوبەشــی و هاوماڵی لەو پۆلێنبەندییانەن کە بە پێی ڕێژەی ئەندامان و باڵادەســتی و شــوێن و جۆرە نوێکان ئاماژەیان بە بنەماڵە دراوە (باقری، 1389).

هاوســەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە لە حاڵەتێکدا بۆ ســیســتەمی کۆمەڵایەتیی گشــتی کارکردی ئەرێنی هەیە کە لە کاتی گونجاو و لەگەڵ کەسـێکی شـیاو ئەنجام بدرێ، واتە ئەگەر هاوسـەرگیری لە تەمەنی شـیاودا نەبێ هاوسەرگیریی پێشوەختە ڕوو دەدات. لە ئەنجامدا هەم هاوسەرەکان لە ڕووی تاکەکەسـییەوە زیانیان پێ دەگا و هەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی بۆ وێنە نەخۆشــیی جەســتەیی و دەرونی و ناڕەزایەتیی لە ژیانی ژن و مێردایەتییەوە بگرە تا دەگاتە ڕێژەی کەمی بەشداریی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاگریی ناتەواو لە بنەماڵە (کە خۆی ئاســەواری تاکەکەســی و کۆمەڵایەتیی زۆری لە خۆ گرتووە) داوێنی کۆمەڵگا دەگرێت.

## تەمەن وەک فاکتەرێکی دیاریکەر بۆ سەرکەوتنی هاوسەرگیری

تەمەنی یەکەم پەیوەندیی سـێکســی وەک یەکێک لە پێوەرە گرینگەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی کەسانی کۆمەڵگا دێتە هەژمار. خاوەنڕا جۆراوجۆرەکانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، وەک بگۆڕێکی گرێدراو هاوسەرگیرییان تاوتوێ کردووە. تەمەنی هاوسەرگیری لە هەر کۆمەڵگایەکدا شـێوازی ڕێکخسـتنی ژیانی خێزانی و هەروەها دەرفەتگەلێک پیشـان دەدا کە ژنان و پیاوان لە کاتی هاوســەرگیریدا لێی ســوودمەندن. هاوســەرگیریی درەنگوەخت دەتوانێ زیان و دەرهاویشــتەی جیدی بۆ ســەر گەنجانی لێ بکەوێتەوە، ئەم زیان و خەســارەتانە دەتوانێ بریتی بێ لە نابەرپرسـایەتی، هۆگربوون بە پەیوەندیی سـێکسـیی نائاسـایی کچان و کوڕان، بەفیڕۆچوونی تەمەنی گەنجێتی و شـادمانی، بەدخوویی لە ژیان بە هۆی تێرنەبوونی خواســتە تاکلیەتییەکانیان، نیگەرانیی دایک و باوک

لە درەنگ هاوسەرگیری کردنی منداڵەکانیان، خەمۆکی، کێشەی سێکسی، پەنابردنە بەر مادەی هۆشبەر و ... (پوورنەقی، 1394). لە لایەکی دیکەشەوە، هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵ یان منداڵهاوسەری دەتوانێ کێشەی زۆری لێ بکەوێتەوە. هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەک دەوترێ کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵان کرا بێت. بە پێی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە نێوان ڕێکەوتی لە دایکبوونەوە هەتا 18 ساڵانە. بەڵام لە هەندێ لە وڵاتان ئەم تەمەنە بە پێی یاساکان و هەلومەرجی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە گۆڕانی بە سەردا دێت. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەنی 18 ساڵان، بەر لەوەی کچ یان کوڕ لە سۆنگەی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەی قبووڵکردنی بەرپرسایەتیی هاوسەرێتی و منداڵداری بن، دەڵێ هاوسەرگیریی منداڵان. گرینگترین هۆکاری کاریگەر لە سەر هاوسەرگیریی پێشوەختە بریتییە لە هەژاری، ئاستی خوێندەواریی نزم و کەمخوێندەواری، پشتیوانیی یاسایی، زەختە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوانینی پیاوسالارلنە و باوەڕەنەریتی و ئایینییەکان. هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە جێی نیگەرانییە؛ بەڵام ئەم دیاردە بۆ کچان زیانبەخشترە. لە ئاسەوارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵبێوەیی، پەروەردەبوونی منداڵانی بێسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت، کەڵکاوەژوویی سێکسی بۆ سەر کچان، بەردەوامیی پرۆسەی هەژاری و لەشفرۆشی، زۆربوونی نەخۆشییە جەستەیی و سێکسی و ڕۆحییەکانی کچان. (ئەحمەدی، هاوینی ساڵی 1396ی هەتاوی). کەواتە لە ڕووانگەی کۆمەڵناسییەوە، هاوسەرگیری گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و دەستەبەری مانەوەی نەوەی مرۆڤە و ئاسوودەیی و ئاسایشی کۆمەڵگا لە ئەنجامی

هاوسەرگیرییەکی تەندروست و لە کاتی خۆی کە کارکردە ئەرێنییەکانی بۆ بنیاتی بنەماڵە بەردەوام بێ وەدەست دێت.

## هەڵسوکەوتە سێکسییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد (لە کەلتووری ڕۆژاواییدا)

خواستی سێکسی یەکێک لە خواستە سەرەکییەکانی مرۆڤە کە دەبێ بە دروستی و بە دوور لە کەمڕەوی و توندڕەوی تێر بکرێت. ئەگەر ئەم خواستە بە تەواوەتی سەرکوت بکرێ یان تێرکردنی بە لاڕێدا ببرێ و تووشی کێشە بێ، ئەوە کەسەکە لە حاڵەتی هاوسەنگی و گووران دەترازێ کە ئەمە دەبێتە هۆی نەخۆشیی ڕۆحی و دەروونی و تەنانەت جەستەیی. هەر بۆیە مرۆڤ بۆ هەبوونی ڕەفتاری سێکسیی گونجاو و شیاو و هەروەها بۆ ڕێنوێنی و تێرکردنی شیاوی خواستە سێکییەکەی، وەکوو ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان، پێویستی بە سەرچەشن و شێوازی هەڵسوکەوتە. سەرچەشنی ڕەفتاری سێکسیی گونجاو لە زۆربەی کەلتوورەکاندا لە بیچمی هاوسەرگیریدا خۆی نواندووە. بەو پێیەی کە نۆرمە سێکسییەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و ئەم نۆرمانە داکۆکی لە سەر هەندێ لە کارکردەکانی پەیوەندیی سێکسی دەکەنەوە و قەدەغەی هەندێکی دیکەی دەکەن. ڕەفتاری سێکسیی مرۆڤ هەمیشە ماناداره و ئەندامانی کۆمەڵگا لە ڕەوتی بە کۆمەڵایەتیبوونیاندا فێری ئەم نۆرمانە دەبن. بەم پێیە هەڵسوکەوتە سێکسییە قبووڵکراوەکان لە هەر کەلتوورێکدا لەگەڵ هەڵسوکەوتە سێکسییە قبووڵکراوەکانی کەلتوورێکی دیکە جیاوازی هەیە و ئەمە ئەوە پیشان دەدا کە مرۆڤ لە کەلتووری خۆیدا فێری کارکردنەوەکان دەبێت.



وێنەی 1. کەلیسای وانەک جوڵفای ئیسفەهان کە ڕێوڕەسمی ئایینی و هاوسەرگیریی مەسیحییەکانی ئیسفەهانی تێدا ئەنجام دەدرێت. ماڵپەڕی سەردانکردن http://esfahaanemrooz.ir

لە مێژووی دوو هەزار ساڵەی ڕۆژاوا، پارادایمگەلی جۆراوجۆر بە سەر کەلتووری سێکسیدا زاڵ بووە. کۆنترینیان گومانی ئایینی / ئەخلاقییە کە لە وانەکانی ئایینی مەسیحییەتەوە سەرچاوە دەگرێ و لە بنەڕەتەوە لە سەر بناغەی بە تاوانزانینی دامرکاندنی خواستی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی باو (هاوسەرگیری) و هەوڵ بۆ ڕەتکردنەوە یان کۆنترۆڵی توندی خواستی سێکسی ڕەگی داکوتاوە.

دان ناردۆ[1] لە کتێبی سەرهەڵدانی مەسیحییەت بۆ داکۆکی لە سەر ئەم ئیدەعایە دەڵێ: لەو سەردەمەدا، کچێتی وەک کەرامەتێکی بایەخدار لێی دەڕوانرا و پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتیی ئەو دوو هاوسەرەی کە دەیانویست منداڵ بخەنەوە بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوو بە قێزەون سەیر دەکرا. ناوبراو پاشان درێژەی پێدەدا: لە سەدەی چوارەم بەم لاوە، بزووتنەوەی ڕەبەنایەتی بیچمی گرت کە لە ژێر کاریگەریی هەندێ لە

1. Don Nardo

سیستەمە ئایدۆلۆژیایی و قوتابخانە فەلسەفییە هاوەڵدارنەرانەکان چلەکێشی و سەڵتێتییان هێنایە ناو بیری مەسیحییەتەوە و وەک هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقی چەسپاندیان. هۆگری بۆ سەڵتێتی و چلەکێشی، بەشێک لە بیر و باوەڕە مانەوییەکان بووە (مانەوییەکان شوێنکەوتووانی پێغەمبەرێکی ئێرانی بە ناوی مانی بوون و پێیان وا بوو کە جیهان بۆ سەر دوو هێز کە نوێنەری چاکە و خراپەن، دلبەش کراوە.) بەباوەڕی مانەوییەکان، خراپە مرۆڤ گەندەڵ دەکا و ڕزگاری لە جیابوونەوە لە خراپە و چوونە ناو مەڵبەندی ئاسمانیی ڕووناکیی پەتیدایە. تەنیا لە ڕێگەی تەرخانکردنی ژیان بە چلەکێشی توندڕەوانە وەکوو خۆبواردن لە پەیوەندیی سێکسی، کردەوەی تونداژۆیانە و نەخواردنی گۆشتدا ئەم ئامانجە دەپێکێنرێت. بەڵام لەگەڵ هاتنی ڕۆنێسانس و سەرهەڵدانی ئەزموونگەرایی و بیچمگرتن و پەرەسەندنی زانستی نوێ لە سەدەی شازدەهەم، گومانی زیندەوەرناسانە بۆ خواستی سێکسی دەرکەوت و تا دەهات لە ماوەی سەدەی چوارەمدا لە ناو پانتای هزری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژاوادا گەشەی دەکرد. هەتا سەرهەڵدانی سەردەمی ڕۆشنگەری، واتە سەدەی هەژدەهەم، بەردەوام گریمانەی ئایینی - ئەخلاقی بە سەر پەیوەندییە سێکسییەکاندا باڵادەست بوو. لە سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی مۆدێڕن، عەشقی ئێحساسی وەک بیچمێکی مۆدێڕن و تاکخوازانەی ڕەفتاری سێکسی وردە وردە بوو بە بەدیلی سەرچەشنی پێش‌مۆدێڕن. بە پێی ئەم گۆڕانە، هەندێ لە لێکۆڵەران عەشقی سەردەمی مۆدێڕن بە بەرهەمی سکۆلاری ڕۆژاوا دەزانن (Beck, 1995: 268).

لە سەدەی نۆزدەهەم بە سەرهەڵدانی زیگمۆند فرۆید، زانستی دەروونناسی لە ڕوونکردنەوەی بابەتە مرۆییەکاندا پێگەیەکی بەرزی وەدەست هێنا و لە پرسە سێکسییەکان چووە ژێر تیشکی زانستی دەروونناسیی نوێ. لە ئەنجامی پەرەسەندنی دەروونناسی و پەرەسەندنی ڕوانگەکانی فرۆید،

گریمانەی دەروونناسانە لە سەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژاوا بە شێوەی گشتگیر پەسەند کرا و بە سەر کەلتووری سێکسیی ڕۆژاوادا زاڵ بوو و فرۆیدیزم بوو بە ئایدۆلۆژیایەک بۆ ڕەگەزبەخشین بە هەموو کەسایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ. فرۆید بە خستنە ڕووی بیرۆکەگەلێک لەم چەشنە لە کۆمەڵگایەک کە تێیدا تێرکردنی خواستی سێکسی ئەستەمە، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، توانی بناغەی تیۆری بۆ ئازادتربوونی هەڵسوکەوتە سێکسییەکان دابڕێژێت (فازڵی، 1383). ڕەنگە بتوانین بڵێین لە ئەنجامی هاوکاتبوونی ئەوەی فرۆید لە بارەیەوە دەدوێ لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا، پەیوەندییە سێکسییەکان لە چاو ڕابردوو ئازادتر ببوو و بەستێن بۆ وتووێژ لە بارەی تابۆ سێکسییەکان تا دەهات خۆش دەکرا. لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم گریمانەی کۆمەڵناسانە / مێژوویی لە ناو گوتاری توێژینەوە سێکسییەکان سەری هەڵدا و وردە وردە بە سەر ڕوانگەی گشتی سەبارەت بە پرسە سێکسییەکان لە کەلتووری سێکسیی ڕۆژاوادا زاڵ بوو. سەرهەڵدانی شەپۆلی دووهەمی "بزووتنەوەی ژنان" ناسراو بە فیمینیزمی ڕادیکاڵ لە دەیەی 70ی زایینی کە هەموو کەلتوورە سێکسییەکانی لە ڕۆژاوا خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و هەندێ وەک "شۆڕشی سێکسی" ناوزەدی دەکەن، یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی گریمانەی کۆمەڵناسانەیە. بزاڤی فیمینیزم، خۆوشیاریی ژنان لە ئاست مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان و ئازادییەکانی ژنان لە بندەستیی مێژوویی پیاوانی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان کردبووە ئامانجی خۆی و نە تەنیا پرسە سێکسییەکان، بەڵکوو بەوپەڕی پێداگرییەوە لە سەر بوارەکانی ڕەخنەی هونەری، مەعریفەناسی و بیچمدان بە دیسیپلینی کۆمەڵایەتیی پشتبەستوو بە مافەکانی ژنان و پیاوان ئیش دەکات. لە سەردەمی نوێدا بەڵگەی ئەوە دەهێنرێتەوە کە خواستی سێکسی و سەرچەشنە نەریتی و مێژووییەکان بۆ تێرکردنی ئەم خواستە کە شێواز و

ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ دامەزراندن، جێگیرکردن و پەرەدان بە باڵادەستیی پیاوان دابین دەکا، تێک بشکێنرێت. هەڵبەت ئەم وتە بە مانای ڕەتکردنەوەی بەها ئەخلاقییەکان نییە، بەڵکوو بە نیازی دارشتن و لکاندنی ئەم بەهایانە لە ڕوانگەیەکی جیاوازە کە نایهەوێ مافی ژنان لە ژێر ناوی ئەخلاق قوربانی بکات. لەم گریمانە نوێیەدا، پەیوەندیی سێکسی و ڕەفتاری سێکسی جۆرێک سازەی کۆمەڵایەتییە[1] کە مرۆڤەکان لە هەر قۆناغێکدا بە پێی خواست و وەرچەرخانەکانی سەردەمی خۆیان بیچمیان پێداوە و پێناسەیان کردووە. لە ئەنجامدا سەرچەشنێکی نەگۆڕ و هەتا هەتایی بۆ ڕەفتاری سێکسی بوونی نییە (Horrocks, 1997: 189).

ئەم ئاراستە نوێیە دژ بە هەموو ئاراستە ڕەهاخوازەکانە. بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژاوا لە بواری پەرەسەندنی بەشداریی ژنان لە بازاڕی کار، خوێندن، هەلە پەروەردەییەکان و خوێندنی باڵا، دروستکردنی هەستیاری دژ بە توندوتیژی دژ بە ژنان، دامەزرلندن و پەرەدانی خۆوشیاری لە بارەی ژنان و زۆرێک لە بوارەکانی دیکە هەندێ سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؛ بەڵام سەرکەوتنی گرینگتری ئەم بزووتنەوە ئەو گۆڕانەیە کە بە پشتبەستن بەم دەستکەوتانە لە سەر سەرچەشنی بنەماڵە و دەرکەوتنی بیچمە نوێکانی ڕەفتاری سێکسی بەدی هێناوە.

بە شێوەی نەریتی ڕەفتاری سێکسی لە سەر بنەمای بیچم و جۆری بنەماڵەیە. بە واتایەکی وردتر، یەکێک لە کارکردە سەرەکییەکانی بنەماڵە ڕێکخستنی شێوازی تێرکردنی خواستی سێکسی و ڕێنوێنیکردنی ئەم خواستە بە ئاراستەی بەرژەوەندییە گشتیترەکانی تاک و کۆمەڵگا بووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەم پەیوەندییە پێچەوانە بۆتەوە؛ واتە ئەوڕۆ بنەماڵە سەرچەشنێکی سێکسی دەگرێتە بەر و بیچم و پێکهاتەکانی ناوی تاوتوێ و

1. social construction-

سەر لە نوێ پێناسەی کراوەتەوە. ڕەفتاری سێکسیش بەرەو بە تاکایەتی‌بوون ڕووی لە وەرچەرخانە؛ بە جۆرێک کە مرۆڤی ئەوڕۆیی ئەم بابەتە یەکێک لە ئاشکرا کەلتوورییەکان دەزانێ کە هەر کەس بە پێی بۆچوونی خۆی جۆری ژیانی سێکسیی خۆی دەستنیشان دەکا و دەوڵەت، ئایینەکان و سیستەمی یاسایی ناتوانن زەخت لە کەس بکەن. بە واتایەکی دیکە، بەستێنی بنەماڵە و پرسە سێکسییەکان بە تاکایەتی بووە. بۆ وێنە جان ئارمسترانگ[1] لە کتێبی "مەرجەکانی عەشق" و لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی سێکسی کە بە پێچەوانەی نەریت و ئامۆژەکانی ئایینی مەسیحییەت کە پێویستی بە بوونی عەشق نییە، دەڵێ: "چێژی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ دیکەی چێژە جەستەییەکانی وەکوو چێژی جەستەیی، بۆ وێنە چێژی نان خواردن یان یاری بە جیاواز نازانێت. بۆچوونێک کە لێرەدا بە کار دەهێنرێ بەم شێوەیە: وەکوو چۆن ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە کە ئێوە هەمیشە دەبێ لەگەڵ خۆشەویستەکەتان یاری تەنیس بکەن یان نانی نیوەڕۆ بخۆن، ئەم بیرۆکەش ناژیرانەیە کە ئێوە دەبێ تەنیا لەگەڵ ئەو کەسە سێکس بکەن کە خۆشەویستتانە. ئەگەر پەیوەندیی سێکسی یەکێک لە چالاکییە چێژبەخشەکان نەبێ، لە عەقڵەوە زۆر دوورە کە پێمان وا بێ وەفادارییی سێکسی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە عەشقەوە هەیە" (فازڵی، 1383).

لە ئێستادا لەگەڵ شێوازە نەریتییەکان ، شێوازی زۆر لیبراڵتر لە هەمبەر ئاراستە سێکسییەکان بەدی هاتووە کە بە تایبەت لە دەیەی 60ی زایینی بەهێز بوون. هەندێ لە خەڵک بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئامۆژە مەسیحییەکان لە کەلتووری ڕۆژاواییدان، پێیان وایە پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری شیاو نییە، ئەگەرچی زۆر کەس باوەڕیان وایە کە چێژی سێکسی لایەنێکی باش و گرینگی ژیانە. لە

1. John Armstrong

بەرامبەردا هەندێ داکۆکی لە سەر پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری دەکەن و لە هەمبەر چالاکییە سێکسییە جیاوازەکان (ڕەفتاری سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی فەرمی و زکوزا) شێوازی نەرمی‌نوێنتریان هەیە. لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا شێوازە سێکسییەکان ئازادتر و کراوەتر بوون. لە فیلم و نواندنەکاندا دیمەنگەلێک پیشان دەدرێن کە پێشتر قبووڵنەکراو بوو و بابەتەکانی پۆرنۆگرافی بۆ زۆربەی گەورەساڵان کە خوازیارین زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێت (گیدنێز، 1389. 1389: 186 - 185).

## ڕەفتاری سێکسی و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد (لە کەلتووری ئایینی و ئیسلامی)

هۆگری و ڕەفتاری سێکسی لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤە و مرۆڤ لە ڕێگەی ڕێنوێنیی دروستی ئەم کارلێکە، گەشە دەکات. لە سەر بنەمای خواستی سێکسییە کە نەوەی مرۆڤ پارێزراوە و تەکووزی و هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەدی هاتووە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگا بیچمی گرتووە. کەواتە بێ‌جێ نییە ئەگەر بڵێین بە کۆمەڵایەتی‌بوونی مرۆڤ بە شێوەی ئەورۆیی لە سەر تەوەری زکوزا و لە پێشیەوە خواستی سێکسی ڕوو دەدات. هەر بۆیە چۆنیەتی تێرکردنی خواستی سێکسیی مرۆڤەکان لە باسە هەستیارەکانی مێژووی مرۆڤە و قوتابخانە هزری و ئایدۆلۆژییەکان کە ئیدەعای ڕێنوێنیی مرۆڤ دەکەن بۆ پەروەردە و ڕەفتاری سێکسیی مرۆڤەکان گەڵاڵەیەکی تایبەتیان هەیە. بە واتایەکی دیکە، قوتابخانە هزری و ئایینییە جیاوازەکان لە ڕێگەی بە چوارچێوەکردنی خواستی سێکسی لە چوارچێوەی دیاریکراو هەوڵیان داوە ئەم خواستەی مرۆڤ کۆنترۆڵ و ڕێگری لە بەرەڵابوونەوەکەی بکەن.

لە درێژایی مێژوودا ئایینە یەکتاپەرەستییەکان هەوڵیان داوە ئەم خواستە

سـرووشـتییەی مرۆڤ بەیاسـایی بکەن و بە شـێوە جۆراوجۆرەکان، شـوێنکەوتووانی خۆیان لە بێڕەوشـتی و ترازان لەم ڕێکارانە قەدەغە دەکرد. لەم نێوانەدا ئایینی ئیسلام سەرنجێکی تایبەتی پرژاندووەتە سەر خستنە ڕووی سەرچەشنی هەڵسوکەوتێکی سێکسیی پارێزراو و گرینگییەکی تایبەتی بە ڕێگری، چاکسـازی و چارەسـەری نانۆرمییەکان، بە لاڕێداچوون و کێشـە سـێکسـییەکان داوە؛ چوونکە گەشـە، پێشـکەوتن، بەختەوەری و گوورانی مرۆڤ، چاکسـازی و پەروەردەی نەوە، درێژەدان و پاراسـتنی ڕەچەڵەک لە ڕێگەی دروسـت، درێژەدان و تۆکمەبوونی سـیسـتەمی بنەماڵە و بە دوایدا خاوێنی کۆمەڵگای لە پارێزراوی و پاکیزەبوونەوە لە جۆرەکانی ئەم بە لاڕێداچوونە و هەروەها نەبوونی ئەم کێشانە دەبینێت. مۆدێلی ئیسلامییانەی پاراسـتنی ڕەفتاری سـێکسـی لە دوو ڕەهەندی (پاکداوێنی و خۆپارێزیی سـێکسـی) و هاوسـەرگیری (تێرکردنی شـیاو و ڕەزامەندانەی خواسـتە سـێکسـییەکان لە ڕێگەی هاوسـەربژێری) پێک دێت. ئەم دوو ڕەهەندە سنوورێکی بەربڵاو لە بنەما و بەرنامەکان لە درێژەی گۆڕانی مرۆیی لە کاتی لە دایکبوونەوە بگرە هەتا دواسـاتی ژیان (چاودێری، کۆنترۆڵ، ڕێنوێنی و پەروەردەی سێکسی، ئامادەکردن و ڕاهێنانی سێکسی لە کاتی هاوسەرگیری، ڕاهێنانی سـێکسـی و شـێوازی هاوباخەڵی و چاکسـازی و چارەسـەری نەشـیاوییە سـێکسـییەکان) لە خۆ دەگرێت (نوورعەلیزادە، 1388). ئایینی ئیسـلام، تێرکردنی خواسـتی سـێکسـی لە سـیسـتەمی بنەماڵە و لە سـای هاوسەرگیری، وەک بابەتێکی پەسەندکراو بە هەژمار دێنێ و داکۆکی لە سەر دەکا و ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدا کە خواسـتی سـێکسـیی خۆیان لە ڕێگەی تێکەڵبوون لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان تێر بکەن (کەجباف، 1384).



وێنەی 2. ڕێوەڕسمی هاوسەرگیریی ئیسلامی؛
ماڵپەڕی http://isslamicmatchmakking.com

ڕوونکردنەوەی پێگەی بنەماڵە و هاوسەرگیری لە پێکهاتەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و دەوری لە ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسیی ژن و پیاو لە سەر بنەمای تێگەشتنێکی دروست لە ئایینی ئیسلامە. مرۆڤ لە قوتابخانەی ئیسلام، حەقیقەتێکی ڕۆحانی هەیە. ئەو خولقێنراوە بۆ ئەوەی لە سای مەعنەوی‌خوازی و خۆسازیی ئایینی، حەقیقەت و حەقانەتی ڕۆحانیی خۆی بگەشێنێتەوە و لە خوا نزیک ببێتەوە.[1] لە سەر بنەمای تێگەیشتن و شیکاریی هەبوونناسانە لە مرۆڤە کە هەموو پێداویستییەکانی ئەم گەردوونە، وەکوو هاوسەرگیری و بنەماڵە لە پێناو دابین‌کردنی بەختەوەریی مرۆڤ مانادارە. هاوسەرگیری و بنەماڵە لە چەقی سەرنجی ئیسلامە و دەشێ و ناشێکانی بە

1ـ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ: بێگومان من جنۆکە و ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروست کردووە کە هەر من بپەرستن و فەرمانبەرداری من بن. سوورەتی ذاریات، ئایەتی 56؛

شـێوەی ڕوون و ڕاشـکاو دیاری کراوە. لەم ئاخێزگەدایە کە بەشـێکی گرینگی کاردای بنەماڵە دڵخوازە ئیسـلامییەکان لە بنەماڵەکانی دیکە جیا دەبێتەوە (موحێبی، 1390).

بە باوەڕی قورئانی پیرۆز، مرۆڤەکان جۆرێک ئافرێنراون کە هۆگری بۆ هاوسـەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە لە سـرووشـت و جەوهەریاندایە و لە بنەڕەتەوە مرۆڤەکان جووت‌جووتن و هیچ پیاو و ژنێک نییە کە هاوسـەرێکی بۆ نەخولقێنرا بێت. قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ: "وَاللَّه خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثمَّ مِن نُّطفَـةٍ ثمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجـاً". خوا؛ ئێوەی لـە خـاک دروسـت کردووە، لەوەودواش لە نووتفەیەک (کە بریتییە لە بە یەکگەیشـتنی سـەرە مێکوتەیەک لەگەڵ هێلکۆکەیەکدا) لەوەودوا کردوونی بە جووت (نێر و مێ)[1]. قورئان بەم ولتایانە لە ڕاسـتیدا ئاماژە بە فەلسـەفەی بنەڕەتیی پێکهێنانی بنەماڵە دەکا و سـەرچاوەی جووت‌خوازی (هاوسـەرگیری و هاوسـەرێتی) بە سـرووشـتی مرۆڤ دەزانێت. خودا ژن و پیاوی کردووە بە تەواوکەری یەکتر؛ کەواتە لە ڕوانگەی قورئانەوە پێکهێنانی بنەماڵە، ڕەگی لە سـرووشـتی مرۆڤدایە و بە هۆی سـۆزە بەهێزە مرۆییەکانە کە لە خۆخوازییەوە دەیگەیێنێتە دیترخوازی و هەر ئەمە دەبێتە هۆی پتەوبونی بنەماڵە (جیهانی، 1391). لە قوتابخانەی ئیسـلامدا، هاوسـەرگیری پیرۆزی و پێگەیەکی زۆر بەرزی هەیە. ئەم ڕاسـتییە لـە دەقـە ئـایینییـەکـان بـە واتـای جۆراوجۆر و لـە چوارچێوەی جۆراوجۆردا ئاماژەی پێکراوە. یەکێک لەو بەڵگە قورئانییانەی کە پشـتبەسـتوو بە گرینگیی هاوسـەرگیرییە، فەرمانکردن بە هاوسـەرگیری و پاراسـتنی دادپەروەری لە قورئانە: وَ إِنْ خِفْتُمْ أَلاّ تُقْسِطوا فِي الْيَتامى فَانْكِحُوا ما طابَ لَكُمْ مِنَ النِّسـاءِ مَثنى وَ ثلاث وَ رُباعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاّ تَعْدِلُوا فَواحِدَةً أَوْ ما مَلَكَتْ أَيْمانُكُمْ ذلِكَ أَدْنى أَلاّ تَعُولُوا "ئەگەر ترسـان لە ئەنجامنەدانی دادپەروەری لەگەڵ کچە

---

1ـ سوورەتی فاطر ئایەتی 11، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

بێباوکەکاندا (ئەگەر بیانکەنە هاوسەرتان، ئەوە واز لەوان بهێنن)، لە ئافرەتانی تر کە حەڵاڵن بۆتان ژن مارە بکەن دوو دوو، سیان سیان، یان چوار چوار. (ئەڵبەت لە یەک هاوسەر زیاتر مەرج و بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە) خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەر بن (لە نێوان هاوسەرەکانتاندا) ئەوە با یەک ژن مارە بکەن، یان ئەو کەنیزەکانەی کە هەتانە (کە دیاردەیەکی کاتی بوو، ئیسلام بنەبڕی کرد)، ئەوەی کە باس کرا نزیکترە لەوەی ستەم نەکەن (ئەگەر پەیڕەوی بکەن.)"[1] هەروەها لە نەریتی پێغەمبەری ئیسلامە کە موسڵمانان بۆ هاوسەرگیری هان دەدات: "النَکاح سُنتی، مَن اَحَبِ فِطرتی فَلیَستَن بِسُنتی: کەسێک کە ئایینی منی خۆش دەوێ دەبێ لە سەر نەریتی من پابەند بێ و یەکێک لە نەریتەکانی من هاوسەرگیرییە" (تەبەری: 1365: 196 و غەزالی، 1377: 152).

لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودە ئامانجە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی هاوسەرگیری و هاوسەربژێریدا بەدی دێ و ژن و پیاو لە چوارچێوەی هاوسەرگیری و بنەماڵە بە کەماڵ دەگەن و دەبنە هۆی گووران و پاراستنی یەکتر: " أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِيامِ الرَّفَث إلي نِسائِكُمْ هُنَّ لِباسٌ لَكُمْ وَ أَنْتُمْ لِباسٌ لَهُنَّ ... " لە شەوگاری ڕەمەزاندا تێکەڵبوونتان لەگەڵ هاوسەرەکانتان حەڵاڵ کراوە، ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان ..."[2] هەروەها هاوسەربژێری دەبێتە هۆی ئاسوودەیی ڕۆحی و دەروونی و بیچمگرتنی خۆشەویستی و عەشقی گونجاو لە نێوان هاوسەرەکان" "وَمِنْ آيَاتِهِ أَن خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِّتَسْكُنُواْ إِلَيْهَا وَ جَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذلِكَ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ" یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەومیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و

---

1ـ سوورەتی نساء ئایەتی 3، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

2 ـ سوورەتی بقرە ئایەتی 187، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی بەدی هێناوە، بە ڕاستی لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیر دەکەنەوە. (لە وردەکارییەکانی ژیان).[1] لە لایەکی دیکەشەوە پێکهێنانی بنەماڵە و هاوسەرگیری دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕسق و ڕۆزی و بژێوی یان بە واتایەک باشبوونی بارودۆخی ئابووری و کارکردی ئابووریی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە. ئیمام سادق (س) لەم بارەوە دەڵێ: "مَن تَرَكَ التَّزويجَ مَخافَةَ الفَقرِ فقد أساءَ الظَّنَّ باللّه عزّ و جلّ، إنَّ اللّه عزّ و جلّ يقولُ : «إنْ يَكُونُوا فُقَراءَ يُغْنِهِمُ اللّه مِن فَضلِهِ": هەر کەس کە بە هۆی ترس لە هەژاری هاوسەرگیری ناکا لە خودا بەدگومان بووە؛ چوونکە خودا دەفەرمووێ ئەگەر هەژار بن، خودا بە چاکەی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات" (موتەقی هیندی 977: 279). یەکێک لە کارکردە کۆمەڵایەتییە گرینگەکانی هاوسەرگیری، مانەوەی نەوەی مرۆڤە. خودا هاوسەرگیری وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤ دەناسێنێ و پێویستی بە بوونی ژن لە کۆمەڵگای مرۆییە و ئەوەی کە مرۆڤ بۆ درێژەدان بە جۆری خۆی پێویستی بە بوونی ژنە. لە ڕوانگەی ئیسلامی و ئایینییەوە هاوسەرگیریی کارێکی پەسەندکراوە کە بە پێی سرووشت، جەوهەر، شەرع، عەقڵ پارێزەری مانەوە و پاکیزهیی نەوە و نەریتی پێغەمبەری ئیسلام و کارێکی پیرۆز و وزەبەخشە. وەک لەم ئایەتە ئاماژەپێکراوەکاندا دیارە، ئایینی ئیسلام بە پێشنیارێکی پێداگرانە بۆ هاوسەرگیری و ڕوونکردنەوەی ئاسۆی ئایینی لە بارەی مرۆڤ و پێویستیی بوونی هاوسەر، سوورە لە سەر بیچمێکی تایبەت بۆ تێرکردنی خواستی سێکسی کە ئەویش دانانی ژن و مێرد لە چوارچێوەی بنەماڵەی ئاسایی کۆمەڵگاکەیانە. هەرچەند ئەم بیچمی تێرکردنی خواستە سێکسییە، وەک لە درێژەدا دەبینن بە ڕوونکردنەوە جیاوازەکانی ئایەت و فەرمودە دوو چەشن هاوسەرگیری واتا کراون.

---

1ـ سوورەتی ڕوم ئایەتی 21، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

## هاوسەرگیری لە ئێران

هاوســـەرگیری لە ئێران بە پێی ئایینی ئیســـلام و بەها ئایینییەکانە. بەم پێیە یاســای مەدەنیی کۆماری ئیســلامیی ئێران بە پێی فیقهی ئەهلی شـیعە، هەر دوو چەشـنی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی و هاوسـەرگیریی کاتی (سـیغە یان کاتی) بە فەرمی ناسیوە. لە هاوسـەرگیریی هەمیشـەییدا هەر دوو هاوسـەرەکە بە بێ سـنووردارییی زەمەنی و دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو، بە پێی ئایینی ئیسـلام و یاسـاکانی ئێران (مادەکانی 1062 هەتا 1070ی یاسـای مەدەنیی ئێران لە سـەر بنەمای مەرجەکانی شـیاویی هاوسـەرگیری)[1] پەیمانی ژن و مێردایەتی دەبەسـتن؛ بەڵام لە هاوسـەرگیریی کاتی کە لە گوتاری ئیسـلامی و کۆمەڵایەتیدا ڕا و بۆچوونی جیاوازی زۆر لە سـەرە، هاوسـەرەکان بە پێی ئایینزای شـیعە و مادەی 1075ی یاسـای مەدەنیی ئێران پێکەوە پەیمان دەبەسـتن کە ماوەیەک پێکەوە مەحرەم بن بۆ ئەوەی پەیوەندیی سـێکسـییان هەبێت. پاش تێپەڕینی ماوەی دیاریکراو، هاوسـەرگیرییەکە خۆ بە خۆ هەڵدەوەشێتەوە و پێویست بە تەڵاق ناکات.[2]

مۆتێعە لە وشـەدا لە مادەی "مۆتێع" هاتووە و بە مانای ئەو شـتەیە کە دەتوانین لێی سـوودمەند بین و هەروەها بە مەبەسـتی چێژبردنی کاتی و

1. 1- جیاوازیی ڕەگەز، 2- ئیرادە و بوونی ئیرادە، نە هەڵە و نە نەخوازاوی، 3- پێویست (ایجاب) و قبووڵ، هەم بە پێی ڕەسەنایەتی و هەم بە پێی نوێنەرایەتی، هەر دووکیان ڕێگەپێدراوە، 4- شیاویی مارەبڕ لە پێگەیشتوویی و عەقڵ و خواست و گەشە، 5- پێویستیی زنجیرایەتی عورفی پێویست و قبووڵ، 6- دروستیی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری بە ئاماژە بۆ کەسێک لاڵ، 7- پێویستیی دیاریکردن و جیاکردنەوەی ژن و پیاو، 8- مەرجی ئازادی بۆ هەڵوەشاندنەوەی نیکاح و مارەیی، 9- هەڵنەپەسێراوی لە هاوسەرگیری و هەڵوەشاوەبوونی مارەیی ڕەها، 10 تۆمارکردنی هاوسەرگیری، 11- مەرجە دروستە هاوپەیوەستەکانی مارەیی لە هاوسەرگیری، 12- شیاوێتی بۆ هاوسەرگیری وەکوو: تەمەن بۆ هاوسەرگیری، سەرپەرشتیاری لە هاوسەرگیری، ئیزنی باوک یان باپیری باوکی بۆ هاوسەرگیریی پاکیزهیزە و لە کۆتاییدا ئیزنی دەوڵەت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی بیانی.

2 - لە مادەی 1075 یاسای مەدەنی "هاوسەرگیریی کاتی" لە یاسای ئێراندا بە فەرمی ناسراوە. مەرج و بنەما بنەڕەتییەکانی نیکاحی کاتی (هاوسەرگیریی کاتی) بریتیین لە مەرجە دروستەکانی نیکاحی هەمیشەیی لەگەڵ دیاریکردنی کاتی دیاریکراو و دیاریکردنی برەمارەیی دیاریکراو بۆ ژن. کۆسپەکانی بەر دەم هاوسەرگیریی کاتیش هاوشێوەی کۆسپەکانی بەر دەم نیکاحی هەمیشەییە".

کەمخایەن هاتووە (ئیبن مەنزوور، 1414: 239) و لە زاراوەی فیقهیدا هاوسەرگیرییەکە کە پیاوێک لەگەڵ ژنێک هەتا ماوەیەکی دیاریکراو بە بڕەمارەیی دیاریکراو نیکاح ئەنجام دەدەن و لەگەڵ کۆتاییهاتنی کاتە دیاریکراوەکە ژن و مێرد بە بێ تەڵاق لێک جیا دەبنەوە (قەرشی، 1371: 226). هەروەها عەلامە حیلی وەک نیکاحی کاتی و ناهەمیشەیی لە مەتعە دەڕوانێت (حیلی، 1370: 175). سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی، سیغە یان مەتعە ڕوانگەی جۆراوجۆر لە ئارادایە. کۆمەڵێک بەم بەڵگەوە کە هاوسەرگیریی کاتی حوکمێکی شەرعییە یان ئازادیی کردەیی زێدەتر بۆ لایەنەکان دابین دەکا، پشتیوانیان لێ کردووە. فەقێ ئیمامییەکان بە پشتبەستن بە ئایەتی 24ی سوورەتی نیسا هاوسەرگیریی کاتی بە فەرمی دەناسن، ئەم ئایەتە دەفەرمووێ: "وَالْمُحْصَنَتُ مِنَ النِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَنُكُمْ كِتَبَ اللَّه عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَّا وَرَآءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُواْ بِأَمْوَ لِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَفِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِه مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيَما تَرَضَيْتُمْ بِه مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّه كَانَ عَلِيماً حَكِيماً" (هەروەها حەرامە لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکان (لەو زەمانەدا باو بوو) خوا بڕیاری داوە لە سەرتان، جگە لەوانەی کە باس کران، حەڵاڵە بۆتان بە هۆی ماڵ و دارایانەوە هاوسەر بگرن هەتا چوار ئافرەت) تا پاکیزەداوێن بن و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ و هیچ گوناحیش نییە لە سەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو مارەییەی لە سەری ڕێک کەوتوون لە دوای دیاریکردنی. بە ڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام زانا و دانایە.[1]

هەندێکیش بە پشتبەستن بە کارکردە چەوتییە ئەگەرییەکانی هاوسەرگیریی

1ـ سوورەتی نسا ئایەتی 24، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 82 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

کاتی وەکوو دلبەزینی ڕێژەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، کەڵکی کاڵایی، لەدەستدانی بەختی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، زکوزا لە بەستێنی بنەماڵەی کاتی و ... دژی دەوەستنەوە.

لە درێژەی ئەم توێژینەوە، بەدەر لە بارودۆخی ئێستای هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگا و تاوتوێی کارکردە ئێستاییەکانی هاوسەرگیریی کاتی بە پێی پرسە ئایینی و زانستە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەکان، چاوێک بە ئاخێزگەی ئایینیی هاوسەرگیریی کاتی و بۆچوونە لێکدژەکانی ئەهلی سوننە و ئەهلی شیعە سەبارەت بەم بابەتە دەخشێنین.

## ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتی مەتعە لە ئێران

### ئـ) گۆڕانی بنەماڵەی ئێرانی

گۆڕانی بنەماڵە یەکێک لە پرسە گرینگەکانی دنیای هاوچەرخە. ناومندی هاوسەرگیری لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە پێکهاتەیی و کەلتوورییەکان و کارتێکرانی کۆمەڵگا ڕوو لە تێپەڕینەکان لە دیسپلینی نەریتییەوە بۆ دیسپلینی مۆدێرن، گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە هەتا ئەو جێگایەی کە ئەورۆکە لە وێژەی کۆمەڵناسی و دەروونناسیی بنەماڵەدا، بابەتگەلێکی وەکوو گواستنەوەی بنەماڵە، گواستنەوەی هاوسەرگیری و گواستنەوەی دووهەمی حەشیمەتناسانە خراوەتە ڕوو.

لە بواری گواستنەوە و گۆڕانکارییەکان، مۆرگان گۆڕانی شوناسی هاوسەرگیری لە چوارچێوەی گۆڕان لە مۆدێلی ناوەندییەوە بۆ مۆدێلی پەیوەندی / هاوڕێیەتی تاوتوێ دەکات. ستۆنیش لەم بارەوە پێی وایە هەڵکشانی ڕێژەی هاوسەرگیرییە پەیوەندی / هاوڕێیەتی لە ناو چینە کۆمەڵایەتییە پلە بەرز و مامناوەندەکاندا بەدی دەکرێت. هەروەها ئەم هەڵکشانە هاوڕا لەگەڵ هەڵکشانی تاکخوازی و ئازادیی تاکایەتی لە هەڵبژاردنی هاوسەرە. بەم پێیە، لەگەڵ گۆڕانی مۆدێل و سەرچەشنی

هاوسەرگیری، گۆڕانکارییەکی زۆر لە بواری هاوسەرگیری، بنەما و شوناسی هاوسەرگیریدا ڕوو دەدات. کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم دوو مۆدێلە ناوەندی و پەیوەندییە، ئەم جیاوازییانە دەبینرێت.

هێنانە گۆڕەوەی بابەتی بنەماڵە وەک بابەتێکی ناسیاری، یەکێک لە گۆڕانکارییە گرینگەکانی ئەم سەردەمەیە. کاستلێز[1] پێی وایە شۆڕشێک ڕووی لە هەڵگیرسانە؛ بەڵام نە شۆڕشێک کە بزاڤەکانی دەیەکانی 60 و 70 ڕایانگەیاند و درێژەیان پێدا. تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشە، لێکپسانی هاوسەگیرییەکان، ناهاوڕەگەزخوازی و خواستی سێکسییە. ئەم چوار فاکتەرە کە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوو لە ژێر باوکسالاریی مۆدێرندا پێکەوە گرێ دراون، ئێستا پرۆسەی سەربەخۆبوون تێدەپەڕێنن. بە باوەڕی ئێمیل دۆرکهایم[2] لە تێپەڕین بەرەو کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی، ویژدانی جڤاکی لاواز دەبێ، تاکایەتیی تاکەکان گەشە دەکا و پشێوی و ناسەقامگیری دەکەوێتە ناو ڕێسا و بەهاکان. بە باوەڕی ئەو، بنەماڵە جۆرێک گوورانی هێڵییە و لەم گوورانەدا تووشی وێکهاتن هات. یەکەمین بیچمی بنەماڵە، گرووپێکی سیاسیی بنەماڵە بوو کە ناوێکی مەزنی لە خۆ گرتبوو. ئەم بیچمە بە تێپەڕلندنی قۆناغە جیاوازەکان بوو بە بنەماڵەی باوکسالاری ڕۆمای کۆن و لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری بوو بە بیچمی بنەماڵەی ژن و مێردیی هاوچەرخ. بنەماڵەی ژن و مێردیی دۆرکهایم کە دەتوانین بڵێین لەگەڵ بنەماڵەی ناوەکیی باوی ئێستا یەکسانە، ئەنجامی یاسای وێکهاتنی ورده ورده و دەرخەری گۆڕانی بنەماڵەیە. بە باوەڕی پارسۆنز[3] هەڵبژاردنی هاوسەر بە پێی عەشق و خۆشەویستی یەکێک لە پرەنسیپە تایبەتەکانی بنەماڵەی ناوەکییە. هاوسەرەکان لە هەڵبژاردنی هاوسەر لە کۆت و بەند و خواستەکانی بنەماڵە

1. Manuel Castells
2. Emile Durkheim
3. Talcott Parsons

ئازادن و بە بێ گرینگیدان بە تێبینییەکانی بنەماڵە، بە پێی خواست و دڵی خۆیان یەکتر هەڵدەبژێرن.

بارودۆخی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە تێیدا ڕووی داوە، لە گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی بنەماڵە کە ئەم تیۆرییانە ڕەنگدانەوەی ئەوانن بەدەر نین و سەرەڕای هەندێ جیاوازی لە وردەکارییەکانی کۆمەڵگەکاندا دەتوانین ئەم سەرچەشنانە بۆ کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بگشتێنین. لە بنەماڵەی بەربڵاوی ئێرانیدا، هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە بە مەبەستی مانەوەی نەوە، کارکردێکی ئابووری و سێکسی و سۆزداری لە خۆ گرتووە. بەڵام لە کۆمەڵگا ڕوو لە تێپەڕینەکانی ئێران، بنەماڵەی ناوەکی پەرەی سەندووە کە لە سەر بناغەی هاوسەربژێریی سەربەست بیچم دەگرێت. دەبێ ئاماژە بکەین کە لە بنەماڵە بەربڵاوە ئێرانییەکانیشدا هاوسەربژێری بە شێوەی مۆدێرن بەدی دەکەین و لە ڕاستیدا هەموو پرەنسیپەکانی بنەماڵەی بەربڵاو ناتوانین بۆ هەموو بنەماڵە ئێرانییەکان بگشتێنین؛ بە جۆرێک کە بیچمگرتنی بنەماڵە ناوەکییەکان لە کۆمەڵگای ئێستاشدا بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە لە بنەماڵەی ناوەکیدا هەیە یەکسان نییە. ئەم جۆری بەربڵاوبوونی بنەماڵە تایبەتمەندییەکی کەلتووری و پاشماوەی نەوەکانی پێشوو لە هەندێ لە ناوچەکانی ئێرانە کە بەربەستە ئابووری و پیشەییەکان پەرەی پێ دەدەن. دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ کە کاتێ باس لە بنەماڵەی ئێرانی دەکەین مەبەستمان لایەنێک لە بنەماڵە هەڵگری تایبەتمەندییە جیاوازەکانە کە خەریکە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموویان تێدەپەڕێنن. مافی هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە شێوازی هاوسەربژێری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان وای کردووە کە خواست بۆ هاوسەرگیری لە پێویستییەکی لێبڕاوەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕەفتاری دابەزێ و خواستی سۆزداری لە سەرووی هەمووان بێت. بنەماڵەی ناوەکیی مۆدێڕنی

ئێران خاوەن هاوسەری خوێندەوارن کە زۆربەیان لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆن. نوێسازی و مۆدێڕنیتە لە سۆنگەی فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری لە سەر ڕەهەندە جیا جیاکانی ژیانی ناوەکیی ئێرانی داناوە. بۆ وێنە، دابینبوونی خوێندنی باڵا بۆ ئافرەتان و هەروەها بارودۆخی نالەباری ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پیاوان، تەمەنی هاوسەرگیری لە ناو تاقمێک لە بنەماڵە ئێرانییەکاندا بەرز بۆتەوە.

پارسۆنز لە مۆدێلی کارکردخوازەکەیدا بەڵگە دێنێتەوە کە لە قۆناغەکانی برەوی ئابووریدا خەڵک زیاتر هاوسەرگیری دەکەن و لە کاتی قەیران و مەندیی ئابووریدا هاوسەرگیرییەکان وەدوا دەکەون. ڕەنگە ئەم مۆدێلە نموونەی بنەماڵە نەریتییە ئێرانییەکان بێ کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاوسەرگیری و ئابووری لە پەیوەندیدان و چیتر فاکتەرە دەستێوەردەرەکانی وەکوو گۆڕانکارییە ئایدۆلۆژیکییەکان کاریگەرییەکەیان کەم بۆتەوە. بە پێی تیۆرییە ناتەکوزییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆبێرت کێی مێرتۆن[1] هاوسەرگیری کاتێک ڕوو دەدا کە کۆمەڵگا بتوانێ ئامانجە دیاریکراوە کەلتوورییەکان و ڕێگاکانی گەیشتن بەوان دیاری بکا بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە حاڵەتێکی هاوسەنگ و یەکدەستدا بپارێزرێ و بەردەوام بێت. بە پێی ئەم ئاراستە، هەرکات کەرەسە و ئامانجەکان لە جڤاکی کۆمەڵایەتی بە شێوەی گشتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا پێکەوە هاوئاهەنگ بن کۆمەڵگا هیچ کێشەیەکی نابێت. بەڵام ئەگەر ئامانج و کەرەسەکان دژی پێکهاتەی کۆمەڵگا بن و ناهاوئاهەنگیيان ببێ، کۆمەڵگا تووشی کێشە دەبێت. تیۆریی مۆدێڕنیزاسیۆنی گوود[2] ئاڵوگۆڕە وەدیهاتووەکانی بنەماڵە بە دەرەنجامی حاشاهەڵنەگری ئاڵوگۆڕە پێکهاتەیی (کۆمەڵگا) و ئاڵوگۆڕە ئایدۆلۆژیکییەکان دەزانێت. بە باوەڕی ئەو کاتێک کە لە سەر ئاستی کەڵێندا، ئاڵوگۆڕی پێکهاتەیی

---

1. Robert K. Merton
2. William Good

(ئاڵوگۆڕگەلی وەکوو شارنشینی، بە پیشەسازیبوون، پەروەردەی گشتی و ...) و هەروەها ئاڵوگۆڕی ئایدۆلۆژیکی ڕوو دەدا، ڕێکخراوە ئاستوردەکان (بنەماڵە)یش بە ناچاری خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕییەکانی ئاستی کەڵێن دەگوونجێنن. لە گرینگترین پێوەرەکانی مۆدێرنیزاسیۆن دەتوانین ئاماژە بە پەرەسەندنی دەرفەتەکانی خوێندن، گۆڕانکاریی بەربڵاو لە هێزی کار و چالاکییە پیشەییەکان، کارکردنی ژنان و شارنشینی بکەین. گیدنز[1] لە تیۆریی متمانە و نوێخوازییەکەیدا دەڵێ لە دنیایەکدا دەژین کە پڕە لە مەترسی. بە باوەڕی گیدنز لە کۆمەڵگای نەریتیدا مەترسی بوونی نییە، بەڵام لە دنیای مۆدێرندا مەترسی بوونی هەیە. بۆ وێنە هاوسەرگیری لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا پێشتر هەڵبژێردراوە و مەترسیی کەمتری هەیە، بەڵام لە دنیای پڕ لە مەترسیی ئێستا و مۆدێرنیتە کە مرۆڤەکان بەرکەوتنیان لەگەڵ بێژومار مرۆڤی دیکە دەبێ، مەترسیی زیاتری بۆ هاوسەرگیری و هەڵبژاردنی هاوسەر هەیە. لە دنیای پڕ لە مەترسیدا دەبێ متمانە بکەی، کەواتە یەکێک لە گرینگترین زیانەکان کە هەموو کۆمەڵگاکان ڕووبەڕووی کێشەی جیدی دەکاتەوە نەبوونی متمانە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگا یان بە واتایەک کەمبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە. پەرەسەندنی بێمتمانەیی و دووڕوویی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی جۆرەکانی لادانە ئەخلاقییەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگا پەلی بۆ ناو بنیاتی بنەماڵە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش هاویشتووە و نە تەنیا دۆخی پەیوەندی لەگەڵ دیترانی سست کردووە، بەڵکوو تێچووی دارایی و سۆزداریی پەیوەندییە مرۆییەکانیشی زیاد کردووە.

**ب) سیاسەتدانانە ئایینی و دەوڵەتییەکان**

وەک بە تێر و تەسەلی باسمان کرد، لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێراندا کە

1. Anthony Giddens

لـە ژێر کـاریگـەریی مۆدێرنیتـە، (ئـەگـەرچی مۆدێرنیتـەکـەی نـاتـەواوە) ســـەرچـەشـــنی هـاوســـەرگیری گۆڕاوە. بـەڵگـەکـان پیشـــان دەدەن ڕێژەی هاوسەرگیری ڕووی لە داشکان و ڕێژەی تەڵاق ڕووی لە هەڵکشانە. سەرەڕای بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەنجانی لە تەمەنی هاوســـەرگیری کە بۆ ئەو ســـاڵ (1396ی هەتاوی) 11/5 میلۆن کەس لە خۆ دەگرێ، ڕێژەی هاوسەرگیری لە وڵاتدا بە بەراورد لەگەڵ ســـاڵی ڕابردوو 3/5 لە ســـەد و لە چاو ســـاڵی 1389ی هەتاوی نزیکەی 8 لە ســـەد دابەزینی بۆ خۆوە بینیوە. ئامارەکان پیشان دەدەن کە ڕێژەی هاوسەرگیری هاوڕێژە لەگەڵ حەشیمەتی وڵات بەرز نەبۆتەوە کە بە وتەی شـارەزایان بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە دەتوانێ سـەرچاوەی زۆرێک لە خەســـارەت و نیگەرانییەکانی کۆمەڵگا بێت. جیا لە ئاخێزگەی ئایینیی هاوسەرگیریی کاتی بە هۆی ڕاستییەکانی هاوسەرگیریی هەمیشـەیی، هاوســـەرگیریی کاتی وەک ڕێکاری چارەســـەری کێشــە لە کۆمەڵگای ئێران خراوەتە ڕوو. بە واتایەکی دیکە، بە هۆی بوونی ڕاستیگەلێکی وەکوو دژواریی ســـەرچـەشـــنـە تـەمـەنییـەکـانی هـەڵبژاردنی هـاوســـەر، کـەمجێبـەجێبوونی هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی بە هۆی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هـەروەهـا دڵخوازبوونی هـاوســـەرگیریی هـەمیشـــەیی لـە نۆرم و زەختـە کۆمەڵایەتییەکان و پاڵنەرە تاکایەتییەکان، مەودای نێوان پێگەیشتنی سێکسـی و پێگەیشـتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەنجان زۆر بووە و ئەمە تەندروسـتیی سێکسیی گەنجانی خستۆتە مەترسییەوە. بەم شێوە لە بارودۆخێکدا کە بوار بۆ هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی و بوونی هاوسـەر گونجاو نییە، هاوسـەرگیریی کـاتی وەک ڕێگـەچارە خراوەتە ڕوو. ڕێگری لـە گونـاح و گـەندەڵی، تێرکردنی خواستە سێکسییەکان، وەدەستهێنانی زانیاری بۆ هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی، دەســـتخســـتنی ئاســـوودەیی ڕۆحی و هزری و نەبوونی پێداویســـتییەکانی پێویسـت بۆ هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی لە سـەرەکیترین هۆکارەکانی خستنە

ڕووی ئەم ڕێگە چارەیە. بە پێی ئەم هۆکارانە، دەوڵەت و سیاسەتدانەرانی دەوڵەتی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بە بانگەشەی میدیایی، پێدانی مۆڵەت بۆ دانانی نووسینگەی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی و دامەزراندنی ماڵپەڕی جۆراوجۆری ئەنتەرنێتی، وەک ڕێگەچارەی پرسی هاوسەرگیریی گەنجان بانگەشە بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە دەکەن و پەرەی پێ دەدەن.

هەتا بەر لە ساڵی 1335 هاوسەرگیریی کاتی بە شێوەی فەرمی ئەنجام دەدرا و نووسینگەکانی تۆمارکردنی هاوسەرگیری، قەواڵە و گرێبەستی مارەبڕینی کاتییان هەبوو. بەڵام لە ساڵی 1335و پاش قەدەغەکرانی فرەژنی و قەدەغەکرانی تۆمارکردنی مارەبڕینی کاتی لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیریدا لە سەر فەرمانی فەرەح پاڵەوی (لە گرێبەستە مارەییەکانی ئێستا و ڕابردوو لە بەشی جۆری مارەیی دەتوانن بنووسن هەمیشەیی یان کاتی) ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە فەرمێتیی یاسایی خۆی لە دەست دا. لەو ڕووەی کە لە زۆربەی مژارەکاندا سیغەی کاتی لە لایەن پیاوانی ژندارەوە ئەنجام دەدرا، بە قەدەغەکردنی فرەژنی، هاوسەرگیریی کاتی لە ناوەندە فەرمییەکاندا خرایە پەراوێزەوە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لە پێگەی جۆراوجۆردا هەوڵی دا داکۆکی و بەرگری لە هاوسەرگیریی کاتی بکات. ناوبراو بۆ یەکەم جار لە وتاری نوێژی هەینی سێیەمی مانگی بەفرانباری ساڵی 1364ـی هەتاوی وەک ڕێکارێک بۆ ڕێگری لە گەندەڵیی ئەخلاقی لە کۆمەڵگا ئاماژەی بە هاوسەرگیریی کاتی کرد و وتی: «حکوومەتێک کە داوای پاکیزەداوێنی لە گەنجان دەکا، دەبێ هەلی پاکیزەداوێنبوونیش بڕەخسێنێت.» ڕەفسەنجانی وێڕای ئاماژە بەوەی کە هەندێ کەس لە ڕژێمی ڕابردوودا تووشی تاوان هاتوون، شیاوی ڕێنوومایین، وتی: «ئەگەر ڕێگرییان لە سیغە نەکردایە و بیانهێشتبا خەڵکی هەژار هاوسەرگیریی کاتی بکەن، هیچ کەس تووشی زینا نەدەبوو. کەلتووری

کۆمەڵگای پێشوو بە لاسایی‌کردنەوەی ڕۆژاواییەکان زینای بە ڕێگەپێدراو دەزانی؛ بەڵام هاوسەرگیریی کاتی حەرام کردبوو.[1]» هاشمی ڕەفسنجانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «... کۆمەڵگای ئێمە وەک حەقیقەتێکی پیرۆز هاوسەرگیریی هەمیشەیی قبووڵ کردووە؛ بەڵام وێنەیەکی ناشیرین و نەخوازراوی لە هاوسەرگیریی کاتی هەیە. من وتم ئافرەتانی بێ‌مێردیش بۆیان هەیە بە کاری بێنن و ژیانی یەک ساڵە و دوو ساڵە و پێنج ساڵە و کەمتر یان زیاتر پێک بێنن و ئەگەر ئەمە پەرە نەسێنێ، کۆمەڵگاکەمان تێک دەشکێت. سەبارەت بە کچانی کەم تەمەنیش ئەم بابەتە دەبێ بە ڕەزامەندیی باوکیان بێ و هەروەها هاوسەرگیریی کاتی هەموو مەرجەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە خۆ گرتووە و دەبێ لە نووسینگەکاندا تۆمار بکرێ و ڕوون بکرێتەوە» هاشمی بەهرەمانی، (1392: 411). هەروەها نووسینگەی توێژینەوە یاساییەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پارلەمان توێژینەوەیەکی لە ژێر ناوی "هاوسەرگیریی کاتی و کاریگەرییەکەی لە سەر هاوسەنگیی پەیوەندییە ناشەرعییە سێکسییەکان" بڵاو کردۆتەوە کە بە ئاماژە بە هەندێ پێشنیار، چۆنیەتی و بۆچییەتیی پەرەسەندنی هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگا ڕوون دەکاتەوە و پێشنیار دەکا کە "ناوەندەکانی هاوسەرگیریی کاتی" لە ئێران پێک بێ و ئەم "ناوەندە شەرعییە وەک نۆرمێکی فەرهەنگی بە شێوەی کردەیی پەرەی پێ بدرێت".

لەم نێوەندەدا جیا لە کەسایەتییە کاریگەرە سیاسییەکان، کەسانی خاوەن قەڵەم و کاریگەریش بۆ داکۆکی‌کردن لە سەر هاوسەرگیریی کاتی ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

مورتەزا موتەهەری لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی "نظام حقوق زن در اسلام" بەم شێوە باس لە فەلسەفەی هاوسەرگیریی کاتی دەکا: «بە ئاوڕدانەوە

---

1ـ خوتبەی نوێژی هەینی، 3ـی مانگی بەرفرانباری ساڵی 1364ـی هەتاوی، تاران: ئایەتوڵا هاشمی ڕەفسەنجانی

لەوەی کە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بەرپرسایەتی و ئەرکێکی زێدەتر دەخاتە ئەستۆی هاوسەرەکان، هەر بۆیە ناتوانی کچ یان کوڕێک شک ببەی کە لە یەکەم ساتەوەختی پێگەیشتنی سرووشتی کە لە ژێر زەختە سرووشتییەکاندایە، ئامادەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بێت. تایبەتمەندیی سەردەمی نوێ لەوەدایە کە مەودای پێگەیشتنی سرووشتی لەگەڵ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و توانای پێکهێنانی خێزانی لێک دوور کردووە. لە سەردەمی سادە و ساکاری ڕۆژگاری کۆن کوڕێکی کەمتەمەن لە سەرەتاکانی تافی پێگەیشتنی سرووشتیدا ئەنجامدانی پیشەیەکی دەگرتە ئەستۆ و هەتا دواساتی تەمەن ئەنجامی دەدا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەمە نەگونجاوە. کوڕێک سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی لە سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆ بێوچان و بێسووتان لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و یان لە کونکووری زانکۆ تێدەپەڕێنێ، لە تەمەنی 25 ساڵاندا خوێندنی کۆتایی دێ و لەمەو بە دوا دەتوانێ داهاتێکی ببێت. بێگومان سێ بۆ چواری ساڵی پێ دەچێ بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێکی ساکار بۆ خۆی پێک بێنێ و ئامادەی هاوسەرگیری بێت. هەروەها کچێکی سەرکەوتوو کە بە نیازە قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت لێتان دەپرسێ: چی لە سرووشت و خواستی سێکسی بکەین؟ ئایا سرووشت ئامادەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخی ژیانی ئێمە لە سەردەمی ئێستادا ئێزن نادا لە تەمەنی شازدە و هەژدە ساڵاندا هاوسەرگیریی بکەین، کاتی پێگەیشتن بخاتە دواوە هەتا ئەو کاتەی ئێمە کۆتایی بە خوێندنمان دێنین، خواستی سێکسی وازمان لێ دێنێت؟! ئایا گەنجان ئامادەن قۆناغێکی تەرکە دنیایی تێپەڕ بکەن و خۆیان بخەنە ژێر زەخت و خۆپارێزی هەتا ئەو کاتەی هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەییان بۆ دەڕەخسێت؟! گریمان گەنجێکی ئامادەیە بە شێوەی کاتی ڕەبەنایەتی خۆی قبووڵ بکا، ئایا سرووشت ئامادەیە خۆی لە زیانی قورس و مەترسیداری ئەم ڕەبەنایەتییە کە بە هۆی ڕێگری لە تێرکردنی خواستی

سێکسی دروست دەبێ و دەروون‌توێژی ئێستاش ئاشکرای کردووە، پاشگەز بێتەوە؟! دوو ڕێگە زیاتر نامێنێتەوە یان ئەومتا واز لە گەنجەکە بێنین و خەمی لێ نەخۆین، ڕێگە بە کوڕێک بدەین لەگەڵ سەدان کچ ڕابووێرێ و ئیزن بە کچێک بدەین لەگەڵ دمیان کوڕ پەیوەندیی سێکسیی ناشەرعی هەبێ و چەندین جار کۆرپەلە لە بار ببا؛ واتە بە شێوەی کردەیی کۆمۆنیزمی سێکسی قبووڵ بکەین و بە هۆی ئەوەی بە شێوەی یەکسان ڕێگەمان بە کچ و کوڕ داوە، ڕۆحی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤمان لە خۆمان شاد کردووە. ڕێگەی دووهەم هاوسەرگیریی کاتییە. هاوسەرگیریی کاتی لە پلەی یەکەمدا ئافرەت سنووردار دەکاتەوە کە لە یەک کاتدا ژنی دوو پیاو نەبێت. دیارە سنووردار بوونی ئافرەت پێویستی بە سنووردارکردنی پیاویش دەبێت. بەم شێوە کوڕ و کچ خەریکی تێپەڕاندنی قۆناغەکانی خوێندنن بە بێ ئەوەی تابشتی ڕەبەنایەتی و تەرکە دنیایی کاتی و زیانەکانی بێنن و بە بێ ئەوەی نوقمی کۆمۆنیزمی سێکسی ببنەوە.» (مەهری، 1376: 51 - 50). عەلی شەریعەتیش لەم بارەوە دەڵێ: «هاوسەرگیریی کاتی نە بە شێوەی ئێستا، پێشکەوتووترین نەریتێکە کە دانراوە. بە ڕای من شیکاریی زانستی و کۆمەڵناسی و بەتایبەت دەروونناسیی هاوسەرگیریی جیهانی ئەوڕۆ پێویستە. لە گەڵاڵەی هاوسەرگیریی کاتی، یەکەم دەبێ بەرگری لێ بکرێ و ئەو پێشینە زۆر ناشیرین و خراپە بشۆینەوە و ئینجا بیکەین بە پێشکەوتووترین پرس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەوڕۆیی گەنجانی دنیا و ئاماژە بە فەلسەفەکەی بکرێ و بە شێوەی دروست و زانستی شی بکرێتەوە. هاوسەرگیریی کاتی لە بیچمە هەنووکەییەکەیدا نموونەی ئەو نەریتانەیە کە تێیاندا ئەوەی ئەنجام دەدرێ، دژی ڕاستی و ڕۆحی ئەم یاسا و نەریتەیە. واتە ئەو هەڵسەنگاندنەی کە ڕووناکبیر بەرامبەر بە شێوازی ئەوڕۆیی هاوسەرگیریی کاتی هەیەتی دزێو و قێزەونە.» (کەریمی نیا. 1390).

هەروەها ناسر کاتووزیان لە بارەی فەلسەفەی هەبوونیی ئەم هاوسەرگیرییە دەڵێ: "لە جیهانی ئێستادا سەرەڕای ئەم هەموو بێڕەوشتییە ئەخلاقییە و ئەو کێشە ئابوورییانەی کە ئاستەنگی بەردەم پێکهێنانی بنەماڵەیە، نابێ ڕەخنە لە نیکاحی مەتعە بگیرێ و لە بیر بکرێت. لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بە هۆکاری جیاواز لە نێوان ڕێکەوتی پێگەیشتنی مێرمنداڵ وئەو کاتەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی وئابوورییەوە هەلی پێکهێنانی بنەماڵەی بۆ هەڵدەکەوێ، مەودایەک دروست بووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەم مەودایە زیاتر دەبێت. پەیوەندیی نێوان کچ و کوڕیش بە ئامۆژگاریکردن کۆتایی پێ نایەت. کەواتە یان دەبێ واز لە گەنجان بێنین و کۆمەڵگا بەرەو بەدڕەوشتی و بەڕەڵایی سێکسی دنە بدەین و یان بە دروستکردنی چوارچێوەی تایبەت و سنووردارکەرەوە ئەم خواستە سەرکەشە سەرکوت بکەین. نیکاحی کاتی یەکێک لەم چوارچێوانەیە کە بە هاوکاری و بووژانەوەی دووبارەی دەتوانین ڕێگری لەم بشێوییە بگرین" (بوزورگیان، 1384).

**ج) سیغە؛ هاوسەنگکردنی ڕەفتاری سێکسی یان چێژێک بۆ پیاوان**

لە سیاسەتداڕشتنی گشتیدا سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی ئاوڕ لە زۆرێک لە پرسەکان نەدراوەتەوە کە چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت ژنان لە دژی بەرهەڵستیان نواندووە. ئەم ئاوڕنەدانەوە لە هەندێ لە ڕەهەندە لە بیرکراوەکانی هاوسەرگیریی کاتی وای کردووە کە گوتاری هاوسەرگیریی کاتی نە وەک نۆرمێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵەوە قبووڵ بکرێ و نە زۆرینەی بلیمەتە بیرمەندەکان بە هێنانە بەر باسی پشتیوانیان لێ بکەن. لە پەرسەندنی هاوسەرگیریی کاتی سەرنجی پرسەکانی ژنان نەدراوە و ڕوانینی دەسەڵات لەم بوارەدا تەواو پیاوانەیە کە دژی گوتاری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ڕەگەزێتی لە بنەماڵەی مۆدێرنی ناوەکییە. ئامانجی یەکەمی هاوسەرگیریی کاتی بۆ زۆربەی پیاوان، چێژ و سێکسکردنە (مەتعە

یـان تمتع)؛ لـە حـاڵێکـدا بـە پێی ئـەنجـامـەکـانی ئـەم توێژینـەوە ژنـان ئـەم هاوســەرگیرییە وەک جۆرێ ســەرچاوەی داهات ســەیر دەکەن یان بە هۆی ترس لـە دووبـارەبوونـەوەی ئـەزموونی تـاڵی هـاوســـەرگیریی ڕابردوو و بۆ دابینکردنی خواستە سۆزداری و سێکسییەکان ڕووی تێدەکەن. کەواتە ژنان و پیاوان زۆر لێک جیاوازن؛ بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانێ هاوبەش بێت. لە ڕاســتیدا بنەمای هاوســەرگیریی کاتی لەگەڵ بنەمای بنەماڵەی مۆدێڕنی ناوەکی کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە بە پێی عەشــق و خۆشــەویســتی بیچم دەگرێ جیاوازە. هەروەها لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر هاوسـەرگیریی کاتییەکان بە شێوەی هاوتەریب یان هاوکات لەگەڵ هاوسەرگیریی هەمیشەیی بیچم بگرن جۆرێک فرەژنی ڕوو دەدا کە بە پێی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە کارکردی نەرێنیی زۆری لێ دەکەوێتەوە. ڕادەی ڕەزامەندیی هاوســەرێتی لە نێوان ژن و مێرد لە هاوســەرگیریی فرەهاوســەریدا کەمترە. لە ڕاســتیدا لە هاوســەرگیریی فرەهاوسـەری هەر دوو هاوسـەرەکە خەسـارەت دەبینن و ئاسـتی ڕەزامەندییان لە چاو ئاســتی ڕەزامەندیی ژن و مێرد لە هاوســـەرگیریی تاکهاوســـەریدا کەمترە؛ تەنانەت ژنان زیاتر لە پیاوان زیانیان پێ دەگات.

لێکۆڵینەوەکانی دیکەش بوونی خەســارەت لە بنەماڵە فرەهاوســەرەکاندا پیشـان دەدات. جۆری کێشـە دەروونناسـییەکان لەگەڵ دیاردەی فرەهاوسـەری لە پەیوەندیدایە. ڕێژەی کێشــە ژن و مێردییەکان لە بنەماڵە فرەهاوســەرەکاندا زیاتر و کێشــەی ژن و مێردی و ناکۆکییەکانیان کاریگەریی ڕاســتەوخۆی لە سـەر تەندروسـتیی دەروونیی منداڵەکان هەیە (Elbedour, 2000). دەرکەوتووە کە لە ناو ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی فرەهاوسـەرین شـیاویی کۆمەڵایەتییان و هـەســتی پـارێزراویبوونیـان کـەمترە، لـە خوێنـدنـدا لاوازن و کێشــــەی هەڵسوکەوتییان هەیە و زوو هەڵدەچن (Davies, 1996).

هەندێکی دیکە هاوسـەرگیریی کاتی بە هۆکاری پەرەسـەندنی بەدڕەوشتی

دەزانن. بەم پێیە کۆمەڵێک کەس لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی کاتی بە بێ بوونی مەرجی یاسایی و شەرعی، لەشفرۆشی دەکەن. لامانت[1] (1980) بەڵگە دێنێتەوە کە پەیوەندیی لە ڕادەبەدەری سێکسی تا ڕادەیەک دەتوانێ لە مەودایەکی زەمەنیی کورتدا سوودی مادی بۆ ژنان هەبێ و ئەم سەرچاوە مادیيانە هۆکاری ڕاکێشانیان بۆ پەیوەندیی ئازادە (واگو، 1373: 181). کەواتە هاوسەرگیریی کاتی دەتوانێ ببێتە ڕێکارێک بۆ ئەو تاقمی ژنانەی کە پەیوەندیی ئازاد بە بێ هاوسەرگیریی هەمیشەیی کە دەتوانێ بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابوورییەوە بێ، بکەن بە سەرچاوەی داهاتیان. کەواتە دەتوانین بەڵگەی ئەوە بێنینەوە بەو ڕادەی کە ژنان سەربەخۆیی ئابووریی زیاتر وەدەست بێنین کەمتر ڕوو لە هاوسەرگیریی کاتی دەکەن.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە زاهدپوور و هاوکاران لە ساڵی 1390ی هەتاوی سەبارەت بە ڕوانگەی ژنانی سەرپەرشت بنەماڵەی ژێر چاودێری کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی شاری شیراز لە سەر هاوسەرگیریی کاتی ئەنجامیان دابوو، خواستە ئابوورییەکان یەکێک لەو خواستە هەرە گرینگانەن کە ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە بۆ هاوسەرگیریی کاتی هان دەدات. هەروەها ئەو ژنانەی کە لە ماڵی کرێدان زیاتر هۆگری هاوسەرگیریی کاتین. خواستگەلی دیکە وەکوو خواست بۆ پارێزراوی لە کۆمەڵگا، خواستی سۆزداری، خواستی سێکسی و خواستە کەلتوورییەکان هەر هەموو ئەو خواستانەن کە هەرچی ژنان زیاتر تێیدا هەست بە بۆشایی بکەن زیاتر کاریگەری لە سەر ڕوانگەیان لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی دادەنێت (زاهدپوور، 1390). بەڵام ئەو پیاوانەی کە هۆگری مەتعەن، لە ڕووی ئابوورییەوە لە بارودۆخێکی باشتردان. خاڵی سەرنجڕاکێش لە بارەی ئەو پیاوانەی کە بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانیان ڕوو دەکەنە هاوسەرگیریی

1. Lamont

کاتی ئەوەیە کە پەیوەندیی سێکسی وەکوو کردەوەیەکی گێرۆدەیی‌هێن دەتوانێ کەسانی گیرۆدەی ئەم کارە زیاتر بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم کارە هان بدات. ئەم بابەتە ئەو کاتە یەکجار گرینگ دەبێ کە تێبگەین پرەنسیپی داخوازی بۆ کەلوپەل و ئاکاری گیرۆدەیی‌هێن بە پێچەوانەی دیکەی کەلوپەلە باوەکانی ناو ئەدەبی ئابوورییە. هەرچی زیاتر کەلوپەل یان خزمەتگوزارییەک زیاتر بە کار ببەین کەمتر لە بەکارهێنانی ڕازی دەبین و ئاستی داخوازیمان کەم دەبێتەوە؛ بەڵام زۆر بە کارهێنانی کەلوپەل و خزمەتگوزارییە گیرۆدەیی هێنەکان، خواستی کەسەکان بۆ بە کارهێنان زۆر دەکەن. بەم کارە دەڵێن ڕووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنانی[1]. هەر ئەم بابەتە دەتوانێ ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی پەیوەندیی سێکسی دەبن بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم کارە هان بدا و ببێتە هۆی پەرەسەندنی هاوسەرگیریی کاتی.

**ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان**

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییە لە ئێران تا دێ ڕەهەندی جیاواز دەگرێتە خۆی و نە تەنیا هەڵسوکەوتەکان بەڵکوو بەهاکانیشی لای گەنجان گۆڕیوە. یەکێک لەم گۆڕانکارییانە لە بواری پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری و لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ڕووی داوە. ئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوە پیشان دەدا کە پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری لەم ساڵانەی دواییدا لە ناو مێرمنداڵان و گەنجان ڕوی لە هەڵکشان کردووە. بەڵام پەرەسەندنی ئەم پەیوەندییانە بەوە کۆتایی نایەت؛ چوونکە هەڵکشانی قەبارەی ئەم هەڵسوکەوتە نوێیانە تا دێ ئاڵۆزتربوونیانی لێ دەکەوێتەوە هەتا ئەو ڕادەی کە ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری دەبینەوە کە ئاخێزگەی جۆراوجۆریان هەیە. سەرچەشنەکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری لە ئێران دەتوانین

---

1. mere exposure effect

بەم شێوە پۆلێنبەندی بکەین: پەیوەندیی ئازاد (سەرچەشنەکانی لەشفرۆشی)، پەیوەندیی سیغەیی، دۆستایەتیی کچ / کوڕ، پەیوەندیی هاوماڵی یان هاوسەرگیریی سپی و پەیوەندیی هاوڕەگەزخوازانە.

پەیوەندیی سیغەیی، سەرچەشنێک لە پەیوەندیی ناعاشقانەی بەر لە هاوسەرگیرییە کە لە چوارچێوەی یاسا و ئایینی فەرمیدا قبووڵ کراوە. کاکڵی سەرەکیی گوتاری سیغە، گرێدراوبوونی ئایین و خواست لە بارودۆخی ناسەقامگیری کۆمەڵگا لە لایەن سووژەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئەم پەیوەندییانە لەو مژارانەدا بوونیان هەیە کە پابەندی ئایینی زیاترە. ئەم کەسانە بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانیان ڕێکاری ئایینی دەگرنە بەر. بە گوێرەی مادەی 1075 هەتا 1077ـی نیکاح کاتێک کاتییە کە بۆ ماوەی دیاریکراو و بڕەمارەیی دیاریکراو بێت. تەمەنی هاوسەرگیریی کاتی لە یاسای بنەڕەتی هەمان تەمەنی پێگەیشتن واتە 9 بۆ 13 ساڵان بۆ کچان و 15 ساڵ بۆ کوڕانە.

سیغەی مەحرەمێتی بۆ لێک مەحرەمکردنی کچێکی پاکیزە لەگەڵ ئەو پیاوەیە کە بڕیارە ببێتە هاوسەری، ئەگەرچی بە شێوەی فەرمی تۆمار ناکرێ، لە سۆنگەی شەرعییەوە ڕێگە پێدراوە. لە بنەماڵە ئایینپەروەرەکاندا ئەم چەشنە مارەبڕینە بۆ لێک ئاشناکردنی کچان و کوڕان لە قۆناغی دەزگیرانداریيە. لە ئەگەری هەڵدڕانی پەردەی کچێتیی کچ، لە سۆنگەی یاسایی و شەرعییەوە ناتوانرێ سزای بۆ دیاری بکرێ؛ چوونکە یاسادانەر هیچ بەربەستێکی بۆ دیاری نەکردووە. دەرهاویشتەکانی ئەم چەشنە سیغە مەحرەمێتییانە کە دەبێتە هۆی نەمانی پەردەی کچێتی، زەختێکی کۆمەڵایەتیی زۆر دەخاتە سەر کچان. سیغە مەحرەمێتییەکان لە تەمەنی کەمدا، تەنانەت ئەگەر بە ئەمانجی ئەنجامدانی پەیوەندیی سێکسیش نەبێ و تەنیا بۆ مەحرەمێتی و دوورکەوتنەوە لە گوناح بێ، دیسانیش زەخت و گوشاری

کۆمەڵایەتیی دەوروبەرییەکان هەر لە ئارادایە.

یەکێک لە لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی سیغەی مەحرەمێتی و ئەگەری سازکردنی پەیوەندیی سێکسی بۆ ژنان، هاوسەرگیریی پێشوەختەیە. ئەگەر پیاو لە سەر پەیوەندیی سێکسی پابەند بێ یان تەمەنی کچ لە ڕووی یاساییەوە گونجاوی هاوسەرگیری بێ، ڕەوتی هاوسەرگیری بە شێوەی یاسایی دەبێت. بەڵام ئەگەر تەمەنی کچ لە لانیکەمی تەمەنیی یاسایی بۆ هاوسەرگیری کەمتر بێ، حوکمی کۆتایی لە سەر شیاوێتیی کچ بۆ هاوسەرگیری لە لایەن دادوەرەوە دەردەکرێ و منداڵهاوسەری ڕوو دەدات. لە وەها حاڵەتێکدا بە هۆی ئەوەی هاوسەرەکان تێگەیشتنێکی شیاویان لە ژیانی ژن و مێردی نییە، هاوسەرگیرییەکەیان سەر ناگرێ و لە کارکردە ئەرێنییەکانی بنیاتی بنەماڵە بێبەش دەبن.

هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی لە کەلتووری ئایینی و یاسایی ئێراندا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە سەرەڕای بوونی لایەنگر و دژبەری زۆری، لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بابەتێتی هەیە و قسە کردن لە سەری پێویستی بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، دەروونناسانە و ... ـــیە. ئەم دیاردەش وەکوو زۆرێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ئەو کارکردانەی کە دەبێتە هۆی درێژەدانی، وەکوو شمشێرێکی دوو فلیقانەیە کە هەر چەشنە بڕیاردان و هەڵوێستگرتنێک سەبارەت بەم دیاردە پێویستی بە پسپۆڕی و دادوەریی بێ لایەنەیە. ئەوەی دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، پێویستیی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ تاوتوێی کارکردە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە بتوانرێ کارکردچەوتییەکان ڕاست بکرێتەوە و سیاسەتی دروستی بۆ بگیرێتە بەر. لە کارکردچەوتییەکانی هاوسەرگیریی کاتی دەتوانین ئاماژە بە هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ منداڵان و ئەو خەسارەتانە بکەین کە لە کاتی سیغەدا بۆ ژن و مێردەکان ڕوو دەدات. هەروەها

ئامادەکردنی میکانیزمی یاسـایی دیاریکردنی تەمەنی وردی هاوسـەرگیریی کاتی و هەڵکشـانی ئەم تەمەنە بۆ 15 سـاڵ و ناچارکردن بۆ تۆمارکردنی لە ناوەند و نووسـینگە فەرمییەکان یان لە لاپەڕە ناسـنامەییەکاندا لەو ڕێکارانەن کە دەتوانین بۆ بە لانیکەم گەیاندنی زیانەکان بە کاری بێنین.

# بەشی دووهەم: بنەما مێژوویی، ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی کاتی

**1. بابەتی یەکەم: بنەمای مێژوویی هاوسەرگیریی کاتی**

هاوسەرگیری، ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە کە بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بیچم دەگرێت. بە لێکدانەوەی مێژوویی ئەم دیاردە و بیچمە جیاوازەکانی دەتوانین جیهانبینیی مرۆڤەکان لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا سەبارەت بە هاوسەرێتی و ڕەفتاری سێکسی، بنەماڵە و ژن وێنا بکەین. هاوسەرگیری بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەو زەمەنەی کە تێیدا ڕوو دەدا، جیاوازە. ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بیچمێکی تایبەت لە هاوسەرگیری لە هەر قۆناغێکی تایبەتدا بیچم بگرێ کە گرینگترینەکەی بەم شێوەیە (سارۆخانی، 1385: 75):

ئـ) هاوسەرگیریی ڕێکخراو: بەم مۆدێلە دەوترێ هاوسەرگیریی ڕاسپاردەیی. مەبەست ئەوەیە کە جۆرێکی تایبەتی هاوسەرگیرییە کە تێیدا بە شێوەی باو هەڵبژاردنی هاوسەر لە لایەن دایک و باوک یان گەورەترەکان و بە بێ بوون و تەنانەت چاودێریی دوو کەسەکە ئەنجام دەدرێ، هاوسەرگیرییەک کە تێیدا لایەنەکان مافی هەڵبژاردنیان نییە و هەندێ جار هاوسەرگیرییەکە بە سەریاندا دەسەپێنرێت. کەواتە هاوسەرگیرییەکی ناڕاستەوخۆ یان ناوبژیوانانەیە.

ب. هاوسەرگیریی تایبەت: جۆرێک هاوسەرگیرییە کە بە تەنیا لە سەر ڕەزامەندیی لایەنەکانی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زیاتر لە کۆمەڵگا گەشەسەندووەکاندا باوە.

پ. هاوسەرگیریی دۆستانە: هاوسەرگیرییەکی ئاسان کە ئاهەنگ و تێچووی قورسی نییە و پێی دەوترێ هاوسەرگیریی دۆستانە. دوو گەنج یەکتر هەڵدەبژێرن، ژیانی هاوبەش پێک دێنن و لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ یان

هەر ڕووداوێکی دیکە (گرێبەستی) هاوسەرگیرییەکەیان دەبێتە هاوسەرگیرییەکی ڕاستەقینە.

ت) هاوسەرگیریی ڕفاندنی: واتە هەڵگرتنی کچ وەک هاوسەر. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە تایبەت بە ناوچەیەکی تایبەتی جوگرافیایی نییە، بەڵکوو لە زۆربەی ناوچەکانی دنیادا بەدی دەکرێت. لە دنیای ئەوڕۆدا وەها نەریتێک تا ڕادەیەک هەڵوەشاوەتەوە؛ چوونکە لەگەڵ سیستەمی بەهایی جیهانی ئێستا یەک ناگرێتەوە. هەڵبەت هێشتاش هاوسەرگیریی ڕفاندنی لە هەندێ لە ناوچەکاندا بە هەندێ جیاوازییەوە بوونی هەیە.[1] هاوسەرگیریی ڕفاندنی پاش ڕێککەوتنی هەر دوو لایەنی هاوسەرگیرییەکە ئەنجام دەدرێ و هۆکارەکەشی نارەزایەتیی بنەماڵەی هەر دوو لا یان یەکێک لە لایەنەکان یان بوونی کێشە ئابوورییەکانە. پاشماوەی ئەم هاوسەرگیرییە دەتوانین لە هاوسەرگیریی نیمچە ڕفاندنی لە هەندێ لە کەلتوورەکاندا بەدی بکەین. لەم چەشنە هاوسەرگیرییانەدا لە پێشدا هاوسەرەکان هەڵدەبژێردرێن و دیاری دەکرێن و ئینجا پیاوەکە بە ئەسپ (یان هەر شتێکی دیکە) دەچێ بە دوای هاوسەر و بە شێوەی شانۆیی هەڵیدەگرێت.

ج) هاوسەرگیری لە ڕێگەی کڕینی هاوسەر: لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا ژن دەبرێتە بازاڕ و بە نرخێکی تایبەت دەفرۆشرێت. منداڵانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە میراتیان وەبەر دەکەوێ و وەک منداڵی شەرعی لە کۆمەڵگادا مافی ژیانیان دەبێت.

چ) هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕی (ژن بە ژن): جۆرێک هاوسەرگیرییە کە تێیدا دوو سەرپەرشت بە دانانی کچەکانیان لە جیات بڕەمارەیی ئەو دووانە دەکەن بە هاوسەری یەکتر. بەم شێوە کە یەکێک لەم دوو کەسە بە وی دیکە

---

1ـــ بۆ زانیاریی زێدەتر سەیری بەڵگە فیلمی بووکڕفاندن لە کیرکیزستان ( Bride Kidnapping in Kyrgyzstan) بکەن. ئەم نەریتە سەرەڕای قەدەغەکرانی یاسایی لەم وڵاتە هێشتا بەردەوامە و دەرهاویشتەگەلی وەکوو خۆکوژیی نەوبووکەکانی لێ کەوتۆتەوە.

دەڵێ کچەکەم (یان خوشکەکەم)ـت پێ دەدەم بەو مەرجەی تۆش کچەکەت (یان خوشـکەکەت)ــــم پێ بدەی و بڕەمارەیی لە ئارادا نەبێت. لە ڕاسـتیدا بڕەمارەیی ئەم دوو بووکە یەکیان لە بری ئەوی دیکەیانە.

ح) هاوســـەرگیریی ئەزموونی: مەبەســـت لە هاوســـەرگیریی ئەزموونی هاوســـەرگیرییەکی نامســـۆگەرانەیە کە تەنیا بە مەبەســـتی پێدانی دەرفەتی پێویســـت بە لایەنەکانی هاوســـەرگیری بۆ دەرکردنی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، پاش ناسینی دوولایەنە ئەنجام دەدرێت.

خ) هاوســـەرگیریی لەگەڵ ڕۆح: ئەم هاوســـەرگیرییە باس لە نەریتێکی تـایبـەت دەکـا کـە بـە پێی ئـەوە بێوەژنی بێ‌منـداڵ لـەگـەڵ برا یـان یـەکێ لـە خزمـەکـانی مێردەکـەی کـە ئـەویش هـاوســـەرەکـەی مردووە و منـداڵی نییـە هـاوســـەرگیری دەکـات. ئـەو منـداڵ یـان منـداڵانـەی کـە لـە ئـەنجـامی ئـەم هاوســـەرگیرییە لە دایک دەبن، دەبنە خاوەن دوو باوک: باوکی ســـەرەکی کە بایۆلۆژییە و هاوسـەرەکە هی ئەوە و باوکێک کە هاوسـەری پێشـوو و مردووی دایکیـانـە. ئـەم منـداڵـە نـاوی بـاوکـە نـابـایۆلۆژییـەکـە وەردەگرێ و بـە بـاوکـە بایۆلۆژییەکەی دەڵێ کاکە یان مامە.

د) هاوسـەرگیریی کاتی (سیغە): لە ناو جۆرە جیاوازەکانی هاوسـەرگیری، هاوسـەرگیریی کاتی یەکێک لە لایەنە تایبەتەکانی هاوسـەرگیرییە. لەم چەشـنە هاوسـەرگیرییە کە پێویستی بە نووسـینگە نییە، لە سـەرەتاوە بڕی پارە و ماوەی نیکاح دیاری دەکرێت؛ بە بێ ئەوەی هیچ ئاســـتەنگێک لە ئارادا بێت. بەدەر لەوە هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی کە تێیدا لە پەیوەندییەکاندا ســـنووردارییی چەندایەتی لە ئارادایە (تاک‌هاوسـەری یان دووهاوسـەری یان ئەو سـەرەکەی چوارهاوسـەری)، لە سیغەدا هیچ چەشنە سنووردارییەکی چەندایەتی پیاوان ناگرێتەوە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسان ئەو چەشنە هاوسەرگیرییانەی کە ئاماژەیان پێدرا

لە گرینگترین بیچمەکانی هاوسەرگیرین کە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بەدی دەکرێن. وەکوو هاوسەرگیریی کاتی (سیغە یان مەتعە) کە لەم توێژینەوەدا تاوتوێ دەکرێ، لە ناو ئایین و نەتەوە جیاوازەکاندا بەدی دەکرێت. لە ڕاستیدا لە کەلتوورەکانی دیکەش چەندین جۆری هاوسەرگیری بیچمی گرتووە کە دەتوانین وەک هاوسەرگیریی کاتی لێیان بڕوانین؛ بەڵام ئەم بیچمی هاوسەرگیرییە کە لە سەر بنەمای ئایینزای شیعەیە لە زۆربەی کۆمەڵگا شیعە مەزهەبەکاندا بەدی دەکرێت.

**پێشینەی هاوسەرگیریی کاتی لە دیکەی ئایین و نەتەوە کۆنەکاندا**

پێشینەی کۆمەڵگە شارستانییە مرۆییەکان و ئێتنیک و نەتەوە دێرینەکان پیشان دەدا کە ناوەندی یاسای هاوسەرگیریی هەمیشەیی و پێکهێنانی بنەماڵە هەمیشە بابەتێکی پیرۆز و ڕەوا بووە. بە پیرۆززانینی هاوسەرگیریی هەمیشەیی پیشان دەدا کە زۆر جار لە ژێر بەیداخی ئاییندا پەیوەندیی سێکسی بە یاسایی کراوە. ئەم پیرۆزکردنە، ناوەندی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە بازنەی ڕەخنە دەرباز دەکا و دەیکا بە چەمکێکی ئاسمانی. لە شارستانییەتە کۆنەکلندا ڕەسەنایەتی لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا بووە. هەر بەم پێیە ویل دۆڕانت[1] مێژووناس و فەیلەسووفی ڕۆژاوایی، پێی وایە گەورەترین مەترسی و خەسارەتی سەدەی بیستەم لێکترازانی ناوەندی پیرۆزی بنەماڵەیە و دەڵێ: "ئەگەر وا گریمانە بکەین لە ساڵی 2000ی زایینی مەسیحین و بمانهەوێ بزانین گەورەترین ڕووداوی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم چی بووە؟ بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ڕووداوە، شەڕ یان شۆڕشی ڕووسیا نەبووە بەڵکوو گۆڕانی بارودۆخی ژنانە. مێژوو وەها ڕووداوێکی ڕاچڵەکێنەری لەم ماوە کورتەدا کەمتر بە خۆوە بینیوە، شێوازی ژن و مێردایەتی کە ڕێگری لە

1. William James Durant

داوێنپیسی و ناسەقامگیریی بارودۆخی مرۆڤ دەگرت، ئەو یاسا ئەخلاقییە ئاڵۆزەی کە ئێمەی لە بەربەرییەتەوە هێنابووە شارستانییەتی و شێوازی هەڵسوکەوت، هەر هەموو بە ئاشکرا لەم گواستنەوە پڕئاژاوەیە کە هەموو دابونەریت و بیچمەکانی ژیان و بیر و باوەڕی ئێمەی داگرتووە، گرفتار بوون." (موتەهەری، 1369: 30)

بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو بۆمان دەردەکەوێ هەمیشە منداڵی ئەو ئافرەتانەی کە لە ئەنجامی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە دایک بوون بە یاسایی سەیر کراون و لە میراتگری و جێنشینیی باوکدا خاوەن مافی هەڤیاز بوون. بەڵام لە پاڵ ئەم منداڵانە منداڵانێکیش بوون کە بەرهەمی هاوسەرگیریی نافەرمی بوون و خاوەن مافێکی کەمتر بوون. کەواتە هاوسەرگیریی کاتی، نەریتێکی مێژووییە و لە ڕۆژاواش ئاسەواری ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە دەبینرێت. لە وشەنامەی بەریتانیکا لە ڕوونکردنەوەی وشەی concubinage (ژیان بە سیغەیی) هاتووە "جۆرێک ژیانی هاوبەشی هاوسەرێتی نێوان ژن و پیاوە کە دەرەنجامی هاوسەرگیریی فەرمی نییە."

دووانەیی نێوان پێویستیی یاسایی تۆمارکراو پیشاندەری شێوازێکی دیکەی بوونی مەتعە لە ئەورووپای کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستە. بۆ وێنە لە ساڵی 1241ی زایینی یاسای دانمارک کە "والْدماری دووهەم" جێبەجێی کرد، بڕیاری دەرکرد: "ئەگەر هاوسەرگیریی مەتعەیی بە ئاشکرا سێ ساڵ بخایێنێ دەبێتە هاوسەرگیریی فەرمی." ئەم یاسایە هەتا ساڵی 1582ی زایینی بەردەوام بوو. نەریتێکی هاوشێوەی ئەمە لە سکۆتلەند بوو بە باو کە بە "hand fasting" بە ناوبانگ بوو. لە سەدەی سێزدەهەم دادوەر هێنری دۆڤێرکۆتۆن[1] مەتعەی یاسایی ئازاد کرد کە لەوە دەچێ لەگەڵ ژن (هاوسەر)ی هاوسەرگیریی هەمیشەیی جیاواز بێت. ئەم چەشنە هاوسەرە کاتییە ئاهەنگی

1. Henry Dovercotton

هاوسەرگیریی فەرمی نەبوو و پێگەی لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێ پاش مەرگی هاوسەرەکەی داوای میرات بکات. زانستنامەی یاسایی ئاکسفۆرد لە ڕوونکردنەوەی "concubinage" دەنووسێ: "پەیوەندیی سێکسیی هەمیشەیی و بەردەوام لە نێوان ژن و مێرد کە بە هۆی هاوسەرگیرییەوە نەبێت." پێگەی ژنی مەتعە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا یەکسان نەبووە. لە کۆمەڵگەی عیبرانی کۆن "مەتعە" وەک هاوسەری ڕاستەقینە بەڵام لاوەکی سەیر دەکرا و مەتعەگیری شێوازێک لە فرەهاوسەری بوو. لە یاسای ڕۆما هاوسەرگیریی مەتعەیی هەتا ئەو کاتەی کە یەکێک لە لایەنەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەییان نەکردبێ یان مەتەعەگیرییەکی دیکەیان نەبووبێ، ڕەوا بوو و هەڵنەدەوەشاوە. کلیساش ئیزنی هەبوونی یەک ژنی بە یەکێک لە هەر دوو شێوازی تەواو یان مەتعە دابوو و مەتعە لە لایەن زۆربەی یاسا پێشووە ئەوڕووپییەکانەوە بە فەرمی دەناسرا. یاسای سکۆتلەند ئێستاش هاوسەرگیری لە ڕێگەی ژیانی هاوبەشەوە (بێ مارەیی فەرمی) بە فەرمی دەناسێ بەو مەرجەی کە ئەم چەشنە ژیانە هاوبەشە لە ڕووی عورفییەوە وەک ژیانی ژن و مێردی سەیر بکرێت (ئیسماعیلی، 1393: 36-41).

لە یاساکانی ڕۆمای کۆندا هاوسەرگیریی تەواو بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی گشتی ئەنجام دەدرا کە پێیان دەوت "confarreatio" یان " coemptio". جۆرێکی دیکە هاوسەرگیرییەک بوو کە فەرمیبوونەکەی کەمتر بوو بە شێوەی سادە "maritalis" و بە ڕاگەیاندنی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە ژنێکی تایبەت وەک هاوسەر دەستنیشان دەکرا. ڕۆمییەکان بە تەواوەتی تاکهاوسەرخواز بوون. یاسا ڕێگەی بە پیاوان نەدەدا بە شێوەی هاوکات پتر لە هاوسەرێکی فەرمییان هەبێت. لە ڕۆما هاوسەرانی مەتعەیی لەگەڵ هاوسەرانی فەرمی هەندێ جیاوازییان هەبوو؛ بۆ وێنە مەتعە جیازی بۆ مێردەکەی نەدەهێنا، وەکوو هاوسەری هەمیشەیی ئاستەکەی هەتا ئاستی توێژی کۆمەڵایەتیی مێردەکەی

بەرز نەدەبۆوە و لە سۆنگەی یاساییەوە بەرپرسایەتیی منداڵانی ئەم هاوسەرگیرییە لە ئەستۆی باوک نەبوو و تەنیا هی دایک بوون. لە سەدەی چوارەمی زایینیدا کۆنستانتین بڕیاری دا کە "هەرکات مێرد لە ڕووی یاساییەوە میراتگری دیکەی نەبوو، منداڵانی بەرهەمی مەتعە وەک میراتگری یاسایی ئەو دێنە هەژمار."

هاوسەری متعەیی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پلە نزم بوو و وەها پەیوەندییەکی سێکسی لە ڕوانگەی هاوسەرەوە عەیب نەبوو، بەڵکوو تەنانەت هەندێ لە پیاوانی سەر بە چینی باڵای کۆمەڵگا بە هۆی وەڕەزبوون لە ئاکاری ناڕەوشتانەی ژنانی چینی دەوڵەمەندانی ڕۆما بە سەربەرزییەوە ژنی مەتعەیان دەهێنا. ژنی مەتعە لە ڕۆما، جیاواز بەڵام هێژا بوو هەتا ئەوەی کە لە سەدەی یازدەهەم ئەنجومەنی کەلیسای ڕۆما هەندێ فتوای هەمەجۆری دەرکرد: ئەگەر پیاوێکی ئاسایی خێزاندار مەتعە بێنێ، کلیسا دەریدەکات. جۆرێکی دیکەی هاوسەگیریی نافەرمی "هاوسەرگیریی خانەکان لەگەڵ ژنانی ڕایەت" بوو کە لە ژێر ناوی "morganatic marriage" لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناو چینی گەورەماڵانی ئەورووپادا باو بوو. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە یاساکانی ڕۆمادا لە هەندێ دیوی جۆراوجۆرەوە هاوشێوەی مەتعە بوو. ئەو خانەی کە لەگەڵ ژنی ڕایەتێک هاوسەرگیری کردبایە لە لای کەلیسا وەک خێزانداری تەواو سەیر دەکرا؛ بەڵام ئەو ژنە ئاسایییە نەیدەتوانی بگاتە ئاستی هاوسەرەکەی و منداڵانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە خاوەندارێتی سامان و هەڵگرتنی نازناوی باوکیان کە سەر بە چینێکی باڵادەست بوو ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبوونەوە. لە سەدەی حەڤدەهەم سەرەڕای ئەوەی منداڵانی فەرمیی پاشاکانی بەریتانیا و فەڕەنسە (کە ئەنجامی هاوسەرگیری لەگەڵ شاژن بوون) وەک میراتگری پاشا دادەنران، هەندێ لە جێنشینەکانیان (کە بە پێی ڕوانگەی کەلیسا منداڵی زۆڵ بوون)

ئەوانیش پلەی خانەدانییان وەدەست دەهێنا. هەروەها، دایکانی ئەم میراتگرانەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی ڕێزدارانەیان هەبوو کە ئەگەر ئیغراق نەکەین دەتوانین وەک هاوسەرانی مەتعەیی لێیان بڕوانین (میرخانی، 1379).

هەروەها لە وڵاتی ژاپۆن هاوسەرگیرییەکی ئەزموونی بە ناوی "ئاشی ئیرۆ" باوە کە تا ڕادەیەک هاوشێوەی هاوسەرگیریی کاتییە. لە وڵاتی ژاپۆن بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە کە ئایا ژنی دەستنیشانکراو هاوسەری هەیە یان نا، بەر لە ئەنجامدانی هاوسەرگیریی فەرمی، هاوسەرە ژنەکە بۆ ماوەی مانگێک دەچێتە ماڵی مێردەکە. لەم ماوەدا ژنەکە دوو ناوی هەیە: هەم وەک ژنی کاتی و هەم ئەوەی کە هاوسەرگیریی ئەزموونی تێدەپەڕێنێت. لەم ماوەدا هەموو پەیوەندییە سێکسییەکان ئەنجام دەدرێ و منداڵی ئەم ژن و مێردە هی ئەوان دەبێت. پاش کۆتایی هاتنی یەک مانگەکە ئەگەر ژنەکە دڵخوازی پیاوەکە نەبوو منداڵەکە هی پیاوەکەیە و ژن شەش مانگ دەبێ عەدە ڕابگرێ و بۆی هەیە لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیری بکات (وێلوجێردی، 13741: 188).

دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە هیچ کام لەم هاوسەرگیرییانە بە تەواوەتی هاشێوەی ئەو هاوسەرگیریی کاتییە نین کە لەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێ دراوە و تەنیا لە هەندێ حاڵەتدا وەکوو نافەرمیبوون، هەندێ لێکچوونیان پێکەوە هەیە. "کاتمەندبوون" سەرەکیترین تایبەتمەندیی هاوسەرگیریی کاتیی تاوتوێکراوی ئەم توێژینەوەیە؛ بەڵام لە باسکراوەکان ئەم تایبەتمەندییە سەرەکی نییە.

## هاوسەرگیریی کاتی لە ئێرانی کۆن

لە ئایینی زەردەشت هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە پێگەیەکی بەرزی

هەیە؛ بە جۆرێک کە هاوسەرگیری وەک بابەتێکی پێویست لێی دەڕوانرا و هەموو زەردەشتییەکان دەبوایە بنەماڵەیان پێک بهێنابایە و کوڕی نێرینەی لە پاش خۆی بە جێ هێشتبایە بۆ ئەوەی ئەم کوڕە نەک تەنیا وجاغی بنەماڵەی خۆی بووایە، بەڵکوو دەبووە هۆی تێپەڕینی کەسەکە لە پردی چینۆد[1]. ئەگەر کوڕی نێرینەی نەبووایە ڕێگە چارەی دیکە لە ئارادا بوو و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بوونی چەندین جۆر هاوسەرگیریی جیاواز لە ئایینی زەرەدشتی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی میراتگر و جێگرەوەی کوڕ. لە ئایینی زەردەشتیدا پێکهێنانی بنەماڵە و هەبوونی منداڵی کوڕ گرینگییەکی زۆری هەبوو؛ چوونکە بە باوەڕی زەردەشتییەکان بوونی منداڵی نێرینە هۆکاری تێپەڕین لە پردی چینۆد، بووژێنەرەوەی داب‌ونەریتی باب و باپیران و پارێزەری سامانی بنەماڵە بوو. ئەم پرسی میراتە یەکێک لە پرسە گرینگەکانی زەردەشتییەکان بوو؛ ئەوان باوەڕیان وا بوو کە ئەو سامانەی کە لە بنەماڵە لە درێژەی چەندین نەوەدا کۆ کراوەتەوە دەبێ بدرێ بەو کەسانەی کە خزمی خاوەنە پێشووەکانن. کەواتە چەندین چەشن هاوسەرگیری لە ئایینی زەردەشت بوونی هەیە کە ئامانجی سەرەکیی ئەنجامدانیان بوونی منداڵی کوڕ بوو. هەروەها، بەو پێیەی کە بنەماڵە وەک گرووپێکی کۆمەڵایەتی دەهاتە هەژمار، هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێک ڕێنوێنی بکات. هەر بەم پێیە ڕێنوێنیی بنەماڵە خرابووە ئەستۆی باوک / مێرد کە سالار (salar) یان هەمان سەرپەرشتیاری بنەماڵە لە قەڵەم دەدرا و ئەرکی پاڵپشتی و سەرپەرشتیاریی ژن و منداڵە کەم‌تەمەنەکەی لە ئەستۆ بوو. بەڵام کاتێک ئەو کەسە دەمرد لە ئایینی زەرەدشتیدا سەرپەرشتیاریی ژن و منداڵە یەخسیرەکانی و ئاگری بنەماڵە لە ئەستۆی کوڕی پێگەیشتووی بنەماڵە بوو کە وەک سالاری سرووشتیی ناچاری سەیر

1ـــ پردی چینۆد یان چینۆت (زمانی ئاڤێستایی: Činvat Peretum) پردی دادوەری لە سەردەمانی کۆن کە زەردەشتییەکان باوەڕیان پێی بوو. ئەویان لەگەڵ پردی سیڕاتی ئیسلام بە یەکسان داناوە.

دەکرا. بیچمی سەرەکیی هاوسەرگیری لە سەردەمی ساسانییەکاندا هەمان پەیوەندی یاسایی نێوان ژن و مێرد لە ژێر ناوی "شاژنی" بووە. بەو پێیەی کە هاوسەرگیری، بابەتێکی (فەرشکردی) هەتا هەتایی دەهاتە هەژمار، لە هەر دوو جیهانەکە ژن هی مێردی خۆی بوو. لە ڕاستیدا ژن لەم چەشنە هاوسەرگیرییە وەک هاوسەر لە هەموو مافێک سوودمەند بوو؛ بە جۆرێک کە منداڵانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە منداڵی یاسایی مێرد بوون و دەبوونە میراتگر و جێنشینی باوکیان. ڕەزامەندیی سالار مەرجی پێویست و بنەڕەتی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بوو و بە بێ ڕەزامەندیی سالار ئەم هاوسەرگیرییە بایەخی نەبوو (بادامچی و هاوکاران، 1394).



وێنی 3. بەشێک لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی زەردەشتی لە یەزد.
ماڵپەڕ: *www.parsine.com*

لە دەقە زەردەشتییەکلندا پێشنیار کراوە کە پیاو و ژنی گەنج کە دەگەنە تەمەنی هاوسەرگیری، دەبێ هاوسەرگیری بکەن چوونکە بە هاوسەرگیریی پیاوان و ژنانی پاکیزەداوێن نەوەی مرۆڤ بەردەوام دەبێ و منداڵانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە باشە دەبنە باشترین یارانی ئەهوورامەزدا. لە وەندیداد، ئەهوورامەزدا بە زەردەشت دەڵێ: "ئەی زەردەشتی سپیتمان ئەو پیاوەی کە

ژنی هەیە لەوەی کە ژنی نییە؛ ئەوەی خانەدانی هەیە لەوەی کە بێ خانەدلنە؛ ئەو پیاوەی کە ڕۆڵەی هەیە لەوەی کە بێ منداڵە، ســـەرترە." (ئامووزگار، 1387: 282)

هەروەها لە فەرگەردی 3 بڕگەی 24، زەویی نەکێڵدراو بە کیژێک دەشـــووبێهێنێ کە ماوەیەکی زۆرە بێمنداڵە و ئاوات بۆ مێردێکی باش دەخوازێت. ئەم کیژە شونەکردووە لە بارەگای پەروەردگار داوای مێردێکی ئازا و گەنج دەکا کە لە ژیانیدا ڕووخۆش بێ و منداڵی زانا و وشیار و قسە جوانی لێ بکەوێتەوە (دووستخواە، 1388: 454).

کەسی زەردەشتی ئەرکی ئەوەی لە سەر شانە کە پیگەیبوو هاوسەرگیری بکا، ژیانی خۆشـــی خێزانی دەســـت پێ بکا و لە درێژایی ژیانیدا هەوڵ بدا بەختەوەری و پێشـــکەوتن بۆ خەڵک و وڵاتی خۆی دابین بکا و لە هەمان کاتدا ڕێژەی شـــوێنکەوتووانی ئایینی ڕاســـتی زیاد بکا هەتا بە پەرەســـەندنی ســـیفەتەکانی پاکیزەی و ڕاســـتی و دروســـتی، ســـوپای ئەنگەرەمینوو تێک بشکێنن و دوایین ئامانجی مەزدیسنا کە بنەبڕکردنی ناپاکیزەی و گەندەڵی و خراپە لە دنیایە جێبەجێ بکات (ئازەرگوشەسب، 1358: 174).

بە پێی ســـەرەیاســـا ئایینییەکان و بە گێڕانەوە لە دەقە پاڵەوییەکان و دیکەی گێڕانەوە زەردەشتییەکان، پێنج چەشن هاوسەرگیری لە ناو زەردەشتییەکاندا باو بووە (عەلەوی، 1377: 79-80).

1. شاژن: هاوسەرگیرییەک بووە کە کچ بە ڕەزامەندیی باوک و دایک یان سەرپەرشتیارەکەی بە کچێتی شووی دەکرد و ئەم کچە لە ماڵی مێرد لە هەر چەشنە هەڤیازییەک سوودمەند بوو.

2. ئیووکین یان ئیووگین: ژن یان هاوسەرگیریی ئیووکژنی کاتێک بوو کە کچێک تاقانەی دایک و باوکی بوو. کە ئەم کچە شـــووی دەکرد پێیان دەوت ئیووکژن واتە تاقانە ژن و نە تەنیا یەکەم کوڕی وەها ئافرەتێک دەدرا بە دایک

و باوکی بەڵکوو ناوی خێزانیی ئەوانی لێ دەنرا بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەیان.

3. ستۆرژن: ئەگەر پیاوێکی سەڵت یان بێمنداڵ بمردایە پاشماوەکانی جیازیان دەدا بە کچێ و بەر لە بە شوودانی لە پیاوە مردووەکەیان مارە دەکرد. کەسێک کە بەم شێوە هاوسەرگیری کردبایە دەبوایە ڕازی ببوایە کە یەکەمین منداڵێک کە لەوان دەکەوێتەوە ببێتە هی ئەو پیاوەی کە ئەم ئافرەتە بە ناوی ئەووەوە دراوە بە شوو.

4. چەکەرژن یان چاکرژن: کاتێک کە بێوەژنێک پاش مەرگی مێردەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دیکە کردبایە پێیان دەوت چەکەرژن و پێیان وا بوو ئەم ژنە بە خزمەتکاریی مێردی پێشووی چۆتە ماڵی مێردی دووهەم.

5. لاسارەژن: کاتێک کچێک بە بێ ڕەزامەندیی باوک و دایک یان سەرپەرشتیار بە واتایەکی دیکە سەرەڕۆیانە هاوسەرگیری کردبایە.

بە پێی بەڵگەکانی (مادیان هەزار دادستان)[1] دەتوانین بەم شێوە تێبگەین کە لە ئایینی زەردەشت هاوسەرگیری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و سنووردار ئەنجام دەدرا. لە مادیان هەزاردادستان هاتووە: ئەگەر کچێک لە سەر ئیزنی باوکی گرێبەست واژە بکا کە "بۆ ماوەی دە ساڵ دەبمە هاوسەری تۆ" و ئەگەر بەر لە کۆتاییهاتنی ئەم دە ساڵە باوک بمرێ، پێویستە بەر لە کۆتاییهاتنی دە ساڵ ستۆرێک (ئەمیندارێک) دیاری بکرێت. بەڵام لە کۆتایی دە ساڵەکەدا ئەو کچە چیتر ژنی ئەو پیاوە نییە و دەبێتە ئیووگینی باوکی (Perikhanian, 1980). کەتایوون مەزداپووریش لەم بارەوە دەڵێ کە ئەم بڕگە ئاماژە بە هاوسەرگیریی کاتی دەکا و ئەگەری ئەوە هەیە کە کچ تاقە منداڵی باوکی

---

1ـ کتێبی مادیان هزار دادستان بەرهەمێکی پڕبایەخە، کە یادگاری سەردەمی ساسانییەکانە. ئەم کتێبە بریتییە لە بابەتە یاسایی و دادپرسییەکانی سەردەمی ساسانی وەکوو هاوسەرگیری، تەڵاق، وەقف، کۆیلەداری، کرێ و ... لە سەر بنەمای سیستەمی ساسانی و ئایینی زەردەشتی دانراوە. ئەم کتێبە دادوەرێک بە ناوی فەرۆخ مەرد بەهرامان لە سەردەمی خەسرەوپەروێز و لە شاری گۆر (فەیرۆزاوای ئێستا) نووسراوە. فەرۆخ مراد بەهرامان کە خۆی لە ناو سیستەمی حکومەتی ساسانیدا خاوەن پلەی دادوەری بوو، دەنگە دەرچووەکانی دادگاکانی ئێران لە سەردەمی ساسانی لە سەدەی سێیەم هەتا هەوتەمی زایینی لە پاشەکەوتی دادگای گۆڕ هێنایە دەرەوە و کورت و پوختی کردەوە و لە دووتۆی کتێبێکدا کۆی کردەوە.

بووبێ و پێویستە لەم حاڵەتەدا ببێتە ئیووگینی [1] باوک بۆ ئەوەی جێنشینێک بۆ باوک دابین بکات. کەواتە ئەم مادە پیشان دەدا کە هاوسەرگیری دەتوانرا بۆ وێنە دە ساڵ ئەنجام بدرابایە و لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی پەیوەندیی ژن و مێردی کۆتایی پێ دەهات و پێویست بە تەڵاق نەدەکرا (مەزداپوور، 1393: 189).

لە یەکێکی دیکە لە بڕگە گرینگەکانی مادیان باس لە کچێک دەکا کە بە ڕەزامەندیی باوکی هاوسەرگیری دەکات. لەم دەقەدا هاتووە: "ئەگەر کچ گادار بکا (دۆست بگرێ)، واتە ئەگەر هاوسەرگیرییەکەی بۆ ماوەیەکی سنووردار بێ و هاوسەرگیرییەکەی هەمیشەیی نەبێ، هیچ کێشەیەک بۆ جێنشینی و میراتی باوک ڕوو نادات. بەڵام ئەگەر هاوسەرگیرییەکەی هەمیشەیی بێ، باوک دەتوانێ لە جێنشینی و میرات بێبەشی بکا و لە بەرامبەردا باوکیش لە داهاتی کچەکە بێبەش دەبوو." پەرخانیان وشەی گادار (gadar) بە هاوواتای زینا دادەنێ و سەعید عوریا بۆ پەیوەندیی سێکسی بە کاری دەبا؛ بەڵام ماتسۆخ گادار بۆ هاوسەرگیریی کاتی بە کار دەبات (Macuch, 2003). کەواتە ئەگەر گادار کاتی بێ مافی سەرپەرشتیاریی باوک وەک خۆی دەمێنێتەوە و کچیش میرات لە باوکی دەبات. لە ڕاستیدا لە هاوسەرگیریی کاتی، کچ لە ڕەچەڵەکی باوکیی خۆی ناچێتە دەرەوە. بەڵکوو بە هاوسەرگیریی کاتی، ناوبراو لە ژێر سەرپەرشتیاریی سالاری باوکیدایە. بەڵام ئەگەر بە بێ ڕەزامەندیی باوکی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بکا ئیتر لە ژێر سالاریی باوکی نامێنێتەوە و هەر بەم پێیە لە مافی جێنشینی و میراتی باوکی بێبەش دەبێت. لە گێڕانەوەی ئومێد ئێشۆ هیشتان، ژنێک پاش مەرگی مێردەکەی لەگەڵ پیاوێکی دیکە بە شێوەی کاتی هاوسەرگیری دەکا؛ ئەگەر هاوسەرگیرییەکەیان بەر لە دیاریکردنی سالاری شیاو ئەنجام درا بێ، ئەم پیاوە وەک سالاری

---

1ـ کچێک کە لە ڕێگەی هاوسەرگیری لەگەڵ مێردەکەی یان پیاوێکی دیکە میراتگری نێرینەی بۆ باوکی دەخستەوە.

بنەماڵەی ژن قبووڵ دەکرێ و ئەم کارە یاساییە. کەواتە بەرپرسایەتیی سەرپەرشتیاری دەخرێتە ئەستۆی هاوسەری کاتیی ژن بەو مەرجەی کە هەڵبژاردنی ئەم هاوسەرە کاتییە بە وشیاری و پێباش‌زانینی پیاو ماقووڵان و گەورەکانی بنەماڵە بێت (سەفای ئیسفەهانی، 1377: 24 - 26).

لە هاوسەرگیریی کاتیدا تەڵاق بوونی نەبووە و لەگەڵ کۆتایی‌هاتنی ماوەی دیاریکراو، ژن و مێرد لێک جیا دەبوونەوە. تەنانەت ئەو کاتەی کە کچ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێتە هاوسەر، نەیتوانیوە بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراو هاوسەرگیرییە کاتییەکە هەڵبووەشێنێتەوە و وەک ئیووگینی باوک بێتە هەژمار و دەبا لە ڕێگەی دانانی ستۆرێکی (ئەمیندار)ـێکی دیکە بۆ ئەو باوکە ڕێگەچارەیەکیان بدۆزیبایەتەوە و کاتێک ئەو ماوە دیاریکراوە بە سەر دەچوو ئەو کچە دەیتوانی ببێتە ئیووگینی باوکی. بە پێی ئەم بەڵگانە دەتوانین بڵێین لە ئایینی زەرەدشتیشدا هاوسەرگیریی کاتی بوونی بووە کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ مەتعە لە فیقهی ئیمامییە هەیە. هەروەها بە پێی بەڵگەکان دەتوانین دانی پێدا بنێین کە زەردەشتییەکانیش دەیانتوانی هاوسەرگیریی کاتی بۆ ماوەی زەمەنیی دیاریکراو وەکوو دە ساڵ یان سێ ساڵ ئەنجام بدەن. سەرەڕای ئەوەی لە ئایینی زەردەشتیدا ماوەی زەمەنیی هاوسەرگیریی کاتی دیاری دەکرا، بەڵام هیچ بەڵگەیەک سەبارەت بە مارەیی لە لایەن پیاوان و بوونی شایەتحاڵان لە کاتی هاوسەرگیریدا لەبەر دەستدا نییە. کچانیش بە بێ ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار یان باوکی خۆیان بۆیان بوو هاوسەرگیریی کاتی بکەن؛ ئەگەرچی وا باش بووە ئەم کارە بە ڕەزامەندیی سەرپەرشتی ئەوان ئەنجام بدرابایە. لە ئایینی زەردەشتدا هاوسەرگیریی کاتی بە بێ ئیزنی باوک نابێتە هۆی بێبەشبوون لە میرات و مافی جێگرەوەبوونی باوکی؛ بەڵام ژن دەبێ هەتا کۆتایی لە سەر هاوسەرگیریی کاتی بمێنێتەوە. لەم هاوسەرگیریی کاتییەدا هاوسەرەکان نابنە میراتگری یەکتر. بەو پێیەی کە لە ئایینی زەردەشتدا منداڵی

هاوسەرگیریی کاتی وەک منداڵی فەرمی دەهاتنە هەژمار، ئامانج لەم چەشنە هاوسەرگیرییانە خستنەوەی منداڵی نێرینە و چارەسەری خواستی هاوئایینە نیازمەندەکەی بووە (بادامچی و همکاران، 1394).

## هاوسەرگیریی کاتی لە سەردەمی نەزانین (بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ دوورگەی عەرەبی)

مەتعە و بە پێی شیکاریی هەندێ لە کتێبە فیقهی و یاسا مەدەنییەکان، نیکاحی کاتی یان بە واتای ئەوڕۆیی هاوسەرگیریی کاتی یەکێک لە نەریتەکانی سەردەمی نەزانییە کە وەکوو زۆرێک لە نەریتەکانیان لە سەرەتای ئیسلام داکۆکی لە سەر کرابوو و بە واتای ئەوڕۆیی لە حوکمە واژۆییەکانە. پێغەمبەری ئیسلام یان ئەم چەشنە حوکمانەی لە پێشدا پشتڕاست کردبۆوە یان پاش هەموارکردن، پشتڕاست یان ڕەتی کردوونەتەوە. هەڵبەت هەندێ پێیان وایە نیکاحی مەتعە بەشێک لە حوکمە دامەزراوەکانی ئایینی ئیسلامە؛ بەڵام ئەم ڕوانگە لەگەڵ داتا مێژووییەکان یەک ناگرێتەوە. بەهەر حاڵ بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە هەندێ داب‌ونەریتی عەرەبەکانی بەر لە ئیسلام وەرگیراو لە ئایینە ئاسمانییەکان بوو و ئیسلام داکۆکی لە سەر کردبوون، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هاوسەرگیریی کاتیش لەو حوکم و یاسایانەیە کە بەر لە ئیسلام، هەڵبەت بە بیچمی جۆراوجۆر بوونیان هەبووە.

لە کۆمەڵگە عەرەبنشینەکاندا بەر لە موسڵمانبوون بە پێی شێوازی ژیانی هۆزی و عەشیرەیی کە لەو کۆمەڵگەدا باو بوو، چەندین جۆر هاوسەرگیری بوونی هەبوو. ئەم کۆمەڵگەیلنە تەنانەت لە ئەنجامدانی نیکاحی ناشیرین و پڕ لە نەنگ لەگەڵ هەندێ لە خزمەکانیان خۆیان بە دوور نەدەگرت؛ تەنانەت لەگەڵ ژنی باوک بەو مەرجەی کە دایکی خۆیان نەبێ، یان هاوسەرگیریی هاوکات لەگەڵ دوو خوشک (جمع بين الاختين) خۆیان نەدەپاراست.

خەڵکی عەرەب لە قۆناغی بەر لە هاتنی ئیسلام لە سەر یاسا و ڕێسا عورفییەکان سوور بوون؛ بە جۆرێک کە هەر لەو سەردەمەدا هاوسەرگیری لەگەڵ زۆرێک لە ژنانیان بە حەرام دەزانی کە ئایینی ئیسلام داکۆکی لە سەر کرد و دووبارەی کردەوە. پیاوی عەرەب لەگەڵ کچ، دایک، خوشک، پووری خۆیان هاوسەرگیرییان نەدەکرد و لە بنەڕەتەوە لای عەرەب وا باو بوو کە نیکاح لەگەڵ مەحارم حەرامە. بیچمی سەرەکی و باوی نیکاح لە ناو ئێتنیکە عەرەبەکاندا (هۆزەی قووڕەیش و زۆربەی هۆزە عەرەبەکان) وەکوو ئەم سەردەمە، جۆرە هاوسەرگیرییەک بە ناوی "بەعوولە" (پەیوەندی ژن و مێردی) بووە. بە پێی ئەم هاوسەرگیرییە پیاو (بەعل) و ژن (بەعلە)، ئەم ژن و پیاوە دەبوونە هاوسەری یەکتر و هەرکات لە ئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییە منداڵێک بکەوتایەتەوە ڕەچەڵکی ئەو منداڵە دەچووەوە سەر باوکی. هەڵبەت باوک دەیتوانی ڕێژمیەکی زۆری لەم ژنانە هەبێ (فرەهاوسەری) یان تەنیا ژنێکی هەبووایە (تاکژنی). هاوسەرگیریی بەعوولە بە دوو شێوە ئەنجام دەدرا: یان بە شێوەی ئاسایی و بە ڕەزامەندیی لایەنەکان یان پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هۆزەکان و بە دیلێتیگرتنی ژنان. شایەنی ئاماژەیە کە لە بیچمی ئاساییدا، هاوسەرگیریی پشتئەستوور بە سێ توخمی "خوازبێنی"، "بڕەمارەیی" و "مارەبڕین" بوو. بەڵام لە هاوسەرگیری لەگەڵ دیلی شەڕ، نەریتەکە بەم شێوە بوو کە هەر کام لە پیاوانی هۆزی سەرکەوتوو بۆیان بوو لە ناو ژنانی بەدیلگیراودا، بە پێی پشک یەکێک هەڵبژێرن. ئینجا ئەگەر ئەو ئافرەتە لەو پیاوە منداڵی ببوایە، خۆ بە خۆ دەبووە هاوسەر و ژنی ئەو پیاوە و پیاوەکەش دەبوو بە مێردی. بەهەر حاڵ پاش هاوسەرگیریی "بەعوولە"، ژن لە لایەن پیاوەوە پاڵپشتی و سەرپەرشتی دەکرا. دیارە پەرەسەندنی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە دەرخەری ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا نە تەنیا ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە نانۆرمی نەبووە بەڵکوو نەریت و ئامانجێکی توندوتۆڵی ناو

عەرەب بووە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هاوپەیوەندیی یەکلایەنەی ژن بە پیاو وەها توند و ئاڵۆز بوو کە ژن پاش هاوسەرگیری دەبوو بە دارایی ئەو پیاوە؛ بە جۆرێک کە پاش مردنی مێرد، ژن وەکوو یەکێک لە سامان و داراییەکەی (ترکە) دەدرا بە میراتگرەکانی. لە حاڵێتی ئاساییدا پیاو داوای کچی لە باوکی کچەکە دەکرد و خوازبێنی لە کچەکە نەدەکرد و بە بێ ئەوەی ڕەزامەندیی کچە لە ئارادا بێ، سەرپەرشتیار (باوک، برا یان مام) ڕەت و قبووڵکردنی ئەو خوازبێنییەی لە ئەستۆ بوو و ئەو "بڕەمارەیی"ەکەی لە خوازبێن وەردەگرت. مارەیی دەبا بدرابایە؛ چوونکە ئەمە وەک نرخ و بەهای ژن بە هەژمار دەهات. بێگومان هەوڵ دەدرا کە بڕەمارەیی کە پیشاندەری کەرامەتی ژن بوو، زۆر بێت. ئەو کچەی کە وەکوو کاڵا مامەڵەی پێوە دەکرا پێیان دەوت نافجە. نافج بە شتێک دەوترێ کە سامان و دارایی کەسێک زیاد بکا و بڕەمارەیی ئەم کچانە دەدرا بە باوکیان و سامانی باوکیان زۆر دەبوو. لە ناو عەرەبە بیاوانشینەکاندا وا باو بوو کە خوازبێن بۆ پێدانی بڕەمارەیی، ڕێژەیەک وشتری هەتا بەر خێوەتی ژنەکە دەبرد؛ لە حاڵێکدا عەرەبی شارنشین پارەی نەختی (درهەم و دینار)یان پێ باشتر بوو. عەرەب لە سەردەمی نەزانیدا بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری چوارچێوە و شێوازێکی ئایینیان پەیڕەو نەدەکرد؛ چوونکە لەو سەردەمەدا هاوسەرگیری گرێبەستێکی مەدەنیی پەتی وەکوو کڕین و فرۆشتنی سادە بوو و ئەوەی ئەوڕۆ لە ڕێوڕەسمی مارەبڕیندا وەک چوارچێوەی شەرعی باو و بڕیاری لە سەر دراوە لە سەردەمی نەزانیدا نەبوو و تەنانەت لەوانە بوو هاوسەرگیرییەک بە بێ شایەت ئەنجام بدرابایە. ئەم وتە بەو مانا نییە کە لەو سەردەمەدا ئایین و داب‌ونەریتی عەرەب کاریگەری لە سەر بابەتی هاوسەرگیری نەبووە؛ وەک قەدەغەکرانی هاوسەرگیری لەگەڵ مەحارم کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە ڕوانگەیەکی شەرعییەوە سەرچاوەی دەگرت. هەروەها بە پێی تێگەیشتنێکی شەرعی و عورفی، جیاوازیی نێوان

نیکاح و زینا هەمان بڕمارەییەک بوو کە لە نیکاح و مارەبڕیندا دیاری دەکرا و دەدرا؛ بەڵام لە زینادا بڕمارەیی بوونی نەبوو (مونتەزری موقەدەم، 1384). بەدەر لە هاوسەرگیریی بەعوولە چەندین چەشنی هاوسەرگیریش لە ناو عەرەبەکاندا باو بوو کە بریتین لە (هەمان: 1384):

**ئـ) نیکاحی زەیەزەن (نیکاحی مەقەت، نیکاحی بۆماوەیی):** عەرەبەکانی سەردەمی بەر لە ئیسلام لەگەڵ دایکی خۆیان نیکاحیان نەدەکرد؛ بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ زەڕدایکیان بە شیاو دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی پیاو (باوک) دەمرد و ژنێک لە پاشی بە جێ بمابایە، کوڕەکانی (یان کەس و کاری نزیک)ی ئەم مردووە بۆ دەستخستنی ئەو ژنە خاوەن هەڤیاز بوون. داهاتووی وەها ژنێک گرێدراو بە خواستی کوڕ و لە ئەگەری فرەمنداڵی، کوڕی گەورەتر و ئینجا نزیکەکانی مردووەکە بوو کە یان ئەو ژنە خۆ بە خۆ (بێ هیچ بڕمارەیی و مارەبڕینێک) لە خۆی مارە دەکرد و یان ئەوەی کە مۆری "عضل" (قەدەغە)یان لەو دەدا کە لەو حاڵەتەدا ئەو ژنە بۆی نەبوو شوو بە کەسێکی دیکە بکا هەتا ئەو کاتەی کە دەمرد. هەروەها لەوانە بوو کوڕ یان کەس و کاری نزیک کە میراتگری هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم ژنە بوون، بە وەرگرتنی بڕە پارەیەک ئەو ژنەیان سەرپشک دەکرد کە ئازاد بێ لەوەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ کێ بکات. ئەم ئەگەرەش لە ئارادا بوو کە میراتگر لێخۆشبوون و لێبووردن دەربکا و بە بێ وەرگرتنی پارە ژنەکە بدا بە پیاوێکی دیکە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، ئەم نیکاحە قەدەغە کرا و موسڵمانان بە پێی دەقی قورئانی پیرۆز هاوسەرگیریکردن لەگەڵ زەڕدایکیان لێ قەدەغە کرا هەتا ئەو جێگایەی کە ئەم نیکاحە وەک "لەشفرۆش"، "مەقەت" و "ئاکاری قێزەون" ناسێنرا.

ئایەتی 19ی سوورەتی نیسا یاسای بە میراتبردنی ژنانی قەدەغە کردووە و هەروەها ئەوەش قەدەغە کرا کە خەڵک ئەو ژنانەی کە مێردەکانی خۆیان

لەدەست داوە نەخەنە ژێر گوشار. هەروەها ئایەتی 22ی هەمان سوورەت[1] هاوسەرگیریکردن لەگەڵ زەڕدایکی قەدەغە کردووە و ئەم قەدەغەی دوایی لە بە میراتبردنی ژنانی مێردمردوو گشتیترە.

ب) هاوسەرگیری هاوکات لەگەڵ دوو خوشک: عەرەبی سەردەمی نەفامی بە شێوەی هاوکات لەگەڵ دوو خوشک هاوسەرگیریيان دەکرد کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێ (جمع بين الأختَين). دیارە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم دوو خوشکە لە دوو نیکاحی جیادا و لە پاش یەکتر بە بێ ئەوەی یەکەمیان تەڵاقدرا بێ یان مردبێ، شوویان بە پیاوێک دەکرد؛ بەڵام هەندێجار ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی یەک نیکاحدا ڕوو دەدات. هەروەها لەوانە بوو پیاوێک لەگەڵ چەندین خوشک هاوسەرگیری بکات. پاش دەرکەوتنی ئیسلام ئەم نیکاحە بە پێی دەقی قورئانی پیرۆز[2] و هەروەها قەدەغەکردنی پێغەمبەر ڕێگری لێکرا.

ج) نیکاحی گۆڕینەوە: لە نیکاحی گۆڕینەوەدا پیاوێک بە پیاوێکی دیکەی دەوت: تۆ بۆ من واز لە ژنەکەت بێنە و منیش بۆ تۆ دەستبەرداری هاوسەرەکەم دەبم. ئەگەر پیاوی بەردەنگ ئەم داخوازییەی قبووڵ کردبایە ئەو کاتە ئەمە وەک ئاڵوگۆڕی هاوسەرگیری دەهاتە هەژمار. لە ڕاستیدا لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا ژنەکان ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکرا.

د) نیکاحی شغار (ژن بە ژن): لەم نیکاحەدا پیاوی عەرەب کچ یان خوشکەکەی دەدا بە پیاوێک و لە بەرامبەردا ئەویش کچ یان خوشکەکەی

1ـ وَلَا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۚ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلًا نەکەن ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە پێشتر باوکتان مارەی کردبوون.. مەگەر ئەوەی کە ڕابوورد (لە سەردەمی نەفامیدا پێش حەرامکردنی) بە ڕاستی ئەو کارە گوناهێکی گەورە و ناشیرین و ناپەسەندە و ڕێبازێکی خراپە. قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) سوورەتی نسا ئایەتی 22، لاپەڕەی 81 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

2ـ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا: (... (هەروەها حەرامە) دوو خوشکیش پێکەوە بکەنە هاوسەری خۆتان لە یەک کاتدا، جگە لەوانەی کە ڕابوورد بە ڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو و میهرەبانە. قورئانی پیرۆز، (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین. لاپەڕەی 81.

دەکرد بە هاوسەری ئەو پیاوە. لەم هاوسەرگیرییەدا مارەیی لە ئارادا نەبوو و مارەیی هەر ژنێک مارەیی ئەوەی دیکە بوو. شایەنی ئاماژەیە (ژن بە ژن) "شغار" لە چاوگی وشەی (شَغر) بە واتای دوورمانەوەیە و چوونکە لەم نیکاحەدا ژن لە مارەیی بە دوورە بۆیە پێیان وتووە شغار. هەڵبەت لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا پێویست بوو پیاو ئەو ژنەی کە لە ژێر سەرپەرشتیاریی ئەو بوو بدا بە کەسێکی دیکە. پێغەمبەر ئەم نیکاحەشی قەدەغە کرد.[1]

ز) نیکاحی مەتعە: مەتعە یان هاوسەرگیریی کاتی لە سەردەمی نەفامیدا باو بوو (اشمی، 1960: 162). لەم نیکاحەدا سەرەتا ماوەی هاوسەرگیری دیاری دەکرا و لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم ماوە ژن و مێرد لێک دادەبڕان. بەم هاوسەرگیریی کاتییەیان دەوت "مەتعە"؛ چوونکە بە مەبەستی کامڕەوایی و چێژبردن لە ژن (لە ماوەیەکی دیاریکراو) ئەنجام دەدرا، بە جۆرێک کە بازرگانان و هەروەها شەڕخوازەکان لە سەفەر و لە هەندێ ناوچەکاندا بە دوور لە ماڵ و نیشتمان نیکاحی مەتعەیان دەکرد و کاتێک ماوەکەی کۆتایی پێ دەهات خۆ بە خۆ مەتعەکە کۆتایی هەڵدەوەشاوە و ئەو ڕێبوارە (بۆ وێنە بازرگان) دەڕۆشت (جەوادعەلی، 1413: 537).

سەبارەت بە قۆناغەکانی ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە دەبێ بڵێین "زۆر جار لە مەتعە بڕەمارەیی و خوازبێنی پشتگوێ دەخرا." لەم بارەوە دەبێ بڵێین بێگومان لە مەتعەدا خوازبێنی بە واتا ناسراوەکەی کەمتر بە کار دەبرا و زیاتر بە شێوەی مارەکردنێکی تایبەتی لە نێوان ژن و پیاودا ئەنجام دەدرا؛ بەڵام بڕە مارەییەک دەدرا (بە ئەگەری زۆر دەدرا بە ژنەکە). سەرەڕای ئەوەی مەتعە نیکاحێکی ماوەدارە، هەندێ لەگەڵ هاوسەرگیریی بەعوولە بە هاوشێوەی دەزانن. سەرەڕای ئەمە بە پێی هەندێ لە ڕاپۆرتە مێژووییەکان بۆ جێبەجێکردنی مەتعە وەکوو هاوسەرگیریی بەعوولە ئیزنی سەرپەرشتیاری

---

1ـ "ان رسول (ص) نهی عن الشغار" سەحیح بوخاری، ئیسمائیل ئەبوو عەبدوڵا بوخاری.

ژن و هەروەها بوونی دوو شـــایەتحاڵ پێویســـت بووە و هەروەها پاش کۆتاییهاتنەکەی وا پێویســـت بووە کە ژن عەدە ڕابگرێت. هەندێ لە توێژەران لەو باوەڕەدا بوون کە منداڵێک کە لەم نیکاحەدا دەکەوێتەوە هی ژنە؛ چوونکە ئەم چەشـنە هاوسـەرگیرییانە زیاتر لەو سـەفەرانەدا ڕووی دەدا کە پاش نیکاح مێرد لە ژنەکە (و منداڵەکەشی) جیا دەبۆوە (جەوادعەلی، 1413: 29).

بەهەر حاڵ لەو کاتەدا مەتعە هاوســـەرگیرییەکی باو بوو و بەتایبەت لە شـاری مەکە بە هۆی هاتوچۆی مسـافرەکان (بۆ حەج و بازرگانی) باو بوو؛ بە جۆرێک کە تەنانەت هەندێ ژن هەر بۆ ئەم مەبەستە دەهاتنە مەکە (ترمانینی، بی تا: 43). مەتعە لە ناو عەرەبەکاندا هەتا پاش هاتنی ئیســلامیش باو بوو و ئینجا ئیســـلامیش داکۆکی لـە ســـەر کرد. ئەوەی باس کرا دەتوانین ئەم ئەنجامەی لێ بگرین کە مەتعە لەو ســـەردەمە جیاوازلنەی کە بوونی بووە لە ســـەردەمی نەفامییەوە بگرە هەتا ســـەرەتاکانی ئیســـلام هیچ شـــوورەیی نەبوو (هەمان: 47-8).

لە سـەرچاوەکانی ئەهلی سـوننەدا هاتووە کە مەتعە لە سـەردەمی پێغەمبەر و لە کاتی گرتنی قەڵای خەیبەر (629 ز / 7 کۆچی) و لە ســـەر فەرمانی ڕاشـــکاوی بەڕێزیان قەدەغە کراوە. ئیمام ســـەبەکی دەڵێ: "ئەگەر کەســـێک ژنێک مارە بکا و کاتی بۆ دیاری بکا ئەو مارەبڕینە پووچەڵە". سـەبەکی ئاماژە بەوە دەکا کە وەها مارەکردنێک لە سەرەتاکانی ئیسلامدا هەبووە؛ هەر بۆیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم چەشـــنە مارەکردنە ئاماژە بە هەندێ فەرمموودە دەکات. بۆ وێنە ئاماژە بە فەرموودەیەک دەکەن کە بگێڕەوەکەی ئیمام عەلییە (س): "إن رســـول الله نهی عن النکاح المتعه و عن الحرم الحمر الاهلیه زمن الخبیر" (بوخاری، بی‌تا: 12). بە پێی گێڕلنەوەی ئەهلی ســـوننە، مەتعە چوار ســـاڵ پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر قەدەغە کراوە و هەڵوەشاوەتەوە.

**هاوسەرگیریی کاتیی بەر لە شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

بەر لە یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە پەسەندکراوی ساڵی 1346ــی هەتاوی لە ئێران پیاوان بۆیان بوو هەتا چوار ژن و ڕێژەیەکی زۆری ژنی سیغەییان هەبێت. بەڵام بە پێی ئەم یاسایە پیاو دەبا بۆ هاوسەرگیریی دووبارە ئیزنی لە دادگا وەرگرتبایە. دادگاش سەبارەت بە توانا ئابوورییەکەی لێکۆڵینەوەی دەکرد و لە کاتێکی گونجاودا پەیوەندی بە ژنی یەکەمەوە دەگرت و لەویش دەکۆڵییەوە. بەم شێوە هاوسەرگیریی دووبارە بە بێ ئیزنی دادگا تاوان بوو. یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە لە ساڵی 1354 وێڕای پاراستنی یاسای پێشوو، مەرجی سەختتری بۆ فرەژنی ڕەچاو کرد. لەم یاسایەدا "ڕەزامەندیی ژنی یەکەم"یش مەرجی پێویست بۆ هاوسەرگیریی دووبارە بوو. ئەم یاسایە هەندێ حاڵەتی ئاوارتەی تێدا بوو، بۆ وێنە ڕەزامەندیی ژنێک کە نەیدەتوانی منداڵ بخاتەوە یان نەیدەتوانی لەگەڵ مێردەکەی پەیوەندیی سێکسی ساز بکا مەرج نەبوو؛ بەڵام ژن ئەو مافەی هەبوو بە هۆی ئەوەی کە مێردەکەی ژنی دووهەم دێنێ داوای تەڵاق بکات. لەم یاسایەدا باس لە سیغە نەکراوە. بەڵام وەزارەتی داد نووسینگە فەرمییەکانی ناچار کرد کە پەیڕەونامەیەک لەو کەسانە وەربگرن کە داوای هاوسەرگیریی کاتی دەکەن بەو پێیەی کە هیچ ژنێکی دیکەیان نەبێت (ساناساریان، 1384: 146 - 153).

پرسی هاوسەرگیریی کاتی کە زۆر لە مێژە باوە، بەتایبەت لە شارە ئایینییەکان وەک نەریتێکی شەرعی سەیر کراوە، بەر لە ساڵی 1335 ژنانی خوازیاری هاوسەرگیریی کاتی سەردانی پیاوماقووڵانی ناوچەکانیان دەکرد و ئەوانیش هەلی لێک ئاشناکردنیان دەڕەخساند. پاش ساڵی 1335 بە فەرمانی فەرەح دیبا دەرکردنی لاپەڕەی سیغەنامە وەستێنرا؛ بەڵام ئەم کارە بە شێوەی نافەرمی و شەرعی هەر بەردەوام بووە. بە واتایەکی دیکە لە ساڵی 1335 و پاش قەدەغەکرانی فرەژنی و نووسینی مارەکردنی هەمیشەیی لە

گرێبەســتی مارەیی لە لایەن فەرەح دیبا (لە گرێبەســتەکانی مارەیی ئێســتا و ڕابردوو لە بەشی جۆری مارەبڕین دەتوانن بنووسن هەمیشەیی یان کاتی) ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بە شێوەی فەرمی قەدەغە کرا.

## بابەتی دووهەم: بنەما ئایینی و فیقهییەکانی هاوسەرگیریی کاتی

لە ڕوانگەی ئایینی ئیسـلام، هاوسـەرگیری پەیمانێکی پیرۆزە و بە پێی ڕێسـا، داب‌ونەریت، ڕێوڕەسم و یاسا تایبەتەکان ئەم پەیمانە ئەنجام دەدرێت. ئایینی ئیسـلام سـەرنج و پێداگرییەکی زۆر دەخاتە سـەر هاوسـەرگیری؛ بە جۆرێک کـە پێغـەمبـەری ئیســـلام دەفـەرمووێ: "هیچ شـــتێک لای خودا جوانتر لـە هـاوســـەرگیری نییە." هـەروەها بەڕێزیان هـاوســـەرگیری نەکردن بە لادان لـە نـەریتی خۆی، واتـە دووری و نـامۆیـەتی لـەگـەڵ ڕەوشـــت و ڕێبـازی پێغـەمبـەرایەتی دەزانێ و مـاڵێک کـە هـاوســـەرگیری تێدا ئـەنجام دەدرێ بـە باشترین ماڵ دەزانێت (مەزاهیری، 1364: 89).

لە ڕوانگەی ئایینی ئیسـلام هاوسـەرگیری دامەزراوبوونی ئایین و وازهێنان لە هاوســەرگیری ناتەواوبوونی ئایینە. ئایینی ئیســلام خواپەرســتیی کەســی هاوسەردار بە حەفتا قاتی کەسی سەڵت دەزانێت. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام کەســی هاوســەردار بە هاوســەرگیریی خۆی نیوەی ئایین و ئیمانی خۆی لە مەترســی و زیانەکان دەپارێزێت. مرۆڤ هەتا ئەو کاتەی هاوســەرگیری نەکا ئیمانەکەی لە مەترسیدایە؛ چوونکە خواستە سێکسییەکانی زەختی دەروونی، هەســتکردن بە تەنیایی و پووچی، نەبوونی پەناگە و هەســتنەکردن بە بەرپرســایەتیی کۆمەڵایەتی و دیکەی زیانەکانی ســەڵتبوون، زیان بە ڕەگ و بنچینـەی ئیمـانی مرۆڤ دەگـەیێنێ و لـەرزۆکی دەکـات. بـەڵام بـە هۆی هاوســەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە و بوونی هاوســەرێکی شــیاو و دڵخواز و هاودەم، هەم خواســتی ســێکســی کۆنترۆڵ دەکا، هەم ئاســوودەیی دەروونی دروســت دەکا و پشــتبەســتن بە خودا زۆر دەکا و لە حاڵەتی پەرێشــانی و

پشێوی دەربازی دەکا، هەست بە ئاسایش و کەسایەتی دەکا، چاو و بیری لە شوێنەکانی دیکە دادەبڕێ و سەرنج دەپرژێنێتە سەر هاوسەرەکەی (حوسەینی بەهارنچی، 1383: 18). لە قورئانی پیرۆز سێ ئایەت لە بارەی گرینگیی هاوسەرگیری هاتووە:

ئـ) وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ

ژن بدەن بە پیاوانی بێژن و ئافرەتانی بێوەژن بدەن بە شوو، هەروەها ژن بدەن بە بەندە ساڵحەکانتان و کەنیزەکەکانیشتان بدەن بە شوو ئەگەر هەژاریش بن، ئەوە خودا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەهرەوەریان دەکا، خوای گەورە هەمیشە دەربازکەر و زانایە.[1]

ب) وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ

یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانیتری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و مێهرەبانی هێناوەتە ئاراوە، بە ڕاستی ئا لەو دیاردانانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیر دەکەنەوە. (لە وردەکارییەکانی ژیان).[2]

ج) وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا

"ئەگەر ترسان لە ئەنجامنەدانی دادپەروەری لەگەڵ کچە بێباوکەکاندا (ئەگەر بیانکەنە هاوسەرتان ئەوە واز لەوان بهێنن)، لە ئافرەتانی تر کە حەڵاڵن بۆتان ژنە مارە بکەن دوو دوو، سیان سیان، یان چوار چوار. (ئەڵبەت لە یەک

---

1ـ سوورەتی نور ئایەتی 32، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

2ـ سوورەتی روم ئایەتی 21، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

هاوسەر زیاتر مەرج و بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە) خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەر بن (لە نێوان هاوسەرەکانتاندا) ئەوە با یەک ژن مارە بکەن، یان ئەو کەنیزەکانەی کە هەتانە (کە دیاردەیەکی کاتی بوو، ئیسلام بنەبڕی کرد)، ئەوەی کە باس کرا نزیکترە لەوەی ستەم نەکەن (ئەگەر پەیڕەوی بکەن.)"[1]

لە ڕوانگەی ئیسلامی هاوسەرگیری سوودی زۆرە کە بە سوودەکانی، فەلسەفەی پێویستبوونی هاوسەرگیری ڕوون دەبێتەوە. مانەوەی نەوەی مرۆڤ، ئاسوودەیی و هاوسەنگیی دەروونی و جەستەیی، تەندروستیی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، دابینکردنی خواستە سرووشتی و خواستە مرۆییەکان، تێرکردنی هەستی خۆشەویستبوون و خۆشەویستیکردن و ... لە سوودەکانی هاوسەرگیرییە.

فەقێکان بە پێی ئەو ئایەت و گێڕانەوانەی کە باس لە گرینگیی هاوسەرگیری دەکەن، وەک پێویستێکی ڕەوا داکۆکیان لە سەر هاوسەرگیری کردووە و بۆ ئەو کەسەی کە بە هۆی هاوسەرگیرینەکردنەوە تووشی گوناح دەبێ بە پێویستیان زانیوە. لە ئایینی ئیسلام بە هۆی مارەبڕین، ژن و پیاو لێک حەڵاڵ دەبن و مارەبڕین بە دوو شێوەیە: هەمیشەیی و ناهەمیشەیی (کاتی). هاوسەرگیریی هەمیشەیی ئەوەیە کە ماوەی هاوسەرگیری تێدا دیاریکراو نەبێ و هەمیشەیی بێ و ژنێک کە بەم شێوە هاوسەرگیری دەکا پێی دەوترێ ژنی هەمیشەیی (دائمە) و مارەبڕینی کاتی ئەوەیە کە ماوەی ژن و مێردایەتی تێدا دیاریکراوە؛ بۆ وێنە ژن بۆ ماوەی کاتژمێرێک یان ڕۆژێک یان مانگێک یان ساڵێک یان زیاتر مارە بکرێت؛ بەڵام دەبێ ماوەی هاوسەرگیری لە ڕێژەی تەمەنی ژن و مێرد یان یەکیان زیاتر نەبێ کە لەم حاڵەتەدا مارەییەکە هەڵدەوەشێتەوە و ژنێک کە بەم شێوە مارە بکرێن پێیان دەوترێ "مەتعە" یان

---

1ـ سوورەتی نساء ئایەتی 3، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) وەرگێڕاوی بورهان محەمەد

"سیغە" (سیستانی، 1392: 451). هەڵبەت سەبارەت بە زۆرینەی زەمەنی مارەبڕینی کاتی، ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە. هەندێ پێیان وایە هاوسەرگیری دەبێ لە تەمەنی ژن و مێرد یان یەکێکیان زیاتر نەبێ و لەم حاڵەتەدا مارەییەکە هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام زۆربەی زانایانی ئایینی پێیان وایە ئەم بەربەستە لە ئارادا نییە و لایەنەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ واتە 50 ساڵ یان زیاتر مارە بکەن؛ بەڵام کاتەکە دەبێ بە وردی لە سیغەدا ئاماژەی پێ بکرێت.

کەولتە هاوسەرگیریی کاتی یان هاوسەرگیریی هەمیشەیی کە بابەتی لێکدانەوەی ئەم توێژینەوەیە، یەکێک لە جۆرەکانی هاوسەرگیرییە کە فەقێکانی شیعە داکۆکی لە سەر دەکەن؛ بەڵام لە ناو ئەهلی سوننەدا ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە دەچێتە ڕیزبەندیی هاوسەرگیرییە ناشەرعییەکانەوە. هەر دوو گرووپی فەقێی شیعە و ئەهلی سوننە سەبارەت بە ڕەواداربوون یان ناڕەوادارییەتیی مەتعە بەڵگە قورئانی، نەریتی و گێڕانەوەکان بە کار دمبەن کە لە درێژەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

## واتای وشەیی و چەمکی مەتعە

وشەی مۆتێعە ناوێک بۆ سوودبینین و چێژ بردنە؛ سوودێک کە هەمیشەیی نییە و زۆر زوو کۆتایی پێ دێت. خودا لە قورئاندا ئاماژەی بە وشەگەلی "المتاع" کاڵا، "التمتع" (سوودبینین)، "الاستمتاع" (چێژبردن) کردووە کە سەرەڕای ئەوەی ماناکانیان تا ڕادەیەک لێک جیاوازن بەڵام هەر هەموویان دەچنەوە سەر یەک چاوگ. ئەزهەری دەڵێ مەتع هەر ئەو شتەیە کە مرۆڤ لێی سوودمەند دەبێ و مەتعەی حەج، واتە حەجی عومرە بە حەجەکەت زیاد بکەی و مەتعەی ژن ولتە ئەو شتەی کە پاش تەڵاق پێی دەدرێت. مۆتێعە لە وشەدا مارەییەکی تایبەتە کە بە هۆی ئەوەوە پەیوەندیی هاوسەرێتی هەتا ماوەیەکی دیاریکراو و لە هەمبەر بڕە مارەییەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت

(حاجی ئیسماعیلی، 1391).

**ڕەواداریی مەتعە**

**بەڵگە قورئانییەکان**

فەقێکانی ئەهلی شیعە بە گوێرەی ئایەتی 24ی سوورەتی نیساء بۆ شەرعییەتدان بە هاوسەرگیریی کاتی بەڵگەی قورئانی دەهێننەوە: وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (هەروەها حەرامە) لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکەتان (لەو زەمانەدا باو بوو) خوا بڕیاری داوە لە سەرتان جگە لەوانەی کە باس کران، حەڵاڵە بۆتان بە هۆی ماڵ و داراییانەوە هاوسەر بگرن هەتا چوار ئافرەت) تا پاکیزەداوێن بن و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ و هیچ گوناحیش نییە لە سەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو مارەییەی لە سەری ڕێک کەوتوون لە دوای دیاریکردنی. بە ڕاستی خودا هەمیشە و بەردەوام زانایە.[1]

هەندێ وشەی ئیستمتاع (استمتاع) کە لە عورفدا بە واتای هاوسەرگیریی کاتییە، بەم شێوە بە کاریان هێناوە کە خواستی شەرعزان ئەوە بووە کە حوکمەکان بە پێی فامی ئاسایی خەڵک بخاتە ڕوو و لە ئەگەری لێکدژی بۆ فامکردنی وشە شەرعییەکانی وەکوو کڕین، ڕیبا و ... واتای عورفیی موتەشەریعە دەبێتە پێوەر. هەر بۆیە وشەی "ئیستمتاع"یش دەبێ بە واتای عورفی شەرعی بە کار بهێنرێت (تەبەرسی، 1406: 53).

---

1ـ سوورەتی نسا ئایەتی 24، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 82 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

ئەهلی سوننە لایان وایە وشەی ئیستمتاع بە واتای ڕەهای چێژبردن و سوودبینینە و لە ئەنجامدا ئیستمتاع لە سەر واتای وشەیە و ئایەت پیشاندەری نیکاحی هەمیشەییە (فەخری ڕازی، بی‌تا: 49).

**هۆکاری گێڕانەوەییەکانی ڕەواداری**

لە فەرموودەیەکدا لە ئیمام باقر (س) دەگێڕنەوە کە پرسیار لەو حەزرەتە کرا: ئایا ئەو کەسەی کە هاوسەرگیریی کاتی دەکا پاداشتی پێ دەدەن و ئەو حەزرەتە لە وڵامدا فەرموویان: "هەر کات کەسێک لەبەر ڕەزامەندیی خودا و نارەزایەتیی لە دژی قەدەغەکارەکەی، ژنێک بکا بە هاوسەری کاتیی خۆی، بۆ هەر وشەیەک کە لەگەڵ ئەو ژنە ئاڵوگۆڕی دەکا بە چاکە بۆی دەنووسرێت. دەستی لێ ناکەوێ مەگەر ئەوەی خودا پاداشتێکی بۆ دلنابێ و ئەگەر لێی نزیک ببێتەوە خودا بە خۆشیی ئەوە گوناحێکی لێ دەسڕێتەوە. کەواتە ئەگەر غوسڵی جەنابەت بکا، بە قەت یەک بە یەکی مووی لەشی کە ئاوی شۆردنەکەی لێ دەکەوێ، خودا گوناحی لێ دەسڕێتەوە. بگێڕەوەر بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: بە قەت یەک بە یەکی موو؟ حەزرەت دەفەرمووێ: بەڵێ بە قەت دەنکە دەنکە مووەکان (شێخ سدووق، 1413: 463).

لە گێڕانەومیەکی دیکەدا عەبدوڵا کوڕی سەنان لە ئیمام سادق (س) دەگێڕێتەوە: "إنَّ الله تَبارک و تعالی حَرمَ عَلی شِیعتُنا المُسکر مِن کُلُ شَرابِ و عَوَضهُم مِن ذلکَ المُتعَه: خودای تەبارەک و تەعالا هەر چەشنە مەستیهێنەرێکی لە شوێنکەوتووانی ئێمە حەرام کردووە و لە بری ئەوە مەتعەی بۆم حەڵاڵ کردووە." هەڵبەت هەندێ گێڕانەوە سەرەڕای ئەوەی پێویستیان بە مەتعە بێ، بە پێویستی ڕەوایان زانیوە. بۆ وێنە گێڕانەوەیەک هەیە کە ئیسماعیل کوڕی فەزڵ هاشمی بە ئیمام سادق (س) دەڵێ: "تمتعت منذ خرجت من أهلك؟ قلت: لكثرة من معي من الطروقة أغناني الله عنها قال:

و إن كنت مستغنيا فإني أحب أن تحيي سنة رسول الله صلى الله عليه و آله و سـلم" (حورِ عاملی، بی‌تاب: 444). لەم گێڕانەوەدا سـەرەڕای ئەوەی گێڕەوەر دەڵێ من پێویستم بەم کارە نییە، بەڵام ئیمام دەفەرمووێ: ئەگەرچی پێویستت پێی نییە بەڵام پێم خۆشە پەرە بە نەریتی خودا بدەیت. لە ڕاستیدا ئەم گێڕانەوە ئاماژە بە فەلسەفەی سیاسیی مەتعە واتە نۆژەنکردنەوەی نەریت دەکات. بە واتایەکی دیکە هاوسـەرگیریی کاتی خۆی لە خۆیدا موباحە، مەگەر ئەوەی بە نیازی نۆژەنکردنەوەی نەریت یان خواستی کەسەکە بێ کە لەم دوو حاڵەتەدا پێویستی ڕەوایە(موستەحەب). هەڵبەت گریمانەی دووهەم، ئەگەر خواستەکە لە ئاستێکدا بێ کە مەترسیی لێکەوتنەوەی گوناحی لێ بکەوێتەوە. هەر بەم بۆنەوە ڕەنگە ئەگەرچی پێویست نییە، بە مەبەستی زیندووکردنەوەی نەریت لە ڕەوایەتەکاندا ئەم کردارەیان پێشنیار کردبێ.

لە هەندێ لە ڕەوایەتەکانیشدا ئیمامی سادق جاروبار مەتعەی ڕەت کردۆتەوە. بۆ نموونە بەهۆی پرسە سیاسییەکان و پێوەندیی نزیکی کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ئیمامی سادق لەگەڵ ناوبراو، ئامۆژیاریی هاوڕێیانی کردووە تا سیغە نەکەن نەبا نەیاران پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن کە هاوڕێیانی نزیکی ئیمامی سادق کەسانێکی عەیاشن. بۆ نموونە لە زمانی عەمارەوە ڕەوایەتێک بەم شێوەیە هاتووە: "قَالَ أَبُو عَبْدِ اَللَّهِ عَلَيْهِ اَلسَّلاَمُ لِي وَ لِسُلَيْمَانَ بْنِ خَالِدٍ قَدْ حَرَّمْتُ عَلَيْكُمَا اَلْمُتْعَةَ مِنْ قِبَلِي مَا دُمْتُمَا بِالْمَدِينَةِ لِأَنَّكُمَا تُكْثِرَانِ اَلدُّخُولَ عَلَيَّ فَأَخَافُ أَنْ تُؤْخَذَا فَيُقَالَ هَؤُلاَءِ أَصْحَابُ جَعْفَرٍ" (هەمان: 450). عەمار لە زمانی ئیمامی سادقەوە دەیگێڕێتەوە کە بەڕێزیان ئەمری بە من و سلێمانی کوڕی خالید کرد تا ئەو کاتەی لە مەدینەدان، مەتعەتان لێ حەرام دەکەم؛ چونکە هاتوچۆتان لەگەڵ من زۆرە و ترسی ئەوەم هەیە کە لۆمەتان بکەن و بڵێن هاوڕێیانی ئەبووجەعفەر فڵان و فیسارن.

مورتەزا موتەهەری لەمبارەوە دەڵێت: "بە ڕای من ئیمامە پیرۆزەکان پیاوی خێزانداریان لەسەر ئەم کارە نەهی کردووە چونکە دەگەڕێتەوە سەر باوەڕپێکراویی حیکمەتی سەرمتایی ئەم یاسایە. ئەم یاسایە بۆ ئەو پیاوانە دانەنراوە کە پێویستیان نییە، هەر وەک ئیمامی کازم بە عەلی کوڕی یەقتین دەڵێت: "لەو شوێنەدا کە خەڵکیان بە گشتی هان داوە هۆکاری دەگەڕێتەوە سەر حیکمەتی دووەمی بابەتەکە واتە "زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی نەریتی وەلاوەنراو"؛ چونکە تەنیا هاندانی ئەو کەسانەی پێویستیان بووە، بۆ زیندووکردنەوەی سونەتی بەلاوەنراو ناتەواوە" (موتەهەری، 1369:50).

کەواتە هەر بەو جۆرەی باسمان کرد مەتعە بە شێوەی ئەوتۆ ئەکتێکی مەباحە و بە مانشێتی دووەمی ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر پێنج حوکمەکەی دیکە (پێویستبوون، ناشیرینبوون، حەرامبوون، پێویستیی ڕەوا، کاری ناحەز)؛ چونکە خاوەنی حەدائیق سەبارەت بە بنەمای پێوەندیی هاوسەرگیری دەڵێت: "ان النکاح انما یوصف بالاستحباب بالنظر الیه فی حد ذاته یعنی مع قطع النظر عن اللواحق المتعلقة به و الا فانه ینقسم الی الاقسام الخمسة" (بوحرانی، بی‌تا: 11-17). لە بنەڕەتدا پێومندیی هاوسەرگیری بەشێوەی ئەوتۆ پێویستیی ڕەوایە، بەڵام ڕەنگە لەبەر پرسە ناسەرەکییەکان دابەش بێتە سەر پێنج حوکمەکە.

**قەدەغەکردنی مەتعە**

هەندێ لە سوننەکاندا باوەڕیان وایە کە بە گوێرەی ئایەتی تەڵاق و عەدە لە سوورەتی تەڵاق، حوکمی مەتعە و ئایەتی یەکەم (طلاق: 1) هەڵوەشاوەتەوە (فەخری ڕازی، بی‌تا: 49)؛ " يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا": ئەی پێغەمبەر (بە

ئوممەتت ڕابگەیەنە) کاتێک ژنانتان تەڵاق دەدەن لە کاتی دیاریکراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتییە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەتی مانگانە پاکیزە بۆتەوە)، حسێبی ئەو کاتەش بە وردی ڕابگرن، لە پەروەردگاریشتان بترسن و ماومیەکیان بۆ درێژ مەکەنەوە (ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوانەدا یەکجار تەڵاقتان دان، ئەوە با ئەو ئافرەتە لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە) دەریان مەکەن لە ماڵەکەی خۆیاندا، ئافرەتەکانیش با لە ماڵ دەرنەچن مەگەر کارێکی ناشیرین و ناڕەوای ئاشـــکرا ئەنجام بدەن، (ئەو کاتە با لە ماڵ نەمێنن و بچن بۆ ماڵی مەحرەمێکیان)، ئا ئەوەیە سنووری خوا لە بارەی تەڵاقەوە، ئەوەی لە سنووری خوا بترازێ ئەوە ســـتەم لە خۆی دەکا، ئەی ئیماندار: تۆ نازانی لەوانەیە دوای ئەو (تێکچوون و ساردییە) خوای گەورە بارودۆخێک پێش بهێنێ (کە ئاشت ببنەوە و ڕێک بکەونەوە و بۆیە نابێ لە ماڵ دەربچن.)[1]

بە پێی ئەم ئایەتە، جیابوونەوەی ژن و مێرد بە مەرجی تەڵاقە و پاش ئەوەش ڕاگرتنی عەدە پێویستە و بە هۆی ئەوەی مەتعە تەڵاقی نییە، کەواتە ئەم ئایەتە مەتعە ڕەت دەکاتەوە.

هەندێکی دیکە لە کەسانی ئەهلی سوننە پێیان وایە هەڵوەشاندنەوە بە پێی ئایەتی 12ی سوورەتی نیسایە: "وَلَكُمْ نِصفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ ..." هەروەها نیوەی میراتی ژنەکانتان دەدرێ بە ئێوە ئەگەر منداڵتان نەبوو ...[2] بە پێی ئەم ئایەتە بە هۆی ئەوەی لە نیکاحی کاتیدا ژن و مێرد میراتیان لە یەکتر ناکەوێ، کەواتە لە مەتعەدا "ژنی کاتی" ژن نییە. کەواتە ئایەتی ســـەرەوە حەڵاڵبوونی مەتعە ڕەت دەکاتەوە و ئایەتی چێژی سێکسی (ئیستمتاع) هەڵدەوەشێنێتەوە (هەمان: 50).

---

1ـــ سوورەتی طلاق ئایەتی 1، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 558 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

2ـــ سوورەتی نساء ئایەتی 12، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 79 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

**هۆکارە گێڕانەوەییەکانی قەدەغەکردنی مەتعە**

یەکەم گێڕانەوەیەک کە فەقێکانی ئەهلی سوننە پشتی پێ دەبەستن گێڕانەوەیەکی تورمزی لە ئیبنی عەباسە. ئیبنی عەباس دەڵێ: "هاوسەرگیریی کاتی لە سەرەتای ئیسلام باو بووە و هەرکات پیاوێک دەچووە شارێک کە لەوێ ئاشنای نەبوایە، هەتا ئەو کاتەی کە لەو شارە دەماوە لەگەڵ ژنێک هاوسەرگیری دەکرد بۆ ئەوەی ژنەکە کەلوپەلەکەی بۆ بپارێزێ و تێری بکا هەتا ئەوەی کە ئەم ئایەتە دابەزی: "إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ. جگە لەگەڵ هاوسەران و کەنیزەکەکانیاندا نەبێ، کە ئەوە جێگەی لۆمە و سەرزەنشت نییە، (لە بارودۆخی نائاساییدا ئافرەتانی موسڵمان دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، دوور نییە ئافرەتانی دوژمن نەکەونە دەست ئیملنداران، ئەو کاتە تەنیا یەک کەس دەبێتە هاوسەری و بەرێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات). [1] لەم گێڕانەوەدا دەردەکەوێ کە نیکاحی مەتعە لە سەرەتای ئیسلام حەرام کرا، چوونکە ئەمە نەریتی کۆمەڵگا نەزان هاوەڵدانەرەکان بوو (عەبدولڕەحمان ئەلموبارەکفووری: بی‌تا: 269/4).

لە کتێبی مەسنەدی ئیمام ئەحمەددا هاتووە: "پیاوێک لە بارەی نیکاحی مەتعە پرسیاری لە ئیبنی عومەر کرد، ئەو تووڕە بوو و وتی: قەسەم بە خوا ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر (س.خ) زیناکار نەبووین" (ئیبنی حەنبەل، بی‌تا: 87/2). هەروەها دەگێڕنەوە کە مەتعە لە لایەن پێغەمبەر (س.خ) لە ڕۆژی خەیبەر ڕەت و قەدەغە کراوەتەوە (موتەقی هیندی، 525/16).

---

1ـــ سووڕەتی المومنون ئایەتی 6، قوڕئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 558 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

## دەسەڵاتە حکوومەتییەکان

هەندێ کەس قەدەغەکردنی مەتعە لە لایەن خەلیفەی دووهەمەوە بە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم دیاردە دەزانن؛ بەڵام ڕستە بە ناوبانگەکەی خەلیفەی دووهەم ئەوە دەگەیێنێ کە خەلیفەی دووهەم بۆ قەدەغەی مەتعە پشت بە خۆی دەبەستێ؛ چوونکە وتەیەکی لێ دەگێڕنەوە کە "متعتان" لە سەردەمی نێردراوی خوا (س.خ) ڕەوا بوو و "من" ئەم دووانەم (مەتعەی حەج و مەتعەی ژن) لە ئێوە حەرام کرد (بەیهەقی، بی‌تا: 206). قەدەغەکرانی مەتعە لە لایەن خەلیفەی دووهەمەوە بە پێی فەرمانی حکوومەتی بووە. لەوانەیە ئەویش بەم شێوە تێگەیشتبێ کە ئەم فەرمانە لە فەرمانەکانی حکوومەتە. لە ڕەواڵەتی وتەکەی خەلیفەی دووهەمیش ئەمە دەردەکەوێت؛ چوونکە قەدەغەکردنی مەتعە دەخاتە پاڵ خۆی و بە باوەڕی خۆی بارودۆخەکە ئەوەی خواستووە. شایەنی ئاماژەیە ئەم گێڕانەوەی کە خەلیفەی دووهەم قەدەغەکرانی مەتعەی خستۆتە پاڵ خۆی لە هیچ کام لە کتێبە گێڕانەوەییە بایەخدارەکانی ئەهلی سوننە کە بە سەحاح ستە (کتێبی شەشانەی فەرموودە دروستەکان) بە ناوبانگن، نەگێڕدراوەتەوە و بە بۆچوونی زانایانی فەرموودەناسی ڕەت کراوەتەوە. کەواتە ئەهلی سوننە وەک پێشتر وترا پێیان وایە قەدەغەکرانی مەتعە لە لایەن پێغەمبەرەوە ئەنجام دراوە و ئەم گێڕانەوەی خەلیفەی دووهەم و بە قۆستنەوەی دەسەڵاتە حکوومییەکەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم نیکاحە کاتییە ڕەت دەکەنەوە.

هەڵبەت جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیری لە ناو ئەهلی سوننەدا بە ناوی "هاوسەرگیریی مسیار" بوونی هەیە کە زۆر گشتگیر نییە. ئەهلی شیعە مسیار و هاوسەرگیریی کاتی وەک یەک دەبینن. لە درێژەدا بە کورتی هاوسەرگیریی مسیار و جیاوازییەکەی لەگەڵ هاوسەرگیریی کاتی تاوتوێ دەکەین.

**هاوسەرگیریی مسیار**

نیکاحی مسیار هەمان نیکاحی شەرعی بە مەرج و بنەما بەناوبانگەکانی زانستی فیقهە کە تێیدا ژن بە ڕەزامەندیی خۆی لە هەندێ لە مافە شەرعییەکانی خۆی کە لە ئەستۆی مێردە، وەکوو نەفەقە و خانوبەرە و ڕەچاوگرتنی قسم (دادپەروەری لە هاوجێیەتی لە نێوان هاوسەرەکان، واتە پیاو بە بێ سنووردارییەتی و لە کاتی دیاریکراودا کە لە سەر ڕەزامەندیی ژن و مێرد دیاری کراوە، دەچێتە لای) چاوپۆشی دەکات. ڕەنگە ناوی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە سێیر (سِیر) وەرگیرابێ کە بە مانای تێکەڵبوون لەگەڵ ژن لە شەو یان ڕۆژە. هەروەها لەوانەیە مسیار لە سەر کێشی مفعال، بە واتای پیاوێکە کە هاتوچۆ زۆر دەکا یان لە وشەی "التسیورە" کە لە ناوچەی کەنداو بە والتای زیارەتی کورت لە ڕۆژدایە، وەرگیرابێت. ئاشکراترین هۆکارەکانی پێشنیاری هاوسەرگیریی مسیار بۆ پیاوان بریتییە لە:

- تێرنەبوونی پیاو لە هاوسەری یەکەمی خۆی بە هۆی تەمەنی زۆرەوە.
- بێدەسەڵاتیی پیاو لە دابینکردنی تێچووە قورسەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، بۆ وێنە بڕەمارەیی، خانوبەرە و ... کە ئێستاش بەرز بووە.
- نیشتەجێنەبوونی هەمیشەیی لە شوێنی کار.

بەڵام هۆکارەکانی پێشنیاری هاوسەرگیریی مسیار بۆ ژنان بریتییە لە:

- هەڵکشانی ڕێژەی قەیرە کچان، بێوەژنان و تەڵاق لە ناو هاوسەرەکاندا
- پاراستنی پاکیزەداوێنی و منداڵخستنەوە لە کاتێکدا کە هاوسەرگیریی فەرمی و ئاشکرا جێبەجێ نابێت.
- دابینکردنی خواستی ژن کاتێک کە ناچارە بۆ پاراستنی دلیک و

باوکی لە ماڵی ئەوان یان یەکێک لە خزمەکانی بمێنێتەوە.

- سەرقاڵبوونی زۆر بە منداڵ و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ.

بە هۆی کێشەگەلی وەکوو ناسەقامگیریی نیکاحی مسیار یان کەڵکاوەژۆیی هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵگا (ژن یان پیاو) هەندێ لە زلنایان قەدەغەیان کردووە. لە ڕوانگەی ئەهلی سوننە هاوسەرگیریی مسیار ئەگەر بنەما و مەرجە شەرعییەکانی وەکوو ڕەزامەندیی هاوسەرەکان، ئامادەبوونی سەرپەرشت و شایەتەکان و ... هەبێ، گونجاوە و چاوپۆشیی ژن لە هەندێ لە مافەکانی خۆی هاوسەرگیرییەکە نەشیاو ناکات؛ چوونکە دەقە شەرعییەکان داکۆکی لە سەر دەکەن.

1ـــ خودا دەفەرمووێ: وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الْأَنْفُسُ الشُّحَّ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا "وە ئەگەر ئافرەتێک لە لووتبەرزی و بێمەیلیی مێردەکەی ترسا، ئەوە هیچ گوناحیان لە سەر نییە و کارێکی چاکە، ئەگەر نێوان خۆیان چاک بکەن و لە سەر شێوازێک ڕێک بکەون. (ئەوەی کە ئافرەتەکە دەست هەڵبگرێ لە هەندێ مافی خۆی تا بە ڕێز و سەربەرزییەوە بمێنێتەوە لەگەڵ مێردەکەیدا) هەمیشە ڕێککەوتن و تەبایی شتێکی چاک و پەسەندە، هەرچەند خەڵکی بە سرووشت هەست بە ڕەزیلی دەکەن و تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان دەوێت، (ئەگەر ڕۆژی کۆتایی و بەهەشت و دۆزەخ لە بەرچاو نەگیرێت) جا ئەگەر چاکەکار و هەڵسوکەوتجوان بن (لەگەڵ هاوسەرانتان) و خاوەن تەقوا و پارێزکار بن و ستەمیان لێ نەکەن ئەوە دڵنیا بن بە ڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام بە ئاگایە بە کار و کردەوەتان."[1]

عائیشە هاوسەری پێغەمبەر سەبارەت بە دابەزینی ئەم ئایەتە دەفەرمووێ:

1ـــ سوورەتی نساء ئایەتی 128، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 99 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

"ژنێک کە لە لایەن مێردەکەی قازانجی پێ ناگا و بە نیازە تەڵاقی بدا و ژنێکی دیکە مارە بکا، بەڵام ژنەکە بە پیاوەکە دەڵێ ڕامبگرە (تەڵاقم مەدە) و ژنێکی دیکە مارە بکە و تەواو دەســەڵاتی نەفەقە و بەشــی (قســم) منت هەیە" ئەمە نموونەی هەمان وتەی خودایە کە دەفەرمووێ: فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْــلِحَا بَيْنَهُمَا صُــلْحًا وَالصُّــلْحُ خَيْرٌ (ئەنســاری قرتبی، بیتا: 403/5). ئیبنی کەســیریش لە شــرۆڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەگەر ژن ترســا لەوەی کە مێردەکەی لێی جیا ببێتەوە یان ڕووی لێ وەربگێڕێ، دەتوانێ لە مافەکانی خۆی وەکوو نەفەقە، جلوبەرگ، هاوجێیەتی و هتد لە ئاســت مێردەکەی چاوپۆشــی بکا و مێرد دەتوانێ ڕایبگرێ و هیچ کام لە ژن و مێردەکە لەم حاڵەتەدا تاوانبار نین. (ئیبن کەســیر دەمشــقی، 516/2-562). هەر بۆیە فەقێکان جەخت دەکەنەوە کە ژن دەتوانێ لە ئاســت مێردەکەی لە مافەکانی خۆش بێت. کۆمەڵێکی زۆری ئەندامانی لێژنەی فتوا و بانگەشــە و ڕێنومایی (افتاء و دعوت و ارشــاد) لە وڵاتی عەرەبســتانی ســعوودی فتوایان لە ســەر دروستیی هاوسەرگیریی مسیار داوە.

هاوسەرگیریی مسیار جیا لە دروستیی شەرعییەکەی، هەندێ بەرژەوەندی بۆ هەر دوو لایەنەکە هەیە؛ بۆ وێنە کاتێک پیاوێک تامەزرۆیە کە لە ڕێگەی حەڵاڵەوە خواســتی ســێکســییەکەی تێر ببێ بەڵام ئەرک و تێچووی ژنی دووهەمی نییە و ژنیش پێی خۆشە هاوسەرگیری بکا و لە نەفەقە و خانوبەرە و پاراســتنی دادپەروەری لە هاوجێیەتیدا چاوپۆشــی بکات. لە ڕاســتیدا ژن دەیهەوێ مێردێکی هەبێ بۆ ئەوەی تووشی گوناح نەبێ و پاکیزەداوێن بێت. فەرمانە شەرعییەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، هاوسەرگیریی مسیاریش دەگرێتەوە. کەواتە لە هاوســەرگیریی مســیار پیاو دەبێ برەمارەیی ژن بدا و پیاویش لە ڕووی پەیوەندییەوە باوکی منداڵەکانە. لە هاوســەرگیریی مســیار وەکوو هاوســەرگیریی هەمیشــەیی، هەندێ لە ژنانی خزمی ژن (وەکوو

خەسوو، ژنخوشک و ...) لە پیاو حەرام دەبێت. هەروەها ژن لە کاتی تەڵاق یان مەرگی مێرد دمبێ عەدە ڕلبگرێ و لە ئەگەری مەرگی یەکێ لە هاوسەرەکان، ئەوەی دیکەیان میراتی دەکەوێت.

جیاوازییەکانی نیکاحی مسیار و نیکاحی مەتعە:

1. نیکاحی مسیار لە 4 ژندا سنووردار دەبێتەوە؛ لە حاڵێکدا لە مەتعە ڕێژەی ژن بێسنوورە.

2. کاتی مارەکردنی نیکاحی مسیار، بوونی شایەت پێویستە؛ بەڵام مارەبڕینی سیغە پێویستی بە شایەت نییە.

3. لە هاوسەرگیریی مسیار ڕاگەیاندنی زەماوەند پێویستە؛ بەڵام لە سیغەدا ڕاناگەیێندرێت.

4. بە باوەڕی ئەهلی سوننە "نیکاحی بە مەرجی تەڵاق" حەرامە. تەنانەت هەندێ لە زلنلیانی ئایینی پێیان وایە "نیکاحی بە نیازی تەڵاق" حەرامە؛ بەڵام مەتعە لە بنەڕەتەوە تەڵاقی نییە و جۆرێک گرێبەستی بازرگانییە.

5. لە هاوسەرگیریی مسیار، ژن ئەگەر مێردەکەی بمرێ یان تەڵاق بدرێ و یان پشتگوێی بخا، بە گوێرەی یاسای قورئان عەدە ڕادەگرێ؛ بەڵام عەدەی ژن لە نیکاحی مەتعە نیوەی ئەو شتەیە کە قورئان فەرموویەتی.

6. لە نیکاحی مسیار هاوسەرەکان میراتگری یەکترن؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی کاتیدا ئەم شتە بوونی نییە.

7. لە هاوسەرگیریی مسیاردا باوکی منداڵی لەدایکبوو خۆبەخۆ ئاشکرایە و پێویستی بە سەلماندن نییە؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی کاتیدا باوکی منداڵ دەبێ ئاشکرا بکرێت.

8. لە هاوسەرگیریی مسیار ژن مافی نەفەقە، خانوبەرە و دادپەروەریی لە دابەشکردنی شەوی هەیە. ئەم مافە لە بنەڕەت و بناغەوە بۆ ژن چەسپاوە و دەتوانێ بە خواستی خۆی لەم مافە خۆش بێ؛ لە حاڵێکدا لە هاوسەرگیریی

مەتعە لە بنەڕەتەوە ژن مافی ئەوەی نییە کە بیهەوێ چاوپۆشی بکا یان نەکات. کەواتە هاوسەرگیریی مسیار بە شێوەی کردەیی جۆرێک هاوسەرگیریی هەمیشەییە کە هەموو ماف و ئاسەواری هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە خۆ دەگرێ و ژن لە پەیوەندییەکی یەکسان و ئەخلاقی و بە ڕەزامەندیی دڵ لە مافی چەسپاوی خۆی دەبوورێت.

9. لە نیکاحی کاتی شتێک بە ناوی "تەڵاق" بوونی نییە، بەڵکوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی کاتی دیاریکراو، هاوسەرگیرییەکە کۆتایی پێ دێت؛ بەڵام نیکاحی مسیار تەنیا بە تەڵاق هەڵدەوەشێتەوە.

بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین لە گۆشەنیگای فیقهییەوە دوو ڕوانگە لە بارەی مەتعە بوونی هەیە. ڕوانگەی شەرعێتیی مەتعە کە ئەهلی شیعە بە پێی شرۆڤەی ئایەتی 24ی سووڕەتی نیسا و گێڕانەوە و بەڵگەی عەقڵیی پشتبەستوو بە پێویستیی کۆمەڵایەتیی مەتعە لە کاتی وەدواخستنی هاوسەرگیری دەیخەنە ڕوو و ڕوانگەی قەدەغەکرانی مەتعە کە ئەهلی سوننە ئاماژەی پێ دەکەن. وەک بە تێر و تەسەلی باس کرا ئەهلی سوننە بە پێی بیستنی مانایەکی جیا لە مەتعە لە ئایەتی 24ی سووڕەتی نیسا، شرۆڤەی ئایەتی یەکەمی سووڕەتی تەڵاق بە پێی بنەمایەتیی تەڵاق، بەڵگەی ئایەتی 12ی سووڕەتی نیساء لە سەر بنەمای میراتی ژن و هەروەها قەدەغەکرانی مەتعە لە لایەن پێغەمبەر ئەم بەڵگە دەهێننەوە کە مەتعە یەکێک لە جۆرەکانی داوێنپیسییە.

3. بابەتی سێیەم: هاوسەرگیریی کاتی لە یاساکانی ئێراندا

وەک وتمان ئایینی ئیسلام شوێنکەوتووانی خۆی بۆ هاوسەرگیری هان داوە و تێرکردنی ئەم خواستە سرووشتییە تەنیا لە ڕێگەی هاوسەرگیری بە شیاو دەزانێ و پێشنیاری بۆ کردووە. کەواتە لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە هاوسەرگیری کارێکی موستەحەبە(پێویستی ڕەوایە) و لە هەندێ حاڵەتدا

پێویستە و ئەگەر هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەیی نەڕەخسێ، فیقهی ئیمامییە پێشنیاری هاوسەرگیریی کاتی دەکا و بۆ ڕێگری لە داوێنپیسی بە باشترین بژاردە لە قەڵەمی دەدات.

لە ڕوانگەی یاساییەوە، نیکاح و دەرهاویشتەکانی جۆرێک ناوەندی یاسایی و کۆمەڵایەتین. لە یاسای وڵاتانی بیانیدا ناوەندی یاسایی هاوسەرگیریی کاتی بوونی نییە. تەنانەت یاسای هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامی وەکوو مادەی یاسای (حقوق العائله البنان) جەخت لە سەر گەندەڵیی سیغە دەکاتەوە. بەڵام یاساداڕێژی ئێرانی لە یاسای مەدەنی و یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە پەسەندکراوی 1391ـی هەتاوی نیکاحی کاتی تاوتوێ کردووە و بە چەند هۆکار بە کورتی لە بارەی ئەم ناوەندە یاساییە قسەی کردووە. دکتۆر ناسر کاتووزیان لەم بارەوە دەڵێ: "نیکاحی کاتی لە یاسای وڵاتانی دیکەدا بوونی نییە و ئەگەرچی لە سەرەتادا بۆ بیچمدان بە پەیوەندییە سێکسییەکانی ژن و مێرد و ڕێگری لە پەیوەندیی ناشەرعی و وەک پێویستییەکی مێژوویی بەدی هات، دواتر لە لایەن دەوڵەمەندە خۆشڕابوێرەکانەوە کەڵکاوەژۆیی لێکرا و هەندێک بۆ بە موباح کردنی پەیوەندیی سێکسیی خۆیان لەگەڵ دۆستەکانیان بەرگی شەرعیان بۆ لەبەر کرد و ئەم ئامادەکارییە یاساییە ڕێک بە پێچەوانەی بنەما ئەخلاقی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نیکاحی کاتی بە کار هێنرا. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوەی کە یاسای مەدەنیش لە ڕێکخستنی بنەماکانی نیکاحی کاتی پاشگەز ببێتەوە و نووسەرانی یاساییش تیژ لێی تێپەڕن و هەندێجار بوونی ئەم ناوەندە یاسایی و کۆمەڵایەتییە پشتگوێ بخەن" (کاتووزیان، 1378: 76).

## یاسای مەدەنی و نیکاحی کاتی

ناوەڕۆکی یاسای مەدەنی بارتەقای هاوسەرگیریی هەمیشەیی سەرنجی بابەتی تۆمارکردن و بەیاسایی‌کردنی هاوسەرگیریی کاتی وەک ناوەندێکی یاسایی نەداوە و هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی هەڵنەسەنگاندووە. هەر بۆیە یاسای مەدەنی پێویستی بە تەواوکردن و ڕوونکردنەوەی لایەنە یاساییەکانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەیە. سەرەڕای ئەمە لە هەندێ لە ناوەڕۆکە یاساییەکانی یاسای مەدەنی جەخت یان ئاماژە بە هەندێ لە حوکم و دەرهاویشتەکانی نیکاحی کاتی کراوە کە ئەو بابەتانە ئەمانەن:

مادەی 1075: "نیکاح کاتێک کاتییە کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەنجام درابێت.

مادەی 1076: "ماوەی نیکاحی کاتی دەبێ بە تەواوەتی دیاریکراو بێت."

مادەی 1077: "لە نیکاحی کاتیدا فەرمانەکانی پەیوەندیدار بە میراتگریی ژن و بڕەمارەییەکەی هەر ئەوەیە کە لە بەشی میرات و بەشی دواتردا دیاری کراوە." یاسای مەدەنی بارودۆخی میراتی لە هاوسەرگیریی کاتیدا ڕوون نەکردۆتەوە؛ بەڵام لە مادەی 940 دەڵێ: "ئەو هاوسەرانەی کە هاوسەرێتییەکەیان هەمیشەییە و لە میرات بێبەش نەبن میراتیان لە یەکتر دەکەوێ." کەواتە بە پێی ئەم مادە یاساییە ئەگەر هاوسەرگیریی هەمیشەیی نەبێ، میراتیش لە ئارادا نییە.

مادەی 1080: "دیاریکردنی بڕەمارەیی بە گوێرەی ڕەزامەندیی هەر دوو لایەنەکەیە."

مادەی 1087: "ئەگەر لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا باس لە بڕەمارەیی نەکرابێ یان مەرج لە سەر نەبوونی بڕەمارەیی بێ، نیکاح دروستە و لایەنەکان پاش لێک مارەکران، بە ڕەزامەندییەوە بڕەمارەییەکە دیاری دەکەن و ئەگەر بەر لە ڕەزامەندییان لە سەر بڕەمارەیی سێکس بکەن ژنەکە مافی خۆیەتی

بڕەمارەیی (مهرالمثل) وەربگرێت."

مادەی 1095: "لە نیکاحی کاتیدا نەدانی بڕەمارەیی، مارەبڕانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە."

مادەی 1096: "لە نیکاحی کاتیدا مردنی ژن لە کاتی ماوە دیاریکراوەکەدا بڕەمارەیی هەڵناوەشێنێتەوە و هەروەها ئەگەر مێرد هەتا دواسات سێکسی لەگەڵ نەکات."

مادەی 1097: "لە نیکاحی کاتیدا هەرکات مێرد بەر لە سەرجێیی، هەموو ماوەی نیکاحەکە ببەخشێ، دەبێ نیوەی بڕەمارەییەکە بدات."

مادەی 1098: "ئەگەر نیکاح بە هەمیشەیی و کاتیشەوە هەڵوەشابێتەوە و هاوجێیەتی نەکرابێ، ژن مافی مارەیی نییە و ئەگەر بڕەمارەیی وەرگرتووە، مێرد دەتوانێ وەریبگرێتەوە."

مادەی 1113: "لە نیکاحی کاتیدا ژن مافی نەفەقەی نییە؛ مەگەر ئەوەی وەک مەرج دانرابێ یان ئەوەی کە لە سەر بڕەمارەیی ئەم مارەکردنە ڕووی دابێت."

مادەی 1139: "تەڵاق تایبەت بە هاوسەرگیریی هەمیشەییە و ژنی کاتی لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوە یان بەخشینی ماوە لە لایەن پیاوەوە لە هاوسەرێتی دەسرڕدرێتەوە."

مادەی 1152: "عەدەی تەڵاق و هەڵوەشاندنەوەی نیکاح و بەخشینی ماوە و هەڵوەشاندنەوەی بۆ نیکاحی کاتی لە ژنی نادووگیلاندا ئەومیە کە دوو جار لە سووڕی مانگانە پاکیزە بووبێتەوە؛ مەگەر ئەوەی کە ژن بە هۆی تەمەنییەوە سووڕی مانگانەی نەبێ کە لەم حاڵەتەدا چل و پێنج ڕۆژە."

دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە مەبەست لە "عەدەی تەڵاق" لەم مادەدا، هەمان دابڕانی نێوان ژن و مێردە؛ دەنا نیکاحی کاتی تەڵاقی نییە. هەروەها ئەوەی کە مادەی 1152 دەڵێ: "ژن بە پێی تەمەن سووڕی مانگانەی نەبێت."

واتە ژن لە تەمەنێکدایە کە خوێن دەبینێ و بە شیکاریی فیقهـــ "فی سن مَن تحیض"ـــە؛ بەڵام بە هۆکاری بەدەر لە دووگیانێتی، سووڕی مانگانەی نییە. لە وەها حاڵەتێکدا عەدەی ژن لە نیکاحی هەمیشـــەییدا ســێ مانگ و لە نیکاحی کاتیدا چل و پێنج ڕۆژە و ئەگەر ژنێکی لەزکوێستاو بێ بە پێی فیقهی ئیمامییە عەدەی نییە.

مادەی 1153: "عەدەی تەڵاق و هەڵوەشـاندنەوەی نیکاح و بەخشـینی ماوە و هەڵوەشاندنەوەی بۆ ژنی دووگیان هەتا ماوەی دووگیانییەکەیەتی."

مادەی 1154: عەدەی مردن چی لە هەمیشـــەیی و چی لە کاتی لە هەر حاڵەتێکدا چوار مانگ و دە ڕۆژە؛ مەگەر ئەوەی کە ژنەکە دووگیان بێ کە لەم حاڵەتەدا عەدەی ژن ماوەی دووگیانییەکەیەتی."

مادەی 1158: "کۆرپەی لەدایکبوو لە کاتی هاوسەرێتیدا هی مێردە."

مادەی 1159: "هەر منداڵێک کە لە پاش هەڵوەشـــاندنەوەی نیکاح لەدایک دەبێ هی مێردە".

## بنەماکانی مەتعە

بنەماکانی مەتعە بریتییە لە ســیغە (وشــە تایبەتەکان)ـــــی مارەبڕین، لایەنەکانی مارەبڕین (ژن و مێرد)، ماوە و بڕەمارەیی کە لە درێژەدا بە ڕیز تاوتوێ دەکرێن.

## مارەبڕینی مەتعەیی

گرێبەســتی مەتعە هاوشـێوەی گرێبەسـتەکانی دیکە لەگەڵ "پێویسـتکردن و قبووڵکردن"ـــــە (ایجاب و قبول) کە ڕاشــکاوانە پیشـــاندەری ئامانجی لایەنەکانە. مادەی 1062ـــــی یاسـای مەدەنیی ئێران دیاری کردووە "نیکاح ڕوو دەدا بە پێویســتکردن و قبووڵکردنی ئەو وشـــانەی کە ڕاشــکاوانە هاوسەرگیری پیشـان دەدەن." وشـەی نیکاح هەڵگری نیکاحی هەمیشـەیی و

کاتییه. له نیکاحی کاتی هاوشـێوەی نیکاحی هەمیشـەیی، پێویسـتکردن له لایەن ئافرەته و قبووڵکردن له لایەن پیاوه.

## لایەنەکانی مارەبڕین

لایەنەکانی مارەیی بەو ژن و پیاوه دەوترێ که بارودۆخی نیکاحی کاتییان هەبێت. له نیکاحی مەتعه ئەگەر ژن موسـڵمان بێ، نیکاحی ئەو ژنه لەگەڵ پیاوی ناموسڵمان ڕێگەپێدراو نییه. مادەی 1059ـــی یاسای مەدەنیی ئێران لەم بارەوه دەڵێ: "نیکاحی ئافرەتی موسـڵمان لەگەڵ پیاوی ناموسـڵمان ڕێگەپێدراو نییه." ئەم فەرمانه، ڕەهایه و بۆ هەر کام له هەر دوو چەشـنی نیکاحی هەمیشەیی و کاتی پێویسته.

دکتۆر مۆحسـێن شـیفایی له کتێبی (متعه و آثار حقوقی و اجتماعی آن) سەبارەت به شیکاریی مادەی 1095ی یاسای مەدەنی دەڵێ یاسای مەدەنیی ئێران شەقی جەوازی به کار هێناوه و چەمکی پێچەوانەی مادەی 1059ـــی یاسای مەدەنیی ئێران ئەوه دەگەیێنێ که نیکاحی پیاوی موسڵمان لەگەڵ ژنی ناموسـڵمان دروسته (وێلوجێردی، 1371: 159). لەم بوارەدا ناکۆکییەکی زۆر له نێوان زانایانی ئایینی و فەقێکاندا هەیه. هەندێ له زانایانی ئەهلی سـوننه و ئەهلی شـیعه هاوسـەرگیری لەگەڵ ژنانی ئایینەکانی جووله‌که و مەسیحی به شیاو نازانن و هەندێ له زانایانی ئەهلی شیعەی وەکوو شەهید ئەوەڵ و شـەهید سـانی، هاوسـەرگیریی کاتی لەگەڵ ئەهلی کتێب به شـیاو دەزانن و هاوسەرگیریی هەمیشەییان پێ حەرامه.

## ماوەی مەتعه

یەکێک له بناغه سـەرەکییەکانی نیکاحی کاتی ئاماژه به ماوەیه. چوونکه مادەی 1075ـــی یاسـای مەدەنی دەڵێ: "نیکاح کاتـێک کاتییه که بۆ

ماوەیەکی دیاریکراو ئەنجام درابێت." لە لایەکی تریشـــەوە بە گوێرەی مادەی 1076ــی یاسای مەدەنی "ماوەی نیکاحی کاتی دەبێ بە تەواوەتی دیاریکراو بێت." بەڵام ئەگەر ماوەی نیکاح ڕوون نەبێ، بە پێی فتوای خومەینی لە (تحریرالوسـیله)، هاوسـەرگیریی کاتی دەبێتە هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی (خومەینی، 285/2). هەڵبەت فەقێکانی دیکەی وەکوو شـێخ مورتەزا ئەنساری لە (متاجر) و شەهید سانی لە (شرح اعمه و مسالک الافام) لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ماوە دیاری نەکرێ نیکاحی کاتی ئەنجام نادرێ و بنەڕەتی نیکاحەکە هەڵوەشـاوەیە. بە پێی یاسـای مەدەنی و وتەی بە ناوبانگ، بەو پێیەی کە نیکاحی کاتی پەیوەست بە ماوەی زەمەنی و بڕەمارەیی دیاریکراوە و بەر لەوە خواستی دڵیی لایەنەکانی مارەبڕینەکەش گرینگە، ئەگەر خواست بۆ نیکاحی کاتی بێ، بەڵام لە ڕەواڵەتدا هاوسەرگیریی هەمیشەیی ئەنجام بدرێ نیکاحەکە هەڵدەوەشـێتەوە و بە گوێرەی یاسـای "العقود تابع للمقصـود" یاسای مەدەنی و یاسادانەرانی هاوچەرخی وەکوو سەید حسێن سەفایی و دکتۆر حسێن ئیمامی وەها مارەبڕینێکیان قبووڵ نییە و بە پووچەڵی دەزانن.

**بڕەمارەیی مەتعە**

بە پێچەوانەی نیکاحی هەمیشـەیی لە هاوسـەرگیریی کاتیدا دیاریکردنی بڕەمارەیی مەرجی بنەڕەتیی هاوسەرگیریی کاتییە. بە پێی مادەی 1095ـــی یاسـای مەدەنی لە نیکاحی کاتیدا ئەگەر بڕەمارەیی لە مارەکردن ڕوون نەبێ، ئەوا دەبێتە هۆی هەڵوەشـانەوە. بەڵام لە بارەی بڕەمارەییەکە هیچ نەوتراوە و هەر ئەوەی کە شـیاوی ئاڵوگۆڕ بێ تەواوە. (وێلوجێردی، 1371: 167). هەروەها بە پێی مادەی 1097 ئەگەر دخوول (تێکەڵبوونی سێکسی) ئەنجام نەدرابێ و پیاوەکە لە ماوەی نیکاحەکە ببوورێ، دەبێ نیوەی بڕە مارەییەکە بدات.

## حوکمەکانی مەتعە

(لە بەشی حوکمەکانی مەتعە لە بارەی میرات، نەفەقە، هەڵوەشانەوەی مەتعە و عەدە قسە دەکرێت.)

## میرات

سەبارەت بە میراتگری، فەقێکان وتەی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان وەکوو عەلامە حیلی و خومەینی لەم بۆچوونەدان کە لە نیکاحی کاتیدا میرات بوونی نییە، چی بە مەرج ڕەچاو کرابێ و چی ڕەچاو نەکرابێت. هەندێکی وەکوو شێخ مورتەزا ئەنساری لە کتێبی متاجر ئاماژە بەو گێڕانەوانە دەکا کە لە ئەگەری بە مەرجدانانی میرات لە نیکاحی کاتیشدا میرات هەیە. مادەی 1077ی یاسای مەدەنی لەم بوارەدا دەڵێ: "لە نیکاحی کاتیدا حوکمی میراتگریی ژن و بڕەمارەیی هەر ئەوەیە کە لە بەشی میرات و بەشی دواتردا دیاری کراوە." مادەی 940ی یاسای مەدەنیش دەڵێ: "ئەو هاوسەرانەی کە هاوسەرێتییان هەمیشەییە و لە میرات بێبەش نەکرابێتن، دەبنە میراتگری یەکتر." کەواتە هەمیشەییبوونی هاوسەرگیری مەرجی میراتگرییە. لەم مادەدا یاساداڕێژ سەبارەت بە میراتگریی نیکاحی کاتی بێدەنگی هەڵبژاردووە؛ بەڵام بە پێی وتەی بەناوبانگ و بێدەنگیی یاسادانەر وا دەردەکەوێ کە میرات لە نیکاحی کاتی لە سۆنگەی یاسایی و شەرعییەوە جێگای نابێتەوە.

## نەفەقە

بە پێی مادەی 1107ی یاسای مەدەنیی ئێران نەفەقە بریتییە لە "هەموو پێداویستییە باو و شیاوی بارودۆخی ژن وەکوو خانوبەرە، جلوبەرگ، خۆراک، کەلوپەلی ناو ماڵ و تێچووی دەرمان و تەندروستی و خزمەتکار ئەگەر بە هۆی خووگرتن یان پێویستبوون بە هۆی کەمئەندامی یان

نەخۆشــییەوە." هەروەهای مادەی 1106ی یاســای مەدەنی دەڵێ: "لە هاوســەرگیریی هەمیشــەییدا نەفەقەی ژن لە ئەســتۆی مێردە." لەم بەشــەشــدا هەمیشــەییبوونی هاوســەرگیری مەرجی پێدانی نەفەقە بە ژن لە لایەن مێردە. کەواتە لە نیکاحی کاتیدا نەفەقە بە ژن نادرێت. بەڵام بە پێی مادەی 1113ی یاســای مەدەنی " لە هاوســەرگیریی کاتی، ژن مافی نەفەقەی نییە؛ مەگەر ئەوەی کە مەرج کرا بێ یان ئەوەی کە مارەبڕینەکە لە ســەر بنەمای نەفەقە بێت" کەواتە لە حاڵەتێکدا کە بەر لە نیکاح، نەفەقە لە ماوەی نیکاحدا مەرج بێ پیاو دەبێ نەفەقە بدات.

**هەڵوەشاندنەوەی مەتعە**

**ئـــــ) هەڵوەشــاندنەوەی نیکاح:** یاســای مەدەنی لە مادەی 1152 ڕایدەگەیێنێ "عەدەی هەڵوەشاندنەوەی نیکاح، بەخشین و هەڵوەشاندنەوەی لە نیکاحی کاتی لە حاڵەتی نادووگیانیدا دوو جار پاکیزەبوونەوە لە سووڕی مانگانەیە؛ مەگەر ئەوەی کە بە پێی تەمەن ژنەکە ســووڕی مانگانەی نەبێ کە لەم حاڵەتەدا چل و پێنج ڕۆژە." ئەم مادە داکۆکی لە ســەر شــیاویی هەڵوەشاندنەوەی نیکاحی کاتی دەکات. ئەگەر درێژەدان بە نیکاحی کاتی بە زیانی بنیاتی بنەماڵەی پیاو و نەتوانینی پیاو بۆ گرتنی ماڵێکی دیکە بۆ ژن بێ، یاســادانەر بە هەڵوەشــاندنەوەی نیکاح و بەخشــینی ماوەی مەتعە و بەسەرچوونی ماوەکەی ڕازی بووە.

**ب) تەواوبوونی ماوە:** لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی نیکاحی کاتی، واتە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی مەتعە، هاوسەرەکان لێک جیا دەبنەوە و نیکاح خۆ بە خۆ هەڵدەوەشــێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر لایەنەکان بیانهەوێ درێژە بە هاوسەرێتی بدەن دەبێ بە مارەکردنی هەمیشەیی یان کاتی دیسان پەیوەندیی هاوسەرێتییەکە دروست بکەنەوە.

**ج) بەخشینی ماوە:** پیاو هەر کاتێ کە بیهەوێ دەتوانێ بە بەخشینی پاشماوەی ماوەی هاوسەرێتییەکە کۆتایی بە هاوسەرگیرییەکە بێنێ کە لەم حاڵەتەدا نیکاحی کاتی هەڵدەوەشێتەوە.

**د) مردن:** مردنی یەکێک لە هاوسەرەکان خۆ بە خۆ کۆتایی بە پەیوەندیی هاوسەرێتیی هاوسەرەکان دێنێ و سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی مادەی 1139ی یاسای مەدەنی دەڵێ: "تەڵاق تایبەت بە هاوسەرگیریی هەمیشەییە و ژنی کاتی بە کۆتاییهاتنی ماوە یان بەخشینی لە لایەن مێردەوە لە هاوسەرێتی دێتە دەرەوە".

**عەدەی مەتعە**

مادەی 1153ی یاسای مەدەنی لە بارەی عەدەی نیکاحی کاتی دەڵێ: "عەدەی هەڵوەشانەوەی نیکاح، بەخشینی ماوە و بەسەرچوونی لە بارەی نیکاحی کاتی لە ژنی نادووگیان، دوو جار پاکیزەبوونەوە لە سووڕی مانگانەیە؛ مەگەر ئەوەی کە ژن بە پێی تەمەن، سووڕی مانگانەی نەبێ کە لەم حاڵەتەدا چل و پێنج ڕۆژە." واتە ئەو کاتەی کە بە هەڵوەشانەوە یان بە هۆی بەسەرچوونی یان بەخشینی ماوە، نیکاحی کاتی کۆتایی پێ هات، ژن دەبێ عەدە ڕابگرێ و پاش کۆتاییهاتنی عەدە دووبارە هاوسەرگیری بکاتەوە. بۆ ژنی نادووگیان ماوەی عەدە دوو جار پاکیزەبوونەوەی ژن لە سووڕی مانگانەیە (ژن دوو جار سووڕی مانگانە تێپەڕێنێت). ئەگەر ژن لە تەمەنێکدا کە سووڕی مانگانەی نەبێ، دەبێ چل و پێنج ڕۆژ ڕاوەستێت. بەڵام ئەگەر ژن دووگیان بێ، بە پێی مادەی 1153ی یاسای مەدەنی دەبێ هەتا ماوەی دووگیانییەکەی بووەستێ: "عەدەی تەڵاق و هەڵوەشاندنەوەی نیکاح و بەخشینی ماوە و بەسەرچوونی ماوەکە سەبارەت بە ژنی دووگیان هەتا ئەو کاتەیە کە دووگیلنە." هەروەها مادەی 1154ی عەدەی مردنی مێرد لە هاوسەرگیریی کاتی وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەییە: "عەدەی مردن چی

لە هەمیشـــەیی و چی لە کاتی، لە هەر حاڵەتێکدا چوار مانگ و دە ڕۆژە؛ مەگەر ئەوەی کە ژن دووگیان بێ لەم حاڵەتەدا عەدەی مردن هەتا کاتی دووگیانبوونە بەو مەرجەی مەودای نێوان مردنی مێرد و دووگیانبوونی ژن لە چوار مانگ و دە ڕۆژ زیاتر بێ دەنا ماوەی عەدە هەمان چوار مانگ و دە ڕۆژە."

## جیاوازیی نێوان هاوســەرگیریی کاتی و هەمیشــەیی لە ڕوانگەی یاســا و هەلومەرجەوە

لەم بەشـەدا جیاوازیی بنەما و حوکمەکانی مەتعە لەگەڵ نیکاحی هەمیشـەیی تاوتوێ دەکرێ (میرخانی، 1379).

### ئـ) دیاریکردنی ماوە لە هاوسەرگیریی کاتی

یەکەمین جیاوازیی ئەم دوو چەشـنە نیکاحە لە هەمیشـــەیی و کاتیبوونیاندایە. لە هاوســـەرگیریی کاتیدا لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوە، هاوســـەرەکان ئەگەر پێیان خۆش بوو دەتوانن مارەکردنەکە درێژ بکەنەوە و ئەگەر پێیان خۆش نەبوو بە بێ تەڵاق لێک جیا دەبنەوە. چارەنووس (تقدیر) لە هاوسەرگیریی کاتی و دیاریکردنی ماوە لە مەرجەکانی دروستیی نیکاحە؛ بەڵام لە هاوســـەرگیریی هەمیشـــەییدا ئاماژە بە ماوە ناکرێ، بەڵکوو خودی بڕیاری "انکحت و زوجّت" دەرخەری بەردەوامییە.

### ب) نەبوونی بەرپرسایەتیی ئابووری

لە سۆنگەی بارودۆخی تایبەتی هاوسەرگیریی کاتییەوە ژن و مێرد ئازادیی زیاتریان هەیە. لێرەدا پیاو بەرپرســایەتیی تێچووی ڕۆژانە، جلوبەرگ، خانوبەرە و دیکەی پێویستییەکانی ژن وەکوو دەوا و دەرمانی لە ئەستۆ نییە و بەم چەشـــنە هاوســـەرگیرییە پیاو ئەم ئەرکانەی نییە؛ مەگەر ئەوەی کە وەک مەرج دیاری بکرێت.

### پ) جۆری گوێڕایەڵی و سەرۆکایەتی

لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە هۆی ئەوەی پیاو بەرپرسی بنەماڵەیە، گوێڕایەڵی لە ئاست مێرد و ئەنجامدانی ئەرکی هاوسەرێتی لە سەر ژن پێویستە و ڕەچاوگرتنی بەرژەوەندیی بنەماڵە و گرینگیدان بە ڕێگری لە دارمان و پێشگری لە سەرپێچی و دابڕان لە سەر هەر دوو لایەنەکەدا پێویستە. بەڵام لە هاوسەرگیریی کاتیدا ڕەچاوکردنی ئەم کاروبارە ئەرکی لایەنەکان نییە، مەگەر ئەوەی کە گرێبەستێک لە نێوان ئەو دووانەدا ببەسترێ کە بە پێی ئەوە لایەنەکان ئەنجامدانی هەندێ لە کاروبارەکان لە سەریان پێویست بێ و بە هۆی "المؤمنین عند شروطهم" ناچار بە قبووڵکردنی بن. بەڵام لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا لەگەڵ مارەکردن، ماف و ئەرکەکان دەست پێدەکا و ژن و مێرد ناتوانن خۆ لەم ئەرکانە بدزنەوە.

### ت) زکوزا

لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا هیچکام لە هاوسەرەکان بە بێ ڕەزامەندیی ئەویتری بۆی نییە ڕێگری لە منداڵخستنەوە و زکوزا بکا؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی کاتیدا ڕەزامەندیی کەسی بەرامبەر بۆ ئەم مەبەستە پێویست نییە. سەرەڕای ئەمە، منداڵی هاوسەرگیریی کاتی لەگەڵ منداڵی هاوسەرگیریی هەمیشەیی هیچ جیاوازییەکی نییە.

### ج) جیاوازیی لە بڕەمارەیی

لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتی بڕەمارەیی پێویستە و بە پێی ئایەتە بێژومارەکانی قورئان، بڕەمارەیی دەبێ بە تەواوەتی بە ژن بدرێ؛ بە جۆرێک کە ئایەتی 4ی سووڕەتی نیسا دەفەرموێ: وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا "مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕی دڵفراوانی و ئاسوودەییەوە، خۆ ئەگەر بە خواست و ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێک مارەیی و بەخشینیان بە ئێوە،

بۆتان هەیە بیخۆن و بە کاری بهێنن و بە بێ دوودڵی نۆشی بکەن و (سوودی لێ وەربگرن)."[1] بە پێی شرۆڤەی ئەهلی شیعە، ئایەتی 24ی سوورەتی نیسا لە بارەی نیکاحی کاتی دەفەرمووێ: "فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً" جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ.[2]

کەواتە جیاوازیی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتی لە بڕەمارەییدایە. لە هاوسەرگیریی کاتیدا ئاماژەنەکردن بە بڕە مارەیی، مارەییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا لە ئەگەری ئاماژەنەکردن بە بڕە مارەیی، "مهرالمثل" دیاری دەبێت. لە گێڕانەوەیەکی سەحیح لە زورارە دەگێڕنەوە کە ئیمام سادق (س) فەرموویانە: "مەتعە سەر ناگرێ؛ مەگەر بە دوو شت: یەکیان دیاریکردنی ماوە و ئەوی دیکە پاداشت و مارەییەکە کە دیاری کرابێ و ئەگەر پیاوبەر لە هاوجێیەتی لەگەڵ ژن، ماوەی دیاری ببەخشێتەوە "هبە" و بیهەوێ لێی جیا ببێتەوە نیوەی مارەیی لە ئەستۆی ئەوە" میرخاني، 1379 ؛ بە نقل از جواهر الكلام علامە شیخ محمدحسن نجفی و وسایل الشیعە حر عاملی).

## چ) میرات و هاوسەرگیریی کاتی

لە هاوسەرگیریی کاتی، ژن و مێرد لە یەکتر میراتیان ناکەوێ؛ بەڵام ئەگەر منداڵێکیان لێ بکەوێتەوە لە هەر دوو لا میراتی دەکەوێ؛ چوونکە منداڵی ڕاستەقینەیانە. سەبارەت بەوەی کە لە هاوسەرگیریی کاتی، ژن و مێرد دەتوانن مەرجی میرات بۆ یەکتر دابنێن یان نا دەبێ بڵێین بەو پێیەی لە گێڕانەوەکاندا دەردەکەوێ لە هاوسەرگیریی کاتیدا میراتگرتن بوونی نییە. هەر لەم بوارەدا

---

1ـ سوورەتی نساء ئایەتی 4، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 77، وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

2ـ سوورەتی نسا ئایەتی 24، قورئانی پیرۆز (تەفسیری ئاسان) لاپەڕەی 82 وەرگێڕاوی بورهان محەمەد ئەمین

هەندێ لە فەقێکان زیادکردنی شتێک کە لە ڕووی شەرعییەوە قەدەغەیە، وەک مەرج، دروست نییە و بنەمای "المؤمنون عند شروطهم" لە بارەی مەرجەکانی ڕێگەپێدراوە، نە ئەو مەرجەی کە شەریعەت ساختەبوون یان ڕەتکردنەوەی پشتڕاست کردۆتەوە. کەواتە لە بەشی میراتیش بەم شێوەیە و ناتوانین شتێک بە گرێبەستەکان زیاد بکەین کە شەریعەت قەدەغەی کردووە. بۆ وێنە لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە سەبارەت بە سنوورەکانی مەتعە پرسیار لە ئیمام سادق (س) کرا و ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێ: "مِن حُدودها إن لاترثها و لاترثك" واتە لە سنوورەکانی مەتعە ئەوەیە کە نە ژن میراتی لە تۆ دەکەوێ و نە تۆش میراتت لەو دەکەوێت. لە گێڕانەویەکی دیکەدا کە بەڵگەکەی سەحیحە هاتووە کە پرسیار لە ئیمام سادق (س) کرا: "پیاوێک کە لەگەڵ خاتوونێک هاوسەرگیریی کاتی دەکا و تێیدا مەرجی میرات ڕەچاو ناکات. ئیمام سادق (س) دەفەرمووێ: لَیسَ بینَهما میراث اِشترطا اَو لم یَشترطا" لە نێوان ئەو دوولنەدا پەیوەندیی میرات دروست نابێ، چ وەک مەرج ڕەچاوی بکەن و چ نەیکەن (هەمان، 1379).

## ح) تەڵاق لە هاوسەرگیریی کاتی

لە هاوسەرگیریی کاتیدا تەڵاق بوونی نییە و بە کۆتاییهاتنی ماوەی نیکاح یان بەخشینی پاشماوەی کاتەکە لە لایەن پیاوەکەوە ژن و مێرد لێک جیا دەبنەوە و لە هەمان کاتدا ژن لە پیاو نامەحرەم دەبێت. هەروەها لە نیکاحی کاتیدا ئیلا[1] و لەعان[2]ـیش ڕوو نادات.

## خ) مەرجی هاوئایین‌نەبوون

پیاوی موسڵمان دەتوانێ ژنی مەسیحی، جوولەکە، ئاشووری، ئەرمەنی، زەردەشتی و بە گشتی ژنی ئەهلی کتێب وەک ژنی کاتی مارە بکات (نەجەفی، ج 30؛ 188)؛ لە حاڵێکدا هاوئایین‌بوون لە هاوسەرگیریی

---

1 ـ سوێندی سەرجێیی نەکردن

2 ـ تۆمەتبارکردنی هاوسەر بە زینا

هەمیشـەیی پێویسـتە. لەم بارەوە قورئان دەفەرمووێ: "وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْـرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ" کەولتە قبوولکردنی ئیســلام بۆ هاوســەرگیریی هەمیشــەیی لە ئەگەری ناموسڵمانبوونی یەکێک لە هاوسەرەکان پێویستە.

ڕوونکاری: ژنی ناموســڵمان تەنیا دەتوانێ ببێتە هاوســەری کاتیی پیاوی موسڵمان.

**د) جۆری مارەکردن**

مارەکردنی هەمیشــەیی بە ڕســتەی "اَنکَحتُ و زَوَّجتُ"ـــــە؛ بەڵام مارەکردنی کاتی بە "مَتَعتُ"ــە؛ چوونکە لە یەکەمدا نیکاح هەمیشەییە و هی دووهەم تەنیا بۆ مەتعەیە.

**ر) جیاوازیی لە عەدە**

یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکانی نیکاحی هەمیشــەیی و کاتی عەدەیە. عەدەی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی سـێ جار سـووڕی مانگانە بۆ ژنانە کە لە زک نەوێستاون و سێکسییان کردووە؛ بەڵام لە هاوسـەرگیریی کاتی دوو جار پاکیزەبوونەوە لە سووڕی مانگانەیە (هەمان: 156). هەروەها ئەو خانمانەی کە لە تەمەنی کەوتنە ناو سـووڕی مانگانەدان بەڵام ناکەونە سـووڕی مانگانە، لـە هـاوســـەرگیریی هـەمیشــەییدا دەبێ ســێ مـانـگ عـەدە ڕابگرن و لـە هاوسەرگیریی کاتی چل و پێنج ڕۆژە.

**خاڵە هاوبەشەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی**

1. وەک لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا دایک و خوشکی ژن لە مێرد و باوک و کوڕی مێرد لە ژن حەرام و مەحرەمن، ئەم حوکمە هاوسەرگیریی کاتیش دەگرێتەوە.

2. وەک خوازبێنیکردنی هاوسەری هەمیشەیی لە دیتران حەرامە، خوازبێنیی ژنی کاتیش حەرامە.

3. وەک لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا هاوسەرگیریی هاوکات لەگەڵ دوو خوشک ڕێگەپێدراو نییە، لە هاوسەرگیریی کاتیشدا ئەم حوکمە هەیە.

4. وەک زینا لەگەڵ هاوسەری هەمیشەیی یان ژن لە عەدەی (ڕۆجعییە) حەرامە، زینا لەگەڵ هاوسەری کاتیش هەر بەم شێوەیە و حەرامە.

5. بە پێی وتەی بەناوبانگی فەقێیانی شیعە و بە گوێرەی مادەی 1043ی یاسای مەدەنی "نیکاحی کچێک کە هێشتا شووی نەکردووە؛ ئەگەرچی بە تەمەنی پێگەیشتن گەیشتبێ، دەبێ لە سەر ئیزنی باوک یان باپیریی باوکی بێت" (کاتووزیان، 1387: 80). لە نیکاحی کاتیشدا ئەگەر ئافرەتەکە کچ بێ ئیزنی باوک یان باپیری باوکی پێویستە. هەڵبەت فەقێکان لە سەر پرسی ئیزنی سەرپەرشت ناکۆکن؛ چوونکە مرۆڤ دەبێ باڵقی پێگەیشتوو و سەربەخۆ بێت. زۆرێک لە فەقێیانی دواییەی لە سەر سەربەخۆیی قسەیان کردووە؛ بەڵام بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی، خۆبواردن لە هەستی تیژتێپەڕی زێدەڕەوی و کەمڕەوی و گرینگیدان بە بەرژەوەندییەکانی کچ و سازدانی پەیوەندیی زیاتر و ڕاوێژکردن لەگەڵ دایک و باوک لە بارەی هەڵبژاردنی هاوسەر کە دەورێکی سەرەکییان لە پتەوکردن و تەندروستیی بنەماڵەدا هەیە، مەرجی ئیزنی سەرپەرشت بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ لایەن پێشنیار دراوە.

6. لە هاوسەرگیریی کاتی وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی مارەکردن

پێویســـتە کەولتە لایەنەکان یان کەســێکی دیکە بە نوێنەرایەتیی ئەوان دەبێ مارەی کاتییان بکا و بە دیاریکردنی بڕەمارەیی و ماوەی مارەیی، هاوسەرگیریی کاتی ســەر دەگرێت. لە مارەبڕینی کاتی وەکوو مارەبڕینی هەمیشــەیی، ژن لایەنی ئیجابە (پێویســـت) و پیاو لایەنی قبووڵکردنی مارەبڕینەکەیە. واتە ئەگەر ژن بیهەوێ مارەی بکەن، دەڵێ "مَتّعتُ نفسی لَکَ علی المَهر المَعلوم فی المُدة المعیّنة" و پیاو دەڵێ "قبلتُ" یان مارەییەکە نوێنەری ژن دەیخوێنێ و پیاو قبووڵی دەکات.

7. عەدەی مردن لە مارەکردنی هەمیشــەیی و کاتیدا چوار مانگ و دە ڕۆژە.

8. بەســەرچوونی عەدەی ژنی دووگیان لە هەموو هاوســەرگیرییەکدا ماوەی دووگیانییەکەیەتی.

9. درێژکردنەوەی نیکاحی هەمیشـەیی بۆ ژنێک کە بە شـێوەی کاتی مارە کراوە، دروســت نییە؛ چی مارەکردنی دووهەم هەمیشــەیی بێ یان کاتی. کەولتە پیاوێک کە مارەکردنی یەکەم هی ئەوە، بەر لە بەســەرچوونی ماوەی هاوســەرگیرییە کاتییەکەی ناتوانێ مارەکردنەکە درێژ بکاتەوە. بە پێی ئەو بنەمایە ئەگەر کوڕ و کچێک کە لە نیکاحی کاتیدان بیانهەوێ هاوســەرگیریی هەمیشـەیی بکەن، یان دەبێ پیاوە لە پاشـماوەی ماوە دیاریکراوەکە خۆش بێ یان لایەنەکان دەبێ هەتا کۆتاییهاتنی ماوەی ســیغەی یەکەم دان بە خۆیلندا بگرن. دەنا مارەبڕینی دووهەم هەڵوەشــاوەیە. هەندێ جار لە عورفدا ئەم بابەتەش پشتگوێ دەخرێت.

10. منداڵی بەرهەمی هاوســەرگیریی کاتی وەکوو هاوســەرگیریی هەمیشــەیی لە کاتی هاوســەرێتیدا هی مێردە و لێکەوتە و حوکمەکانی پەیوەســت بە منداڵ هاوشــێوەی لێکەوتە و حوکمەکانی هاوســەرگیریی هەمیشەییە.

**تەمەنی هاوسەرگیریی کچ و ئیزنی سەرپەرشتیار لە هاوسەرگیریی کاتی**

تەمەنی نیکاح بۆ کچ لە هاوسەرگیریی کاتی وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی 13 ساڵانە. مادەی 1041ی یاسای مەدەنی دەڵێ: نیکاحی کچ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 13 ساڵی تەواوی هەتاوی و کوڕ بەر لە گەیشتنی بە تەمەنی تەواوی 15 ساڵی هەتاوی، پەیوەستە بە ئیزنی سەرپەرشت بە مەرجی بەرژەوەندی بە لێکدانەوەی دادگای شیاو" (پەسەندکراوی 27/9/1379). بەڵام زۆرێک لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و چالاکڤانانی یاسایی و کۆمەڵایەتی بە شێوەی جیدی ڕخنەیان لەم لانیکەمی تەمەنییە گرتووە؛ چوونکە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دیاردەی منداڵهاوسەری.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە نێوان ساتەوەختی لەدایکبوون هەتا 18 ساڵانە. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان هاوسەرگیریی منداڵان بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەن 18 ساڵ بەر لەوەی کچ لە سۆنگەی جەستە و دەروونییەوە ئامادەی قبوڵکردنی بەرپرسایەتیی هاوسەرێتی و منداڵ بەخێوکردن بێ، دەوترێت. هەر بەم پێیە لەو حاڵەتانەی وا منداڵێک خوار ئەم تەمەنە بێ بە شێوەی هاوسەرگیریی کاتی و هاوسەرگیریی هەمیشەیی هاوسەرگیری کردووە، ئەوە هاوسەرگیریی منداڵ ڕووی داوە؛ ئەم هاوسەرگیرییە لە لایەن باوک یان باپیری منداڵەوە بە سەریدا سەپێنراوە (ئەحمەدی، 1395: 9-89).

بە پێی مادەی 1041ی یاسای مەدەنی لە ئێران سەرپەرشتی کچ دەتوانێ لە تەمەنی 13 ساڵان و تەنانەت کەمتر لەوە کچەکەی بە شێوەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی یان کاتی لە پیاوێک مارە بکات. سەرەڕای ئەمە زۆرێک لە فەقێ و زانایانی ئایینی دژی ئەم لانیکەمی تەمەنییە و دەسەڵات و ئیزنی سەرپەرشت کە لە بەڵگە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، دەوەستنەوە.

وەکوو مامۆستا عەبدولکەریمی شەهریکەندی کە سەرپەرشتیاریی ناچاری بۆ نیکاح بە بێبنەما وەسف دەکا و دەڵێ: "لە نیکاحی کاتی هەتا ئەو جێگایەی کە ئاستەنگ یان ستەم یان غەدرێک لە ئارادا نەبێ، بەڵام بوونی سەرپەرشتی ژن پێویستە؛ بەڵام سەرپەرشتیاریی ناچاری بە شێوەی ڕەها لە لایەن سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە دانی پێدا نانرێ و سەرپەرشتیار ناتوانێ بە بێ ڕەزامەندیی کچ، کچەکە بدا بە شوو؛ سەرەڕای ئەوەی پاکیزە یان بێوەژن یان ژنێکی گەورە بێت. بەشوودانی کچانی کەمتەمەن بە هۆی ئەوەی منداڵن و ئیزن و ڕەزامەندییان لە ڕووی شەرعییەوە بایەخی نییە، تەنانەت ئەگەر لە لایەن باوک و باپیر ئەنجام درابێ لە ڕووی شەرعییەوە هەڵوەشاوەیە، چوونکە ئەم کچە کەمتەمەنانە پێویستیان بە مێرد نییە و لە ڕووی شەرعییەوە ئیزنی سەرپەرشتیار لە ئاییندا جێی نابێتەوە. هاوسەرگیریی هەمیشەیی و نە کاتی دەبێ بە پێی عەشق و خۆشەویستی و هۆگریی لایەنەکان پتەو بکرێت. لادان لەم ماکە سرووشتی و ژیرانە و پێدانی مافی زۆرەملێیەتی بە سەرپەرشتیار بۆتە هۆی تەڵاقی پێشوەخت و هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان و بەدیهاتنی خراپە و گەندەڵی." (شەهریکەندی، 1368: 25-6). لە لایەکی تریشەوە هاشمی ڕەفسەنجانی لە کتێبی "ازدواج دائم و موقت از نظر اسلام" دەڵێ: "ئەو ژنەی کە تەمەنی 9 ساڵی تەواو کردووە و لەزکوێستاو نییە، ئەگەر بۆ ماوەی مانگێ یان دوو مانگ مەتعە بکرێ، ئەگەر مێردەکەی هاوجێیی لەگەڵ بکا و ماوەکەی کۆتایی پێ بێ یان مێردەکەی ماوەکەی پێ ببەخشێ دەبێ عەدە ڕابگرێ ..." (هاشمی ڕەفسەنجانی، 1377: 53).

دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە تۆمار ناکرێ و دەرهاویشتەکانی لە چاو هاوسەرگیریی پێشوەختەی هەمیشەیی زیاترە. وەک گرینگترین فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر بەردەوامیی منداڵهاوسەری و هاوسەرگیریی کاتیی منداڵان دەتوانین ئاماژە بە هەژاری، کەمخوێندەواری،

نەبوونی پشـــتیوانیی یاســـایی، ڕوانگەی پیاوســـالارانە و باوەڕە نەریتی و ئایینییەکان بکەین کە لێکەوتەگەلی وەکوو هەڵکشـــانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵبێوەیی، هەڵکشانی ڕێژەی منداڵانی بێسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت، کەڵکاوەژۆیی ســێکســی لە کچان، بەردەوامبوونی پرۆســـەی هەژاری و داوێنپیسی، هەڵکشانی نەخۆشیی جەستەیی و سێکسی و دەروونی بەتایبەت بۆ کچانی بە دواوەیە (ئەحمەدی، 1396).

بە پێی یاسا لە نیکاحی کچی پاکیزهیزە چی هاوسەرگیریی کاتی و چی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، ئیزنی باوک یان باپیری باوکیی کچەکە پێویستە. لە ئەگەری ئیزننەدانی بێ پاساوانەی باوک، ئامادەنەبوونی باوک لە شوێن و نەگونجاوبوونی ئیزندان، کچ دەتوانێ بە ناســـاندنی پیاوی مەبەســـت و مەرجەکانی نیکاح داوای ئیزنی هاوســـەرگیری لە دادگای مەدەنیی تایبەت بکات (مادەکانی 1043 و 1044). دەتوانین بۆچوونی زلنایانی شـــیعە لە بارەی ئیزنی باوک لە هاوســـەرگیریی کاتیدا لە پێنج گرووپ پۆلێنبەندی بکەین: کۆمەڵێ لە فەقێیانی ئەهلی شیعە پێیان وایە بۆ هاوسەرگیریی کاتیی کچی پاکیزە کە پێگەیشـــتووە و بەرژەوەندیی خۆی دەناســـێ، ئیزنی باوک پێویســـتە. گرووپێکی دیکە ئیزنی ســـەرپەرشـــت بە هۆی پێویســـتبوون بە پێویســـت دەزانن. بە پێی حوکمە ئایینییەکان، لە وەها حاڵەتێکدا دەتوانین پرس بە ســـەرچاوەیەکی لاســـاییکردنەوەی دیکە بکەین. هەندێ لە سەرچاوەکان لەو بۆچوونەدان ئیزنی باوک لە هاوسەرگیریی کاتیدا لە ڕووی ئەرکەوە پێویستە. واتە ئەگەر کچ بە بێ ئیزنی باوک مارە بکرێ دروستە؛ بەڵام ئەو کەســـەی کە دەبا ئیزنی وەرگرتبایە و ئیزنی وەرنەگرتووە، تاوانبارە. هەندێکی دیکەی فەقێکان لەو باوەڕەدان کە ئیزنی باوک پێویســـت نییە؛ بەڵام باشـــتر وایە ببێت. لە کۆتاییدا هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە هاوســـەرگیریی کاتی لە بارەی کچێک کە سەربەخۆیە و بەرژەوەندیی خۆی دەزانێ، پێویستی

بە ئیزنی باوک نییە. لە درێژەدا ڕا و بۆچوونی هەندێ لە وتەی کەسانی گەورە کە لەم پۆلێنبەندییەدان، دەخەینە ڕوو:[1]

ئـ) وتەی خومەینی، شەبیریی زەنجانی و تەبریزی پێیان وایە ئیزنی باوک لە هاوسەرگیریی کاتی پێویستە. ئایەتوڵا سیستانیش وەها بۆچوونێکی هەیە؛ بەڵام بۆ کچێک کە بەرپرسی کاروباری ژیانی خۆیەتی ئیزنی باوک لە ڕووی پێویستییەوە بە پێویست دەزانن نە لە ڕووی فتواوە.

ب) وتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، مەکارم شیرازی، ئەراکی، خۆیی، گوڵپایەگانی، فازڵ لەنکەرانی، سافی و وەحید خوراسانی لەو زانا ئایینیانەن کە پێیان وایە لە هاوسەرگیریی کاتیدا بە پێی پێویستبوون ئیزنی باوک پێویستە.

ب) ئایەتوڵا بەهجەت لە ڕووی ئەرکییەوە ئیزنی باوکی بۆ هاوسەرگیریی کاتی بە پێویست زانیوە. بەم پێیە ئەگەر مارەکردن بە بێ ئیزنی باوک بێ دروستە؛ بەڵام لە تاوانی کەسەکە کەم نابێتەوە. لە فتوادانی یەکێک لە شوێنکەوتووانی ئایەتوڵا بەهجەت لێی پرسی: "ئایا کچی پاکیزە کە پێگەیشتوو و ژیرە ، بە بێ ئیزنی باوک دەتوانین مەتعەی بکەین؟" ئایەتوڵا بەهجەت بەم شێوە وڵامی دایەوە: "لە ڕووی ئەرکەوە دەبێ ئیزن لە باوک یان باپیری باوکیی خۆی بخوازێ چوونکە لە ڕووی پێکهاتەییەوە کارێکی خراپە."

یاسای مەدەنی لە مادەی 1043 ئیزنی باوک یان باپیری باوکی بۆ نیکاحی کچی پاکیزە بە پێویست دەزانێ، ئەم مادە بەر لە چاکسازیی ساڵی 1361ی هەتاوی بەم شێوە بوو: "نیکاحی کچێک کە هێشتا شووی نەکردووە، ئەگەرچی تەمەنی پتر لە 18 ساڵ بێ لە سەر ئیزنی باوک یان باپیری باوکییەتی." لە هەندێ لە حاڵەتەکلندا ئیزنی سەرپەرشت بایەخی

1. http://sedayeshia.com/showdata.aspx?dataid=9168&siteid=1

نامێنێ و کچی پاکیزە دەتوانێ بە بێ ئیزنی باوکی یان باپیری باوکیی خۆی هاوسەرگیری بکات. وەها هاوسەرگیرییەک لە حوکمی یاسادا دروست و کاریگەرە. ئەم بەربەستە سنووردارکەرەوانە بریتین لە:

ئەلف) سەرپەرشت دەبێ زیندوو بێ؛ دەنا ئیزنی ئەو پێویست نییە.

ب) سەرپەرشت دەبێ ئامادە بێ؛ ئەگەر سەرپەرشت لە سەفەر بوو یان بوونی نەبوو، سەرپەرشتیارییەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ئیزنی ئەو ناپێویست دەبێت.

پ) سەرپەرشتیار خۆی دەبێ کەسێکی شیاو بێ؛ ئەگەر سەرپەرشتیار بێدەسەڵات (نەبەگە) بێ، مافی دەستێوەردانی نییە.

ت) سەرپەرشتیار دەبێ لە هاوسەرگیریی کچەکە بەرژەوەندیناسی بکا؛ چوونکە دەسەڵاتەکەی لە بەرژەوەندیی کچەکەیدا سنووردار دەبێتەوە.

پ) سەرپەرشتیار دەبێ لە ڕەچاوکردنی بەرژەوندیدا دڵسۆز بێت. لە ڕووی یاساییەوە ڕێگری نابەجێی سەرپەرشتیار، سەرپەرشتیارییەکەی لێ زەوت دەکات.

ئەگەر باوک یان باپیری باوکیی کچەکە بە هۆی نەبەگەیی و ژێر سەرپەرشتیاری بێ پێویست بە ئیزنی کەسێکی دیکە وەک سەرپەرشتیاری ئەو کچە ناکات. هەروەها ئەگەر باوک یان باپیری باوکیی کچەکە مردبێ، کچەکە پێویست ناکا ئیزن لە کەسێکی دیکە بخوازێ و ئیزنی سەرپەرشتیار هەڵدەوەشێتەوە. یاسای مەدەنی لە ئەگەری دووری یان مردنی سەرپەرشتیار ئاماژەی بە بێبایەخبوونی ئیزنی سەرپەرشتیار نەکردووە؛ بەڵام هەتا بەر لە چاکسازیی ساڵی 1370ی هەتاوی مادەی 1044ی یاسای مەدەنی لە ئەگەری دووریی سەرپەرشتیار ڕاشکاوانە ئیزنی سەرپەرشتیاری هەڵوەشاندۆتەوە. ئەم مادە بە ئاماژە بە مادەی 1043 بەم شێوە بوو: "سەبارەت بە مادەکەی پێشوو، دەبێ باوک یان باپیری باوکیی کچەکە ئیزن

بدا و ئەگەر باوک یان باپیری کچی لە ژێر سەرپەرشتیاریی بێ، ئیزنی سەرپەرشتیار پێویست نییە." لە چاکسازیی ساڵی 1370ی هەتاوی بە پێی بنەما لێبڕاوە فیقهییەکان، مادەی 1044ی یاسای مەدەنی دەبێ بە جۆرێ بگۆڕدرابا کە دووری و نەبوونی سەرپەرشتیاری باوک هەر دوو وەک هۆکاری هەڵوەشانەوەی ئیزنی سەرپەرشتیار بۆ نیکاحی کچی پاکیزە دیاری بکرابایە؛ بەڵام مەخابن یاسادانەر بێدەسەڵاتیی (ژێرسەرپەرشتیاری) سەرپەرشتیاری لابرد و پرسی نەبوونی باوکی لە جیاتی ئەوە دانا. سەرەڕای ئەمە لە هەڵوەشانەوەی ئیزنی سەرپەرشتیار لە کاتی دووری یان مردنی سەرپەرشتیار گومانی تێدا نییە و هەر بۆیە نووسەرانی یاسایی بەر لە چاکسازیی ساڵی 1370ی هەتاوی بە ئاوڕدانەوە لە پێشینەی فیقهی، حوکمی ئەم بابەتەیان هەڵدەهێنجاند. پرەنسیپ و بنەماکانی یاسای مەدەنی، بۆچوونی فەقێیان ئیمامییە و یەکێتی پێوەرەکان بە بابەتێتیی مادەی یاسایی مەدەنی، ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەگەر باوک یان باپیر نەبوو و دوور بوون، بە گوێرەی بۆچوونی فەقێکانی ئیمامییە کچ دەتوانێ بە بێ ئیزنی سەرپەرشتیار لەگەڵ هاوسەرێکی شیاو و هاوئاستی خۆی هاوسەرگیری بکات. بەڵام مادەی 1044ی یاسای مەدەنیی چاککراو لە ساڵی 1370 بە پێی فیقهـ ڕایگەیاندووە: "لە حاڵەتێکدا کە باوک یان باپیری باوکی لە شوێنەکەدا ئامادە نەبێ و ئیزن لێوەرگرتنیان نەگونجاو بێ و کچیش پێویستی بە هاوسەرگیری بێ، ئەو دەتوانێ هاوسەرگیری بکات."

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئامانجی یاسادانەر لە بایەخداربوونی "ئیزنی سەرپەرشتیار لە نیکاحی کچ" پاراستنی بەرژەوەندیی کچ، بنەماڵە و کۆمەڵگایە و ئەگەر کەڵکاوەژۆیی لە دەسەڵاتەکەی بکا و بە هۆکاری بێپاساو ڕێگری لە هاوسەرگیریی کچ لەگەڵ هاوسەرێکی شیاو و گونجاو بکا، ئەوە لەو حاڵەتەدا ئیزندلنەکەی بایەخی نییە. هەر بۆیە یاسای مەدەنی لە مادەی

1043 ڕایدەگەیێنێ: "... و هەرکات باوک یان باپیری باوکی بە بێ هیچ هۆکارێکی پاساودار ئیزن نەدا، ئیزنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و لەم حاڵەتەدا کچ دەتوانێ بە ناساندنی تەواوی ئەو کەسەی کە دەیهەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ بکا و ئەو مەرجی نیکاح و بڕەمارەییەی کە لە نێوانیاندا دیاری کراوە، پاش وەرگرتنی ئیزن لە دادگای مەدەنیی تایبەت سەردانی نووسینگەی هاوسەرگیری بکا و هاوسەرگیرییەکە تۆمار بکات."

وەک لە مادەی 1043دا دیارە، بە تەنیا ملنەدانی باوک بە ئیزدان بە بێ هۆکارێکی پاساودار، بایەخی ئیزندانەکەی هەڵدەوەشێتەوە؛ لە حاڵێکدا هەتا بەر لە چاکسازیی ئەم مادە لە ساڵی 1370، کچی پاکیزە بۆ هاوسەرگیری دەبوا سەردانی دادگای کردبایە و دادگاش پاش بێپاساوزانینی هۆکاری ڕێگری، ئیزنی نیکاحی دەدا. سەردانی دادگا و سەلماندنی بێپاساودار بوونی ڕێگری لە هاوسەرگیری، دژی ڕای فەقێیانی ئیمامییەیە و زیاتر لەگەڵ بۆچوونی فەقێیان ئەهلی سوننە یەک دەگرێتەوە.

شۆڕای نگابان (ئەنجومەنی پارێزەران) کاتی ڕادەربڕین لە بارەی چاکسازیی یاسای مەدەنیی پەسەندکراوی شۆڕای نگابانی ئیسلامی، مادەی 1043 کە هاوشێوەی ڕابردوو سەردانی کچی بۆ دادگا و وەرگرتنی ئیزن بە مەبەستی نیکاح بە پێویست دەزانی، بە پێچەوانەی شەرع لە قەڵەمی دا و لە نامەی ڕێکەوتی 1370/6/6ی هەتاوی بە پارلەمانی شۆڕای ئیسلامی ڕایگەیاند: "پێویستیی کچ بۆ سەردانکردنی دادگا و وەرگرتنی ئیزن لە ئەگەری ئیزننەدانی باوک بە بێ هیچ هۆکارێکی پاساودار، دژی شەرعە." لە ئاکامدا پارلەمانی شۆڕای ئیسلامی ئەم مادەی بەم شێوە چاک کرد. کەواتە ئەگەر کچ بە بێ سەردانی دادگا لەگەڵ هاوسەری هاوئاستی خۆی هاوسەرگیری بکا، نیکاحەکەی هەڵوەشاوە نییە. لە ڕاستیدا بە پێی مادەی 1043، تۆمارکردنی هاوسەرگیری و وەرگرتنی ئیزن لە دادگای مەدەنیی تایبەت لە مەرجەکانی

نیکاح نییە و ڕەچاونەکردنی تەنیا وەک سەرپێچیی یاسایی لە قەڵەم دەدرێت.

بەو پێیەی کە یاسا مارەکردنی کچی پاکیزە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیزنی سەرپەرشتیارەکەی، دەتوانین بڵێین ئیزنی سەرپەرشتیار تەنیا مەرجی کاریگەریی ئەم چەشنە مارەکردنەیە و مەرجی دروستبوونی نییە. کەواتە ئەگەر پاش هاوسەرگیری، باوک یان باپیری باوکی ئەم نیکاحە پەسەند بکا، هاوسەرگیری دروستە. چوونکە بە گوێرەی مادەی 1043ی یاسای مەدەنی کە نیکاحی کچی پێگەیشتووی پاکیزە بەستراوەتەوە بە ئیزنی سەرپەرشت، زۆر بە باشی دەتوانین تێبگەین کە ئیزنی هەر کامیان بێتە دی، بۆ دروستیی و کاریگەریی نیکاحەکە تەواوە. سەرەڕای ئەمە، ئەگەر باوک لە پەسەندکردنی ئەم حوکمە لاری بکا، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی لە فیقهدا ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە و هەندێک لە فەقێکان ئەم کارەکردنەیان قبووڵە.

## تۆمارکردنی نیکاحی کاتی

پاش ململانێیەکی زۆر، پرۆژە یاسای "پشتیوانیی لە بنەماڵە" کە دەوڵەت لە مانگی پووشپەڕی ساڵی 1386 ڕادەستی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کردبوو، بە لابردنی چەند مادە و چاکسازیی لە هەندێ مادەی دیکە لە ساڵی 1392 لە لایەن شۆڕای نگابانەوە پەسەند کرا بۆ ئەوەی ببێتە یاسا. ئەم یاسا نوێیە بە بێ هەڵوەشاندنەوەی یاسای پێشووی، پشتیوانیی لە بنەماڵە (پەسەندکراوی 1353) تەنیا بەشێک لە کێشەکانی یاسای پێشووی چارەسەر کردووە و هێشتا لەم بوارەدا کێشە و گرفت هەر ماون. هەندێ لە یاسا نوێکانی پاڵپشتیی لە بنەماڵە پشتیوانیی لە هەندێ لە مافەکانی ژنان لە هاوسەرگیریی کاتی دەکەن. بۆ وێنە مادەی 21ی یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە دەڵێ: "سیستەمی یاسایی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێناوی تەوەرێتی و تۆکمەیی پەیوەندییە خێزانییەکان، نیکاحی هەمیشەیی کە بنەمای پێکهێنانی

بنەماڵەیە، پشتیوانی لێ دەکات. نیکاحی کاتیش بە پێی ڕێسا شەرعی و یاسا مەدەنییەکلنە و تۆمارکردنی لەم حاڵەتانەدا پێویستە: 1. دووگیانبوونی ژن؛ 2. ڕێککەوتنی لایەنەکان".

## بابەتی چوارەم: بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونناسییەکانی هاوسەرگیریی کاتی

ڕێکخستنی پەیوەندییە سێکسییەکان هەمیشە یەکێک لە کێشەکانی ئایین و یاسای کۆمەڵگە جیاوازەکان بووە؛ چوونکە نانۆرمی لە پەیوەندییە سێکسییەکان، ناوەندی کۆمەڵایەتی تووشی کێشە دەکات. هاوسەرگیری یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسیی ژن و مێرد لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا وەک بابەتێکی لۆژێکی و ئەخلاقی و شەرعی دانی پێدا نراوە. لە یاسای کۆماری ئیسلامیی ئێران و فیقهی ئیمامییە، هاوسەرگیری بە هەر دوو شێوازی هاوسەرگیریی کاتی و هاوسەرگیریی هەمیشەیی، وەک تاکە ڕێکاری یاسایی و شەرعیی ڕێکخستنی پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان ژن و مێرد سەیر دەکرێت. بە پێچەوانەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، هاوسەرگیریی کاتی لە کەلتووری ئێرانی و نۆرمە قبووڵکراوە گشتییەکلندا جێی نابێتەوە و سەرەڕای کۆمەڵێکی زۆری لایەنگر و دژبەر وەک کردەوەیەکی قێزەون لە قەڵەم دەدرێت.

### مەتعە: ڕێکار یان حەڕەشە؟

لە ڕوانگەی لایەنگرانێکی وەکوو ئایەتوڵا تەباتەبایی، هاوسەرگیریی کاتی ڕێگایەک بۆ ڕێگری لە کۆمۆنیزمی سێکسی، واتە تێکەڵبوونی ئازدانەی کچ و کوڕ یان ڕەبەنایەتیی کاتییە. تەباتەبایی لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی "مافی ژن لە ئیسلام" دەڵێ ئەو کچ و کوڕانەی کە خەریکی خوێندنن و دەچنە زانکۆ و ماوەی سەڵتبوونیان درێژ دەبێتەوە یان دەبێ وڵامی نا بە

خواستە سێکسییەکەیان بدەینەوە و یان ئەوەی کە ئیزنی تێکەڵبوونی ئازادیان پێ بدەین. ڕێکاری ئەم پرسە هاوسەرگیریی کاتییە و هاوسەرگیریی کاتی پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە کە نە تەنیا کۆمەڵگا لە داوێنپیسی خاوێن دەکاتەوە بەڵکوو لە ڕەبەنایەتیی کاتی و بەزاکوون و کۆمۆنیزمی سێکسیش خۆی بە دوور بگرێت (موتەهەری، 1396: 45-50).

بە گوێرەی ئامار لە دەیەی نەوەدی هەتاوی بە هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووری تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێران ڕووی لە هەڵکشان کردووە و تەمەنی سەڵتیی کچان و کوڕان گەیشتووەتە ژوور 30 ساڵ. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی پەرەسەندنی سەرچەشنەکانی مۆدێلی پەیوەندیی سێکسیی نێوان کچان و کوڕان و دەرکەوتنی پەیوەندیی وەکوو هاوماڵی و پێکەوەبوون و شێوازی ژیانی مۆدێڕن، هەندێ لە بەرپرسانی سیاسی و کەلتووری و ئایینی لە ڕێگەی میدیا گشتی و نیشتمانییەکانەوە هەوڵ دەدەن هاوسەرگیریی کاتی وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و بابەتێکی شەرعی و باڵا بکەن بە جێگرەوەی پەیوەندیی سێکسیی ئازادانەی ژنان و پیاوان. بۆ وێنە مستەفا پوورمحەمەدی لە ساڵی 1386 کە وەزیری ناوخۆی وڵات بوو، وتی: "ئەگەر ئێمە بە شێوەی کردەیی وڵامی خواستە سێکسییەکانی گەنجان نەدەینەوە، ئەوکات دەبێ چاوەڕێی لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم وڵامنەدانەوەمان بین. ئەو جەختی کردەوە دەبێ نەریتی هاوسەرگیریی کاتی ببووژێتەوە" هەروەها عەلی موتەهەری ئەندامی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە ساڵی 1396 پێی وایە هاوسەرگیریی کاتی لە پلەی یەکەمدا یارمەتیی تەندروستیی کەسەکان دەدات. گرێ ڕۆحی و دەروونییەکانی کەسەکان دادەمرکێنێ و پرسە سێکسییەکان بۆیان دەبێتە بابەتێکی ئاسایی کە ئیسلامیش ئەم ڕێگەیەی پێداون. سەرۆکی ستادی دابەستنی نوێژ لە وڵاتی ئێران، حوجەتولئیسلام وەلموسلمین قەرائەتیش

وێڕای ئاماژە بەوەی کە هاوسەرگیریی کاتی بە مانای ئەوە نییە کە کچانی خوێندکاری زانکۆ سیغە بکرێن، وتوویەتی: "ئەو خوێندکارە کوڕانەی کە هەلی ژنهێنانیان بۆ نارەخسێ، دەتوانن لەگەڵ ئەو بێوەژنە گەنجانەی کە ئامادەیی شووکردنیان هەیە هاوسەرگیری بکەن هەتا ئەو کاتەی خوێندنیان کۆتایی پێ دێ، ئینجا بچن هاوسەرگیری بکەن." بە وردبوونەوە لە وتەی دەسەڵاتداران و زانایانی ئایینیی وڵات دەردەکەوێ کە ئەوان لە ئێستادا هاوسەرگیریی کاتی وەک پێویستییەکی کارکردی بۆ کۆمەڵگا سەیر دەکەن و ڕوانگەیان بۆ بابەتی پەیوەندیی سێکسیی ژنان و پیاوان یەکلایەنە و بە قازانجی پیاوانە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە دیاردەی هاوسەرگیری لە درێژایی مێژودا لە ڕووداوە گرینگ و بنەڕەتییەکانی ژیان و خواستی کۆمەڵگای مرۆیی بووە. هەر بۆیە جیا لە ئایین و ئایینزاکان، زانستگەلی وەکوو مێژوو، کۆمەڵناسی، خەڵکناسی، یاسا، ئابووری، دەروونناسی، پەروەردە و ڕاهێنان، فەلسەفە و ... سەرنجیان پرژاندۆتە سەر ئەم بابەتە. دروستکردنی پەیوەندیی سێکسیی مرۆیی، یەکێک لە خواستە سۆزدارییەکانی مرۆڤە. هاوسەرگیری، دۆستانەترین جۆری پەیوەندیی بۆ تێرکردنی هەموو خواستەکانە بە مادی و مەعنەوییەوە و وەک یەکێک لە قۆناغەکانی گۆڕانی مرۆڤ بە هەژمار دێت.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، هاوسەرگیری لە حاڵەتێکدا بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتیی گشتی کارکردی ئەرێنی هەیە کە لە کات و لە بارودۆخی گونجاودا ئەنجام بدرێت. ئاسوودەیی و ئاسایشی کۆمەڵگا دەرەنجامی هاوسەرگیریی تەندروست و لە کاتی خۆی و ژینگەی ئۆقرەبەخشی بنەماڵەیە. هەر بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیری تاوتوێ دەکەین.

**بنەما تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان**

هاوسەرگیری وەک بنەمای بیچمگرتنی بنیاتی بنەماڵە، ئاراستەی تێپەڕینی تاکەکان لە گەنجێتییەوە بۆ تافی گەورەساڵی و گرینگترین ڕووداوی ژیانی تاکایەتییە کە هەمیشە لە بیری گشتیی کۆمەڵگادا چەقی سەرنج بووە. هاوسەرگیری ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی گرینگە کە لە ڕێگەی دابینکردنی کۆمەڵێکی تایبەت لە ماف، سەریازی، پابەندی، بەرپرسایەتی و چاوەڕوانیی ڕۆڵێکی نوێ، پشتیوانیی لە پەیوەندییە سێکسییەکان دەکا و دەبێتە هۆی مانەوە و بەردەوامیی بنیاتی بنەماڵە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ میکانیزمەکانی وەدیهاتن و دیسیپلین و زنجیرە هاوپەیوەندەکانی یەکێک لە گرینگترین دیاردە کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ژیانییەکانە کە هەم کارتێکراوی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگایە و هەم کاریگەریشی لە سەر دادەنێت. لە ڕوانگەی ژیانی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هیچ ناوەندێک وەکوو ناوەندی هاوسەرگیری، چەسپاو و سەقامگیر نییە. هەر بۆیە هیچ ناوەندێکیش وەکوو ئەم ناوەندە ناکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان (ئەحمەدی و هاوکاران، 1390 هەتاوی).

وەرچەرخان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لە نێوان پێگەیشتنی سێکسی و پێگەیشتنی ئابووری مەودایەکیان دروست کردووە و تەمەنی هاوسەرگیریان هەڵکشاندووە و لە ئەنجامدا ساڵانی سەڵتییان درێژ کردۆتەوە. هەر بۆیە گەنجان لە چاو ڕابردوو کەمتر خوازیاری هاوسەرگیریی هەمیشەیین. هەرچی زیاتر ورووژاندنی سێکسی لە لایەن تەکنەلۆژیای نوێی میدیاییەوە بۆتە هۆی ئەوەی تێپەڕین لەم قۆناغە دوور و درێژە تووشی کێشە و دەرهاویشتەی تاکایەتی، خێزانی و کۆمەڵایەتی ببێتەوە. وەها هەلومەرجێک هەلی پێویستی بۆ دروستبوونی پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزانی و هاوسەرگیری ڕەخساندووە.

ســـەرەڕای ئەوەی دیاردەی پەیوەندیی ســـێکســـیی دەرەوەی هاوســـەرگیری مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە کۆمەڵگە مۆدێڕنەکان ناوەڕۆکێکی جیاوازی هەیە و گشتگیر بووە. ئەگەر وەها پەیوەندییەکی سێکسی لە کەلتووری ڕۆژاوا بە هۆکار و دەرهاویشـــتەی تایبەت بە خۆیەوە بۆتە بەشـــێک لە کەلتووری گشتیی کۆمەڵگا، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم پەیوەندییە سێکسییانە سەرەڕای شـــاراوەبوون، قەت بە شـــێوەی گشـــتی پەســـەند نەکراون و شـــەرعێتیی کۆمەڵایەتیی تەواوی نییە و زۆر جار وەک پەڵەیەکی ناشـــیرین بە ناوچاوی کەلتووری گشتییەوە دیارە. هەر بۆیە خستنە ڕووی ڕێکارێک بۆ دەرچوون لە لێکدژیی نێوان پێویستیی سرووشتی بەرەو تێرکردنی خواستە سێکسییەکان و کێشەی بەردەم تێرکردنی خواستە سێکسییەکان و ئاستەنگی بەر دەم تێرکردنی شـــەرعییانەی ئەم خواســـتانە پێویســـتە. بێگومان هەندێ لە دەســـەڵاتدارانی حکوومەتی و ئایینی، بووژاندنەوەی نەریتی هاوسەرگیریی کاتی و پێشنیار بۆ جێبەجێکردن و بەیاسایی‌کردنی هاوسەرگیریی کاتی بە یەکێک لە گرینگترین و لە هەمان کاتدا مشـــتومڕبزوێنترین ڕێکارە ئاماژەپێکراوەکان دەزانن کە کێشەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی گەنجان چارەسەر دەکات.

ئاڵوگۆڕبوونی بابەتی هاوسەرگیری، بەشێکی گرینگی تیۆریی کارلێک و تیۆریی کارکردی پارســـۆنزە. هەندێک پێیان وایە کە ئاڵوگۆڕ، بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە. مرۆڤەکان لە پرۆســـەیەک لە پەیوەندییە دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکاندان و ئاڵوگۆڕ بنەمای ئەم پەیوەندییەیە. هەر ئەم پرەنسیپانە لە بواری هاوسەرگیریدا دیاردەیەک بە ناوی هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕی دروست دەکات. بەم شـــێوە بە پێی بۆچوونی زۆرێک لە کۆمەڵناســـانی وەکوو لێوی شترۆس[1] و هانری مەندراس[2]، هاوسەرگیری ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم ئاڵوگۆڕە لە نێوان دوو بنەماڵە و هەروەها دوو کەس ئەنجام دەدرێت. بە پێی

1. Claude Lévi-Strauss
2. Henri Mendras

بنەما بنەڕەتییەکانی تیۆریی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بە پێی ئەو پاداشتانەی کە پێی دەگەن و ئەو تێچووانەی کە دەیدەن، هەڵسوکەوت دەگۆڕدرێت. لە ڕاستیدا تاک ئەوەی بۆ پەیوەندی لە دەستی دەدا لەگەڵ ئەوەی لە ئەنجامی پەیوەندی وەدەستی دێنێ، بەراوردی دەکا و ئینجا لەگەڵ ئەوانەی کە بە بۆچوونی ئەو بەرامبەرەکەی وەدەستی هێناوە هەڵیدەسەنگێنێت.[1] پاش ئەم هەڵسەنگاندنەکە ئەگەر کەسەکە هەست بە نایەکسانی بکا، ڕێی تێ دەچێ ئەم پەیوەندییە ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە. کەواتە دەتوانین ئەم ئەنجامە وەدەست بێنین کە بۆ هەندێ کەس کە زیاتر هۆگری هاوسەرگیریی کاتی دەبن (وەکوو پیاوان، بەتەمەنەکان، هاوسەرداران، خاوەن پیشەکان و کەسانی پڕداهات) لەوانەیە دەستڕاگەیشتن بە هاوسەرگیریی کاتی و قازانجە سێکسی و سۆزدارییەکانی هاوسەرگیریی کاتی، گرینگتر لە ڕادەی بایەخداریی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەندێکی دیکە (وەکوو ژنان، گەنجان، سەڵتەکان، کەسانی بێپیشە و کەسانی کەمداهات) ڕادەی بایەخداریی هاوسەرگیریی هەمیشەیی یان چەشنەکانی دیکەی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لە ئاستێکدایە کە کەمتر خۆیان لە پرۆسەی هاوسەرگیریی کاتی دەدەن.

هەروەها بە پێی تیۆریی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەتوانین گریمانە بکەین کە ژنان، گەنجان، کەسانی سەڵت، کەسانی بێپیشە و کەمداهاترەکان،

1ــــ ئەلەن دووباتێن لە کتێبێکدا لە ژێر ناوی باسگەلێک لە بارەی عەشق ئەم چەشنە بەراوردکردنانە لە پەیوەندیی عاشقانەدا لە ڕوانگەی کانتەوە بە نائەخلاقی پێناسە دەکا و دەڵێ: "بە وتەی ئیمانوویڵ کانت، جیاوازیی نێوان کاری ئەخلاقی و نائەخلاقی لێرەدایە کە یەکەمیان وەک ئەرکی سەرشان و بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەنج یان چێژەکەی، ئەنجام دەدرێت. من ئەو کاتە هەڵسوکەوتم ئەخلاقییە کە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو شتەی کە لە بەرامبەریدا وەدەستی دێنم، ئەنجامی دەدەم، ئەوکات تەنیا بە ئەنگێزەی ئەرکناسی ڕێنوێنی دەکرێم: "بۆ ئەوەی کارێکی ئەخلاقی پەسەندکراو بێ، بە تەنیا گونجاندن لەگەڵ پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بەس نییە، بەڵکوو دەبێ لەبەر پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیش بێت." ئەو کارانەی کە بە هۆی خوو و خدەی کەسەکەن ناچنە ناو وتەزای ئەخلاقەوە، وەها ئاکارگەلێک، ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕەتکردنەوەی تیۆریی سوودخوازانەی ئەخلاقە و بە تەواوەتی پشتبەستوو بە خواستە تاکایەتییەکانە. کاکڵی گریمانەی کانت ئەوەیە کە دەبێ تەنیا لە ئامانجی ئەو کارەی کە ئەنجام دەدرێ، ئەخلاق بدۆزینەوە. عاشقبوون ئەو کاتە ڕوو دەدا کە هیچ مەرج و چاوەڕوانییەکی تێدا نەبێ، بە واتایەکی دیکە زۆر بە سادەیی عەشق لە پێناوی عەشق بگوازینەوە."

هەست بکەن تێچوو و زیانەکانی هاوسەرگیریی کاتی لە سوود و قازانجەکانی زیاترە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بەدناوی یان لەدەستدانی پەردەی کچێتی بۆ کچانی کەمتەمەن بکەین و هەروەها کوڕانی گەنجیش دەبێ بە شێوەی کاتی بژێویی هاوسەر دابین بکەن یان ئەوەی کە ناچارن ئەو منداڵە ئەگەرییەی کە بەرهەمی هاوسەرگیریی کاتییە لە ئەستۆ بگرن. بەڵام بە گوێرەی توێژینەوەی ڕییاحی، بە باوەڕی کەسانی پیشەدار و پڕداهات، قازانجەکانی سوودمەندبوون لە هاوسەرگیریی کاتی لە خەرج و تێچووی هاوسەرگیریی هەمیشەیی یان هاوسەرگیریی دووبارە یان پەیوەندیی ناشەرعی باشترە. بۆ وێنە پێویستنەبوونی تۆمارکردنی فەرمیی هاوسەرگیریی کاتی لە ناسنامە یان تەنانەت نووسینگەکانی تۆمارکردن هاوسەرگیری و ناچارنەبوونی پیاوان بە دابینکردنی خانووبەرە و دیکەی پێویستییەکانی ژیان لە هاوسەرگیریی کاتی و لە بەرامبەردا سوودمەندبوون لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی هاوسەرگیری بۆ ئەو کەسانەی لەم بارودۆخەدان زۆر بەسوودە. بەم شێوە ئەم پیاو و ژنانە لە لایەکەوە قازانج و خەرجی خۆیان لە چاو قازانج و خەرجی کەسی بەرامبەریان لە هاوسەرگیریی کاتیدا بەراورد دەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە تێچوو و قازانجی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە چاو هاوسەرگیریی کاتی هەڵدەسەنگێنن. لە کۆتاییدا ئەو چەشنە هاوسەرگیرییە و ئەو چەشنە پەیوەندییە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر هەڵدەبژێردرێ کە لە ڕووی مادی و نامادییەوە قازانجی زێدەتر و خەرجی کەمتر بێت (ریاحی، 1391).

تیۆریی مۆدێڕنیزاسیۆن بە پێداگریکردن لە سەر گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان (بازدان لە ئابووریی کشتوکاڵییەوە بۆ ئابووریی پیشەسازی) گۆڕانی سەرچەشنەکانی هاوسەرگیری بە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بە هۆی سەرهەڵدانی هێزە نوێ کۆمەڵایەتییەکان، واتە هەر سێ ڕەوتی پیشەسازیبوون، شارنشینی و پەروەردەی گشتییەوە گرێ

دەداتەوە. بەم پێیە گۆڕانکارییەکانی هاوسەرگیری و بنەماڵە وەک سازگاربوونی سیستماتیکانە یان گۆڕانی هەلومەرجی سیستەمی کۆمەڵایەتیی دەوروبەری یان بە واتایەک سازگاری لەگەڵ بارودۆخی ئابووری /کۆمەڵایەتیی گۆڕاو ڕەچاو دەکرێت (عەباسی شوازی و سادقی، 1384). لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا فاکتەرە هاوپەیوەستە کۆمەڵایەتییەکان تووشی لێکدابڕان، لێکپسان و لاوازیی دەبن و تاکەکان وەکوو ئەتۆمی جیا دێنە بەر چاو کە هەڵوەدای هەرچی زیاترکردنی قازانج و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانن؛ واتە نیگەرانییە تایبەتییەکان دەکەوێتە پێش بەرژەوەندییە گشتی و ئێتنیکییەکان. هەروەها زەینی کەسەکان بەرەو سکۆلاریتە، مادیخوازی، تاکخوازی و گۆشەگیریدا دەشکێتەوە و بنەماڵەتەوەری دەبێتە تاکتەوەری. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە لە نێوان هاوسەرگیری و سەرچەشنەکانی بنەماڵە جۆرە سازگارییەک لەگەڵ هەلومەرجی نوێ دروست دەبێت. ڤێستۆف دەڵێ گۆڕانکارییەکانی بنیاتی هاوسەرگیری و بنەماڵە، هێما و سیمبۆلی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانن. چوونکە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا پەیوەستە بە کاڵبوونەوەی هەیمەنە نەریتی و ئایینییەکان، باوبوون و پەرەسەندنی ئەخلاقی عەقڵانییەت و تاکخوازی، پەروەردەی گشتیی بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە، بەرزبوونەوەی یەکسانیی ڕەگەزێتی، هەڵکشانی ئەگەری مانەوەی منداڵان و تەشەنە و پەرەسەندنی کەلتووری بەکارهێنان (ویکز، 2002: 416). ویلیام گوود[1] بە خستنە ڕووی ئایدیای شۆڕشی جیهانی لە سەرچەشنەکانی بنەماڵە، سنووری کاریگەرییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن بە سەر ئاستە جیا جیاکانی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و کاتی هاوسەرگیری ڕوون دەکاتەوە. مەک دۆناڵد لە تیۆریی نوێسازیی دووبارەوەبیرهێنانەوەکەی خۆیدا ڕوونی دەکاتەوە کە سەرەڕای ئەوەی

---

1. William Good

پرۆسەی نوێسازی، ئازادی و سەربەخۆییەکی زیاتری بۆ تاکەکان بە دیاری هێناوە؛ بەڵام ئاستی دوودڵبوونیانی بەرامبەر بە داهاتوو زیاتر کردووە. کەواتە هەتا ئەو کاتەی کە تاکەکان پیشەی هەمیشەیی و نەگۆڕ و توانای لەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی بنەماڵەیان نەبێ، هاوسەرگیری ناکەن و بنەماڵە پێک ناهێنن (MacDonald, 2006).

بەو پێیەی کە کارکردی دیاردەی هاوسەرگیری، دابینکردنی هەندێ لە پێویستییە مرۆییەکانە لە سەر بنەمای تیۆریی مازلۆ ئەم دیاردە پاساوهەڵگرە. تیۆریی مازلۆ، بە گریمانەکردنی مادی و نامادیبوونی ئەم پێویستییانە سەیری پێداویستییەکانی مرۆڤ دەکا و پێداویستییەکانی مرۆڤ لە پێنج پۆلدا پۆلێنبەندی دەکا: پێداویستییە جەستەییەکان، خواست بۆ ئاسایش، خواست بۆ خۆشەویستی، خواست بۆ ڕێزلێگرتن، خواست بۆ خۆدۆزینەوە و کەماڵ، خواست بۆ زانستفێربوون و ناسیاری و تێگەیشتن لە دیاردەکان و خواست بۆ جوانی و دیسپلینیش بەم پۆلێنبەندییە زیاد کراوە کە بەر لە خواست بۆ خۆدۆزینەوەیە. خواستە فیزیۆلۆژیکییەکان (خۆراک، هەوا، خانوبەرە، خواست بۆ دۆست، سەرپەنا و هتد) یەکەمین و سەرەتایی‌ترین خواستەکانی مرۆڤن؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم خواستە سەرەتاییانە دابین کرا، چیتر بزوێنەری تاک نین و مرۆڤ هەوڵ بۆ دابینکردنی خواستەکانی دیکەی دەدات.

ئانتۆنی گیدنێز باس لەو گۆڕانکارییانە دەکا کە لە بواری سەرچەشنی پەیوەندییە سێکسییەکان لە ماوەی دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بیچمی گرتووە. بە پێی ئەم پۆلێنبەندییە لە سەدەی بیستەمدا سەرچەشنێکی نوێ لە پەیوەندیی سێکسی بە ناوی "عەشقی مەلەوەر" لە نێوان ژن و مێرددا بەدی هات کە ئەم پەیوەندییانە دۆستانە، کورتخایەن و ئازادانەیە. تایبەتمەندیی کورتخایەنی و ئازادانەیی لە هاوسەرگیریی کاتیشدا بەدی دەکرێت. ئەوەی

گیدنز وەک قۆناغی سێیەم لە سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسیی ژن و پیاو دەیناسێنێ، زیگمۆند باومەن[1] لە بەرهەمێکدا لە ژێر ناوی عەشقی مەلەوەر[2] (2003) توێژینەوەی لە سەر کردووە. باومەن پێی وایە کە لە بارودۆخی مەلەوەری ژیانی مۆدێڕن، باوترین و دژوارترین و هەستیارترین و کێشەسازترین نموونەی ناتەبا و فرەچەشنیی پەیوەندییە سێکسییەکان هەمان (پەیوەندییەکانی گیرفانی بلووز)ــــە کە دەتوانین لە کاتی پێویستدا بیوروووژێنین و پاش هاوسەرگیری و دابینکردنی خواستەکان لە گیرفانماندا بیشارینەوە. هاوسەرگیریی کاتی لە ئەگەری فرەیی پەیوەندیی سێکسی، نموونەیەک لەم پەیوەندییانەیە.

بەو پێیەی کە نیگەرانیی فیمینیزم نوواندنەوەی پێگەی ژنان لە بەستێنی گشتی و بەستێنی تایبەتی و هەروەها هەوڵ بۆ یەکسانیی ژن و پیاو لەم بەستێنانەدایە، هەندێ لە فیمینیستەکان باڵادەستیی پیاوان بە سەر ژنان لە بنەماڵەدا بە هۆکاری بندەستبوونی ئافرەتان دەزانن. کەواتە یەکێ لە باسە گرینگەکان لە باسی تیۆرییە فیمینیستییەکان، هاوسەرگیری و پێگەی هاوسەرگیری لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ئەم ئاراستەیە. فیمینیزمی لیبڕاڵ خوازیاری یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو و سوودمەندبوونی ژنان لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە. لە فەلسەفەی سیاسیی لیبڕاڵدا مرۆڤەکان بە شێوەی جەوهەری لە یەک ڕەگەزن و جیاوازییە فیزیاییەکان نابێ ببنە پاکانە بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵدا بکرێت. کەواتە جیاوازیی بە هۆی توانای منداڵخستنەوە و دەوری ژن وەک منداڵخەرەوە پشتگوێ دەخرێت. ئەوان ڕوانگەی سووکایەتییانەی پیاوان بەرامبەر بە ژنان بە گرینگترین هۆکاری ژێردەستیی ژنان دەزانن و هەوڵی ژنان بۆ ئایدیالبوون لە بەر چاوی پیاوان وەک سووکایەتی سەیر دەکەن.

---

1. Zygmunt Bauman
2. confluent love

فیمینیستە ڕادیکاڵ / شۆڕشییەکان لەو باوەڕەدان کە نایەکسانییە ڕەگەزێتییەکان بەرهەمی سیستەمێکی دەسەڵاتدار و پیاوسالارە و گرینگترین بیچمی نایەکسانیی کۆمەڵایەتییە. بە وتەی فایەرستۆن کە یەکێک لە فیمینیستە ڕادیکاڵەکانە، دابەشبوونی ژن و پیاو بنەمای زیندەوەرناسانەی هەیە؛ ژنان بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەیی پێویست بۆ زکوزا و بە هۆی بەرپرسایەتیی چاودێریکردنی منداڵان لە ڕووی جەستەییەوە لە پیاوان بێهێزترن. ئەم تایەتمەندییە جۆرێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دروست کرد کە تێیدا ژنان بۆ ئاسایشی جەستەیی خۆیان پشت بە پیاوان دەبەستن. هەر بۆیە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت شێوازە باوەکانی پەیوەندیی سێکسی و منداڵداری کە پەرە بە باڵادەستیی پیاوان دەدەن ئەم پێویستییە زیندەوەرناسییە لە خۆ دەگرن. بەڵام بە بۆچوونی فایەرستۆن چیتر باڵادەستیی پیاوان پێویست نییە، چوونکە پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەکانی زکوزا هەلی سڕینەوەی بنەمای زیندەوەرناسیی ژێردەستیی ژنان دەڕەخسێنێت. ئەم پرسە مەرجی منداڵخستنەوەی (لە ڕێگەی زکپڕبوونی ژن لە پیاو) لە ئەستۆی ژنان کردۆتەوە یان دەیکاتەوە و منداڵخستنەوە و منداڵداری دەتوانێ ببێتە ئەرکی هاوبەشی پیاو و ژن. بەڵام نەوەی نوێی فیمینیستە ڕادیکاڵەکان باوەڕداربوون بە هەر چەشنە بنەمایەکی زیندەوەرناسییان بۆ بندەستبوونی ژنان ڕەت کردۆتەوە. نابێ تاوانەکە بخەینە ئەستۆی قوربانی (ژن). دەبێ ئەمە بە تاوانی زیندەوەرناسیی پیاوان بزانین: هەڵچوون و توورەیی، سرووشتی پیاوانە و پیاوان ئەم تایبەتمەندییەی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئافرەتان دەقۆزنەوە (بۆ وینە بە دەستدرێژیی سێکسی). مێری دەیلی ڕاپۆرتێکی بەڵگەیی لەو کارەساتانەی کە تێیدا پیاوان توورەیی و هەڵچوون بۆ ملکەجکردنی ژنان بە کار دەبەن، ئامادە کردووە. ناوبراو بە ئاماژە بە نەریتی سووتی (سووتاندنی ژن لەگەڵ تەرمی مێرد) لە وڵاتی

هیندستان، بەستنی قاچی کۆرپە کچەکان لە وڵاتی چین، خەتەنەی کچان لە هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقایی، ڕاوکردنی جادووگەرەکان لە ئەورووپا و شێوازەکانی چارەسەری نەخۆشییەکانی ژنان لە ئەمریکا ئەمانە بە نموونەکانی ئازاردانی ژنان لە لایەن پیاوان و بە کارهێنانی توندوتیژی بۆ کۆنترۆڵکردنیان دەزانێت (کە هێشتاش بەردەوامە). فیمینیستە ڕادیکاڵە نوێکان لەو بۆچوونەدان زکوزا ڕەوتێکی سرووشتی یان لەدایکبوونێکی سرووشتی نییە، بەڵکوو جۆرێک "بەرهەمهێنانی ناچاری"ـیە کە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە. زکوزا وتەزایەکی پلان بۆدارێژراوە و ژنان لە کۆمەڵگا بۆ زکوزا بەرنابارەیێژی (پەروەردە) دەکرێن. ژنان ناچار بەو هەڵسوکەوتانە دەکرێن کە بە ئاسایی سەیر دەکرێن و هەر ئەمە دروستبوونی دوو ڕەگەز بە تایبەتمەندیی زیندەوەرناسانەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام بەم دابەشکردنە فرەچەشنیی مرۆیی واتە هەمەجۆریی تایبەتمەندییە سێکسییەکانی مرۆڤ تووشی کێشە دەبێت. چوونکە کۆمەڵگای مرۆیی بیچمێکی لە ڕادەبەدەر ڕەگەزێتیخوازی بە خۆوە گرتووە. پێکهاتەی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای باوەڕداربوون بە دوو ڕەگەزی بەرامبەری ژن و پیاو بنیات نراوە (ئابووت و والاس، 294:1387-5).




وێنەی 4. کۆبوونەوەی ژنانی ئەفغانستانی لە دژی نایەکسانیی ڕەگەزێتی، توندوتیژی و هەڵاواردن. بڕوانە ماڵپەڕی: http://khhabarnama.net

هـەر بـەو ڕادەی کـە ڕەگـەزێتی و دەورەکـانی زکـوزایی پـەروەردەکراوی کۆمەڵگا، شـوناس و هەڵسـوکەوتی ژنان سـنووردار دەکاتەوە، دەورە ڕەگەزییە چێکراوەکانی کۆمەڵگاش دەسـتڕاگەیشـتنی ژنان بە شـوناسـی ڕەگەزی و گەشـەی خواسـت و خواسـتە سـێکسـییەکانیان بە توندی ئەسـتەم دەکات. زۆرێک لە فیمینیسـتە ڕادیکاڵەکان خواسـتی سـێکسـی بە بابەتی فیمینیزم دەزانن؛ چوونکە "هێرش و خواسـت بۆ باڵادەسـتی بەشـێکی ئاسـایی بیچمی قبووڵکراوی خواسـتی سـێکسـیی پیاوانەیە. گریمانەکە ئەوەیە کە لە بواری سـێکسـدا پیاوان بە شـێوەی سـرووشـتی پەلاماردەر و باڵادەسـتن و ژنان بێدەسەڵات و کۆڵدەرن و ئەم گریمانە بیچمێکی نۆرمی بە توندوتیژیی پیاوان لە دژی ژنان بەخشـیوە و شـەرعێتی پێداوە. چوونکە باڵادەسـتیی پیاوان و بندەستیی ژنان لە بەستێنی گرینگی وەک پەیوەندیی سێکسی وەک بابەتێکی ئاسـایی دێتە هەژمار، لە بوارەکانی دیکەشـدا بە شـتێکی ئاسـایی سـەیر دەکرێت. بە بۆچوونی فیمینیستە ڕادیکاڵەکان ژنان تەنیا لە حاڵەتێکدا لە بوارە سـیاسـی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ پیاوان بە تەواوەتی یەکسـان دەبن کە پەیوەندیی سێکسی لە نێوان ژن پیاو بیچمێکی تەواو یەکسانخوازانە بگرێتە خۆی و هەتا ئەو کاتەی خواسـتی سـێکسـیی ژن بە پێی خواسـتی سـێکسـیی پیاوان شـرۆڤە بکرێ، نەگونجاوە ئەم یەکسـانییە بیچم بگرێت (تـانـگ، 1387: 179-80). بیر و بـاوەڕی تونـدڕەوانـەی فیمینیسـتـە ڕادیکاڵەکان تەنانەت لەشفرۆشـی و هاوسـەرگیری بە هاوئاسـت و هاوشـانی یەکتر دەزانن کە لە هەر دووکیاندا ژن وەکوو کاڵایەکی سێکسی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. لە سـاڵی 1987 "کاترین مەک کینۆن" مامۆسـتای یاسـای زانکۆی میشیگانیش جەخت دەکاتەوە کە فیمینیزم هیچ جیاوازییەک لە نێوان لەشـفرۆشـی، هاوسـەرگیری و دەسـتدرێژیی سـێکسـی بەدی ناکات (Mackinnon, 1987:59).

لە فیمینیزمی ئێگزیستانسیال ڕەگی نایەکسانی لە پەیوەندیی سێکسیدایە. لە ڕوانگەی ئەم گرووپە فیمینیستییە پیاوان لە دیاردەگەلی وەکوو دووگیانێتی، سووڕی مانگانە و شیردان تێناگەن و هەر ئەم فاکتەرە بایۆلۆژیکییانە وای کردووە ژنان لاواز و بندەستی پیاوان بن. بە باوەڕی ئەوان ژنێتی بەرهەمی کلیشە سێکسییەکانە و هاوسەرگیری و عەشق ئەو فاکتەرانەن کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ژنان نەتوانن وەکوو پیاوان داهێنەر بن، سەربەخۆیی خۆیان لە دەست بدەن و هەمیشە پشتەبستوو بە پیاوان بن.

لە ڕەوتی فیمینیزمی سووسیالیست، ڕەگەز، چین، نژاد، تەمەن و نەتەوە خۆیان وەک فاکتەری ستەمکردن لە ژن سەیر دەکرێن. فیمینیزمی سووسیالیست پیاوسالاری بە سیستەمێکی ئەوپەڕمێژوویی دەزانێ، واتە پیاوان بە درێژایی مێژوو، بە سەر ژندا دەسەڵاتدار بوون و پێیان وایە ئەم سیستەمە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا بیچمێکی تایبەتی هەیە. ولتە پیاوان و سیستەمی سەرمایەداری لە کارکردنی ژن بە شێوەی بێبەرامبەر لەماڵەوە سوودمەند دەبن و هەر لەبەر ئەوەش ئەم ئاراستە پێداگرییەکی یەکجار زۆر لە سەر بەکۆمەڵایەتیبوونی ژنان و بەشداریی کۆمەڵایەتییان دەکات. کەواتە فیمینیستە سووسیالیستەکان سەرنجخستنە سەر کاروباری بنەماڵەیان لە چەقی سەرنجەکانی خۆیان سڕیوەتەوە. ئەوان پێیان وایە سەرەڕای ئەوەی ژنان هەمیشە کاری جۆراوجۆر دەکەن، لە درێژایی مێژوودا لە پلەی یەکەمدا بە کاری سێکسی و زکوزای خۆیان وەک دایک پێناسە کراون. ئێستا بەم پێناسانەوە ئەم ڕاستییە کە نیوەی جوتیارانی جیهان ژنانن دەکەوێتە پەراوێزەوە. بە باوەڕی ئەوان دابڕاندنی ژنان لە بەستێنی بەرهەمهێنان و ڕەچاوکردنیان وەک دایک، زیاتر پەرەی بە چەوساندنەوەی ژنان لە سەر ئاستی کۆمەڵگای پیشەسازی داوە. هەر بۆیە تەنیا بە تاوتوێی پەیوەندی و کارتێکراوی و کاریگەریی دوولایەنەی هەر دوو فاکتەری پیاوسالاری و سەرمایەداری

دەتوانین شیکارییەکی دروست و ڕێکوپێک لە بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان وەدەست بێنین (Jagger, 1998).

فیمینیستە پۆستمۆدێرنەکان لەو بۆچوونەدان کە لە بنەڕەتەوە زانستی مۆدێرن پیاوانەیە و خەمی سەرەکیی ئەوان گەیشتن بە جۆرەکانی دیکەی ناسیاری و زانستێکی ناپیاوانەیە. کەواتە لایەنی مەعریفە لەم ئاراستەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بە بۆچوونی فیمینیستە پۆست مۆدێرنەکان نە جەوهەری هاوسەرگیری و دەوری دایکایەتی، بەڵکوو هەندێ پەیوەندیی سەپێنراو بە سەر ژنان بۆتە هۆی کۆیلەبوونیان. هۆکاری بندەستبوونی ژنان ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە لە یەکەم ساتەوەختی لەدایکبوونیانەوە جیاوازی و جیاکاری دەخاتە نێوان کچ و کوڕ. ئەوان تیۆریی "پیاوان و ژنان بە پێناسە نوێکان" دەخەنە ڕوو و باوەڕیان بە هاوشێوەبوونی مافەکانی ژن و پیاو لە بنەماڵە و ژینگەی کۆمەڵایەتی هەیە. فیمینیستە پۆستمۆدێرنەکان ئاماژە بە کاریگەریی گوتارە لەڕادەبەدەرەکان، چوارچێوە تیۆریکییەکان، چیرۆک و ئەو هەقایەتانە دەکەن کە لە پێگەی پێناسەدا باس لە ڕەگەزێتی دەکەن یان بەکاری دێنن و پێیان وایە کە ئەم چیرۆک و هەقایەتانە لە دیاریکردنی شوناس و پێناسەی ڕەگەزێتی دەور دەبینن؛ بە جۆرێک کە تەنانەت پێناسەی شوناسی ڕەگەزێتیش گرێدراو بە پەیوەندیی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە (Jonse, 1996: 29).

پۆستمۆدێرنیزم بە ئاراستەکردنی هەندێ پرسیار لە بارەی ڕەگەز و شوناس؛ هەندێ ئاسۆی نوێی بەرەو ڕووی فیمینیزم کردۆتەوە کە زۆربەی ڕەوتە فیمینیستییەکانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بە جۆرێک کە باتلێر بە گەلاڵەکردنی بابەتی ڕەگەزێتی و ڕەگەز ئەم پرسیارە بنەڕەتییەی پۆستمۆدێرن دەورووژێنێ کە ئایا مێیینەبوون هەڵگری "ڕاستی سرووشتی"یە یان لە ژێر کاریگەریی کاردا کەلتووری و کارکردە

فەرهەنگییەکانە یان ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە ڕاستییەکی سرووشتییە و کارکردێکی فەرهەنگی نییە؛ بەڵکوو ڕاستییەکی چەسپاو و بەسرووشتیکراوە (بۆتە پاژی سرووشتیی کەسەکە) کە ئەمە خۆی لە ژێر کاریگەریی گوتارێکە کە ئەم گوتارە خۆی پۆلێنبەندییە ڕەگەزێتییەکان پێناسە دەکات. بە بۆچوونی باتلێر بەو پێیەی کە لێکجیاکردنەوەی ژن و پیاو بابەتێکی ڕەتکراوەیە، کەواتە دەتوانین قبووڵی بکەین کە ڕەگەزێتی و ڕەگەز دەتوانرێن بە شێوەیەکی کەلتووری بخرێنە بەر تیشکی سەرنج و هەروەها دەتوانین دڵنیا بین کە باشتر دەتوانین لە دەرەوەی دابەشکارییە نەریتیمۆدێرنیستی پرسی مێینە و نێرینەبوون تاوتوێ بکەین (Jonse, 1996: 29).

بە باوەڕی باتلێر، فۆکۆ لە وتەزای بە کەلتووریزانینی ڕەگەزێتی و ڕەگەز زیاتر چووە و دەڵێ: خواست، هۆگری، لایەنگری تاکەکەسی و ئەزموونەکانمان لە بارەی عەشق، ترس و ... هەر هەمووی لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا بیچم دەگرن. بە جۆرێک کە بیچمگرتنی خود، شوناس و هەوڵ بۆ شیکاری و شرۆڤە و کۆنترۆڵی خود، لە ئاراستەیەکدا نین کە ئازادکردن و ئازادیی تاکی لێ بکەوێتەوە؛ بەڵکوو زیاتر تایبەتمەندی و بەرهەمی بیچمە جیاوازەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکانن کە ئەو پێیان دەڵێ دیسیپلین. لە حاڵێکدا ئەوە گوتارەکانی ئێمەن کە دەبێ خواست، هۆگری، لاگیری، عەشق تواناکانی ئێمە دروست بکەن (Foucault, 1993: 12). پۆستمۆدێرنیستەکان تێدەکۆشن فیمینیزم یان بزاڤە فیمینیستییەکان بەرەو ئاقارێک هان بدەن کە لە بری پێداگریی پەتی لە سەر پرسی یەکسانیی ڕەگەزی یان دابەشکردنی دادپەروەرانەی شان و پێگەی ژنان و بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردنەکانی نێوان ژن و پیاو، سەرنجێکی زیاتر بپرژێننە سەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی پرسەکانی ژنان و پیاوان (وتەزای ڕەگەزێتی و شوناسی ڕەگەزی)؛ چوونکە لە ناو ئەو فیمینیستانەی کە باوەڕیان

بە یەکسانیی ڕەگەزێتییە، دوو ئاراستەی سەرەکی بوونی هەیە کە هەر کامیان بە جۆرێک لە سەر وتەزای یەکسانیی ڕەگەزێتی سوورن. یەکێک لەم ڕەوتە فیمینیستییانە، فیمینیزمی لیبراڵە و ئەوی دیکە فیمینیزمی ڕادیکاڵییە. فیمینیزمە ڕادیکاڵەکان لەو باوەڕەدان کە ژنان دەبێ دەسەڵاتی ڕەهایان (دەسەڵاتی نایەکسان و سەرتر بە بەراورد لەگەڵ پیاوان) هەبێ و فیمینیستە لیبراڵەکانیش پێیان وایە کە دەوڵەت دەبێ دەستەبەریی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوان بکات؛ بەڵام پۆستمۆدێرنەکان و بە دوایاندا فیمینیستە پۆستمۆدێرنەکان لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵگای ئەورۆیی پێناسەی ڕەگەزی گۆڕیوە؛ چوونکە بە گومانی ئەوان ئەو پرۆسەی کە وشەیەک تێپەڕی دەکا بۆ ئەوەی لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگا بە کار بهێنرێ، پرۆسەیەکە کە تێیدا مانای ئەو وشە دەگۆڕدرێ؛ بە جۆرێک کە لەوانەیە ئەو وشە مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست بدات. بە واتایەکی دیکە دەق یان وشەیەک چیتر هەموو مانای ڕاستەقینەکەی نامێنێت. بە جۆرێک کە ئەو پێناسەی کە کۆمەڵگای ئەورۆیی لە ڕەگەز و ڕەگەزێتی هەیەتی، تەنیا بەش یان پاژەیەک لە مانای ڕاستەقینەی ئەو شتە ڕەچاو دەکات. وشەگەلی وەکوو پەروەردەکردن و چاودێریکردن بە داخەوە بە جۆرێک شیکاری و شرۆڤە دەکرێ کە تەنیا نیوەی حەشیمەتی جیهان (واتە ژنان) لە خۆ دەگرن؛ لە حاڵێکدا ئەم وشانە لە ڕووی سرووشتییەوە وەها مانایەکیان نییە؛ مانایەک کە قۆرخکراوی ڕەگەزێکی تایبەتە (پیاو یان ژن). ئەم وشانە بە جۆرێکن کە لایەنگری ڕەگەزێتییان لێ هەڵناهێنجرێت؛ بە جۆرێک کە مانای ڕاستەقینەی وشەیەکی وەکوو ڕەگەز دەتوانین بە جۆرێک بخەینە ڕوو کە هەم پیاو و هەم ژن بگرێتەوە؛ بە جۆرێک کە بگوترێ پیاوان خاوەن ئەندامی سێکسیی تایبەت بە خۆیان و ژنانیش خاوەن ئەندامی سێکسیی تایبەت بە خۆیانن و لەگەڵ پیاو جیاوازییان هەیە. بەم پێناسانەی کە لە وشەی ڕەگەز کرا، چیتر هیچ مانایەک

لە سەر بوونی لایەنگری مانایی و هێمایەکی تایبەت بۆ پیاو یان ژن بە هۆی ئەم وشەوە بوونی نییە و ناتوانین ئەم وشە یان وشەی لەم چەشنە بە جۆرێک واتا بکەینەوە یان بە کاری بێنین کە ئەرکی تایبەت بۆ ژنان یان پیاوانی لێ هەڵنجێنین (Ibid). لە هەر حاڵەتێکدا فیمینیزم لە ژێر کاریگەریی پۆستمۆدێرن نابێ بە تەنیا سەرنج بخاتە سەر پرسی یەکسانیی ڕەگەزێتی؛ بەڵکوو دەبێ لە سەر وێنەیەکی گەورەتر لەم پرسە سەرقاڵ ببێتەوە. ئەم وێنە گەورەش هەمان "هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی"ـیە کە دەبێ یەکسان لەگەڵ وتەزا جیا جیاکانی وەکوو شوناس، ڕەگەزێتی و ... ڕوون و پێناسە بکرێت؛ چوونکە هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی هیچ کەس سنووردار ناکاتەوە؛ بەڵکوو هەموو شت و هەموو کەس لە خۆ دەگرێت. هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی بەو مانا دێ کە هەموو ژنان، نژاد و ڕەگەزەکان خاوەن مافی یەکسان واتە ئەو مافەن کە پیاوی سپیپێست هەیەتی. لەگەڵ وەدیهاتنی هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزەکان مافی یەکسان وەدەست دێنن. لە ڕوانگەی پۆستمۆدێرنیستەکانەوە، فیمینیستە ناپۆستمۆدێرنیزمەکان بەو پێیەی کە خۆیان پێشەکی گیرۆدەی وتەزایەک بە ناوی دروست و هەڵە و حەق و ناحەق کردووە، چیتر ناتوانن "وێنەی گەورەتر" کە هەمان هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتییە ببینن. ئەم بابەتە هۆکاری ئەم حەقیقەتەیە کە بۆچی فیمینیستەکان نە بە باشی لە ڕابردووی خۆیان تێدەگەن و نە دەتوانن تێگەیشتنێکی دروستیان لە داهاتوو هەبێت (Hall, 2005: 14). ئێستا کێشە ئەوەیە کە چۆن بتوانین فیمینیستەکان بەرەو ئەم ئاقارە ڕێنوێنی بکەین کە سەرنج بخەنە سەر وێنە گەورەترەکە (هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی). بە بۆچوونی هال دەتوانین بە جەختکردنە سەر ئەم سێ خاڵە بەم مەبەستە بگەین: یەکەم ئەوەی کە کۆمەڵگا وەک گشتێتییەک گریمانە بکەین کە دەستڕاگەیشتن بە هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی (دەستڕاگەیشتن بە گشتێتی) بە

تەنیا گرێدراو بە پێکەوەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگا بێت. دووهەم ئەوەی کە ڕەگەز تەنیا لە پێناسە و خەسڵەتی تایبەتدا سنووردار نەکەینەوە و لە بری خوێندنەوەی وتەزای "یەکسانیی ڕەگەزێتی" سەرنجمان بپرژێنینە سەر "مافە یەکسانەکان"ـی نێوان هەر دوو ڕەگەزەکە. چوونکە یەکسانیی ڕەگەزێتی بابەتێکی لێبڕاوە و فەرزکراوە و دەبێ سەرنجێکی زیاتر بە دەستەبەریی مافی یەکسان بدرێت. یەکسانیی ڕەگەزێتی (یەکسانی و هاوئاستیی ڕەگەزی ژن و پیاو) بابەتێکی لێبڕاوەیە؛ بەڵام مافی یەکسان بۆ هەر دوو ڕەگەزی پیاو و ژن بابەتێکی "وەدەستهێنانی"ـیە کە تەنیا بە هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی دەتوانین پێی بگەین. سێیەم ئەوەی کە دەبێ "زەین"ـێکی کراوەمان هەبێت. کاتێک هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگای هاوئاهەنگ وێنەیەکی گەورەتر بێ، ناتوانین بە تەنیا سەرنجی بەشێکی یان پاژەکان بدەین و لە پاڵ یەکیان دابنێین؛ مەگەر ئەوەی کە سەرنجی "وێنەی گشتی" یان "کۆی وێنەکە" بدەین (Ibid :20). لە سەر بنەمای بیرۆکەی پۆستمۆدێڕنی فیمینیستی دەتوانین بەم شێوە تێبگەین کە هاوسەرگیری وەک لەشفرۆشی یان فاکتەرێک بۆ چەوساندنەوەی ژنان و سەرتریی پیاوان بە سەر ژناندا نییە. بە پێی بیرۆکەی پۆستمۆدێڕن هاوسەرگیری دەتوانێ مانایەکی نوێی هەبێ و بە هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی دەتوانێ دیاردەیەک بێ کە ژنان نەبنە بندەستی پیاوان.

## ملدانی ژنان بە هاوسەرگیریی کاتی

ژنان خاوەن هەندێ خواستی نهێنیی خۆیانن کە لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، تۆکمە و فیداکاریی بەردەوام دەتوانن ئەم خواستانە دابین بکەن. ژنانی مەتعە بە کۆمەڵێ خواست و هۆگریی سەرکوتکراو و هەروەها بە وێنەیەکی ئایدیایی لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، هاوسەرگیریی کاتیی خۆیان لەگەڵ کەسێک دەست پێدەکەن. بەڵام ماوەیەک پاش هاوسەرگیریی

کاتی، هۆگرییە سەرکوتکراوەکان سەر هەڵدەدەن و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێ کە زۆریان پاش کۆتایی ئەم هاوسەرگیریانە تووشی وەڕەزی، نامرازی و ناسەقامگیریی دەروونی دەبنەوە. هەندێ لەم خواستانە کە بەشی دانەبڕاوی بوونی ژنن و بە هۆی شوناسی سۆزداریی ژن، دابین‌کردنی ئەم خواستانە لە هاوسەرگیریی کاتی کە لە سەر بناغەی سێکس بنیات نراوە، زۆر چەتوونە. ئەم خواستانە بریتییە لە: خواست بۆ عەشق و پەیوەندیی سۆزداری، خواست بۆ داکۆکی و سەرنجی کۆمەڵایەتی، خواست بۆ منداڵ‌خستنەوە و خواستی ئابووری کە لە درێژەدا لێک دەدرێنەوە (ڕافعی، 1382: 31-51).

### خواست بۆ عەشق

یەکێک لە گرینگترین خواستەکانی ژن خواستی خۆشەویستبوون لە لایەن کەسێکی دیکەوەیە کە خۆشی بووێ و ڕێز لە سۆز و هەوڵەکانی بگرێت. بەڵام کاتێک لە پانتایەکی کاسپی و بازرگانیدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن دەکرێ، پانتای ژیان بۆ ئەو ژنە تێکەڵ بە نائارامی و ناکۆکیی دەروونی و تەڵاقی سۆزداری دەبێت. هاوسەرگیری بۆ ژن پەیوەندییەکی سەرتر لە هەوەس و خواستی سێکسییە و بە تێگەیشتنی قۆرئان هاوسەرگیری بۆ هەر دوو هاوسەرەکە هۆکاری دۆستایەتی و بەزەیی (عەشق) و ئاسوودەییە. ژنان زیاتر هەڵوەدای بەردەوامیی لە عەشق، وەفاداریی تۆکمە و پتەو و هاوسەرێکی هەمیشەیی و بەردەوامبوونی خۆشەویستیین. ڕەنگە بۆ چێژی سێکسی کۆتاییەک دیاری بکەین؛ بەڵام خواستە سۆزدارییەکان و عەشقی ژنان بە کۆتایی ناگا و هەر لەبەر ئەوەیە کە پاش کۆتاییهاتنی هاوسەرگیریی کاتی، تێکچوونی باری دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتی بەرۆکی ژنان دەگرێت.

## خواست بۆ داکۆکی و سەرنجی کۆمەڵایەتی

لایەنی کۆمەڵایەتیی هاوسەرگیری بۆ ژنان گرینگییەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەت لە کەلتووری ئێمەدا ژنان هاوسەرگیری بە هۆکاری جێگیربوونی پێگەی خۆیان دەزانن. زۆرێک لە کۆمەڵگە و کەلتوورەکان بەتایبەت کۆمەڵگە نەریتییەکان، ژن پاش هاوسەرگیری بە شوناسی مێردەکەی دەناسن. ئەگەر مێرد پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گونجاوی هەبێ، شان و داکۆکیی کۆمەڵایەتیی ژن بەرز دەبێتەوە و لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵی هاوڕێیاندا ڕێزێکی زێدەتری لێ دەگیرێت. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بە هۆی شاراوەبوونی پەیوەندی لە هاوسەرگیریی کاتیدا، هیچ کام لە خواستەکانی ژن دابین نابێ و کەسەکە ڕووبەڕووی ئاپۆرەیەکی هۆگری و خواستی سەرکوتکراو دەبێتەوە.

## خواست بۆ خستنەوەی منداڵ

بە باوەڕی زۆر کەس دایکبوون مەزنترین، جوانترین و هونەرمەندانەترین ڕووداوی ژیانی ژنانە. ژن دەیهەوێ منداڵێک لە جۆری خۆی بخاتەوە بۆ ئەوەی هەرچییەکی لە عەشق و خۆشەویستی و ئەخلاق هەیە بە منداڵەکەی فێر بکات. لەدایکبوونی منداڵ لە هاوسەرگیریی کاتیدا گونجاوە؛ بەڵام بە هۆی لێکەوتە نەخوازراوەکانیەوە، پێشنیاری منداڵخستنەوە لە هاوسەرگیریی کاتیدا ناکرێت. جیا لە کێشەکانی قبووڵکردنی منداڵ لە لایەن پیاو، کێشە یاساییەکانی وەرگرتنی ناسنامە بۆ منداڵیش لێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بۆ منداڵ دروست دەکات. ڕێگری لە دووگیانبوون یەکێک لە بنەما شاراوە و مەرجییەکانی هاوسەرگیریی کاتییە و لە ئەگەری دووگیانبوون، بە شێوازی جۆراوجۆری ناتەندروستی و نایاسایی کۆرپەلە لە بار دەبرێت.

**خواستی ئابووری**

نیگەرانییە ئابوورییەکان بەشی سەرەکیی ژیانی ژنان پێک دێنێت. پەرۆشییە ئابوورییەکان وای کردووە کە هەندێ لە ژنان خەمی داهاتوویان هەبێت. هەر بۆیە هەندێکیان بە کڕینی کاڵای بایەخداری وەکوو گەوهەر هاوکاریی ئاسایشی ئابووریی خۆیان دەکەن. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا هەمیشە پیاوان سەرپەرشتیاری ژنانن و باوک، برا، مێرد و باپیر لە پرسە ئابوورییەکاندا پشتیوانیان لە ژن دەکرد. بەڵام ژنی سەرپەرشتی بنەماڵە ناچارە بژێویی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات (منداڵان، باوک و دایکی پیر و ...) هەندێ لە ژنانی خۆسەرپەرشت کە پیشە و توانای پێویستیان نییە، هاوسەرگیریی کاتی وەک باشترین ڕێکاری دەرچوون لەم بارودۆخە دەزانن. هەڵێنجاندنی ئایینی لە هاوسەرگیریی کاتیی پیاوان، هەژاریی ئابوورییە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هاوسەرگیریی کاتیی پیاوانی دەوڵەمەند سەرکۆنە کراوە. بەڵام ئەزموون و دیمانە مەیدانی و بەڵگەکان پیشان دەدا کە پیاوانی دەوڵەمەند هۆگری هاوسەرگیریی کاتین و لە لایەکی دیکەشەوە ژنانی مەتعەش هۆگری هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوانی دەوڵەمەندن. زۆرێک لە ژنانی مەتعە شوو بە پیاوانی دەوڵەمەند دەکەن و پاش بە ئەزموونکردنی ماوەیەک خۆشبژێوی ئابووری، پیاو لەگەڵ تێربوون لە پەیوەندیی سێکسیی ژنەکە، واز لە ژنەکە دێنێت؛ لە حاڵێکدا ئاستی چاوەڕوانییە ئابوورییەکانیان لە چاوبەر لە کاتی هاوسەرگیری بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینیوە کە دەتوانێ درێژە بە پرۆسەی هەژاری و خواستە ئابوورییەکانی ژنان بدات.

**دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی**

هاوسەرگیریی کاتی ناوەندێکی یاسایی و کۆمەڵایەتییە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە پێی یاسا و ئایینی فەرمی بوونی هەیە و بێگومان هەندێ دەرهاویشتەی هەیە. لە درێژەدا دەرهاویشتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی

هاوسەرگیریی کاتی تاوتوێ دەکرێت.

ئەگەر بمانهەوێ دەرهاویشتەیەکی ئەرێنی بۆ هاوسەرگیریی کاتی ڕەچاو بکەین، دەتوانین ئاماژە بە تێرکردنی خواستی سێکسیی ئەو پیاو و ژنانە بکەین کە توانای هاوسەرگیرییان نییە و تەنیا ئامانجەکەیان چێژی سێکسییە. پیاوانی سەڵت یان ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان تەڵاق داوە یان ژنەکانیان مردووە و بە هۆی سەرقاڵیی کاری، دارایی یان خێزانی ناتوانن هاوسەرگیریی هەمیشەیی بکەن و هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان زۆرە، گیرۆدەی پەیوەندیی سۆزداری نین و خۆسەرپەرشتن و پێویستیی داراییان نییە، بۆ یەکتر گونجاون. بە گشتی ئەگەر بارودۆخی یاسایی و تۆمارکردنی یاسایی تەنیا بە مەبەستی چێژبردنی سێکسی بۆ هەر دوو لا و بە ئاوڕدانەوە لە خاڵە تەندروستییەکان ڕەچاو بکرێن دەتوانین کاردایەکی ئەرێنی بۆ هاوسەرگیریی کاتی ڕەچاو بکەین. بەڵام دەرهاویشتە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی کاتی بەم شێوەن:

1. خەسارەتی سۆزداری و دەروونی وەکوو دڵەخورپە، ترس، هەستکردن بە گوناح و ماندوویێتیی جەستەیی بۆ ژنانی مەتعە.

2. چارەنووسی نادیاری منداڵانی ئەنجامی هاوسەرگیریی کاتی: منداڵانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە بە هۆی ئەو کێشانەی کە لە تۆمارکردنی ناسنامە و کێشە شوناسییەکاندا هەیانە تووشی سیستەمێکی هەندێ‌جار ئاڵۆز دەبنەوە و تەنانەت لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا هەتا کاتی چوونە قوتابخانە ناسنامەیان نییە و بێگومان لە زۆرێک لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و ... بێبەش دەبن. هەروەها لەوانەیە ئەم منداڵانە لە لایەن باوکەوە وەرنەگیرێن و دایکیش توانا یان شیاویی سەرپەرشتیکردنی ئەو منداڵانەی نەبێ کە لەم حاڵەتەدا ڕادەستی ناوەندی چاکژیانەوە و ناوەندە پەیوەندیدارەکان دەکرێن.

3. دروستبوونی گرژی لە ناو بنەماڵەدا (بنەماڵەی سەرەکیی ئەو پیاوە

خێزاندارەی کە ژنی مەتعە کردووە): پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم پرسە هەستیار و ناسەقامگیرە و ژینگەی بنەماڵە ببێتە شوێنێکی نائارام و پڕ لە پشێویی زیانبەخش.

4. هۆگرنەبوون بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی: هەندێ جار کەسەکان بە هۆی ئەوەی ئەزموونیان لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەیە، هۆگریی بۆ ژیانی هەمیشەیی لەگەڵ کەسێک لە دەست دەدەن و پەیوەندیی کاتییان پێ باشترە. ڕەنگە ئەم ڕووداوە بۆ بارودۆخی دەروونیی کەسەکان ناخۆش بێت.

5. ڕێگری لە درێژەدان بە خوێندنی کچان و ژنان: ئەم ڕووداوە بەتایبەت ئەو کاتە دەگرێتەوە کە سیغەی مەحرەمێتی بەر لە تەمەنی هەژدە ساڵان بێت. لەم حاڵەتەدا ژنان زۆر جار هەلی بوونی لانیکەمی خوێندنیان لە دەست دەدەن.

6. پەرەسەندنی منداڵهاوسەری و هاوسەرگیری لە تەمەنی کەم: بوونی ناوبڕی یاسایی سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە دەتوانێ ئەگەری منداڵهاوسەری و تۆمارنەکرانی هاوسەرگیری بەرز بکاتەوە.

7. نەخۆشیی نزیکی: ڕەچاونەکردنی ڕێکارە تەندروستییەکان و ترس لە ئاشکرابوونی پەیوەندییەکان هەندێ جار پەرە بە تەشەنەسەندنی نەخۆشییە نزیکییەکان دەدا کە لەوانەیە کەسەکان هەتا ماوەیەکی زۆر چارەسەر نەبن.

8. پەرەسەندنی لەشفرۆشی لە ناو ژنان و داوێنپیسی و هەمەچەشن خوازی لە ناو پیاوان.

9. پەرەسەندنی فرەژنی.

دەتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی لە چوارچێوەی ئایینیدا تێکەڵی کەلتووری نەریتی بووە و بە شێوەیەک لە کۆمەڵگادا پەرەی سەندووە کە لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆیی ناتوانێ کاردایەکی ئەرێنی هەبێ و دەرهاویشتەی ڕووخێنەری هەیە. ئەم دەرهاویشتانە لە

ئەنجامی بۆشـایی یاسـادانەری و ئاڵۆزبوونی یاسـا شـەرعی و ڕێسـاییەکان بەدی هاتوون و لەم دوو دیاردە جیان. لە ئەنجامە مەیدانییەکان، دەرهاویشـتە ئاشکرا و نهێنییەکانی هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی زۆر بە باشی پیشان دەدرێتەوە و لە بەشی کۆتاییدا بۆ بە لانیکەمگەیاندنی کارداچەوتەکانی ئەم دیاردە، ڕێکارە میکانیزمییەکان دەخرێتە ڕوو.

# بەشی سێیەم: ئەنجامە مەیدانییەکان

## ئەنجامە مەیدانییەکان

### شێوازی توێژینەوە

وەک لە بەشی ڕابردوودا بە چڕوپڕی تاوتوێ کرا، هاوسەرگیریی کاتی دیاردەیەکی فرەڕەهەندە کە دەبێ بە شێوەی هەمەلایەنە لێک بدرێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی ناسیارییەک کە بەرهەمی ئەم تاوتوێکردنەیە، خەسارمتە ئەگەرییەکانی هاوسەرگیریی کاتی بگەیێنێتە کەمترین ئاستی خۆی. ئەم توێژینەوەش هەنگاوێک لە پێناو خوێندنەوەی قووڵتری ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەیە. ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی هاوسەرگیریی کاتی و پیشلندانی ئەو لێکەوتانەی کە هەتا ئەوڕۆ لە هەمووان و تەنانەت لە توێژەرانیش شاراوە بووە، لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم توێژینەوەیە.

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی ڕوانگەی شرۆڤەخوازی و ئاراستەی شێوازناسیی چۆنایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تیۆریی زەمینەیی لە سەر ئاستی هەر سێ کەڵێنشاری تاران، ئیسفەهان و مەشهەد ئەنجام دراوە. لە شێوازی زەمینەییدا هەر وەکوو چۆن ناتوانین لە سەرەتاوە پرسیارەکانی توێژینەوە دیاری بکەین، پێشبینیی ڕێژەی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەش گونجاو نییە و قەبارەی نموونە لە ڕێگەی داتا کۆکراو و شیکراوەکانەوە دیاری دەبێت. شایەنی ئاماژەیە کە نموونەگیری بە بێ هیچ سنووردارییەک لە ڕێژەی بەشداربوواندا بەردەوام دەبێ هەتا دڵنیابوونی تیۆریک وەدەست دێت (سرور، 1393: 146).

بە هۆی هەستیاریی کەلتووری و ئایینیی بابەتی لێکۆڵینەوە و دژوارییی دەستگەیشتن بە نموونەکان، شێوازی نموونەگیریی ناهەڵکەوتی بە کار هێنرا. بۆ متمانەی زێدەتر، دیمانەی زیاتر ئەنجام درا. پاش ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ 216 کەس، لە دڵنیابوونی تیۆری و گشتگیریی توێژینەوە ڕازی

بووین. هەڵبەت لێرەدا چاودێری و ڕێنوێنیی پسپۆڕانی شێوازی چۆنایەتیشمان بە کار هێنا. لە کۆی 216 کەسی توێژینەوە لەسەرکراو، 35 لە سەد پیاو و 65 لە سەد ئافرەت بوون. هەروەها بە مەبەستی دەوڵەمەندترکردنی توێژینەوە، کارناسانی ئایینی و فەقێکان، کارناسانی یاسایی و پارێزەران و نووسینگەی تۆمارکردنی هاوسەرگیری و تەڵاقیشمان دواند.

زانیاری و دلتاکانی ئەم توێژینەوە بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی دیمانەی ئازاد و قووڵ کۆ کراوەتەوە. یەکەم ئەوەی کە دیمانەکان کۆ کرانەوە و ئینجا بە کەڵکوەرگرتن لە کۆددانانی تیۆری (کراوە، تەوەری و بژاردەیی) تاوتوێمان کردن. بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان، لە پێشدا بۆ دەستخستنی چەمک و وتەزا گرینگەکانی بەشداربووەکان، شێوازی وتووێژی نافەرمیمان بە کار هێنا. لە قۆناغی دووهەمدا وتەزا و چەمکە وەدەستهاتووەکانی پرۆسەی دیمانە لە ئاراستەی نموونەگیریی تیۆری بە دواداچوونیان بۆ کرا و پاش ئەم قۆناغە هێڵە گشتییەکانی دیمانە لە ڕێگەی چەمک و وتەزاکانەوە بیچمیان گرت، پرسیارەکانی دیمانە بە سوودمەندبوون لە شێوازی دیمانەی نیوەپێکهاتوو ستاندارد کرا و ئەم پرۆسە هەتا دڵنیابوونی تیۆریک بەردەوام بوو. لە درێژەدا بە جێبەجێکردنی کۆدینگی کراوە، هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی داتاکان، وتەزا سەرەکییەکان، ژێروتەزا و چەمکەکان وەدەست هاتن. بە ئەنجامدانی کۆدینگی تەوەری، ژێروتەزاکان گرێ دران بە وتەزا سەرەکییەکان و جۆری وتەزاکان لە ڕووی هۆکاری و پرۆسەیی و دەرهاویشتەبوونەوە دیاری کران.




وێنەی 5. کاری مەیدانی، دەوروبەری شاری مەشهەد: 1396

## هەلومەرجە هۆکارییەکان

هەلومەرجە هۆکارییەکان ئەو ڕووداولنەن کە کاریگەری لە سەر دیاردەکان دادەنێن (ئێستروواس و کووربین، 1390: 152). لەم توێژینەوەدا "فاکتەرە ئابوورییەکان"، "فاکتەرە سۆزدارییەکان" و "فاکتەرە سێکسییەکان" وەک فاکتەرە سەرەکییەکانی هاوسەرگیریی کاتی ناسران.

## فاکتەرە ئابوورییەکان

"فاکتەرە ئابوورییەکان" وەک یەکێک لە ئێلێمێنتە کلیلییەکان، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە ئەو پیاوانەی کە بە هۆکاری ئابووری، بوار و توانای قبووڵکردنی

تێچووی ژیان و هاوسەرگیریی هەمیشەییان نییە، پتر لە دیتران هۆگری هاوسەرگیریی کاتی دەبن.

پیاو، تەمەن 35 ساڵان، خاوەن ئەزموونی تەڵاق و هاوسەرگیریی کاتی:

«بارودۆخ و توانای دارایی ئەوتۆم نییە کە بتوانم هاوسەرگیریی هەمیشەیی بکەم. ڕوو دەکەیتە هەر کوێ داوای 4، 5 دلنە کەلوپەلی ناوماڵت لێ دەکەن (جیاز). ئینجا داوای 200 سکە [وەک بڕەمارەیی]. دەڵێی بە تەمان کچەکەیان بفرۆشن. 100 سکە، 200 سکە. هیچ ناپرسن تۆ نوێژ دەکەی، ڕۆژوو دەگری، گوێت لە حەڵاڵ و حەرام هەیە یان نا، ڕەوشتت بەرزە یان بەدڕەسەنی، وەرزش دەکەی یان نا، مادەی هۆشبەر دەکێشی یان نا، قومار دەکەی یان نا.

توێژینەوەیەکی زۆر لە بارەی ئەو فاکتەرە ئابوورییانە کراوە کە کاریگەرییان لە سەر هاوسەرگیری هەیە کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە توێژینەوەکانی ئەلتەجایی و عەزیززادە (1395) بکەین. لەم توێژینەوەدا ئەنجامی شێوازی داتا ئاوێتەییەکان لە سەر ئاستی 28 پارێزگای ئێران لە ماوەی ساڵانی 1383 هەتا 1393ی هەتاوی ئەوە پیشان دەدا کە لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی بگۆڕەگانی هەڵاوسان و بێکاری، تەمەنی هاوسەرگیریی پیاوان و ژنانیش بەرز بۆتەوە. کەواتە ئەم بگۆڕە کاریگەرییەکی مانادراری لە سەر هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەیە. هەڵبەت بەو پێیەی کە لە وڵاتانی ڕوولەگەشە وەکوو ئێران دابینکردنی تێچووی ژیان لە ئەستۆی پیاوانە، هەر دوو بگۆڕی بێکاری و هەڵاواسان لە بڕیاردانی پیاو و ژن بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی دەورێکی گرینگتریان هەیە.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی زیاتری کاریگەریی ئەم دوو فاکتەرە لە سەر خواست بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە بنەماڵە ئێرانییەکاندا، ئەم دوو فاکتەرە لە ساڵانی ڕابردوودا تاوتوێ دەکەین. لە خشتە و چارتی ژمارە یەک کەڵکمان

لە پێوەرەکانی داماوی[1] لە ئێران کە لە کۆی پێوەری بێکاری و هەڵاوسان وەدەست دێ وەرگرتووە. هەڵکشانی پێوەری داماوی پیشاندەری دژوارتربوونی ژیانی ئابووری لە کۆمەڵگای ئێرانییە. وەک لە خشتەی ژمارە یەکدا دەبینرێ، لە ماوەی ساڵانی 1380 هەتا 1384ـی هەتاوی لەگەڵ داکشانی پێوەری داماوی لە ئێران، ڕادەی هاوسەرگیری بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینیوە. بەڵام لە ساڵی 1385ـی هەتاوی و لەگەڵ هەڵکشانی پێوەری داماوی، ئاماری هاوسەرگیریش کەم بۆتەوە. ئەگەرچی لە ساڵی 1386ـی هەتاوی لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕەوتی هەڵکشانی پێوەری داماوی، شایەتی بەرزبوونەوەی ئاماری هاوسەرگیری لە وڵاتین، ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیداری ڕێکەوتی 26بلنەمەڕی 1385ـی هەتاوی، دامەزراندنی سندووقی پیشە و هاوسەرگیریی مێهری ئیمام ڕەزا (س) پەسەند کرا و ڕاگەیەندرا. ئەم سندووقە کە لە 25ی مانگی پووشپەڕی هەمان ساڵ چالاکییەکانی دەست پێکرد هەتا ساڵی 1386 قەرزی هاوسەرگیری بە پتر لە یەک ملیۆن کەس دا و ڕێژەی قەرزەکەی لە پێنج ملیۆن ڕیاڵەوە بۆ بیست ملیۆن ڕیاڵ بەرز کردەوە. هەر بۆیە ئەم سندووقە وەک فاکتەرێکی کاریگەر بۆ هەڵکشاندنی ڕێژەی هاوسەرگیری لە ساڵی 1386 لە قەڵەم دەدرێت.

بەڵام لە درێژە و هەتا کۆتایی ساڵی 1392ـی هەتاوی ڕەوتی هاوسەرگیری ڕووی لە داکشانە کە بە ئاوڕدانەوە لە بەرزبوونەوەی بەردەوامی پێوەری داماوی، چاوەڕوانییەکی زیاتر لەوە ناکرێت. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە ساڵی کۆتاییهاتوو بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ساڵی 1388 پێوەری داماوی لە وڵات باشتر دەبێ؛ بەڵام ڕەوتی ڕوو لە داکشانی هاوسەرگیری بەردەوام لە داکشاندایە. جیا لە باشتربوونە سیاسییەکانی

---

1. Misery Index


ســاڵانی کۆتاییهاتوو بە هەڵبژاردنەکان، هۆکاری ئەم داکشــانە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکشانی ڕێژەی گەمارۆکان لەو ساڵانەدا و هەروەها ڕووداوە سیاسیەکانی ســاڵی 1388ی هەتاوی. لە ڕاســتیدا کۆی ئەم هەلومەرجانە ئاســۆیەکی گونجاو بۆ پێکهێنانی ژیان بە شارۆمەندان پیشان نادات. ئەم ڕەوتە لە ساڵی 1390ی هەتاوی توندتر دەبێتەوە و لەگەڵ داتەپینی گەشەی ئابووری لە سەر ئاستی وڵاتدا شــایەتی کەمبوونەوەی ئاماری هاوســەرگیرین. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە ســاڵی 1393 و لەگەڵ داکشــانی پێوەری داماوی، هەرچی کەمبوونەوەی ئاماری هاوســـەرگیری لە ئێران بەردەوام دەبێ، ئەم ڕەوتە بە ڕێژەیەکی کەمترەوە ڕووی لە باشتربوون و بەرزبوونی ڕێژەی هاوسەرگیرییە.

خشتەی ژمارە 1. تاوتوێی پێوەری داماوی، ئاماری تەڵاق و هاوسەرگیری

| ساڵ | پێوەری داماوی | هاوسەرگیری | ڕێژەی بەرزبوونەوەی هاوسەرگیری |
|---|---|---|---|
| 1380 | 25.6 | 641940 | -0.7 |
| 1381 | 28.6 | 650960 | 1.4 |
| 1382 | 27.4 | 681034 | 4.61 |
| 1383 | 25.5 | 723976 | 4.3 |
| 1384 | 21.9 | 787818 | 8.81 |
| 1385 | 23.2 | 778291 | -1.2 |
| 1386 | 28.9 | 841107 | 8.07 |
| 1387 | 35.8 | 881592 | 4.81 |
| 1388 | 22.7 | 890208 | 0.97 |
| 1389 | 25.9 | 891627 | 0.15 |
| 1390 | 33.8 | 874792 | -1.8 |
| 1391 | 42.7 | 829968 | -5.12 |
| 1392 | 45.1 | 774513 | -6.68 |
| 1393 | 26.2 | 724324 | -6.48 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1394 | 22.9 | 685352 | -5.38 |
| 1395 | 21.4 | | |

سەرچاوە: پێوەری داماوی لە کۆی ڕێژەی بێکاری و هەڵاوسان (ساڵی بنەما 1395) لە بانکی ناوەندی ژمێردرا و ئاماری هاوســەرگیری و تەڵاقیش لە ڕێکخراوی تۆمارکردنی تاکەکەسی (سەبت و ئەحواڵ) هەڵگیراوە.




لە لایەکی دیکەوە ئەو ژنانەی کە بە هۆی هەژاریی ئابوورییەوە دمناڵێنن، بـە هۆکـارگـەلی وەکوو بـارودۆخی ئـابووریی لاوازی بنـەمـاڵـە، تـەڵاق، نابەرپرسـایەتیی هاوسـەر، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشـبەر، هەڵاواردنەکانی بازاڕی کار، بوونی منداڵی یەخسـیر و نەبوونی پاڵپشـتیی دارایی لە لایەن بنەماڵە و سیستەمە خۆشگوزەرانییە دەوڵەتییەکان، بۆ دابین‌کردنی پێداویستییە مادییەکانی خۆیان هاوسەرگیریی کاتی بە ڕێکارێکی گونجاو دەزانن.

ژن، 27ساڵە، تاران، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی:
"دەی ئەو زیاتر خەرجی لە سەر بوو. منیش ئاگام لێ بوو بەڵام ئەو زیاتر خەرجی ماڵەوەی دەکێشا. چوونکە من ئەو کات ئیشم نەبوو باوکم پاش مەرگی کەمێک مووچەی خانەنشینییەکەی بە من گەیشتبوو."

"ژنی 38 ساڵە، دانیشتووی تاران. تەڵاقدراو، خاوەن دوو

ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی"
تێچووی ژیان قورسە. یارمەتیم دەدات. پاش ئەوەی سیغەی یەکەم کۆتایی هات، دۆخی ئابووریم زۆر نالەبار ببوو. بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەم پیاوە باش بووە. ئەو کات تەنانەت نەمدەتوانی برینج بکرم؛ بەڵام ئێستا هەموو شتێکم هەیە. مریشکم هەیە. سارێدینگەکەم هەمیشە پڕە. تەنانەت هاوڕێکانیشم ئەوەم پێ دەڵێن. هەڵبەت ئەو هاوڕێیانەی کە زۆر لەگەڵیان تێکەڵم و دێنەماڵەکەم."

دابین‌کردنی بژێوی لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا لە ئەستۆی پیاوی بنەماڵەیە. بەڵام لە نەبوونی مێرد، برا یان باوک یان باپیری باوکی، ژنان دەبێ بژێویی ژیانی خۆیان دابین بکەن. ئەم ژنانە پێیان دەوترێ ژنانی بێ‌سەرپەرشت یان خۆسەرپەرشت. بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی ئاماری ئێران، ژنانی بێ‌سەرپەرشت یان خۆسەرپەرشت ئەو خێزانانەن کە بە هۆکاری جیاواز (تەڵاق، کۆچ‌کردن و مەرگی هاوسەر) هیچ پیاوێک سەرپەرشتیان نییە یان ئەو بنەماڵانەی کە پیاو بە هۆی نەخۆشی، گیرۆدەیی بە مادەی هۆشبەر و ... ناتوانن تێچووی بنەماڵە دابین بکەن. سەرەڕای ئەوەی هەلومەرج بۆ بەشداریی ڕوو لە هەڵکشانی ژنان لە بەستێنی بەرهەمهێنان، پیشەسازی، خزمەتگوزاری و پەروەردەیی لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران زیاتر لە جاران دابین کراوە و ژنان لە سەربەخۆیی ئابووری سوودمەندن، ئەم ژنانە لە چاو حەشیمەتی گشتیی کۆمەڵگا لە کەمینەدان و بارودۆخی هەنووکەییان بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابوورییانە.

عادڵ ئازەر، سەرۆکی ناوەندی ئاماری ئێران بە پێی دوایین سەرژمێرییە ئامارییەکان لە ئێران وتوویەتی دوو ملیۆن و 500 هەزار ژنی خۆسەرپەرشتی بنەماڵە لە وڵاتدا هەن کە لە ئێستادا تەنیا 18 لە سەدیان ئیشیان هەیە و 82 لە سەدی دیکەیان بێکارن.

ناوبراو زیادی کردووە ئامارە وەدستهاتووەکانی ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە بە پێی هەر سێ گرووپی تەمەنی کەمتر لە 35 ساڵ، لە نێوان 35

هەتا 64 ساڵ و ژوور 65 ساڵە، زۆربەی ژنانی مامناوەندتەمەن سەرپەرشتی بنەماڵەن.[1]



وێنەی 6: ڕێژەی ژنانی خۆسەرپەرشت لە ئێران بە ئاوڕدانەوە لە ڕاپۆرتە فەرمییەکان ڕووی لە هەڵکشانە.
ناونیشانی ماڵپەڕ: *http://www.*me.*irna.ir/fa/News 82760217*

وەک دەبینن ڕێژەی ژنانی خۆسەرپەرشت لە ئێران ڕووی بەرزبوونەوەیە و حەشیمەتێکی زۆر لە خۆ دەگرێت. سەبارەت بە هەڵکشانی ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لە وڵات، حەشیمەتناسانی وەکوو دکتۆر شەهلا کازمی پوور پێیان وایە کە ئامارەکان پیشان دەدا ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لە وڵاتی ئێران ڕووی لە هەڵکشانە؛ بەڵام ئەم هەڵکشانە بە هۆی ئەوەیە کە لە ڕابردوو تەنیا ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان مردووە یان تەڵاقیان وەرگرتووە وەک ژنانی سرپەرشتی بنەماڵە لە قەڵەم دەدرێن. بەڵام ئەورۆکە بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، گرووپێکی دیکەی ژنانیش وەک سەرپەرشتی بنەماڵە ڕەچاو دەکرێن. ئەو کچانەی کە بە تەنیا دەژین یان لەگەڵ خوشک و براکانی خۆیان بە بێ بوونی باوک و دایک لە ماڵێکدا

1. https://www.mehrnews.com/news/2210299

پێکەوە دەژین ئەوانیش دەچنە ڕێزی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵکشانی ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە پرسی کۆچکردنە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ڕابردوودا کچان کەمتر بەرەو شارەکانی دیکە کۆچیان دەکرد؛ بەڵام ئەوڕۆکە بە هۆی درێژەدان بە خوێندن یان وەدەستهێنانی پیشە کۆچ دەکەن. هەر بەم شێوە ئەم بابەتەش بۆتە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵکشانی ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لە سەر ئاستی وڵاتی ئێران.[1] بە ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی نالەباری ئابووری لە ئێران و خواست بۆ دابینکردنی بژێوی، هەندێ لە ژنان بۆ دابینکردنی پێویستییە ئابوورییەکانیان وەک ڕێکارێک لە مەتعە دەڕوانن و لە بەرامبەر دابینکردنی پێویستییە مادییەکانیان مل بە هاوسەرگیریی کاتی دەدەن. دەبێ ئاماژە بەم خاڵەش بکرێ کە ئاستی هەژاریی مادیی ئەو ژنانەی کە بە هۆی پێویستییە ئابوورییەکان مەتعە دەکرێن، زۆر زیاتر لەو تێچووانەیە کە پیاوان وەک بڕەمارەیی دیاریکراو و لە کاتی دیاریکراو بە بێ پێدانی نەفەقە و تێچووەکانی دیکە بە ژنەکەی دەدەن. لە حاڵێکدا هاوسەرگیریی کاتی بەو پیاوە کەمداهاتە پێشنیار دەکرێ کە توانای هاوسەرگیریی هەمیشەییان نییە. بە گشتی لایەنی کاتیبوونی مەتعە ڕێگەچارەی دابینکردنی پێویستییە مادییەکانی ژنان نییە.

**فاکتەرە سۆزداری و دەروونییەکان**

جیا لە گرینگیی تایبەتی پێویستییە مادییەکان وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی ملدانی ژنان بە هاوسەرگیریی کاتی، فاکتەرە سۆزداری و دەروونییەکانیش لە دیکەی هۆکارە گرینگەکانی هاوسەرگیریی کاتین. لەو توێژینەوانەی کە تەلعەت ڕافعی و هاوکاران ئەنجامیان داوە، ژنانی مەتعە ڕایانگەیاندووە کە 13/2 لە سەد بە هۆی خواستی سێکسی، 28 لە سەد پێویستیی ئابووری و

1. https://www.isna.ir/news/96022113417

58/8 لە سەد بە هۆی سۆزداری، تەنیایی و خێزانی هاوسەرگیریی کاتی هەڵدەبژێرن (ڕافعی، 1382: 50).

لەم توێژینەوەدا ئەزموونی هەستی تەنیایی و نەبوونی شادومانی لە ناو ئافرەتان و ئەزموونی هاوسەرگیریی ناسەرکەوتووی ڕابردوو، ناڕەزایەتی لە هاوسەر و نەبوونی لێکتێگەیشتن لە هۆکارەکانی دیکەی هاوسەرگیریی کاتیی پیاوانە. تەڵاقی سۆزداریش یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان و پیاوان خواستەکانی خۆیان بۆ وێنە خواستی سۆزداری و سێکسی لە دەرەوەی ماڵ دابین بکەن. نەبوونی لێکتێگەیشتن لەگەڵ هاوسەر و تەڵاقی سۆزداری لە ناو پیاوان وای کردووە ئەوان هاوتەریب لەگەڵ هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە دەرەوەی ماڵ درێژە بە پەیوەندییە سێکسییەکانی دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری بدەن. شێوازی هاوسەرگیریی نەریتی و نەبوونی ئازادی لە هەڵبژاردنی هاوسەریش دەبێتە هۆی ئەوەی پاش ماوەیەک پەیوەندیی هاوسەرەکان ڕوو لە ساردبوونەوە بکا و پیاوان لە دەرەوەی ماڵ خواستە سێکسییەکانی خۆیان تێر بکەن. ڕافێعی دەڵێ نەبوونی پەیوەندیی سێکسی و تێنەگەیشتنی دوو لایەنەی هاوسەرەکان لە یەکتر، قەیرانەکانی بەساڵاچوویی یان فرەچەشنخوازیی پیاوان و هۆگریی بۆ فرەژنی لەو هۆکارە دەروونناسییانەن کە پیاوان بەرەو هاوسەرگیریی کاتی هان دەدات.

> پیاو، 46 ساڵان، دانیشتووی تاران، خێزاندار، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی:
> "ناتوانی هەر وا تەڵاقی بدەی. من لە ژنەکەم ڕازی نیم. هەتا ئێستا خودا خۆی دەزانێ جارێک چێشتی دەستیم نەخواردووە. بەڵام ناتوانم لێی جیا ببمەوە، کوڕێکی چوارساڵەم هەیە. ئێستا ئەم خاتوونەی کە لەگەڵیم خۆی ماڵی هەیە. زۆر جار دەچمە لای و سەردانی دەکەم."

ناتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کاتی شێوازی هەڵبژاردنی هەمیشەیی تاکە، بەڵکوو هەندێ کەس هاوسەرگیریی کاتی بە شێوەی کاتی یان وەک پەیوەندییەکی سێکسیی هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ پەیوەندییە

سێکسییەکانی خۆیان دەستنیشان دەکەن. ئەو کەسانەی کە تووشی قەیرانی پیری دێن، هۆگرییەکی زۆریان بۆ وازهێنان لە پەیوەندیی سێکسیی فەرمی و بەئەزموونکردنی پەیوەندیی سێکسیی هاوتەریب هەیە. ئەوان بۆ کەسێکی نوێ دەگەڕێن کە ڕێزیان لێ بگرێ و خۆشەویستییان بۆ دەرببڕێ و سەرنجیان پێ بدا و ئەوەی لە پەیوەندیدا هەیانە، بە ناتەواو، بێهیواکەرەوە و هەڵەی دەزانن. لە لایەکی تریشەوە ژنانی خۆسەرپەرشت، بێوەژن و تەڵاقدراو و ئەو ئافرەتانەی کە ئەزموونی توندوتیژیی خێزانی یان هاوسەرگیریی ناسەرکەوتوویان لە ڕابردوودا بووە، بۆ تێپەڕلندنی تەنیایی لەڕادەبەدەر کە بە هۆی نەبوونی هاوسەر و نەڕەخسانی هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، نەبوونی خوازبێن یان بوونی منداڵ و بوونی ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی ئافرەتانی بێوەژن و تەڵاقدراو، ڕوو لە پەیوەندیی سێکسیی کاتی و کەمخایەن دەکەن.

ژن، 24 ساڵ تەمەن، دانیشتووی تاران، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی:
"ناتوانم خەڵک سەبارەت بەم بابەتە ئاگادار بکەمەوە. من دەترسم. من ئێستا ساڵێکە تەڵاقم وەرگرتووە. ئەگەری ئەوەی کە تووشی مەترسی بێم، ڕاڕاییبوون و زۆر شتی دیکە کە بەرەو خۆیانم پەلکێش دەکەن. سەرەڕای ئەوەی پیاو کەمە؛ بەڵام بوونیان هەتا ئەو کاتەی کەسێکی شیاو دەدۆزمەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، هەتا ئەو کات باشە. ئەگەر کچ بام بێگومان توخنی پەیوەندیی سێکسیی کاتی نەدەکەوتم."

"ژن، 38 ساڵان، دانیشتووی ئیسفەهان، تەڵاقدراو، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی
بێوەژن تەنیایە. بۆ ئەوەی تەنیایی خۆی قەرەبوو بکاتەوە پێی خۆشە کەسێک لەگەڵی بێت. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر ئاستەنگت لە بەردەم نییە، خۆ دەزانی مەبەستم چییە (ئاماژە بە نەبوونی پەردەی کچێتی) ئاسوودەتری. بە خودا گوناحیش نییە."

## فاکتەرە سێکسییەکان

سێیەمین هۆکاری ڕووکردنە هاوسەرگیریی هەمیشەیی خواستی سێکسییە. خواستی سێکسی یەکێک لە ڕاکێشەرییەکان و هۆگرییە سەرەکییەکانی مرۆڤە کە دەبێ لە ڕێگەی شەرعی و یاسایی تێر بکرێت. بە جۆرێک کە ئەگەر ئەم خواستە لە تێرکردندا تووشی لادان یان کێشە ببێ کەسەکە لە حاڵەتی هاوسەنگ دەترازێنێ و نەخۆشیی ڕۆحی، دەروونی و تەنانەت جەستەییشی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە مرۆڤ هاوشێوەی دیکەی ڕەهەندەکانی ژیانی خۆی بۆ ڕەفتاری سێکسیی دروست و گونجاو، هەمیشە پێویستی بە سەرچەشن و شێوازی هەڵسوکەوتە. ئەگەر هەلومەرجەکە بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی ئامادە نەبێ، تاکەکان بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانی خۆیان هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێگەچارەیەک لە قەڵەم دەدەن.

پیاو، تەمەن 38 ساڵان، دانیشتووی تاران، خێزاندار، خاوەن ئەزموونی بێژوماری هاوسەرگیریی کاتی:
"بە گەنجێتیش نەیدەهێشت توخنی بکەوم، چی بگا بە ئێستا. دەبێ بۆ کەسێک بگەڕی کە هاوئاست و هاوشانی خۆت بێت. من ئێستا منداڵم هەیە، ناتوانم هیچ بکەم. ژنی بێچارە ڕوو بکاتە کوێ، نە باوکی هەیە و نە دایک. ئەمە لە هەموو باشترە. ئێستا دیسان نزیکەی شەش مانگە ژنم سیغە کردووە، ژنەکەشم بەمە دەزانێت."

"پیاوی تەمەن 42 ساڵە، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی پیاوێک کە پێویستی نەبێ کاری لەم چەشنە ناکا، ڕەنگە حیزیەتی بکا، پیاو حیزیەتیی خۆی هەیە. بەڵام ئەگەر تێر نەبی دەیکات. ڕەنگە یەکێک ژنەکەی نەخۆش بێ، یان ببوورە ئەمەش دەڵێم، لەگەڵی ناخەوێ، یان لە ڕووی جەستەوە پێی ناخوا و تێری ناکا، ئەوانە هۆکارن."

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، ئەو پیاوانەی کە ڕوو دەکەنە هاوسەرگیریی کاتی، پێیان وایە کە هۆکاری هاوسەرگیریی کاتی دەگەڕێتەوە بۆ تێرنەبوونی سێکسی، بێهێزی یان بێ‌خواستیی هاوسەر بۆ سێکس‌کردن، نەخۆشی جەستەیی، لەزکوێستان، کەمبوونەوەی خواستی سێکسی و ... ـی هاوسەرەکانیان.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە بە شـێوەی گشـتی یەکێک لە هۆکارەکانی هاوسـەرگیریی کاتی، تێرکردنی خواسـتی سـێکسـییە. ئەم پرسـە ژنانیش دەگرێتەوە. ژنان بۆ ئەوەی بە شێوەی دڵخواز خواستی سێکسییان تێر بکەن و خواسـتەکەیان دابمرکێنن هاوسـەرگیریی کاتی بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو دەزانن.

وەک ئاماژەی پێکرا، بە پێی دیمانە ئەنجامدراوەکان و شـرۆڤەی ئەم ئەنجامانە، هەر سـێ فاکتەری خواسـتی ئابووری و مادی، سـۆزداری و دەروونی و خواسـتی سـێکسـی لەو فاکتەرە ڕاسـتەوخۆیانە بوون کە پیاوان و ژنان لە شارەکانی تاران، مەشهەد و ئیسفەهان ڕوویان دەکردە هاوسەرگیریی کاتی. بە پێی بنەمای بنەڕەتیی تیۆریی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی هۆمێنز[1]، هەڵسـوکەوت بە پێی ئەو پاداشـتانەی کە وەریدەگرێ و ئەو خەرجانەی کە دەیکا، گۆڕانی بە سـەردا دێت. هەرچی چالاکیی کەسـێک لە کاتێکی دیاریکراودا پاداشـتێکی پتری پێ بگەیێنێ، بە هەمان ڕێژە چالاکییەکەی دووپات دەکاتەوە. هەروەها کاتێک کاری کەسێک پاداشـتی چاوەڕوانکراو یان پاداشـتی زیاتر لە چاوەڕوانیی ئەو وەربگرێ یان تەنانەت سـزای چاوەڕوانکراو نەدرێ، کەسـەکە چێژ دەبینێ و زیاتر هۆگری ئەنجامدانی ئەو کارە دەبێ و ئەنجامی وەها کارێک بە لایەوە پڕبایەختر دەبێت. کەواتە ئەو ژنانەی کە خواسـتی جۆراوجۆری دارایی، سـۆزداری و سـێکسـییان هەیە، بۆ وەرگرتنی پاداشـت کە لێرەدا هەمان دابینکردنی پێویسـتییەکانە، ڕوو دەکەنە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە و هەرچی ئاستی سوودمەندبوونیان لەم کارە زیاتر بێ و پاداشتی زیاتر وەربگرن دووبارەکردنەوەی زیاتر دەبێ و ئەگەر پاداشتی دڵخواز وەرنەگرن ئەنجامی نادەن.

هەروەها بە پێی تیۆریی زنجیرە پلەکانی مازلۆ[2] دەتوانین بە گوێرەی

1. George C. Homan (The Exchange Theory)
2. Maslow's hierarchy of needs

هۆکارە ئابووری، سۆزداری و سێکسییەکان هاوسەرگیریی کاتی ڕوون و شی بکەینەوە. مازلۆ زنجیرە پلەیەک لە پێنج خواستی سرشتی دەناسێنێ کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەورووژێنێ و ڕێنوێنی دەکات. ئەم خواستانە بریتین لە: خواستە فیزیۆلۆژیکییەکان (خۆراک، ئاو و خواستی سێکسی)، خواست بۆ ئاسایش، خواست بۆ وەرگیران و خۆشەویستی (خۆشویستن و خۆشەویستبوون). خواست بۆ ڕێزگرتن، خواست بۆ خۆگەشەیی. مازلۆ ئەم خواستانە پەیوەندیدار بە سرشت دەزانێ؛ بەڵام ئەم خواستانە لە ژێر کاریگەریی فێربوون، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان و ترس لە داکۆکیلێنەکران بە شێوەی جیاواز کار دەکەن. پلەکانی خوارتری قووچەکەکە، خواستە گرینگتر و سادەتر و چینەکانی سەرتریش هی ئەو خواستانەیە کە ئاڵۆزتر بەڵام گرینگییەکەیان کەمترە. کەسەکان تەنیا ئەو کاتە سەرنج دەخەنە سەر خواستەکانی پلەی سەرتر کە خواستی پلەکانی خوارەوەیان دابین کرابێت. هەرکات کەسێک بەرەو پلەکانی سەرتر ڕۆشت چیتر سەرنجێکی ئەوتۆ ناخاتە سەر پلەکانی خوارتر. ئەگەریش بە شێوەی تایبەتی پێویستی بە پلەکانی خوارەوە بێ بە شێوەی کاتی یەکەمایەتیی ئەو خواستە بەرز دەکاتەوە؛ بەڵام قەت بە شێوەی هەمیشەیی ناگەڕێتەوە بۆ پلەکانی خوارتر.

ئەم قووچەکە، قووچەکی خواستە مرۆییەکانە. خواستە مادی و سێکسییەکان کە هەمان خواستە فیزیۆلۆژیکییەکانن، بنەڕەتیترین خواستە مرۆییەکانن کە هەتا ئەوانە دابین نەبن کەسەکە ناتوانێ بە خۆگەشەیی و بە واتایەک بە ژیانی کۆمەڵایەتیی باڵا بگات. خواستە سۆزدارییەکان لە پلەی سێیەمدان. کەواتە لە هاوسەرگیریی کاتیدا خواستە بنەڕەتی و فیزیۆلۆژیکییەکانی ژنان و پیاوان کە هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەییان نییە (تەنانەت بە شێوەی کاتیش) و خواستە سۆزدارییەکانیان دابین دەبێت. کەواتە

بە گوێرەی ئەم تیۆرییە بەو پێیەی کە دیاردەی هاوسەرگیریی کاتی، کاردای دابینکردنی خواستە مرۆییەکانی هەیە لە کۆمەڵگادا پەرەی سەندووە.

بە پێی تیۆریی هەڵبژاردنی ژیرانەی مایکڵ هێکتۆر[1] یان هەڵبژاردنی عەقڵانی[2] کە لە ڕوانگەی قازانجخوازییەوە لە هاوسەرگیری دەڕوانێت، دەتوانین دیاردەی هاوسەرگیریی کاتی بە پێی خواستە مادی، سۆزداری و سێکسییەکان ڕوون بکەینەوە. ئەو بیرمەندانەی کە بە گوێرەی تیۆریی هەڵبژاردنی ژیرانە کاری جڤاک ڕوون دەکەنەوە لەم باوەڕەدان کە خەڵک هۆگری ئەو هەڵسوکەوتانەن کە بەرژەوەندییان لەو هەڵسوکەوتەدا زیاتر دابین دەبێت. شوێنکەوتووانی ئەم تیۆرییە پێیان وایە کەسانی وشیار و ئامانجدار لە هەموو بارودۆخێکدا هەوڵی هەرچی زیاترکردنی سوودی خۆیان دەدەن. کەواتە لە نێوان هەر دوو بژاردەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتی، ئەو ژن و پیاوانەی کە خواستە بنەڕەتییەکانیان لە هاوسەرگیریی کاتی لە چاو هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە بێ خەرجی زیاتر دابین دەبێ هۆگری هاوسەرگیریی کاتی دەبن.

**فاکتەرە زەمینەییەکان**

هەلومەرجە زەمینییەکان کۆمەڵێکی تایبەت لەو بارودۆخەن کە لە یەک کات و شوێندا کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوێدا مانا بگرن (ئێستروواس و کووربین، 1390: 154). لەم توێژینەوەدا فاکتەرە ئایینییەکان و ڕوانگە ئایینزاییەکان، فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان (ڕوانگەی کۆمەڵگا، بنەماڵە و هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکان) و یاسا وەک هەلومەرجی زەمینەیی کاریگەر لە هاوسەرگیریی کاتی ناسێنران کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر هاوسەرگیریی کاتی و ڕوانگەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە هاوسەرگیریی کاتی

---

1. Hechter
2. Rational Choice Theory

هەیە.

**ئایین**

لەم توێژینەوەدا، باوەڕ بە ئایین و ڕوانگەی ئایینی هاوولتای باوەڕداربوون بە بنەماکانی فیقهی ئیمامییە و ئایینزای فەرمیی وڵات ڕەچاو کراوە بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە بە پێی ئایینزای شیعەی ئیمامییە هاوسەرگیریی کاتی هەڵدەبژێرن شیاوی ڕوونکردنەوە بن.

بە پێی ڕوانگەی ئەهلی شیعە بە گوێرەی ئایەتی 24ی سوورەتی نیساء: (فَمَا اسْـتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَـةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَـيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَـةِ ... إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ...) جا لەگەڵ هەر ئافرەتێک هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ و هیچ گوناحیش نییە لە سەرتان لە کەمکردنەوی ئەو مارەییە کە لە سەری ڕێک کەوتبوون لە دوای دیاریکردنی ... بە ڕاستی خودا هەمیشە و بەردەوام زانایە ...). مەتعە یان هاوسەرگیریی کاتی لە لایەن خودا بۆ مرۆڤ ڕەوا کراوە. هەروەها ئیمامانی شیعە ئەم چەشنە نیکاحەیان وەک ئامرازێک بۆ ڕێگری لە تەشەنەسەندنی داوێنپیسی و زینا لە کۆمەڵگا بە شیعە پێشنیار داوە. بە گوێرەی پێشنیاری ئیمامانی شیعە، هاوسەرگیریی کاتی بۆ کەسی ئەنجامدەر خێری دنیا و قیامەتی هەیە.

دیمانەلەگەڵکراوانی ئەم توێژینەوە کەسانێک بوون کە یان ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتییان بووە یان کارناسانی ئایینی، یاسایی و ڕاوێژکارانێک بوون کە لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی، ڕوانگەی ئایینی، یاسایی و دەروونناسانەیان هەبوو.

"زانای ئایینی لە حەرەمی ئیمام ڕەزا:
حەزرەتی عەلی (س.خ) فەرموویەتی: ئەگەر عومەر سیغەی قەدەغە نەکردبا زینایان نەدەکرد، جگە لە خراپترین کەسەکان نەبێت. لە گێڕانەوەکانی ئێمەدا زۆر پێشنیاری کراوە. تەنانەت پیاوان و زانایانی ئێمە پێشتر هاوسەرەکانی خۆیان سیغە

کردووە. هاوسەرە هەمیشەییەکانیان چەند ڕۆژ جارێک سیغە دەکرد، ئینجا مارەی هەمیشەییان دەکردن."

وەک لە شیکاریی دیمانەکاندا دەردەکەوێ، بە هۆی تێگەیشتنی ڕەواداریی ئایینی مەتعە و بە هۆی هاندان بۆ مەتعە لە لایەن زلنایانی ئایینی و فەقێکان، هاوسەرگیریی کاتی لە لایەن ڕیبەرانی ئاینییەوە ئاسانکاری بۆ کراوە.

لە ڕەهەندی ئایینییەوە هاوسەرگیریی مەتعە بۆ ئەو گەنجانەی کە هەلومەرجی دارایی گونجاویان نییە و ئەو بێوەژنانەی کە هەلومەرجی هاوسەرگیریی هەمیشەییان نییە پێشنیار کراوە. وەک لە بەشەکانی پێشتردا باسی کرا، ئایینزای شیعە هاوسەرگیریی کاتی وەک هاوسەرگیرییەکی ئاسان کە ماوە و بڕەمارەیی دیاریکراوی هەیە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسیی ئەو تاکانە پێشنیار دەدا کە هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەییان بۆ هەڵنەکەوتووە. لەم ساڵانەی دواییدا سەرچاوە ئایینییەکان، سیاسەتدانەرانی دەوڵەتی و حکوومەتی و کارناسانی ئایینی، هاوسەرگیریی کاتییان بەتایبەت بۆ خوێندکارانی زانکۆ و بێوەژنانی گەنج پێشنیار داوە. مەکارمی شیرازی یەکێک لە سەرچاوە لاسایی‌کردنەوە کان لە ئێران پێویستی و فەلسەفەی هاوسەرگیریی کاتی بەم شێوە ڕوون دەکاتەوە:

ئەمە یاسایەکی تایبەتی و گشتییە کە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست خواستە سرشتییەکانی مرۆڤ دابین نەکرێ بۆ تێرکردنیان بە لاڕێدا دەبرێت. ئەم بابەتەش حاشاهەڵنەگرە کە ناتوانین خواستە سرووشتییەکان لە ناو ببەین (و نابێ لە ناویش ببرێن) تەنیا دەتوانین ئاراستەکەیان بگۆڕین. کەولتە ڕێگای دروست بۆ بەرپەرچدانەوەی گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە خواستەکانی مرۆڤ و پێویستییە دەروونی و جەستەییەکانی بە دروستی بناسین و ژیرانە دابینی بکەین. دیارە هەر چەشنە هەڵە و لادەرییەک لەم بەشەدا گەندەڵی و قەیرانی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. ئێستا ئەم پرەنسیپە

گشتییە لە بارەی "خواستی سێکسی" کە بە باوەڕی زۆرێک لە دەروونتوێژان بەهێزترین خواستی مرۆڤە (یان لانیکەم یەکێک لە بەهێزترین خواستە مرۆییەکانە) تاوتوێ دەکەین: دابینکردنی خواستە سێکسییەکانی گەنجان (بەتایبەت لە کۆمەڵگا ئێستاییەکاندا) زۆر جیدی و شیاوی خوێندنەوەیە؛ چوونکە لە لایەکەوە ناجێگیریی دارایی زۆربەی گەنجان و بەتایبەت مێرمنداڵان لە هەمبەر تێچووی پشتشکێنی ژیان و لەویش سەرتر بابەتی درێژەدان بە خوێندن کە هەندێجار هەتا تەمەنی 20 بۆ 25 ساڵان دەخایێنێ و سەروبەندی هەڵچوونی خواستی سەرکێشی سێکسی بە تەواوەتی لە خۆی دەگرێ، ئیزنی هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە نادات و لە لایەکی تریشەوە "تۆبەکاریی ڕەها" و پشتگوێخستنی ئەم خواستە سەرکێشە بە شەپۆلە بەهێز و توندەکەیەوە کە مەخابن بە هۆی دیمەنە بزوێنەرەکانی ئێستا توندتر بووە، زۆر دژوارە و بۆ هەندێک کەس گونجاو نییە. ئێستا دەڵێن دەبێ چی بکرێ؟ هەڵبەت کەسانی بێڕەوشت بە پەنابردنە بەر بنکەکانی لەشفرۆشی بە خەیاڵی خۆیان وادەزانن ئەم کێشەیان چارەسەر کردووە، بەڵام با بزانین بۆ کەسانی پاکداوێن و خاوەنئیمان چی ڕێگەچارەیەک هەیە.

سەبارەت بە کەسانی خێزانداریش هەندێ بابەت هەیە کە بە هۆی پێویستییەکانی ژیان ناچارن بە سەڵتی بچن بۆ سەفەری چەند مانگە یان زیاتر بە مەبەستی بازرگانی، کار و توێژینەوەی جۆراوجۆر سەفەر بکەن و چەندین مانگ لە ژن و منداڵ دوور بن. هەڵبەت پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بەمانە سنووردار نابێتەوە و لە حاڵەتەکانی دیکەدا ئەم پێویستییانە پێش دێن.

ئەمە ڕاستییەکی بەرهەستە کە وەها پێویستیگەلێک هەمیشە لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەیە و لە زەمەنی ئێمەدا تۆختر بووە و گەنجانی لە خۆ گرتووە.

ئایا ئەم ڕاستییە ئاشکرایە پشتگوێ بخەین و لە بیری بکەین؟! ئایا بە ولامی هەڕەمەکی و ڕستەی ناڕوون دەتوانین حەقیقەت پشتگوێ بخەین؟! ئەوانەی وا چاویان بەستراوە و گوێیان کپە دەڵێن "هاوسەرگیریی کاتی جۆرێک مۆڵەتی شەرعیی مرۆڤفرۆشییە و پێگەی ژن دادەبەزێنێ" ڕاشکاوانە پێمان بڵێن دەبێ ولامی ئەم گەنجانە چۆن بدەینەوە؟ ئایا لە تەمەنتاندا قەت بیرتان لە چارەسەری کێشەی خواستی سێکسیی گەنجان کردۆتەوە؟

هەندێجار دەڵێن: هاوسەرگیریی کاتی دەبێ لە یاسای مەدەنیی ولاتی ئێمەدا بسڕدرێتەوە چوونکە دژی جەوهەری "جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ"ـە! بەڵام ئێمە دەڵێین ئەو شتەی کە ناوتان ناوە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هێشتا سادەترین ناوەڕۆکەکەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان لە پێشکەوتووترین ولاتانی بە قسەی خۆتان شارستانی جێبەجێ نەکراوە، لە کوێیدا هاتووە: "هاوسەرگیریی کاتی قەدەغەیە و داوێنپیسی ئازادە؟" تکایە ئەم جاڕنامەی مافی مرۆڤە کە ئێوە بەر لە مەرگتان بانگهێشتتان کردووە، لێی بپرسن لە چی ڕێگایەکەوە کێشەی سێکسیی گەنجان چارەسەر دەکرێت. ئایا ئەویش وەکوو ئێوە ڕەشبینە؟ ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ پێکەوە پەیوەندیی سێکسییان هەبێ ئایا باشتر نییە لە بری پەیوەندیی سێکسیی ناشەرعانە، هاوسەرگیریی سنووردار و کاتی ئەنجام بدەن و هەموو هەلومەرجەکانی ڕەچاو بکەن و بیپارێزن. ڕێک وەکوو ژن و مێردی هەمیشەیی لەم ماوە دیاریکراوەدا هی یەکتر بن و لە ژینگەیەکی پاک ژیانێکی هاوسەرانەی شیاویان هەبێ و ئەگەر منداڵێکیشان بوو هی ئەوان بێ، کوێی ئەم یاسا دادپەروەرانە و ژیرانەیە خراپە؟!

ئەوانەی وترا، فەلسەفەی هاوسەرگیریی کاتی لە ڕوانگەی سەرچاوەی ئایینیی ئەهلی شیعەوە زۆر بە باشی ڕوون دەبێتەوە. ئیسلام بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە توانای هاوسەرگیریی هەمیشەییان نییە ڕێگەچارەی دابینکردنی

خواستە سێکسییەکانی (بەتایبەت بۆ گەنجان) نیشان و پێشنیار داوە کە لەم حاڵەتانەدا ئەو ژن و پیاولانانەی کە حەزیان لە یەکترە بە بێ ئەوەی بچنە ژێر باری پابەندییە قورسەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، بۆ ماوەیەکی سنووردار هاوسەرگیریی کاتی ساز دەکەن و وەک هاوسەرگیریی هەمیشەیی ڕێزی لێ دەگرن و ژن "سنووری هاوسەرێتی" تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراوی هاوسەرگیریی کاتی بە ڕاگرتنی عەدە بە تەواوەتی بپارێزێت. دیارە باری وەها هاوسەرگیرییەک وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ چەتوون نییە و لایەنەکان دەتوانن بە دانانی مەرجی سووک و ئاسان مل بەم چەشنە هاوسەرگیرییە بدەن. چوونکە لە لایەکەوە هاوسەری ئەم هاوسەرگیرییە "هاوبەشی هەمیشەیی ژیان" نییە کە ژن و مێرد لە هەڵبژاردنیدا شێلگیریی بێمانا بنوێنن و لە لایەکی تریشەوە لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا بە شێوەی فەرمی "نەفەقە" بوونی نییە، تەنیا "بڕەمارەیی"ـە کە وەک ئاماژەی پێدرا بە خواستی لایەنەکانە. جیا لەوەش هاوسەرگیریی کاتی چەرمەسەری و ململانێ یاساییەکانی (بۆ وێنە نەسازان) نییە، بەڵکوو تەنیا بە کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراو کۆتایی پێ دێ، تەنانەت پیاو دەتوانێ پاشماوەی ماوەکە بە ژن ببەخشێ و لە مافی خۆی ببوورێ و لێی جیا ببێتەوە و ئەگەر لایەنەکان بیانهەوێ (لە ڕێگەی درێژکردنەوەی ماوەی دیاریکراوی مارەبڕینەکە) زۆر بە ئاسانی دەتوانن هاوسەرگیریی کاتییەکەیان درێژ بکەنەوە.

هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێکارێکی ئایینی و پەسەندکراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داوێنپیسی و زۆرێک لە بەرەڵایییە سێکسییەکان لە سەر بنەمای ئایینزای شیعە لە لایەن زانایانی ئایینی و سیاسەتدانەرانی دەوڵەتییەوە گرینگی پێ دەدرێت. شێوازی جێبەجێکردنی مارەبڕینی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە ئاسان و لە هەموو نامیلکەکاندا نووسراوە، بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە جێبەجێکردنی ئەم ڕێوڕەسمە ساکارە بە واتای

واژۆیەکە کە لە ژێر تاپۆیەکی گرینگ تۆمار دەکرێت. دەربڕینی زمانی و قبووڵکردنی بڕەمارەیی لە لایەن ژن بە بێ تۆمارکردنی فەرمی، هاوسەرگیریی کاتی ڕەوادار دەکا و ئاسانبوونی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ناپێویستیی تۆمارکردن و قۆناغە یاسایییەکانیەتی. هەڵبەت فەقێیەکی دیکە بە ناوی ئایەتوڵا سانعی کە لە سەرچاوە لاسایی‌کردنەوە ییەکانە، پێشنیار بۆ هاوسەرگیریی کاتی نادات. ئایەتوڵا سانعی لە بارەی مارەکردنی مەتعە بەم شێوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ: "شەرعێتیی هاوسەرگیریی کاتی و مەتعە بە کورتی بۆ کاتە نائاساییەکانی وەکوو شەڕە درێژخایەنەکان، لە بڕیارە نەگۆڕەکانی ئایینزای شیعەیە و لە بنەڕەتەوە وەک نووسراوە، شەرعێتییەکەی بۆ کاتە نائاساییەکانە و هۆکاری ڕێگری لە داوێنپیسی لە هەمان بوارەدایە و ڕێگری لە داوێنپیسی و خراپە بە نوێژی ڕاستەقینەیە کە قورئان دەفەرمووێ: "إن الصلوه تنهی عن الفحشا و المنکر" (سووڕەتی عنکبوت: ئایەتی 45). بە باوەڕی من، نە تەنیا مەتعە ناتوانێ ڕێگری لە داوێنپیسی بکا بەڵکوو ئەگەر لە نموونە هاوچەشنەکانی داببڕێ و بچێتە ڕیزی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، ئەوا بنەمای ژیان و کانگای گەرمی خێزان دەخاتە مەترسیی لەناوچوون و ئاژاوەی پاشهاتەکەی و کۆمەڵگا لە زۆر لایەنەوە بەرەو هەڵدێری نەمان دەبات.[1]

سەرەڕای ئەمانە کۆدەنگیی فەقێکان و سەرچاوەکانی لاسایی‌کردنەوە لە سەر ڕەواداریی مەتعەیە. هەڵبەت لە هەندێ لە یاساکانیدا وەکوو ئیزنی باوک بۆ کچی پاکیزە ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە کە دیسانیش کۆدەنگی لە سەر پێویستبوونی ئیزنی باوک هەیە.

بە شێوەی گشتی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە پێنج ناوەندی پەروەردەیی، بنەماڵە، ئایین، سیاسەت و ئابووری. بەو پێیەی کە ئایین دیاردەیەکی جڤاکییە و دژی یەکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە، کەواتە چاوەڕێی

---

1ـ روزنامە توسعە 81/5/13. ل 1

ئەوە دەکرێ کە کاریگەری لە سەر ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگا (بنەماڵە و هاوسەرگیری) دابنێ و هەمیش کارتێکراویان بێت. چوونکە بە ئاوڕدانەوە لە شوناسی ئایین لە ژیانی مرۆڤ دەتوانین تەوەر و کەڵکی ئایین ڕوون و دیار و کۆنترۆڵ بکەین و وەک ڕێنوێنەری مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خودا، لەگەڵ خۆی، لەگەڵ سرووشت و لەگەڵ دیتران لێی بڕوانین.

لە ڕوانگەی پێتێرسۆن[1] ئایین کۆمەڵەیەک لە بیر و باوەڕ، هەست و ئاکارە تاکەکەسی و گشتییەکانە کە لە سەر تەوەری چەمکی حەقیقەتی دوایی یان بابەتی پیرۆز جێگیر بووە (Stark, 1968: 32) و وەک هێمایەکی کۆمەڵایەتی ڕەچاو دەکرێ کە کارداگەلێکی بنەڕەتی وەکوو دیسپلین، سەقامگیری و بەختەوەریی ڕۆژی دوایی لە خۆ گرتووە. جیا لەمانە، ئایین بیچم بە ناوەندەکان دەدا، کاریگەری لە سەر بەها کۆمەڵایەتییەکان دادەنێ و پەیوەندی و هەڵسوکەوتە مرۆییەکان لە ژێر چاودێریی خۆی کۆنترۆڵ دەکات (زاکێرمەن، 1384: 175). هەروەها هەندێکی دیکە ئایین بە کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو لە بنەمای ئایدۆلۆژیکی، ئەخلاقی و یاساییەکان پێناسە دەکەن کە خودا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی تاک و کۆمەڵگای مرۆیی و پەروەردەکردنی مرۆڤەکان بە مرۆڤی داوە (فیقهی و هاوکاران، 1392). بە ئاوڕدانەوە لە پێناسە و کارداکانی ئایین ڕوون دەبێتەوە کە ئایینە هەمەجۆرەکان بە نیازن کۆمەڵە بنەمایەک بۆ مرۆڤ بە دیاری بێنن کە هەڵسوکەوتە مرۆییەکان ڕێک بخەن. یەکێک لەو هەڵسوکەوتانەی کە ئایین نۆرمدۆزی دەکا، ڕەفتاری سێکسییە. کەواتە هاوسەرگیریی کاتی وەک هەڵسوکەوتێکی ئایینی سەیر دەکرێ کە بە فەرمانی خودا و نەریتی ئیمامان ئەنجام دەدرێت. کەسی ئیماندار یان ئایینپەروەر کەسێکە کە ئایینی قبووڵ کردووە و لە چوارچێوەی ئایینیدا هەڵسوکەوتەکانی ئەنجام دەدات. کەواتە کەسانی ئیمانداری کۆمەڵگا

---

1. Christopher Peterson

کە خوازیاری ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسیی خۆیان یا کەسوکاریانن، وەک ڕێکارێک پێشنیاری هاوسەرگیریی کاتی دەدەن. هەر بەم پێیە دەتوانین لە چوارچێوەیەکی ئایینیدا بەردەوامیی هاوسەرگیریی کاتی ڕوون بکەینەوە.

ماکس وێبێر[1] ئایین بە ئاراستەبەخشی کۆمەڵگا دەزانێ و ئاگێست کۆنت[2] پێی وایە بەردی بناغەی سامانی کۆمەڵایەتی ئایینە و مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە ئایینە. ئێمیل دۆرکهایم[3] جیا لەوەی کە ئایین وەک کۆمەڵێ باوەڕ و بەها سەیر دەکا، ئایین بە هەڵگری سیستەمی کارلێک و ڕێوڕەسمە کردەییەکانیش لە قەڵەم دەدا. پیتەر بێرگێر[4] پێی وایە کە ئایین لە کۆمەڵگا نەریتییەکان وەک چەترێکە کە بە مەبەستی یەکپارچەکردنی پاژە جیاجیاکان بڵاو بۆتەوە. ئایین، هەڵگری پێکهاتە، نۆرم و ناسیارییە و هەستکردن لە ناوماڵ (ژێرچەتر و ئاسایش) بۆ مرۆڤەکان دابین دەکات. لە کۆمەڵگا نەریتییەکانیشدا لە کۆتاییدا واتا، بەها و باوەڕە جۆراوجۆرە باوەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی شرۆڤەی ئایینیی گشتگیر لە بارەی ڕاستییەکان کە ژیانی مرۆڤ بە سیستەمی جیهان گرێ دەدا، یەکدەست دەبێ و هەموو ئاکارە مرۆییەکان لە ژێر ناوی ئایین شرۆڤە دەکرێن (ڕەزادووست، 1391). هەروەها لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە و بە پێی ڕوانگەکانی وێبێر و ئاگێست کۆنت و ڕێوەڕسمە زانستییەکانی دۆرکهایم، دەتوانین هاوسەرگیریی کاتی وەک جۆرێک کارلێکی ئایینی سەیر بکەین کە ڕەفتاری سێکسیی کۆمەڵگا ڕێک دەخا و لەو تاقمە ڕێوڕەسمە ئایینییانەیە کە کۆمەڵگا ڕێنوێنی دەکات. هەروەها بە گوێرەی ڕوانگەی بێرگێر لە کۆمەڵگای ئێرانیدا کە دەتوانین بڵێین هێشتا کۆمەڵگایەکی نەریتییە، هەڵسوکەوتە مرۆییەکان ڕەنگ و بۆنی ئایینییان پێوە دیارە و ئەو ئاکارانەی کە پەیوەست بە ئایینن، ئاسایش بە مرۆڤ

1. Max Weber
2. Auguste Comte
3. Émile Durkheim
4. Peter Berger

دمبەخشـن. کەواتە هەتا ئەو کاتەی کە لە کۆمەڵگادا وەها ئاراستەیەکی بەرامبەر بە ئایین هەبێ، هاوسەرگیریی کاتی وەک هەڵسوکەوتێکی ئایینی سەیر دەکرێ، لە کۆمەڵگادا تەشەنە دەستێنێ و دەبێتە بنەمای هەڵسوکەوت و پەیوەندی سێکسی و کارلێکی دوو لایەنەی مرۆڤەکان.

## پێکهاتەی یاسایی

لەم توێژینەوەدا مەبەست لە پێکهاتەی یاسایی، یاسای مەدەنی و یاسای پاڵپشتیی لە بنەماڵە پەسەندکراوی ساڵی 1391ی هەتاوییە. پێکهاتەی یاسایی ئێران لە بنەماکانی فیقهـ و شەرعی ئیسلام و ئایینزای شیعەی دوازدەئیمامی سەرچاوەی سەندووە. بێگومان فەرمیدان بە هاوسەرگیریی کاتی سەرەڕای باڵادەستیی ئایین لە کۆمەڵگا، پێویستە لە پێکهاتەی یاساییدا هەندێ بڕگە زیاد بکرێت. لە مادەی 1075ی یاسای مەدەنی، هاوسەرگیریی کاتی لە یاساکانی ئێرلاندا بە فەرمی ناسراوە. مەرج و بنەما بنەڕەتییەکانی نیکاحی کاتی (هاوسەرگیریی کاتی) هەمان بارودۆخی شیاویی نیکاحی هەمیشەییە لەگەڵ دیاریکردنی ماوە و بڕەمارەیی دیاریکراو بۆ ئافرەت. ئاستەنگەکانی بەردەم هاوسەرگیریی کاتیش هەمان ئاستەنگەکانی بەردەم هاوسەرگیریی هەمیشەییە. لەو ڕووەوەی کە هاوسەرگیریی کاتی لە یاسای مەدەنی و پشتیوانیی لە بنەماڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە یاسایی و ڕەوا ناسراوە، دەتوانین ئەم یاسایانە وەک هۆکارێک بۆ هاوسەرگیریی کاتی بێنینە هەژمار. سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆری یاساییەوە باس لە بنەما و ڕێساکانی هاوسەرگیریی کاتی کراوە؛ دیمانەکان ئەوە پیشان دەدەن کە بەشداربووان و تەنانەت زانایانی ئایینی لە سەر ناوەڕۆکی یاسایی هاوسەرگیریی کاتی زانیاریی وردیان نییە. هەڵبەت لە هەندێ لە بەشەکان، یاسادلنەر بە هۆی ئاستەنگی کارگێڕی، بێدەنگی هەڵبژاردووە و بۆتە هۆی

سـەرلێشـێواویی ئەو کەسـانەی کە ئامادەی هاوسـەرگیریی کاتین. بەڵام بەم وەسفانە بەشداربووان لە سەر ناوەڕۆکی یاسایی هاوسەرگیریی کاتی زانیاریی وردیان نەبوو.

زانای ئایینیی ئافرەت لە جەرەمی ئیمام ڕەزا:
"بۆ وێنە کابرا 5 یان 6 ساڵە ئافرەتێکی سیغە کردووە؛ مانگێ دوو مانگ لەگەڵ ئەو ژنە بووە و ئینجا بە جێی هێشتووە. ئەم ژنە لە کوێ ئەم کابرا بدۆزێتەوە و بڵێ وەرە مارەییەکە هەڵبووەشێنەوە. یان بەڵێنی پێداوە کە ئەگەر خوازبێنێکی باشت بوو مارەییەکە هەڵدەوەشێنمەوە و ئێستا خوازبێنی باشی بۆ هاتووە بەڵام ئەم مارەییەکە هەڵناوەشێنێتەوە و دەڵێ تۆ ژنی منی. هاوسەرگیریی کاتی نەفەقەی نییە و دۆخەکە خراپتر دەکات. مەگەر بنەماڵە ئاگادار بن و قازانجێکی هەبێت. بە ئەزموون بۆم دەرکەوتووە هاوسەرگیریی کاتی هەر هەمووی کەڵکاوەژۆییە. ژنێک بوو پاش 20 ساڵ هاوسەرگیریی کاتی، مێردەکەی ڕۆشت و بەجێی هێشت."

لە لایەکی دیکەشـەوە، ناوەڕۆکی یاسـایی هاوسـەرگیریی کاتی بەسـتێن بۆ بەردەوامیی ئەم جەشـنە نیکاحە لە کۆمەڵگادا خۆش دەکات. بۆ وێنە لە یاسادا هاتووە کە ماوەی سیغە بە شێوەی کاتی و دیاریکراوە (مادەی 1076ی یاسای مەدەنی). هەروەها لە باسی میراتوەرگرتن، یاسادانەر میرات بە مافی ژنی هەمیشەیی دەزانێ و بۆ ژنی سـیغە میرات ڕەچاو ناکات (مادەی 940ی یاسـای مەدەنی). ژن مافی نەفەقەشی نییە و لە هەڵوەشانەوەی نیکاحی سیغەدا لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوە یان بەخشینی ماوە لە لایەن پیاو یـان مردنی پیـاو نیکـاح کۆتـایی پێ دێ، واتـە بـە پێچـەوانـەی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی، تەڵاق بوونی نییە (مادەی 1139ی یاسای مەدەنی).

"پیاو، 35 ساڵان، دانیشتووی تاران، ژن بەجێهێشتوو
هەرچییەک بێ دەتوانین لێک جیا ببینەوە. بەرپرسایەتیت لە گەردن نییە. ناچار نیت بۆی بمری، ژیانت بفەوتێت. ئەمە باش نییە؛ بەڵام بۆ ئێمەمانان زۆریش خراپ نییە. زەخت لە خۆت ناکەی. من بریندارم، هەر ئەوەم بەسە کە هیوام لە سەر کەس هەڵناچنم."

بێگومان یاسـاکان وەک ئەو لانیکەمییە ئەخلاقییانەی کە بەدواداچوونی یاساییان هەیە، دەتوانن وەک کارتی گوشـار یان ئاسـانکەرەوە بە کار بهێنرێن. سـنوورە یاسـاییەکان دیاری دەکەن کە کـاردای تاکەکان بە بەراورد لەگەڵ سنوورەکان چی پێگەیەکیان هەیە و دەشێ و ناشێکان بە پێی چی یاساگەلێک دەبێ ئەنجام بدرێن و چی سـزاگەلێک بۆ لادان لەم یاسـایانە دیاری کراوە.

وەک بینرا، هاوسەرگیریی کورت‌خایەن و ئاسان و ماوەدار، تەڵاقی ئاسان و نەدانی نەفەقە و میرات بارودۆخێک دێنێتە ئاراوە کە تاکەکان بەتایبەت پیاوان، هاوسەرگیریی کاتییان لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی پێ باشتر بێت. بەڵام لە بەرامبەردا پرۆسەی تەڵاق لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی درێژخایەنە و بەدواداچوون بۆ برەمارەیی و سەرپەرشتیی منداڵەکان و ... کاتگر و تاقەتپڕووکێنە.

بەدەر لەو بابەتانەی کە وترا، بە هۆی نەبوونی ڕوونی ئایینی و یاسایی لە دیاریکردنی لانیکەمە تەمەنییەکان بۆ ئەنجامدانی سیغەی کاتی، هاوسەرگیریی پێشوەختە ئاسان بووە. بە گوێرەی مادەی 1041ی یاسای مەدەنی، نیکاحی کچ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 13 ساڵی تەواو و کوڕ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 15 ساڵی تەواوی بەستراوەتەوە بە ئیزنی سەرپەرشت بە مەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بە لێکدانەوەی دادگایەکی شیاو. بنەماڵە نەریتی و ئایین‌پەروەرەکان بە مەبەستی ئاشنابوون بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، دووری لە تاوان و زەختی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە تەمەنی کەمتر لە تەمەنی یاسایی سیغەی مەحرەمێتی کە هەمان هاوسەرگیریی کاتییە و لە ڕووی ڕەهەندی شەرعی و یاساییەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مەتعە نییە، بە سەر ڕۆڵەکانیاندا دەسەپێنن.

ژن، تەمەن 16 ساڵان، دانیشتووی تاران، لە ماوەی سیغەدا "دووگیانی لە ماوەی سیغەکەدا بوو. ئێستا منداڵەکەم 7 مانگانە. پێکەوە بە تەواوەتی پەیوەندیی سێکسیمان هەبوو. ئەگەر منداڵەکە لەدایک بێ، ڕەنگە درێژە بە خوێندنم بدەم. مێردەکەم دەڵێ کێشەمان نییە. کێشەمان لە ئێستادا ئەوەیە لە ماڵی خەسوومین. هەرچییان وت دەبێ بڵێین بەسەرچاو. مێردەکەم کار دەکا. بەڵام بە هۆی ئەوەی تەمەنی کەمە وتیان دەبێ چەند ساڵ لەگەڵ خۆمان بن."

ژن، 19 ساڵان، دانیشتووی مەشهەد، هاوسەردار، لە تەمەنی 11 ساڵاندا سیغەی مەحرەمێتی بەئەزموون کردووە:
"خۆمان کێشەمان نەبوو، بەڵام گەورەکان بە شەڕیان دەدایین.

کاتێ هاتمە ئەم ماڵە تەمەنم کەم بوو، زۆر گوێڕایەڵی مێردەکەم نەبووم، دواتر بە ئامۆژگاریی دایکم و ئەوان باشتر بووم."

لە ڕاستیدا یاساکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەرعێتی بە هاوسەرگیریی کاتی دەبەخشێ و بنەماڵەکان بۆ پابەندبوون لە سەر داب‌ونەریتەکان ڕادەگرێت؛ بە جۆرێک کە هۆگری یان ناهۆگریی منداڵەکان هیچ گرینگییەکی نییە و هەر ئەم بابەتە لە ڕوانگەی ڕۆحی و دەروونییەوە کاریگەری لە سەر منداڵان دادەنێت. ئەوەی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا منداڵان لە تەمەنی کەمدا ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن، بە ئەگەری زۆر ڕێژەی تەڵاقیان بەرز دەکەنەوە. لە ڕاستیدا یاسا لە هەموو ڕوویەکەوە تێدەکۆشێ ئاماری هاوسەرگیری بەرز بکاتەوە بەڵام نازانێ کە ئەگەری تەڵاقی ئەو کەسانەی کە لەم تەمەنەدا هاوسەرگیری دەکەن پترە. بە واتایەکی دیکە، ئایین هیچ هێڵێکی سووری بۆ سیغە دیاری نەکردووە و دەتوانرێ لە ژێر تەمەنی هاوسەرگیری و لە سەر ئیزنی سەرپەرشت، منداڵان لێک سیغە بکرێن و یاسادانەریش بۆ پەسەندکردنی یاساکانی ڕێگری لە هاوسەرگیریی لە تەمەنی کەم هێندەی کە پێویستە سوور نەبووە.

ئەورۆ یەکێک لە پێوەرەکانی گەشەی مرۆیی، ڕادەی بەشداریی ژنان و شێوازی دەوربینینیان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی چالاکییە کە بە جیدی کاریگەری لە سەر دیوەکانی دیکەی گەشەی مرۆیی دادەنێت؛ چوونکە ژنان بە بینینی دەوری دایکایەتی و هاوسەرێتی دەتوانن دەورێکی کارایان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ... هەبێت. مافەکانی ژنان زاراوەیەکە کە دەڕوانێتە ئازادی و یەکسانی لە یاساکانی پەیوەست بە ژنان لە هەموو ئاستەکاندا. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕوونکەرەوەی ناوەندە کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای ئێران بە پێی پرەنسیپ و ڕێسا ئیسلامییەکانە. مادەی سێیەمی یاسای بنەڕەتی، دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ناچار کردووە کە مافە هەمەلایەنەکانی

هەموو تاکەکان بە پیاو و ژنەوە و ئاسایشی داد بۆ هەمووان و یەکسانیی گشتی لە ئاســت یاســا دابین بکات. هەروەها پێداگریکردن لە ســەر نەهێشــتنی هاڵاواردنی ناڕەوا و دامەزراندنی هەلی دادپەروەرانە بۆ ژن و پیاو لە هەموو بوارە مادی و مەعنەوییەکان دەکات. مادەی بیســتەمی یاســای بنەڕەتی دەلالەت لە ســەر ئەوە دەکا کە هەموو تاکەکان بە ژن و پیاوەوە بە شــێوەی یەکسـان لە لایەن یاساوە پاڵپشتی دەکرێن. مادەی بیست و یەکەمی یاسای بنەڕەتی، دەوڵەتی ناچار کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە بە ڕەچاوکردنی ڕێســا ئیســلامییەکان مافەکانی ژنان دەستەبەر بکات. هەروەها دامەزراندنی هەلی گونجاو بۆ گەشەی کەسایەتیی ژن و بووژاندنەوەی مافە مادی و مەعنەوییەکان سەرچەشنی ئەرکەکانی دەوڵەتە. مادەکانی بیست و یەکەمی یاسای بنەڕەتی بەم شێوەن:

1. ڕەخســاندنی هەلە گونجاوەکان بۆ گەشــەکردنی کەســایەتیی ژن و بووژاندنەوەی مافە مادی و مەعنەوییەکانی.

2. پشــتیوانی لە دایکان، بەتایبەت لە کاتی دووگیانی و سەرپەرشتیاریکردنی منداڵان.

3. دانانی دادگای شیاو بۆ پاراستنی چوارچێوە و مانەوەی بنەماڵە.

4. دانانی بیمەی تایبەت بۆ بێوەژنان و ژنانی بەتەمەن و بێسەرپەرشت.

5. پێدانی ئەرکی ســەرپەرشــتیاریی منداڵان بە دایکانی شــیاو و لێهاتوو ئەگەر خۆیان ویستیان و لە ئەگەری نەبوونی سەرپەرشتیارێکی شەرعی.

لە دەقی یاســای بنەڕەتی و مادەکانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژن و پیاو بە شێوەی یەکسان لە لایەن یاساوە پاڵپشتی دەکرێن و دەتوانین وەک دەقێکی شــیاو بەرزی بنرخێنین. نەبوونی هەڵاواردنی ناڕەوا و پشــتیوانیی مادی و مەعنەویی یاســایی (مادەکانی 20 و 21ی یاســای بنەڕەتی) لە هێماکانی گرینگیدانی یاســادانەر بە مافەکانی ژنە. بەڵام لە دەقی یاســای مەدەنی و

ئەوەی لە کردەوەدا سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی ڕوو دەدا هەندێ لە مافەکانی ژنان پێشێل دەکرێت. لە بەشی میراتدا بە شێوەی کردەیی یاسادانەر بێدەنگی هەڵبژاردووە. لە پرسی نەفەقەدا لە هاوسەرگیریی کاتی هیچ مافێک بۆ ژن ڕەچاو ناکات. ئەم هەلومەرجە لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکان و مافەکانی ژنان لێکدژە و نموونەی ئاشکرای پێشێلکرانی مادەی بیست و یەکەمی یاسای بنەڕەتییە کە ئاماژە بە ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆ گەشەکردنی کەسایەتیی ژن و بووژاندنەوەی مافە مادی و مەعنەوییەکانی ژن دەکات.

مادەی 21ی یاسای پشتیوانیی بنەماڵە پەسەندکراوی 1391ی هەتاوی باس لە تەوەرێتیی نیکاحی هەمیشەیی لە سیستەمی یاسایی ئێران و تۆکمەیی پەیوەندییە خێزانییەکان کردووە و هاوسەرگیریی هەمیشەیی پشتیوانی لێکراوە. هەروەها ئەم یاسایە نیکاحی کاتی گرێدراو بە ڕێسا شەرعی و یاسا مەدەنییەکان دەزانێ و تۆمارکردنی لە هەر سێ حاڵەتی دووگیانبوونی ژن و ڕێککەوتنی لایەنەکان و مەرجی لاوەکیی مارەیی بە پێویست دەزانێت. پرسی تۆمارکردنی نیکاحی کاتی یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە مافەکانی ژن پێشێل دەکات. یاسادانەر هیچ پێویستییەکی بۆ تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی ڕەچاو نەکردووە و ئەوەی بە مەرجە لاوەکییەکانی مارەکردن یان دووگیانێتیی ژن گرێ داوە. دیمانەکان دەریخست کە زۆربەی ئەو دیمانەلەگەڵکراوانەی کە پێشینەی نیکاحی کاتییان بووە هیچ زانیارییەکیان لە سەر یاساکان نییە. کەواتە بەشی هەرە زۆری هاوسەرگیریی کاتییەکان تۆمار نەکراوە. لە لایەکی تریشەوە یاسا، تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتیی پاش دووگیانێتیی ژن بە پێویست دەزانێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پیاو پاش دوگیانبوونی ژن بە جێی دێڵێ یان ئەوەی کە ماوەی مەتعە پاش دووگیانبوون کۆتایی پێ دێ و سەلماندنی ئەوەی کە ئەو منداڵە هی کێیە لە دادگا کارێکی ئەستەمە، کاتێکی زۆر دەخایێنێ و پێویستی

بە هاوکاریی کارناســـانی یاســـایی و پارێزەرانی کارامەیە. ئەم بارودۆخە لە کاتێکدا ڕوو دەدا کە ژن لە ماوەی دووگیانییەکەیدا پێویســـتی بە چاودێریی جەســـتەیی و ڕۆحی و مەعنەوییە؛ بەڵام لە هاوســـەرگیریی کاتیدا چێژی ســـێکســـی لە یەکەمایەتیدایە و ئەم خواســـتانە بەدی نایەت. لە ئەگەری سەلمێنرانی ئیدەعای ژن لە سەر ئەوەی کە منداڵ هی ئەو پیاوەیە کە سیغەی کردووە، لـە مـاوەی دوور و درێژی ســـەلمـانـدنی ئیـدەعـا، دابین‌کردنی تێچووەکانی منداڵ و بارودۆخی یاســـایی منداڵ و نەفەقەی ژن بە تەواوەتی بە هەڵپەســـێراوی دەمێنێتەوە. بەو پێیەی کە لە هەموو قوتابخانە یاســـاییەکاندا وەدیهێنانی دادپەروەری و پاراســـتنی کەرامەت و بەها مرۆییەکان یاســـایە، ئەم بابەتانە نە تەنیا دژی مادەکانی یاســـای بنەڕەتین بەڵکوو دژی بەها مرۆییەکان و مافەکانی مرۆڤیشن.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

لـە بـەشـــی پێکهـاتـەی کۆمـەڵایـەتیـدا وتـەزاکـانی فـاکتـەرە خێزانییـەکـان لـە هاوســـەرگیریی کاتی، هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکان کە دەبنە هۆی نایەکســـانییە کۆمـەڵایەتییـەکـان و ڕوانگـەی گشـــتی بەرامبەر بە هـاوســـەرگیریی کـاتی لـە چوارچێوەی عورف و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لێک دەدرێتەوە.

## ڕوانگەی بنەماڵەیی

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە نووسەری هان دا لە بارەی دیاردەی هاوسەرگیریی کاتی بکۆڵێتەوە، هەڵکشانی ڕێژەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ماوەی چەند ســـاڵی ڕابردوودا بووە. ئامارێکی ورد لە بارەی ڕێژەی هاوســـەرگیریی کاتی لەبەر دەســـتدا نییە؛ بەڵام هەڵکشـــانی ئەم چەشـــنە هاوســـەرگیرییە لە چاوی ڕخنـەگرانـەی پســـپۆڕانی ئـەم بوارە نـاشـــاردرێتـەوە. هـەڵکشـــانی تـەمـەنی هاوســـەرگیری لە ئێران لەو پرســـانەیە کە لە ماوەی چەند ســـاڵی ڕابردوودا بەمیدیایی کراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵکشـــانی ڕێژەی هاوســـەرگیریی کاتی، چوونە ســـەرەوەی تەمەنی هاوســـەرگیرییە. هەڵبەت بە هۆی ئەوەی

هاوسەرگیریی کاتی بۆ کچان بە بێ ئیزنی باوک قەدەغەیە، ئەم بابەتە زیاتر پیاوان دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا تاکەکان بە هۆی تێچووی قورسی هاوسەرگیری و ترس لە چوونە ناو پەیوەندی پابەندانە، وایان پێ باشە بە پەیوەندییەکی کورتخایەن و لە هەمان کاتدا شەرعی ڕازی بن. بوونی توێژەران لە مەیدانی کار پیشانی دا کە هاوسەرگیریی کاتی چی لە چوارچێوەی سیغەی گەورەساڵان و چی لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتیی بەر لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی منداڵان، لە چینە نەریتییەکانی کۆمەڵگادا باوترە و هۆگریی ئایینی لە بنەماڵە و زەختی سەپێنراو بۆ هاوسەرگیری ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە. لە زۆربەی ئەو بنەماڵانەی کە بیر و باوەڕی نەریتی و تا ڕادەیەک دەمارگرژلنەیان هەیە، سیغەی مەحرەمێتی و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەتعە بوونی هەیە و پێداگری لە سەر گرینگیپێدانی دەکرێت. چوونکە بە باوەڕی ئەوان ئەم دیاردە پاڵپشتیی شەرعی و مۆڵەتی یاسایی هەیە و بە پێی بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگا و بە هۆکاری عەقڵی و لۆژیکی ڕێگریکردن لەم دیاردە شیاو نییە. هەروەها ئەوەی کە هەندێ لە بنەماڵە خاوەن کوڕ و یان خاوەن منداڵی هاوسەربەجێهێشتوون، پێشوازی لە نیکاحی کاتی بۆ پەیوەندیی سێکسی دەکەن و لەم بوارەدا لە چاو دیکەی بنەماڵەکان (بەتایبەت ئەو بنەماڵانەی کە خاوەن منداڵی کچن) زیاتر نەرمی دەنوێنن. سەرەڕای ئەمە تەنانەت بنەماڵە ئایینپەروەرەکانیش وەک ئامرازی بەردەوامی چێژبردنی منداڵەکانیان کەمتر هۆگری سیغەن و زیاتر وەک ڕێکارێک بۆ دانانی سنوور و شەرعیبوونی لە پەیوەندیی سێکسیی منداڵەکانیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەویش هەتا کاتی جێبەجێبوونی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لێی دەڕوانن. هەڵبەت لەوانەیە منداڵانی ئەم بنەماڵانە دژی ئەم ڕێکارە بن. لە دیمانە ئەنجامدراوەکاندا هەندێ لە بەشداربووان لە مەودای تەمەنیی 11 بۆ 18ساڵان سیغەی مەحرەمێتییان بەئەزموون کردبوو و مەودای تەمەنیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان 3

بۆ 11 ساڵان بوو. دەتوانین بڵێین لە هەمو ئەم نموونانەدا بنەماڵەکەی هاوسەری کەسەکەیان دەستنیشان کردبوو و کەسەکە ناچار بووە ئەم پێشهاتە قبووڵ بکات.

"خانمێکی 22 ساڵە، هاوسەردار، دانیشتووی مەشهەد لە تەمەنی 12 ساڵاندا لە مێردەکەی مارە کراوە:
تۆ بڵێ مرۆڤ لەم تەمەنەدا چی لێ حاڵییە؟ ڕۆژێکیان لە قوتابخانە دەهاتمەوە وتیان دەبێ شوو بەم پیاوە بکەی. چیتر نەگەڕامەوە بۆ قوتابخانە. من دەڵێم کەمێک گەورە بی. کە منداڵ بی زمانی پیاوان درێژە. هەتا منداڵی چی وت دەبێ بە گوێی بکەیت."

لە ڕاستیدا بنەماڵەکان بۆ پەروەردەکردنی سێکسیی منداڵەکانیان تێدەکۆشن تێکەڵی پەیوەندیی سێکسیی شەرعی و نەریتییان بکەن بۆ ئەوەی دەرهاویشتەکانی حیزیەتیی منداڵانە داوێنگیریان نەبێت. قووڵایی دڵهەژێنیی ئەم پرسە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە تێبگەین ئەم بنەماڵانە وەها ڕوانگەیەکیان بە منداڵەکانی خۆشیان گواستۆتەوە و منداڵەکانیش بە شێوەیەکی بێدەسەڵاتانە لە بارودۆخی خۆیان ڕازین و بە بێ بوونی زلنیاریی پێویست ئەم هاوسەرگیرییانەیان لە خوێندنی لانیکەمی پێ باشترە. شێوازی ژیانی خێزانی و شێوازی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی منداڵان لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی قبووڵکردنی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتییە. ئەو بنەماڵانەی کە پێشینەی بڕیاری مەحرەمێتی و نیکاحی کاتییان هەبووە ئەم هەڵسوکەوتەیان لە نەوەکانی دوایی خۆیاندا چەسپاندووە و نەوەی دواتریان ئەمە وەک هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراو ئەنجام دەدەن.

پیاو، تەمەن 26 ساڵان، دانیشتووی تاران، خاوەن هاوسەرێکی هەمیشەیی و ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتیی لەرادەبەدەر:
"باوکم دوو ژنی هەبوو. مامەکانیشم سمێڵیان دەبزوێت. بە گشتی لە نێو بنەماڵەدا ئەم [نەریت]ـە هەیە. وا نەبوو کە من یەکەم کەس بم. هەروەها براکەشم ژنێکی هەر لە سەر ئەم سیغە و بەزمانە تەڵاق دا. ئیتر لە هەموو شوێنێکدا باسی ناکەین، بەڵام خۆمان دەیزانین. شتێکت با پێ بڵێم بە گشتی ئێمەی پیاوان خۆمان دەزانین خەریکی چین. هەموومان بە جۆرێک خەریکین."

مێرمندالّی 16 سالاّن، دانیشتووی تاران، لە میانەی سیغەی مەحرەمێتییە:
"بنەماڵە خۆیان پێشنیاریان دا. خۆشم حەزم لێ بوو هاوسەرگیری بکەم. دواتر درێژە بە خوێندن دەدەم. بەڵام حەزم لە کوڕە کەیە."

سەرەڕای ئەوەی هاوسەرگیریی کاتی لە یاسا و ئایینی فەرمیی ئێراندا قبووڵ کراوە، زۆرێک لە بنەماڵەکان وەک هەڵسوکەوتێکی قبووڵکراو لێی ناڕوانن و دژی دەوەستنەوە. دیمانەی هەندێ لە بەشداربووان زۆر بە باشی ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە.

پیاو، 29 ساڵان، دانیشتووی تاران
خاوەن پێشینەی سیغەی کورتخایەنی لەرادەبەدەر. سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بنەماڵەکەی پاش ئاگاداربوون لە هاوسەرگیریی کاتی دەڵێ:
"پاش ئەو ڕووداوە لە ماڵ وەدەرکەوتم. لێم بووران ~~هههههه~~ (پێدەکەنێت). ئیتر خراپە پیاو نەتوانێ خۆی کۆنترۆڵ بکات."

بەکۆمەڵایەتیبوون جۆرێک پرۆسەی کارلێکی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییە کە لە نێوان ئەوەدا تاک، نۆرم، بەها و دیکەی توخمە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەکانی ناو گرووپ یان ژینگەی دەوروبەری خۆی فێر دەبێ و بە دەروونی دەکا و لەگەڵ کەسایەتیی خۆیان یەکی دەخات (سەلیمی و داوەری، 1385: 144). بیرمەندانی کۆمەڵناسیی بنەماڵە، سەرەکیترین کاردای بنەماڵە لە پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵان دەزانن و پێیان وایە یەکەم شوێنێک کە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان بەدەروونی دەبێ، بنەماڵەیە. ئارێنت[1] بە خستنە ڕووی تیۆرییەک کە لە سەر بابەتی کۆمەڵگاگری لە ژێر ناوی کۆمەڵگاگریی کراوە و کۆمەڵگاگریی داخراو بە شێوەی تایبەت پێداگری لە سەر لایەنی کەلتووریی کۆمەڵگاگریی بنەماڵە دەکات. بە باوەڕی ئەو لەو کەلتوورانەی کە هەڵگری کۆمەڵگاگریی کراوەن، سەربەخۆیی، تاکخوازی و خۆدەربڕی پەرە دەستێنێ، لە حاڵێکدا لەو

1. Arendt

کەلتوورلنەی کە هەڵگری کۆمەڵگاگریی داخراون، گوێڕایەڵی و هاوئاهەنگی دەبنە بەها سەرترەکان (Arendt, 1995).

هەروەها لە ڕوانگەی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە بە شێوەی هەرەزۆر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەرەنجامی ئەو ئەزموونانەن کە بە بینینی هەڵسوکەوتی دیتران و دەرهاویشتەکانی بیچم دەگرن. توانای مرۆڤ بۆ فێربوون لە ڕێگەی بینین ئەو هێزەی پێ دەبەخشێ کە سەرچشنە گشتییەکانی هەڵسوکەوت وەدەست بێنێت. پرۆسەی سەرچەشن و مۆدێلسازی لە چەقی ئەم تیۆرییەدان کە تێیدا تاک بە بینینی چی بە هەڵکەوت و چی وشیارانە فێری هەڵسوکەوتی مەعریفی و کۆمەڵایەتیی دیتران دەبێت. جیا لەوە پرۆسەی فێربوون لە بینەر بە پاداشت و سزا بەهێزتر دەبێت. کەواتە تاکەکان ڕێژەیەکی زۆری زانست، توانا، بەها و ... بە بینینی هەڵسوکەوت، ئاکار و گوتاری دایک و باوک، هاوڕێیان، مامۆستایان و دیکەی سەرچەشنەکان و هەروەها بە بینینی دەرهاویشتەی هەڵسوکەوتەکانی ئەوان فێر دەبن. بنەماڵە وەک ناوبژیوانێک لە بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ و هاوئاهەنگیی قووڵی ئەو منداڵە لەگەڵ نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە (وسووقی و نیک خەلق، 1374: 173).

بە گوێرەی تیۆریی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئارێنت لەو بنەماڵانەی کە کۆمەڵگاگریی داخراویان هەیە، دەتوانین سیغەی مەحرەمێتی وەک جۆرێک گوێڕایەڵی و هاوئاهەنگیی منداڵان لەگەڵ دایک و باوک شی بکەینەوە. بەو پێیەی کە لەم چینە نەریتخوازەدا سەربەخۆیی و تاکایەتیی منداڵان کەمترە، ڕازیکردنی منداڵان بۆ هاوسەرگیریی کاتی بە ئاوڕدانەوە لە تیۆریی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئارێنت شیاوی ڕوونکردنەوەیە. هەروەها لەو بنەماڵانەی کە هاوسەرگیریی کاتی باوە، دیکەی ئەندامانی بنەماڵە و نەوەی دوایی ئەم هەڵسوکەوتە بە دەروونی و مۆدێلسازی دەکەن. بەڵام لەو بنەماڵانەی کە

مەتعە یان هاوسەرگیریی کاتی باو نییە، ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە بۆ منداڵان و نەوەکانی دواتر دەبێتە جۆرێ تابۆ و ئەگەر ئەندامێکی ئەم بنەماڵانە ڕوو بکاتە هاوسەرگیریی کاتی، تووشی دژایەتیی بنەماڵە و سزاگەلێکی وەکوو تارێنران لە لایەن کەس و کار دەبن.

**عورف**

سوودمەندبوونی مەتعە لە پاڵپشتیی ئایینی (شەرعی) و یاسایی، تایبەتمەندیی سەرەکی و یەکەمی و لە هەمانکاتدا خاڵی تایبەتی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەیە. هەر بۆیە مەتعە لە ڕوانگەی یاساییەوە کارێکی ڕێگەپێدراو و لە ڕوانگەی شەرعەوە شێوازێکی بەفەرمی ناسراو و پاڵپشتیلێکراوە. وێڕای ئەوەی کە نیکاحی کاتی بە هۆی شوناسە جەوهەرییەکەی خۆی لە سەر بنەمای کاتیبوون و نەسەپاندنی مەرج و تەدارەکاتی لەڕادەبەدەر بە سەر هاوسەرەکانە و لە چاو هاوسەرگیریی هەمیشەیی، ئاسانکاری زیاترە. کەواتە بە ئاوڕدانەوە لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان و خواستە تاکایەتییە ڕوو لە هەڵکشانەکانی تاکەکان، مەتعە بە گریمانەی پێناسە و ڕوونکردنەوەی سەردەمیانەی دەتوانین وەک ئاراستەیەکی کاریگەر سەیری بکەین. بە ئاوڕدانەوە لە ڕەواداری و ئاسانکاریی هاوسەرگیریی کاتی و هەلومەرجە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە زیاتر لە لایەن کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران سەرنجی پێ دەدرێت.

پیاوی تەمەنی 28 ساڵان، دانیشتووی تاران، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی:

"ئەم ئەزموونی دووهەمە کە پێکەوە دەژین، ئەزموونێکی زۆر باش بوو. هەم باش و هەم سەیر و سەمەر. هەتا پێشتر قەت بۆم دەرک نەدەکرا باوکم چی دەکا، چەندە خۆی بۆ ماڵ و منداڵی ماندوو دەکات. ئەو ماوەی کە چوومە ماڵی خۆم، چوومە ژێر باری قورسی بەرپرسایەتیی کرێماڵ و پێداویستیی ماڵ و پارەی ئاو و کارەبا و غاز. ئەو کەسەی کە لەگەڵم دەژی هەندێجار هەندێ پێویستی هەیە، شتێکی بە دڵ دەبێ، جلێکی پێ جوان دەبێت. ئەوە ئەزموونێکی باش بوو. لە دەرەوە زۆر ئاسانە، ئیش دەکەی و پارە وەدەست دێنی و کۆتایی پێ دێت. بەڵام

زۆر جیاوازی هەیە. ئەزموونێکی وەکوو هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە و ناوێک. وەکوو شتێکی چۆن بۆتان روون بکەمەوە، شتێک دادێنن وەکوو مرۆڤ، ئەمە بۆ من هاوشێوەسازیی ژیانێکی ڕاستەقینە بوو."

لە ڕوانگەی توێژەر، بە ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی تایبەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەم قۆناغە زەمەنییەدا (دەیەی 90ی هەتاوی) کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێرانی زیاتر پێشوازی لە هاوسەرگیریی کاتی کردووە. گۆڕانکارییەکانی هاوسەرگیری و بنەماڵە وەک خۆگونجاندنی سیستماتیک یان گۆڕان لە هەلومەرجی سیستەمی کۆمەڵایەتیی پەراوێزی یان خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گۆڕدراو ڕەچاو دەکرێت. لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا لە فاکتەرە هاوپەیوەستە کۆمەڵایەتییەکاندا دابڕان، لێکپسان و لاوازی ڕوو دەدا و تاکەکان بە شێوەی ئەتۆمی لێکجیا دەبینرێن کە هەوڵدەدای هەرچی زیاترکردنی قازانج و بەرژەوەندییە تاکایەتی و تایبەتییەکانی خۆیانن؛ واتە کەڵکەڵە تاکایەتییەکان بە سەر بەرژەوەندییە گشتی و ئێتنیکییەکاندا زاڵ دەبێ و زەینییەتی کەسەکان بەرەو سکۆلاریتە، مادەخوازی، تاکخوازی و گۆشەگیری دەڕوا و بنەماڵەتەوەری دەبێتە تاکتەوەری. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە، لە سەرچەشنەکانی هاوسەرگیری و بنەماڵە جۆرێک خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ ڕوو دەدات. هەر بۆیە گۆڕانکارییەکانی ناوەندەکانی هاوسەرگیری و بنەماڵە، هێما و سیمبۆلگەلێکن کە وەک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە هەژمار دێن؛ چوونکە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا پەیوەست بە کەمکردنەوەی باڵادەستیی نەریتی و ئایینی، پەرەدان و بڵاوکردنەوەی ئەخلاقی عەقڵانییەت و تاکخوازی، پەروەردەی گشتی بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە، هەڵکشانی یەکسانیی ڕەگەزێتی، هەڵکشانی زیندوومانەوەی منداڵان و پەرەدان و بانگەشە بۆ کەلتووری بەکارهێنانخوازییە (نازوک تەبار و هاوکاران، 1394). مەک دۆناڵدیش لە

چوارچێوەی تیۆریی نوێسازیی دووبارە وەبیرهێنانەوەی خۆی ڕوونی دەکاتەوە ئەگەرچی پرۆسەی نوێسازی، ئازادی و سەربەخۆیی زێدەتر بۆ تاکەکان بە دیاری هێناوە؛ بەڵام ئەوانی ڕووبەڕووی بێ‌متمانەییەکی زێدەتر بەرامبەر بە داهاتوو کردووە. کەواتە هەتا ئەو کاتەی کە تاکەکان پیشەیی هەمیشەیی و نەگۆڕ و توانای لە ئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی بنەماڵەیان نەبێ هاوسەرگیری ناکەن و بنەماڵە پێک ناهێنن (MacDonald, 2006).

کەواتە بە پێی تیۆریی مۆدێرنیزاسیۆن لە ئێرلنی ڕوو لە تێپەڕینی نیمچەمۆدێرن، بارودۆخی بەپیشەسازیبوون ڕووی لە بیچمگرتنە، ڕێژەی شارنشینی هەڵکشاوە و پەروەردەی گشتی بە شێوەی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان دابین کراوە و بە دوایدا تاک‌خوازی و سەربەخۆیی‌خوازی و خۆشبژێوی تایبەت و بەرژەوەندیی تاکەکەسی وەک بەها بنەڕەتییەکان خراومتە ڕوو. لە ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی کاتی بە پێی تیۆریی نوێسازی دەتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کاتی لە چاو هاوسەرگیریی هەمیشەیی، ئازادی و سەربەخۆیی و بەرژەوەندیی تاکایەتیی زیاتری بۆ تاکەکان دابین دەکات. هەروەها گیدنز باس لەو گۆڕانکارییانە دەکا کە لە بواری سەرچەشنی پەیوەندییە سێکسییەکان لە دوادەیەکانی سەدەی بیستەم بیچمی گرتووە. بە پێی ئەم بیچمگرتنەی سەدەی بیستەم، سەرچەشنێکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو بەدی هات بە ناوی "عەشقی مەلەوەر" کە تێیدا پەیوەندییە سێکسییەکان دۆستانە و کورت‌خایەن و ئازادانەن. تایبەتمەندیی کورت‌خایەنی و ئازادبوون لە هاوسەرگیریی کاتیشدا بەدی دەکرێت. لە هاوسەرگیریی کاتی پەیوەندی کورت‌خایەن و تیژتێپەڕە و زۆر بە ئاسانی کۆتاییان پێ دێ و کەسەکە دەتوانێ بە بێ هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکی یاسایی و تەنانەت شەرعی پەیوەندییەکی دیکە ساز بکات. بەڵام هاوسەرگیریی کاتی لە چاوی کۆمەڵگا دەشاردرێتەوە و سەرەڕای ئەوەی لە عورفدا شەرعێتیی یاسایی و ئایینی هەیە، پێگەیەکی

باشــی نییە. زۆربەی ئەو کەســانەی کە پێشــینەی هاوســەرگیریی کاتییان هەیە یان ئێســتا لە هاوســەرگیریی کاتیدان، ئەم پەیوەندییە بە شــاراوەیی دەهێڵنەوە و ئەگەر ئاشــکرا بێ لە لایەن کەس و کار و هاوڕێ و بنەماڵەوە لێپێچینەومیان لەگەڵ دەکرێ و لە سۆنگەی کۆمەڵایەتیشەوە ناو و ناتۆرەیان لێ دەنرێت. ئەم لێنانی ناو و ناتۆرە کۆمەڵایەتییە لە لایەن کۆمەڵگاوە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کەمبوونەوەی تەندروستیی دەروونی و تەندروستیی کۆمەڵایەتیی ئەم کەســانە هەیە. دیمانە لەگەڵ بەشــداربووان پیشــانی دا ئەو کەســانەی کە پەیوەندییە سێکسییەکەیان ئاشکرا بووە تووشی هەندێ سزای وەکوو دەرکران لە ماڵ لە لایەن بنەماڵەوە بوون.

پیاو، 29 ساڵان، دانیشتووی تاران، خاوەن پێشینەی سیغەی کورتخایەنی پەیتا پەیتا. ســەبارەت بە هەڵســووکەوتی بنەماڵەکەی پاش ئاگادار بوون لە هاوسەرگیریی کاتی دەڵێ: "ئیتر پاش ئەوەی زانیان، باوکم لە ماڵەوە دەریکردم. ئێســتا لێرەم. بە گشــتی باش نییە. بەڵام لە ئێســتادا باشــە کە بچی بژیت. ئێســتا لەم ســووپەرمارکێتە بژێویی ژیانم دابین دەکەم. باشە."

بە واتایەکی دیکە، پێگەی نزمی هاوسەرگیریی کاتی لە ڕوانگەی عورفی، ئەخلاقی، کەلتووری و کۆمەڵایەتیی بنەماڵەکان، لە پاڵ نەبوونی پێکهاتە و میکانیزمە پێویســتە پەروەردەیی، پەیوەندی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بۆ هێنانەدی نیکاحی کاتی و هەروەها دڵنیگەرانی و دڵەڕاوکێی بنەماڵەکان و بەتایبەت کچان لە کاردانەوە ئەگەرییەکان و دەرهاویشتەکانی هاوســەرگیریی کاتی دەبێتە هۆی ڕوانگەی نەرێنی، نائاســایی و نائەخلاقیی بەرامبەر بەم دیاردە. گوتاری گشــتیی کۆمەڵگا لە ســەر ئەنجامدانی هاوســەرگیریی هەمیشــەیی کوڕان و کچانە و ماکی بابەتی مەتعە بە نائاسـایی و لە سـۆنگەی ئەخلاقییەوە بە نانۆرم لێی دەڕوانن. هەروەها ئەوەی کاردای زۆرێک لە پیاوان لە بەکارهێنانی مەتعە وەک ئامرازی چێژبردن و هەوەســبازیی لە ڕادەبەدەر، ژنان و کچانی مەتعەکراو دەکا بە ئامرازێک بۆ خواستە سێکسییەکان و پەرە بە ڕەشبینیی بەرامبەر بەم چەشنە هاوسەرگیرییە داوە. جیا لەوە، کوڕان (پیاوان)

و بنەماڵە خاوەن کوڕەکان لە سـۆنگەی عورفی و ئەخلاقی لە بنەڕەتەوە پێیان خۆشـە هاوسـەر یان بووکەکەیان، کچێکی پاکیزە و سـەڵت بێ و لە کردەوەدا کەمتر خوازیاری هەڵبژاردنی ئەو ژنانەن کە پێشتر هاوسـەری هەمیشـەیی یان کاتیی پیاوێکی دیکە بوون و پاکیزە نین. لە دیمانەکردن لەگەڵ کارناسـانی یاسـایی ڕوون بۆوە کە زۆرێک لە ژنانی مەتعەکراو بە هۆی ڕوانگەی نەرێنیی کۆمەڵگا و ترس لە ناو و ناتۆرەی کۆمەڵایەتیی سیغەیی، سەبارەت بە زۆرێک لـەو کێشـانـەی کـە لـە کـاتی نیکـاحی کـاتیـدا بۆ ژن ڕوو دەدا بێـدەنگی هەڵدەبژێرن و ناڕەزایەتی نانوێنن:

ئەم ناوناتۆرە کۆمەڵایەتییە لەگەڵ جۆرێک بێڕەوشـتیی سـێکسـی لە ڕوانگەی عورفیی کۆمەڵگاوە یەکپۆشـە. دیمانەکان پیشـان دەدا کە سیغە وەک فاکتەرێک بۆ گەندەڵی و تەشـەنەسـەندنی داوێنپیسـی لە کۆمەڵگا سـەیر دەکرێت.

> پیاو، تەمەن 52 سـاڵان، دانیشـتووی تاران، هاوسـەرەکەی مردووە، شوێنی دیمانە: دووکانی کەسەکە خۆی:
> "جگە لەوەی کە لە کۆمەڵگادا تەشەنە بە گەندەڵی دەدا، هیچی دیکە نییە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە گەندەڵی لە کۆمەڵگادا زیاتر بێ و بگەینە ئەم ڕۆژە. تا بڵێی عەیبی زۆرە. تەنیا قسـە لە سەر سیغە لە کۆمەڵگادا نییە. ئێستا کەس باس لە سیغە ناکا و هەموو بە لێکتێگەیشتنەوە پێکەوە دەژین. ئیتر نایەنە لای مەلا، هیچ پێویسـت بە مەلا ناکات. واتە ئازادانە لای یەکتر دەژین و ناوی دەنێن چی؟ هاوسـەرگیریی سـپی! دەڵێن ئەمە باشـترە. چاکترە."

عورف و ڕوانگەی گشـتیی وەک ناوناتۆرەیەکی کۆمەڵایەتی لە مەتعە دەڕوانێ و ئەو کەسـانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن وەک لادەر لە ڕێگا سـەیر دەکـات. کـەواتـە بۆ ڕێگری لـە نـاونـاتۆرەی لادەری ئـەخلاقی و گومڕایی، تاکەکان سـیغە دەشـارنەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەهەندی هاوسـەرگیریی کاتییە دەتوانین تیۆریی شـانۆیی ئێرڤین گافمەن[1] بقۆزینەوە. تیۆریی شـانۆیی

1. Dramaturgical Theory of Goffman

گافمەن لە ڕاستیدا شرۆڤەی خوازەییانەی کارلێکی بەرامبەرانەی مرۆڤەکان لە شـــانۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بە بۆچوونی ئەو مرۆڤەکان وەکوو ئەکتەرانی شـــانۆ لە ســـەر شـــانۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەها نولندن دەکەن کە گونجاوترین کاریگەری لە ســـەر بەردەنگ یان تەماشـــاوانەکانیان دابنێن. هەر تاکێک لە کۆمەڵگا یان خەریکی ڕاپەڕاندنی دەوری کۆمەڵایەتیی خۆیەتی یان تەماشاوانی دەوری دیترانە کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا بە شێوەی چالاک و کاریگەر ئیش دەکا و لە بیچمدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشـــدارییەکی وشـــیارانەی هەیە (ســـەلاســـی، 1376). گافمەن لە ڕوونکردنەوەی چەمکی بەڕێوەبەریی کاریگەرانە[1] دەڵێ تاک تێدەکۆشـــێ "خۆی" دەربخا بۆ ئەوە دیتران قبووڵی بکەن. ئەم خۆدەرخستنە لە سەر شانۆیە و ئاشـــکراکردن لە پشـــت دیمەنەکەدایە. تاک هەمیشـــە تێدەکۆشـــێ ئەم پشتدیمەنە لە کەس ئاشکرا نەبێت. "پشت شانۆ" پڕ لەو پیسی و ناپاکی و گەندەڵییانەیە کە نابێ لە "ســـەرشـــانۆ" ببینرێن. بە گوێرەی ئەم تیۆرییە هاوســـەرگیریی کاتی پشـــتشـــانۆی کەســـانێکە کە ئەم کارە دەکەن. ئەوان دەیانهەوێ هاوســـەرگیریی کاتییەکەیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە ڕۆژەڤەکانیان بشارنەوە.

## نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی ڕەگەزێتی

زانای ئایینیی ژن 1. لە حەرەمی ئیمام ڕەزا:
"لە ڕووی شـەرعییەوە کێشـەی نییە و شـەرعییە؛ بەڵام هەندێ کێشـە دروست دەبێت. دەبێ ماوەکەی زۆر کورت ڕەچاو بکەی و هەر مانگێ بە جارێک لە قەڵەم بدەیت. مانگانە هەم ماوە و هەم برەمارەیی دیاری بکرێت ...
بروانـە زۆر کـەس وەکوو تۆ هـاتوون و قۆنـاغـەکـانیـان بڕیوە و کەوتوونەتە ناو هەڵدێری هاوســەرگیریی کاتی و کێشــەکانیان زیاتر بووە. دەبێ چاوکراوانە ئەم کارە بکرێ بۆ ئەوەی تووشـــ گیر و گرفت نەبیت. بۆ وێنە کچەکە دەڵێ من لە ماوەی 3 یان چوار مانگ دوو جار هاوسەرگیریی کاتیم کردووە و هەر دووکیان

---

1. impression management

پاش دوو جار هاوجێیی ڕۆشـــتوون. نابێ بکەویتە ناو هەڵدێری ئەم چەشنە هاوسەرگیریانەوە، تۆ گەنجی دەتوانی هاوسەرگیری بکەیت. وریا بە."

زانای ئایینی ژن 2. لە حەرەمی ئیمام ڕەزا:
"زۆر کەس لە بارەی باشـــی و خراپییەکەی دەپرســـن. ئەوەی ڕاســـتی بێ من لەبارەی ماوەکەی بە هەمووان یەک پێشـــنیارم نییە. بۆ یەکێک 2 مانگ باشـە، یەکێکی دیکە 2 ساڵ باشـە. بە پێی بارودۆخە. بەڵام بەڵێ زۆر کەس دێن؛ تەنانەت دێن بۆ ئەوەی یەکێکیان پێ بناسێنین.
شـــوێنێکی تایبەتمان بۆ ئەم کارانە نییە. ئەگەریش هەبێ ئێمە نایناسین. لە حەرەمی ئیمام ڕەزادا شوێنێکی وا نییە. زۆر کەس دێن دەڵێن کوێتان پێ شـــک دێ؛ بەڵام حەرەمی ئیمام ڕەزا شوێنی ئەم کارانە نییە."

ئەم هاودڵیی ژنانە و تێگەیشتن لە هەڵاواردنی دژ بە ژنان وای کردووە کە زانایانی ژن پێشـنیاری ئەم چەشـنە هاوسـەرگیرییە بە هاوڕەگەزەکانی خۆیان نەدەن و تەنانەت کچانی گەنج لەم کارە دەپرینگێننەوە. وەک ئاماژەی پێکرا، یەکێک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی بیچمگرتنی هاوسـەرگیریی کاتی بەتایبەت لە ژناندا، خواســتی مادی و هەژاریی ئابووریی بەربڵاوە. ئەم پێداویســتییە مادی و هەژارییە ئابوورییە دەتوانین بە پێی کەلێنی ئابووریی ڕەگەزێتی ڕوون بکەینەوە. بە پێی ئەم کەلێنە ژنان لە چاو پیاوان دەورێکی کاڵتریان لە چالاکییە ئابوورییەکانی وڵاتدا هەیە. بارودۆخی پێوەرە ڕەگەزێتییەکانی ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2017ــی زایینی پیشان دەدا کە وڵاتی ئێران لە کەرتی ئابووری لە ڕووی کەلێنی ڕەگەزێتی لە ناو کۆی 144 وڵات لە پلەی 140ی دنیایە. کەلێن و هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکان لە ڕەهەندی ئابووریدا هەر سێ چەمکی مەودای بەشداری (جیاوازیی لە ڕێژەی بەشداریی هێزی کاری ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاو)، مەودای حەقدەســت (ڕێژەی بەراوردی داهاتی وەدەســتهاتووی ژنان لە چاو پیاوان) و مەودای پێشــکەوتنی ژنان و پیاوان (ڕێژەی ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان لە هەر دوو گرووپی پیشـــەیی یاســادانەران، بەرپرســانی باڵا و بەڕێوەبەران و کارمەندانی پرۆفیشــناڵ و تەکنیکی) لە خۆ دەگرێت.

**خشتەی پێوەرەکانی بەشداریی ئابووری**

| پێوەر | پلە | خاڵ | مامناوەند | ژنان | پیاوان |
|---|---|---|---|---|---|
| بەشداریی ئابووری | 140 | 0.357 | 0.586 | - | - |
| بەشداریی لە بازاڕی کار | 142 | 0.224 | 0.665 | 17 | 76 |
| حەقدەستی یەکسان | 101 | 0.579 | 0.622 | - | - |
| داهات | 141 | 0.168 | 0.502 | 4963 | 29468 |
| پێگەی بەڕێوەبەری و بەرپرسانی باڵا | 100 | 0.223 | 0.358 | 18 | 82 |
| پیشە پسپۆڕی و تەکنیکییەکان | 111 | 0.514 | 0.862 | 34 | 66 |

لێکدانەوەی بارودۆخی پێوەرەکانی ئێران لە ڕاپۆرتی ساڵی 2017 پیشان دەدا لە کۆی ئەو وڵاتانەی کە لە بواری ئابووریدا کەلێنی بەربڵاوی ڕەگەزێتییان هەیە ئێران لە پێوەری گشتیی بەشداریی ئابووریی ژنان خاوەن پلەی 140 و لە ژێرپێوەرگەلێکی وەکوو بەشداریی لە بازاڕی کار خاوەن پلەی 143 و لە وەدەستهێنانی پۆستە بەڕێوەبەرییەکان پلەی 103 و لە وەدەستهێنانی پیشە پسپۆڕییەکان پلەی 112ی هەیە. ئەم پلە بە پێی ڕێژەی یەکجار زۆری ژنانی خوێندەوار، شیاوی تێڕامان و لێکدانەوەیە. لێکدانەوەیەکی دیکەی پێوەرە ئابوورییەکان لەم بەشەدا پیشان دەدا کە ڕێژەی بێکاریی ژنان 19.4 و بێکاریی پیاوان 9.3 لە سەدە. بە واتایەکی دیکە لە بارودۆخی نالەباری ئابووری و مەندیی کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێرانی (دەیەی 90ی هەتاوی)، ڕێژەی بێکاریی ژنان نزیکەی دوو و نیو قاتی پیاوانە.

## کارلێکی ستراتیژی

هەڵسوکەوت یان کارلێک، چاودێر بە سەر تاکتیکە بنەڕەتییەکان و شێوازی کاری ئاسایی یان ڕۆژانە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بارودۆخ لە لایەن تاکەکانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان بە کار دەبرێت. ئەم تاکتیکانە ئەو هەڵسوکەوت و کارلێکانەن کە خەڵک ئەنجامی دەدەن (ئێستراوس و کووربین، 1390: 152). لەم لێکۆڵینەوەدا ئەم هەڵسوکەوتانەی کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا دیاریکراو و بنەمایین پێیان دەوترێ کارلێکی ستراتیژی.

### مەتعە پەیوەندییەکی کاتی بە کۆتاییەکی دیاریکراوەوە

ناتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کاتی، شێوازی هەڵبژاردنی هەمیشەیی تاکە، بەڵکوو هەندێ لە تاکەکان بە شێوەی کاتی یان وەک پەیوەندییەکی هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ پەیوەندییەکانی دیکە هاوسەرگیریی کاتی هەڵدەبژێرن. پەیومندییە هاوتەریبەکان و قەیرانی جیاوازی لە درێژایی ژیلاندا بەتایبەت لە تافی پیریدا دەبێتە هۆی هۆگربوون بە هاوسەرگیریی کاتی. جیا لەوەش هەندێ لە بەشداربووان بێهێزی یان بێ‌خواستیی هاوسەر بۆ هاوباخەڵی‌کردنیان دەگەڕلندەوە بۆ نەخۆشیی جەستەیی، لەزکوێستان، کەم‌بوونەوەی خواستی سێکسی و ... ـی هاوسەرەکانیان دەزانی.

> ژن، 24ساڵان، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیری کاتی: "ناتوانم خەڵک سەبارەت بەم بابەتە ئاگادار بکەمەوە. من دەترسم. من ئێستا ساڵێکە تەڵاقم وەرگرتووە. ئەگەری ئەوەی کە تووشی مەترسی بێم و ڕاڕاییبوون و زۆر شتی دیکە کە بەڕەو خۆیانم پەلکێش دەکەن. سەرەڕای ئەوەی پیاو کەمە؛ بەڵام بوونیان هەتا ئەو کاتەی کەسێکی شیاو دەدۆزمەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، هەتا ئەو کات باشە. ئەگەر کچ بام بێگومان توخنی پەیوەندیی سێکسیی کاتی نەدەکەوتم."

وەک دیمانەکان پیشان دەدەن هاوسەرگیریی کاتی بە هۆی تایبەتمەندیی کاتیی خۆی و سنووردارکردنی دابین‌کردنی پێداویستییەکان بە کاتی دیاریکراو لە کاتی مارەکردندا دەبێتە هۆی بیچمگرتنی ئەم چەشنە کارلێکە سێکسی، سۆزدار و ئابوورییانە. ژنان بە هۆی ئەزموونی پێشوو و

ناســـەرکەوتووی هاوســـەرگیریی ڕابردوویانەوە و ترس لە داهاتووی ناڕوون و بێســنووری هاوســەرگیریی هەمیشــەیی، هاوســەرگیریی کاتییان پێ باشــترە. پیاوانیش بە هۆکاری جۆراوجۆری وەکوو قەیرانەکانی تافی پیری، تەڵاقی ســۆزداری لە بنەماڵە، تێرنەبوونی ســێکســی، ئاســتەنگەکانی بەر دەم هاوســەرگیریی هەمیشــەیی و پرۆســەی درێژخایەنی تەڵاق لە دادگاکانی بنەماڵە، پەیوەندیی ســێکســیی کاتی بە باشــتر دەزانن و زیاتر هۆگری هەڵسوکەوتی سنووردار و کاتیی سێکسی، سۆزداری و ئابوورین تا پەیوەندیی سێکسیی درێژخایەن و هەمیشەیی کە داهاتووشی ناڕوونە.

**پەیوەندیی نایەکسانی سێکسی، ئابووری و سۆزداری**

بە گوێرەی ئەوەی لە مەیدانی کار وەدەســـت هات، هەڵواردن و کلیشـــە ســـێکســـییەکان لە هاوســـەرگیریی کاتیدا چالاکانە ئیش دەکەن. لە نموونە خوێندراوەکاندا بە پێی وتەی کەسەکان، شایەتی پاڵپشتیی ئابووریی پیاوان لە ژنان و ملکەجیی ژنانین. لە پاڵ ئەمانە، ژنانی کەمتەمەن و جوان بە ســـەر مێردە پیرەکانیاندا باڵادەســـتن. هەر دوو نموونەی ئەم چەشـــنە پەیوەندییانە جۆرێک بەرهەمهێنانەوەی کلیشە سێکسییەکانە کە ژنان بە هەبوونی ستراتیژە ســـێکســـییەکان و پیاوانیش بە ســـودمەندبوون لە ســـتراتیژە ئابوورییەکان دەســـەڵاتی خۆیان بە ســـەر یەکتردا دەســـەپێنن. بەم شـــێوە پەیوەندییەکی نایەکســـانانە بیچم دەگرێ ئەگەرچی یەکێک لە لایەنەکان زیاتر هەســـت بە بێدەســـەڵاتی دەکا، قازانجەکانی ئەم پەیوەندییە بە کار دەبا و بە ئاگاداربوون لەوەی کە یەکێک لە لایەنەکان کێشی تەرازووەکەی زیاتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە درێژە بە پەیوەندی دەدات. بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کاتی، سیستەمی پاداشتی خێرایە. لە ڕاستیدا ڕێک لەو کاتەدا کە تاک هەڵوەدای وەرگرتنی پاداشـــتە، هاوســـەرگیریی کاتی خواستی کەسەکە تێر دەکا و پاداشتی پێدەدا؛ لە حاڵێکدا هاوسەرگیریی کاتی

ئەم تێرکردن و پاداشتە وەدوا دەخات.

پەیوەندیی نایەکسان لە سیغەی مەحرەمێتی لە ژێر تەمەنی 18 ساڵاندا ڕوو دەدات. ئەم پرسە ئەو کاتە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی کە مەودای تەمەنی ئەو دوو کەسە چەندین ساڵ بێ و تەنانەت بە 10 ساڵ بگات. بێگومان لەم حاڵەتەدا پیاو بە پێی داب‌ونەریتێکی کۆن بە نیازە ئەو هاوسەرە پەروەردە بکا و هەوڵ دەدا هەموو کاروبارەکانی ژیانی ئەو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. ئەم حاڵەتە زیاتر لەو ژنانەدا زەق دەبێتەوە کە لەگەڵ پیاو خزمایەتییان هەیە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کچانی خوار تەمەن 18 ساڵان بە هۆی بێدەسەڵاتی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی خۆیان لە لایەن هاوسەر و خەسوویانەوە ئازاریان پێ دەگات.

سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیی نایەکسان لە هەندێ کەسدا بەدی دەکرێ ناتوانین نایەکسانی بکەین بە پێناسەیەکی گشتی بۆ بارودۆخی هەموو نموونە ڕووماڵکراوەکان. بە ڕوانینێکی قووڵتر بۆ میکانیزمەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییە تێدەگەین بە پێچەوانەی ئەوەی کەسەکان خۆیان ئاماژەیان پێکرد، دەبێ شتێکی زیاتر لە پەیوەندیی یەکلایەنە درێژەپێدەری ئەم پەیوەندییە بێت. لە ڕاستیدا یان ئەوەی لەم پەیومندییەدا ڕوو دەدا دوولایەنەیە یان کارامەیی سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسی وای کردووە کە لە کۆمەڵگادا پەرە بگرێت. یەکێک لە سەرچەشنە درێژەپێدەرەکانی هاوسەرگیریی کاتی، سوودمەندبوونی دوولایەنەی لایەنەکانی پەیوەندیی سێکسییە. لەم توێژینەوەدا زۆرینەیەکمان بەدی کرد کە لەوەی کە لە پەیوەندیدا ڕوو دەدا ڕەزامەندیی دوولایەنەیان هەبوو. بە واتایەکی دیکە یان ئەوەی لە پەیومندیدا ڕوو دەدا سوودێکی دوولایەنەی هەیە یان پەیوەندی بە جۆرێکە کە لە سەر تەوەری ڕەزامەندیی هەر دوو بنەماڵەی لایەنەکەیە. لایەنەکان بە پێی گرێبەستێکی پێشتر دیاریکراو و هەندێ‌جار لاوەکی پەیوەندیی سێکسی ساز

دەکەن کە دەتوانین وەک مامەڵەیەک لێی بڕوانین. شیکاریی بارودۆخ و شرۆڤەی هەندێ لە دیمانەکان ئەم ڕاستییە دەردەخا کە هەر دوو لایەنی پەیوەندی لە پرۆسەیەکی دانوستانیدا بە پێدانی هەندێ خاڵە(ئیمتیاز) پێویستییەکانی خۆیان دابین دەکەن. ئەم بارودۆخە بەکاڵابوونی پەیوەندی شی دەکرێتەوە. ژن بە دەرخستنی جوانی و دڵڕفێنییە سێکسییەکانی بە ئامانجە ئابوورییەکانی دەگا و پیاو بە هۆی دەسەڵاتە ئابوورییەکەی لەگەڵ ژنەکەی کە لە خۆی گەنجترە پەیوەندیی سێکسی ساز دەکا بۆ ئەوەی چێژی لێ ببینێ و لە سوودەکانی سێکس‌کردن لەگەڵ ژنێکی گەنجتر سوودمەند بێت. ئەم هەستی چێژبردنە بۆ پیاو لەگەڵ جۆرێک دەسەڵاتە. ئەم دەسەڵاتە بۆ پیاو وەبیرهێنەرەوەی توانای زۆری ئەو پیاوە بۆ چێژبردنە.

کەواتە ڕاستە کە زۆرێک لە هاوسەرگیرییە کاتییەکان هاوسەنگیی ئابوورییان نییە؛ بەڵام بە ڕەچاوگرتنی بایەخی  هەندێ لە بژاردەکان ڕوون دەبێتەوە کە بە شێوەی ئاسایی هاوسەنگیی ڕێژەیی خواستە ئابووری و نائابوورییەکان هاوکاریی بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندییانە دەکەن. لە ڕاستیدا جوانی و دڵڕفێن‌بوونی ژن وەکوو کاڵایەکە کە دێتە ناو ئاڵوگۆڕی ئابوورییەوە. هاوشێوەی وەها بارودۆخێک لە یەکێک لە دیمانەکاندا بە تەواوەتی دەردەکەوێت:

> پیاوێکی تەمەن 26 ساڵان کە لەگەڵ ژنێک و منداڵێکی تەمەن 3 ساڵانە ژیان بە سەر دەبا، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ئافرەتێکی 50 ساڵان ساز دەکا کە ئەم ژنە لە ڕووی ئابوورییەوە بارودۆخی گونجاوە بەڵام بە هۆی تەنیایی و خەمۆکییەوە دەناڵێنێت. ئەم ژنە بە دەسەڵاتە ئابوورییەکەی دەچێتە ناو پەیوەندییەک کە پێی وایە لە خەمۆکی و تەنیایی دەربازی دەکات. لە لایەکی تریشەوە ئەم پیاوە بە هۆی داهاتی کەمی دووکانی جوانکاری و ئەرکی ئابووریی ژن و منداڵەکەی، لە کاتێکدا کە چێژی سێکسی دەبا، لە ڕووی ئابووریشەوە سوودمەند دەبێت.

## دیاردەی تەوەری

لەم بەشەدا وتەزایەک لێک دەدەینەوە کە لە ناو دڵی هاوسەرگیریی کاتی و

فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی، واتە هەلومەرج و فاکتەر و دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی بوونیان هەیە و لە بەشە جیاجیاکانی هاوسەرگیریی کاتیدا خۆی دەردەخات. ڕابواردنخوازی و ئاسانکردنی هەلومەرجی هاوسەرگیریی منداڵان دوو دیاردەی تەوەرین کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم توێژینەوەدا زۆر بەدی دەکرێن.

## ڕابواردنخواری یان هێدۆنیزم

بە بۆچوونی بەشداربووان هاوسەرگیریی کاتی بە هەر هۆکارێک بیچمی گرتبێ، چێژی سێکسکردن بەشی دانەبڕاویەتی. ئەم بابەتە ژن و پیاو پێکەوە دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی بژاردەی هاوسەرگیریی کاتی لە ناو هەموو بژاردە گونجاوەکانی دابینکردنی خواست و پێویستییەکان، قازانجێکی دوولایەنەی هەیە. ئەوەی وترا، شیکردنەوەی ڕابواردنخوازی و چێژبردنە کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی مۆدێرن لەم سەردەمەدا نزیکایەتییەکی بەرچاوی هەیە. ئەوەی چێژی ئەم پەیوەندییە و بەردەوامبوونی بەهێز دەکا هەبوونی پەیوەندییەکی سێکسییە کە خواستی سێکسی، خواستی دەروونی و هەندێجار پێویستییە ئابوورییەکانی پیاو دابین دەکا؛ بەڵام نایخاتە ناو ئەو پێکهاتەی چوارچێوەدارەوە کە بەرپرسایەتیی زۆری بۆ دروست بکات. هەڵبەت لە بەرامبەردا ژن دەخاتە ناو دڵەڕاوکێیەک کە هی دەرەنجامی ناسەقامگیریی پەیوەندی و ناوناتۆرە کۆمەڵایەتییەکانە. تاک لەم پەیوەندییەدا بۆ پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ هاوبەشە سێکسییەکەی ئازادیی کردەوەی زیاترە و بەر لە دەستپێکی پەیوەندی هەر دوو لایەنەکە دەزانن کە پابەندبوون بە هەمیشەییبوونی ئەم پەیوەندییە وێنایەکی پووچەڵە.

کارناسی یاسایی، مەشهەد:
"زۆر جار تووشی هەندێ حاڵەت دەبینەوە کە پیاوێک ژنی هەیە، منداڵی هەیە، ژیانیشی لەباره. ئینجا لێی دەپرسین بۆچی ژنت سیغە کردووە، دەڵێ پیاوان خۆشڕابوێرن. هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی تەڵاقدراو ناکەن و هەڵوەدای کچانن.

ئیتر لەوانەیە ئەو کچە سکرتێرەکەی بێ کە زۆر جار ئەمە دەبینین. هاوکارە پارێزەرە پیاوەکانم لەگەڵ ئەو بریگرتانەی کە دێن و لە مێردەکانیان جیا بوونەتەوە پەیوەندی ساز دەکەن و سیغەیان دەکەن یان لەگەڵ سکرتێرەکانیان. لە تاقمی پزیشکانیشدا ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین، بەڵام لە ناو مامۆستایاندا نا. چوونکە بە هۆی پێگەیانەوە هەلی ئەو کارەیان بۆ نارەخسێ، چوونکە نووسینگەی کاری یان سکرتێریان نییە. ئەمە ئاشکرایە."

زیگمۆند باومەن پێی وایە کە لە بارودۆخی مەلەوەری ژیانی مۆدێرندا، باوترین، ئەستەمترین و هەستیارترین و کێشەسازترین نموونەی ناهاوئاهەنگی و جۆراوجۆریی پەیوەندییەکان هەمان (پەیوەندیی گیرفانی بلووز)ە کە دەتوانین لە کاتی خواست بیگەشێنینەوە و پاش هاوسەرگیری و دابینکردنی خواست بە تەواوەتی لە گیرفاندا بیشارینەوە. هاوسەرگیریی کاتی ئەگەر بێژومار بێ دەتوانێ نموونەیەک لەم پەیوەندییانە بێت. پەیوەندیگەلی کەمخایەن، دیاریکراو و سنووردار کە بەرپرسایەتییەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە کۆڵی تاک دەکاتەوە و بە تێچووی کەمترەوە پێداویستییەکانی دابین دەکات. ئەم چەشنە فەلسەفەی ژیانە وەرگێڕدراوی فەلسەفەی چێژخوازییە کە هەرچی بۆ تاک چێژ و بەرژەوەندیی تاکایەتی هەبێ، دروستە و ڕوانگەی ئامرازی، سوودخوازانە و مادی بۆ هەموو پەیوەندی و پرەنسیپە مرۆییەکانی کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە. لە هاوسەرگیریی کاتی ئەم پەیوەندی و چێژخوازییانە بە ئاشکرا دەبینرێت.

چێژبردن و ڕابواردنخوازی لە هاوسەرگیریی کاتی، پەیوەندییەکی دوولایەنەیە و بناغەی هاوسەرگیریی کاتی لە سەر چێژبردن بنیات نراوە. هەروەها واتای وشەی مەتعەش دەلالەت لە سەر ئەم ڕابواردنخوازییە دوولایەنەیە دەکات. بەڵام وەک لە بینین و دیمانەکاندا دەردەکەوێ ئەم چێژبردنە زیاتر پیاوانەیە و چێژبردن لە ژنان لەم چەشنە هاوسەرگیرییانەدا زیاترە.

ڕابواردنخوازی و چێژخوازیی لە ڕادەبەدەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی ژیانی مەترسیدارە. لە ڕوانگەی کاکرهام[1]، شێوازی ژیان دوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنی یان بە واتایەکی دیکە دوو ڕەهەندی تەندروست و مەترسیداری لە خۆ گرتووە. شێوازی ژیانی مەترسیدار بە سەرچەشنێکی ژیان دەوترێ کە هەر تاکێک بە پێی بەها و پێباشییە تاکایەتییەکانی خۆی هەڵبژاردن دەکا کە ئەمە دەرهاویشتەی نەرێنی بۆ خۆی و دیترانی لێ دەکەوێتەوە (ئەفراسیابی و براتی، 1394) و دەتوانین هاوسەرگیریی کاتی لە چوارچێوەی ئەم چەشنە شێوازی ژیانە مەترسیدارە پێناسە بکەین کە بە پێی پێباشییە تایبەتەکان و تێرکردنی هۆگرییە ڕابواردنخوازی و چێژخوازییە زۆرەکان بیچم دەگرێ و بواری لادانی سێکسی و کێشەگەلی وەکوو "پێدۆفیلیا" خۆش دەکات. لە پێنجەمین هەڵەچنیی ڕێنوێنی لێکدانەوەیی و ئاماریی کێشە دەروونییەکان، کێشەی پێدۆفیلیا دەچێتە ڕیزی لادانە سێکسییەکان. لادلنە سێکسییەکان کۆمەڵێک کێشەی دەروونین کە هەڵسوکەوت، وەهم و خواستە نائاساییە سێکسییەکان بە شێوەیەکی وروژێنەر و گەڕانەوەیی لەودا بوونی هەیە. ڕەنگە ئەم نەخۆشییە ڕادیکاڵترین جۆری نەخۆشیی سادیسم بێت. کەسی تاوانبار لانیکەم دەبێ تەمەنی 16 ساڵان بێ و تەمەنی دەبێ لانیکەم 5 ساڵ زیاتر لە منداڵ بێ بۆ ئەوەی بتوانین وەک توندوتیژی دژ بە ژن لێی بڕوانین. ئەم بارودۆخە هەندێجار لە هاوسەرگیرییە پێشوەختەکانیشدا بەدی دەکرێت.

پیاو، تەمەن 43 ساڵ، دانیشتووی تاران، هاوسەردار:
"لە ژیانمدا کێشەیەکم لەگەڵ ژنی یەکەمم بوو بۆیە ناچار بووم سیغە بکەم: تەمەنی 20 ساڵ لە خۆم منداڵتر و تەڵاقدراو بوو."

شەرعێتیدانی یاسایی و ئایینی تەمەنی 13 ساڵان بۆ هاوسەرگیریی کاتیی ژنان، ڕێخۆشکەری دەرکەوتنی کێشەی پێدۆفیلیایە؛ چوونکە ئەو کەسانەی

---

1. Cockerham

کە ئەم چەشــنە کێشــە دەشــارنەوە هەندێ‌جار ئەم کێشــە ســێکســییەیان لە چوارچێوەی هـاوســـەرگیریی کـاتیـدا چـارەســـەر دەکـەن. پێـدۆفیلیـا جۆرە پارافیلێکە[1] کە تێیدا کەسـەکە هەوەس و خەیاڵپەروەرییەکی سێکسـیی زۆر و پەیتا پەیتایان بۆ منداڵانی پێنەگەیشـتوو هەیە (بە پێی پێناسـەی نێودەوڵەتی مرۆڤ لە یەکەم سـاتەوەختی لەدایکبوونیەوە هەتا 15 بۆ 18سـاڵ منداڵە). پێدۆفیلیا خواستی سێکس‌کردن لەگەڵ منداڵان یان منداڵبازییە. پۆلێن‌بەندیی نێودەوڵەتیی نەخۆشـییەکان، خواسـتی سـێکس‌کردن لەگەڵ منداڵان وەک "نانۆرمییەکی کەسێتی یان هەڵسوکەوتێک لە گەورەساڵاندا" بەدی دەکرێ کە تێیدا لە ڕووی سـێکسـییەوە نەخۆش منداڵانی پێنەگەیشـتوو یان لە سـەرەتای پێگەیشـتنی بۆ سـێکس‌کردن هەڵدەبژێرێت. کاتێک کە نەخۆش تێدەگا بۆ تەمەنی هاوسـەرگیریی کەسـی بەرامبەری هیچ سـنووردارییەکی یاسـایی و شـەرعی بوونی نییە ڕوو لە هاوسـەرگیریی لەگەڵ منداڵان دەکات. هۆگریی سـێکسـی بۆ کچانی مێرمنداڵ بە هەڵکەوتنی هەلی سـیغە ڕێگایەک بۆ شـاردنەوەی نەخۆشـیی پێدۆفیلیایە. چوونکە لە هاوسـەرگیریی کاتیدا کچ لە تەمەنی 13 سـاڵانەوە کە سـەرەتای پێگەیشـتنە لە لایەن ئەو گەورەسـاڵانەوە پێشوازییان لێ دەکرێ کە هۆگری سێکس‌کردن لەگەڵ منداڵانن. ئەم کەسانە دەتوانن هاوسـەرگیریی کاتی بکەن و بەو پێیەی کە لە هاوسـەرگیریی کاتیدا هیچ سنوورێک بۆ فرەژنی نییە، کەسی تووشیاری نەخۆشیی پێدۆفیلی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆری کچانی مێرمنداڵ سێکس بکات. لە لایەکی دیکەشـەوە ئەگەر هەلی سـیغە بۆ کەسـی پێدۆفیلیا نەگونجێ لەوانەیە ڕووداوی دڵتەزێنی وەکوو دەسـتدرێژی‌کردنە سـەر منداڵان و زینا لـەگـەڵ مـەحـارم ڕوو بـدات. لـە ئێرانـدا لـە سـاڵی 1396ی هـەتـاوی، دەسـتدرێژی‌کردنە سـەر منداڵان کە بە هۆی ئەم نەخۆشـییەیە نارەزایەتیی

1 . ئەزموونێکە کە تاک لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەندێ بارودۆخ یان شت یان وێنا و خەیاڵپەروەرییە نائاساییەکان لە ڕووی سێکسییەوە دەورووژێن.

گشتی و توندی لێ کەوتۆتەوە. ستایش قوڕەیشی تەمەن شەش ساڵان و ئاتنا ئەسڵانی تەمەن حەوت ساڵان دەستدرێژییان کرایە سەر و ئینجا ئەو دوو منداڵە لە لایەن دەستدرێژکارەکانیانەوە کوژران. ئەم ڕووداوە هەستی گشتیی کۆمەڵگای ئێرانی بە توندی هەژاند. بێگومان هاوسەرگیری دەبێتە هۆی تەندروستی و مانەوەی کۆمەڵگا؛ بەڵام هەندێکیان وەکوو هاوسەرگیریی کاتی کە هێشتا لە لایەن کۆمەڵگاوە قبووڵ نەکراوە و مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەگەڕێتەوە لە دنیای مۆدێڕن و هەلومەرجی تایبەتیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونیی نوێ کاردایەکی ئەرێنی نییە.

**هاوسەرگیریی پێشوەختە**

بە پێی پێناسەکانی ڕێکخراوی تەندروستی و یوونیسێف و دیکەی ڕێکخراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ، هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەنی 18 ساڵان دەوترێت. بە پێی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە نێوان ڕێکەوتی لە دایکبوونەوە هەتا 18 ساڵانە. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەنی 18 ساڵان بەر لەوەی کچ لە سۆنگەی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەی قبووڵکردنی بەرپرسایەتیی هاوسەرێتی و منداڵداری بێ دەڵێ هاوسەرگیریی منداڵان. ئەم هاوسەرگیرییانە لە لایەن باوک یان باپیری منداڵەوە سەر دەخرێ و تێیدا هیچ گرینگییەک بە لانیکەمی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری نادرێت (ئەحمەدی، 1395: 8 و 9).



وێنەی 7. پەروانە سەلەحشووری؛ سەرۆکی فراکسیۆنی ژنانی پاڕلەمانی دەیەمی شۆڕای ئیسلامی لە هەوڵ بۆ هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیریی کچان لە 13 ساڵانەوە بۆ 18 ساڵان هەواڵی دا. ناونیشانی ماڵپەڕ: *https://wwww.ilnanews.com*

بە پێی وتەی بەناوبانگی سەرچاوەکانی لاسایی‌کردنەوە ی شیعە، لە شەرعی پیرۆزی ئیسلامدا هاوسەرگیریی کاتی ڕێگەپێدراوە؛ ئەگەرچی لەوانەیە هاوسەرگیریی کاتی هەندێ‌جار لە بەرژەوەندیی هەندێ کەسدا نەبێت. بە پێی ئەم ڕوانگە هاوسەرگیریی کاتی لە سۆنگەی ئایینییەوە کارێکی ڕەوایە. ئەوەی لێرەدا گرینگە دیاریکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی کاتییە کە فیقهی ئیمامییە و یاسای مەدەنی 13 ساڵی هەتاوی (9 ساڵان لە سەر ئیزنی سەرپەرشتیار و دادگای شیاو) ڕەچاو کردووە.[1] بە پێی پێناسە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی منداڵ و گرێبەستی ئایینی، ئەم تەمەنی هاوسەرگیرییە بۆ منداڵان بەتایبەت بۆ سەر کچان ڕێخۆشکەری هاوسەرگیریی پێشوەختەیە. ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لە کتێبی ازدواج دائم و موقت (هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی) کۆتایی تەمەنی 9 ساڵان بە تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ سیغەی مەحرەمێتی و مارەکردنی کاتی دەزانێت. کەواتە دەتوانین بەڵگە بێنینەوە کە ڕەواداریی ئایینی لە هاوسەرگیریی کاتی ڕێخۆشکەری ڕوودانی هاوسەرگیریی منداڵانە.

بە پێی فتواکانی سەرچاوە لاسایی‌کردنەوە کان وەکوو ئایەتوڵا سیستانی و ئایەتوڵا نووریی هەمەدانی هیچ جیاوازییەک لە نێوان سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتیدا نییە. هەر بۆیە بنەماڵە نەریتییەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵی ڕەفتاری سێکسیی منداڵەکانیان و زەخت و ڕوانگەی دەوروبەرییەکان، کچ یان کوڕەکانیان لە ڕێگەی سیغەی مەحرەمێتی یان هاوسەرگیریی کاتییەوە لەگەڵ کەسێکی دیکە کە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و هاوشانی خۆیانن مارە دەکەن. هەڵبەت لەم حاڵەتانەدا مەرجی

---

1ـــــ لە ڕوانگەی هەندێ لە زانایانی ئەهلی سوننەوە وەکوو بەڕێزان مامۆستا عەبدولکەریمی شەهریکەندی و ئەحمەدی موفتیزادە و هەندێ لە ڕێبەرانی شیعە وەکوو ئایەتوڵا سانعی ئەم تەمەن و نیکاحی کاتییە بۆ ژنی ئێستا پێگەی شەرعی نییە.

سێکس‌نەکردن بە شێوەی لاوەکی لە سیغەی مەحرەمێتیدا ئاماژەی پێدەکرێ؛ بەڵام ئەو هاوسەرانەی کە لە سەرەتای قۆناغی پێگەیشتندان و لە هەمان کاتدا لە ڕووی هزری و ئابوورییەوە پێنەگەیشتوون، ناتوانین چاوەڕێی ئەوەمان لێیان هەبێ کە سێکس نەکەن و لە هەمبەر هەستیارییەکانی دایک و باوکیاندا وریا بن. لە درێژەی لێکۆڵینەوە و لە ئەنجامی دیمانە لەگەڵ بنەماڵە ئایینی و نەریتییەکاندا دەرکەوت کە هاوسەرگیریی منداڵان لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی لە سەر ئیزنی سەرپەرشتیار ئەنجام دەدرێت. لە نموونە دیمانەکراوەکاندا هەندێ لە منداڵان خۆیان بەم هاوسەرگیرییە ڕازی نەبوون و بەو پێیەی کە لەم تەمەندا هیچ تێگەیشتنێکیان لە هاوسەرگیری نییە، ئەگەر منداڵەکان خۆشیان ئەم هاوسەرگیرییە قبووڵ بکەن دەتوانین بڵێین هاوسەرگیرییەکە لە ڕووی وشیارییەوە نەبووە.[1]

ژن، 27 ساڵان، دانیشتووی مەشهەد.
لە تەمەنی 14 ساڵان و پاش 2 ساڵ سیغەی مەحرەمێتی لە هاوسەرەکەی مارە کراوە: "بروانە با جوان ڕوونی بکەمەوە هیچ جیاوازییەکی نییە. ئێمە سیغەمان بە سەردا دەسەپێت. ئیتر بڕیارەکە دراوە. جا هەندێ‌جار ڕادەوەستن کەمێک درەنگتر لێکیان مارە دەکەن. لەبەر ئەوە نییە کە بیانهەوێ یەکتر بناسن و لەم شتانە. هەر لە سەرەتاوە قەرار و بڕە دەکرێت."

کۆمەڵگای ئێرانی هەستیارییەکی تایبەتی بۆ شەرعیبوونی پەیوەندیی سێکسی هەیە؛ بە جۆرێک کە مانادار‌بوونی پەیوەندیی سێکسی لە چوارچێوەی ئایینیدا بۆ قبووڵکردنی ئەو پەیوەندییە تەواوە. ئەو ڕوانگە هەتا ئەو جێگای بەرەو پێشەوە دەچێ کە یاسایی‌بوونی پەیوەندیی دەخاتە پەراوێزەوە و پێویستییەکەی کاڵ دەکاتەوە. ئەو پەیوەندییانەی کە لە ژێر ناوی سیغەی مەحرەمێتی و لە چوارچێوەی پەیوەندیی بەر لە هاوسەرگیری بیچم دەگرن، هەندێ‌جار هەتا دوو ساڵ پاش سیغەی مەحرەمێتییەکە فەرمی

---

1ـ ڕەزامەندیی ژن لە هاوسەرگیریدا دەرەنجامی سونەتی پێغەمبەرە و منداڵ پێویستی بە هاوسەرگێری نییە کە ئەگەر پێویست کرا دەبێ ئیزندانی سەرپەرشت بکرێ بە مەرج.

نابێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە نموونەکانی لێکۆڵینەوە بۆ درێژبوونەوەی سیغەی مەحرەمێتی ئاماژمیان بە هیچ هۆکارێکی تایبەت نەکردووە و تەنیا ئەومیان وتووە کە ئەنجامدانی سیغەی مەحرەمێتی بە واتای پابەندبوون بە گرێبەستەکانی نێوان بنەماڵە و مارەبڕینی فەرمییە. زانیاریی بەرهەمهاتووی دیمانەکان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە شەرعێتیی ئایینی لە یاسایی‌بوونی پەیوەندیی سێکسی گرینگترە و ئەمە خۆی پیشاندەری گرینگیی ئایین وەک ئاخێزگەی بابەتێک و درێژەپێدەریەتی. باومریند[1] سێ جۆر سەرچەشنی منداڵپەروەری تاوتوێ دەکا: ئـ) منداڵپەروەریی دیکتاتۆرانە، ب) منداڵپەروەریی ئاسانگیر، پ) منداڵپەروەریی لێبڕاولنە (Baumrind, 1967: 43-88). ئەو بنەماڵانەی کە دیکتاتۆرین منداڵەکان ملکەچی بنەماڵەن. بە پێی تیۆرییەکانی منداڵپەروەریی دیکتاتۆرین دەتوانین بەڵگە بێنینەوە هەندێ لە بنەماڵە نەریتییەکان ئیزنی ڕادەربڕین لە بارەی بابەتی هاوسەرگیری بە منداڵەکانیان نادەن و لە دیاریکردنی هاوسەر و کۆنترۆڵی ڕەفتاری سێکسیی منداڵەکانیان خۆیان بە حەقدار و شیاو دەزانن.

> ژن، تەمەن *22*ساڵان، دانیشتووی مەشهەد
> لە تەمەنی *12* ساڵاندا لە هاوسەرەکەی مارە کراوە: باشە مرۆڤ لەم تەمەنەدا چی دەزانێ؟! ڕۆژێکیان لە قوتابخانەوە هاتمەوە بۆ ماڵەوە وتیان دەبێ شوو بکەیت. چیتر نەگەڕامەوە بۆ قوتابخانە. من دەڵێم کەمێک چاو و دڵ کراوە بیت. ئەگینا زمانی پیاو درێژە. هەتا منداڵی هەر چییەکی وت دەبێ گوێڕایەڵی بیت.

**دەرهاویشتەکان**

لەم توێژینەوەدا بە پێی دیمانەی بەشداربووان و شیکردنەوەی کارناسان، دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی ناسێنران؛ ئەو دەرهاویشتانەی کە بە هۆی کەڵکاوەژۆیی هەندێ کەس لەم حوکمە فیقهییەیە کە لە درێژەدا بە تێر

1. Diana Baumrind

و تەسەلی شرۆڤەی دەکەین.

دوایین چوارچێوەی پارادایمیو پێشــهات و دەرهـاویشــتەیە. لـە هـەر شـوێنێکدا ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کار / هەڵسـەوکەوتێکی دیاریکراو لە وڵامی بابەت یان کێشە یان بە مەبەستی ویست یان پاراستنی بەرژەوەندی لە لایەن کەس یان کەسـەکانەوە دەسـتنیشـان بکرێ هەندێ دەرهاویشـتەی لێ دەکەوێتەوە (ئێسـتراوس و کووربین، 1390: 152). لەم توێژینەوەدا بە پێی دیمانەی بەشداربووان و شرۆڤەی کارناسان دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی دەستنیشان کران کە لە درێژەدا بە چڕوپڕی شی دەکرێنەوە:

## ئابووریی چێژ، گەندەڵی و لەشفرۆشی لە کۆمەڵگا

وەک لە بەشی ڕابردوودا بە چڕوپڕی قسەی لە سەر کرا، مەتعە وەک جۆرێک پەیوەندیی ئابووریی دوولایەنە ڕەچاو دەکرێ و بازاڕێکی ئابووری بۆ دەڵاڵان، خاوەن میوانخانەکان و بەڕێوەبەری هەندێ لە ماڵپەڕەکانە. ئەم بازاڕە بە بەڕێوەبەرایی لەشی ژنان و کردنیان بە کاڵایەکی پڕبایەخ، ژنان لە پیاوان مارە دەکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی هاوســەرگیریی کاتی و ســیغە بەتایبەت لە شــارە ئایینییەکان، پارەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕ بکرێت. ئەم بازاڕە پێی دەوترێ ئابووری چێژ یان تووریزمی سێکسی.




لەم توێژینەوەدا ڕووبەڕووی دوو سیستەمی شەرعێتیبەخش بووینەوە کە پاکانەی بۆ داپەڕی تاکەکان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی کاتی دەکرد. لە لایەک بەکارهێنانی شەرعێتیی ئایینی کە تاک بە بێ ڕەچاوگرتنی هەموو ڕێسا ئایینییەکان و تەنیا بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئازاری ویژدان ئەنجامی دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پرۆژە یاساییانەی کە پارێزراویی یاسایی دروست دەکەن. بۆ وێنە زۆرێک لەو نموونانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیمانەمان لەگەڵ کردن بە بێ ڕاگرتنی عەدە و بە بێ ئاگاداری لە ڕێنماییەکان سیغەیان کردووە. ئەم بارودۆخە دەرخەری بەکارهێنانی وشەی سیغە تەنیا بۆ پارێزراویی یاساییە. لە ڕاستیدا کەسەکە لە چوارچێوەی سیغەدا ڕەواداری و شەرعێتیی بە لەشفرۆشییەکەی دەدات. بەڵام ئەم ڕاستییانە لە ڕوانگەی عورفی گشتییەوە شاراوە نییە. چوونکە لە عورفیشدا هەندێک کەس هاوسەرگیریی کاتی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە هۆکاری پەرەسەندنی گەندەڵی لە کۆمەڵگا دەزانن.

پیاو، تەمەن 52 ساڵان، تاران، هاوسەرەکەی مردووە، شوێنی

دیمانە دووکانی کەسەکە خۆی:
"جگە لەوەی کە لە کۆمەڵگادا تەشـەنە بە گەندەڵی دەدا هیچی دیکە نییە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە گەندەڵی لە کۆمەڵگادا زیاتر بێ و بگەینە ئەم ڕۆژە. تا بڵێی عەیبی زۆرە. تەنیا قسـە لە سەر سیغە لە کۆمەڵگادا نییە. ئێستا کەس باس لە سیغە ناکا و هەموو بە لێکتێگەیشتنەوە پێکەوە دەژین. ئیتر نایەنە لای مەلا، هیچ پێویسـت بە مەلا ناکات. واتە ئازادانە لای یەکتر دەژین و ناوی دەنێن چی؟ هاوسـەرگیریی سپی! دەڵێن ئەمە باشـترە. چاکترە."

## ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی و پەرەدان بە گومانخوازی

لە کۆمەڵگای مۆدێرن، بنەماڵەی مۆدێرن لە سـەر بناغەی عەشـق و هۆگری بیچم دەگرێت. یەکێک لەو پەتایانەی کە هەموو کۆمەڵگاکان تووشـی کێشـە دەکا، لەناوچوونی متمانە لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگا یان بێمتمانەییە. تەشـەنەسـەندنی بێمتمانەیی و دوڕوویی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی هەموو جۆرە لادانە ئەخلاقییەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگا پەلی بۆ ناو بنیاتی بنەماڵە و پەیوەندییە مرۆییەکانیش هاویشـتووە و لە بنەڕەتەوە پەیوەندی لەگەڵ دیتران تووشـی گومان و سـسـتی کردووە. کەواتە تاکەکان کەمتر متمانە بە یەکتر دەکەن و هەوڵدەدای پیوەندیی کورتخایەن و تیژتێپەڕن بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێکیان بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی عاشقانە و سێکسیی هەڵە هەڵبژارد بتوانن بە بێ هیچ بەرپرسـایەتییەک و زۆر بە ئاسـانی دەسـتی لێ بەردەن.

پیاو، 30 ساڵە، دانیشتووی تاران، خاوەن ئەزموونی پەیتا پەیتای سیغەی چەند مانگە:
"بە گشـتی دژی هاوسـەرگیریی هەمیشـەییم و ئامادە نیم ئیتر هاوسـەرگیریی هەمیشـەییم هەبێت. من پەیمان لەگەڵ کەس نابەستم و لای خۆشیان ئەوە دەڵێم. هەهەهە (پێدەکەنێ) هیچ حەزم لێی نییە."

پیاو، 35 سـاڵە، دانیشـتووی تاران، خاوەن ئەزموونی تەڵاق و هاوسەرگیریی کاتی:
"خراپترین حاڵەتەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ بێمتمانە دەبێت. چیتر پێی خۆش نییە هاوسـەرگیری لەگەڵ کەس بکا؛ چونکە

وادەزانی هەمووان وەکوو ئەو کەسانەن کە تۆ لەگەڵیان بوویت."

تاکایەتی و مەلەوەریی پەیوەندییەکان و بێ‌متمانەیی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مۆدێڕنە. کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هاوسەرگیریی کاتی لەگەڵ ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانەی کۆمەڵگا هاوئاهەنگە. کەسەکان بە ئەستەم دەتوانن متمانەیەکی تەواو بە یەکتر بکەن و لە ئاراستەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەنگاو بنێن. لە پەیوەندیی پەیتا پەیتا لەگەڵ ژنانی مەتعە و سیغەی لەڕادەبەدەر جۆرێک وەڕەزی و بێ‌متمانەیی بەرامبەر بە ژنان بەدی دێنێ و ئەگەر هۆگرییەکی بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەبێ بە هۆی زۆربوونی ئەم پەیوەندییە سێکسییانە ئەم هۆگرییە نامێنێت. جیا لەوەش ئەم چەند کەسەی کە ڕوانگەی ئەرێنییان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی کاتی هەبوو، وەک جۆرێک هاوسەرگیریی تاقیکاری و هەلی وەدەستهێنانی ئامادەیی بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی سەیری مەتعەیان دەکرد.

پیاوی تەمەنی 28 ساڵان، دانیشتووی تاران، خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی:
"ئەم ئەزموونە دووهەمە کە پێکەوە ژیاین، ئەزموونێکی زۆر باش بوو. هەم باش و هەم سەیر و سەمەر. هەتا پێشتر قەت بۆم دەرک نەدەکرا باوکم چی دەکا، چەندە خۆی بۆ ماڵ و منداڵی ماندوو دەکات. ئەو ماوەی کە چوومە ماڵی خۆم، چوومە ژێر باری قورسی بەرپرسایەتیی کرێماڵ و پێداویستیی ماڵ و پارەی ئاو و کارەبا و غاز. ئەو کەسەی کە لەگەڵم دەژی هەندێ‌جار هەندێ پێویستی هەیە، شتێکی بە دڵ دەبێ، جلێکی پێ جوان دەبێت. ئەوە ئەزموونێکی باش بوو. لە دەرەوە زۆر ئاسانە، ئیش دەکەی و پارە وەدەست دێنی و کۆتایی پێ دێت. بەڵام زۆر جیاوازی هەیە. ئەزموونێکی وەکوو هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە و ناوێک. وەکوو شتێکی چۆن بۆتان روون بکەمەوە، شتێک دادێنن وەکوو مرۆڤ، ئەمە بۆ من هاوشێوەسازیی ژیانێکی ڕاستەقینە بوو."

## لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە و هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق

ئەورۆ ژنان بە ئامادەبوونیان لە بوارە جۆراوجۆرە پەروەردەیی و ئابوورییەکلندا وەکوو جاران پشت بە پیاوان نابەستن و هەڵسوکەوتەکانیان بە پێی خواستەکانی خۆیانە. لە زۆربەی دۆسییەکانی تەڵاق لە دادگاکان،

ناپاکی‌کردن بە هاوسەر یەکێک لە هۆکارەکانی دابڕان و ناکۆکییە خێزانییەکان بووە کە بنیاتی بنەماڵە سست و لەق دەکا و پەرە بە هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق دەدات. لە لایەکی‌تریشەوە ئەو کەسانەی کە تووشی دیاردەی تەڵاقی سۆزداری دەبنەوە، بۆ دابین‌کردنی خواستەکانیان پەنا دەبەنە بەر هاوسەرگیریی کاتی کە شەرعیێتیی ئایینی و یاسایی هەیە. ناڕەزایەتیی لە ژیانی هاوسەرێتی وای کردووە کە هەندێ لە پیاوان لە بری چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ناو پانتای بنەماڵە ڕوو بکەنە دەرەوەی ماڵ و هاوسەرگیریی کاتی هەڵبژێرن کە کۆڵەکەکانی بنەماڵە لەرزۆک دەکا و کاردا سەرەکییەکانی تێک دەشکێنێ و تەندروستیی تاک و بنەماڵە و کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە.

## منداڵ‌هاوسەری، منداڵ‌بێوەیی و وەستانی خوێندنی منداڵان

وەک ئاماژەمان پێدا لە سەر بنەمای ئایینزای شیعە و یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەمەنی 13 ساڵان و لە ئەگەری ئیزنی دادگای شیاو و ئیزنی سەرپەرشتیار، تەمەنی کەمتر لە 13 ساڵان بۆ هاوسەرگیری لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتی یان نیکاحی هەمیشەیی ڕەوایە. بەڵام ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە لە ناو خەڵک و چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نێودەوڵەتی پەسەندکراو نییە و زیاتر لە ناو بنەماڵە خەسارهەڵگەرەکان (کە خاوەن ئابووریی لاواز، دایک و باوکی گیرۆدە بە مادەی هۆشبەر، بەدسەرپەرشت و ...ـــن) بەدی دەکرێ کە پەرەسەندنی منداڵ‌هاوسەری لێ دەکەوێتەوە.

لەم هاوسەرگیرییانەدا بنەماڵە بڕیار بۆ منداڵەکان دەدەن و منداڵەکان ئەگەر لەم تەمەنەدا ڕەزامەندیش دەربڕن ناتوانین ئەم ڕەزامەندییە گرێ بدەینەوە بە بڕیاری عەقڵانییەوە. ئەم منداڵانە زۆر جار بە ناچاری لێک مەحرەم دەکرێن یان هیچ وێنایەکیان لە هاوسەرێتی و هاوسەرگیری نییە و بە

بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت و لە سەر داوای دایک و باوکیان ئەوە قبووڵ دەکەن.

ژن، 19 ساڵان، دانیشتووی مەشهەد، هاوسەردار، لە تەمەنی 11 ساڵاندا سیغەی مەحرەمێتی پەئەزموون کردووە:
"خۆمان کێشەمان نەبوو، بەڵام گەورەکان بە شەڕیان دەدایین. کاتێ هاتمە ئەم ماڵە تەمەنم کەم بوو، زۆر گوێڕایەڵی مێردەکەم نەبووم، دواتر بە ئامۆژگاریی دایکم و ئەوان باشتر بووم."

کۆنترۆڵی ڕەفتاری سێکسیی منداڵەکان یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی سیغەی مەحرەمێتی و منداڵهاوسەریی لە تەمەنی کەمە و وەک وتمان گرینگیی ڕەزامەندیی منداڵان زۆر کەمە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو منداڵانەی کە بە زۆر ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن پاش ماوەیەک خۆیان نە وەک منداڵ بەڵکوو وەک ژنێک دەبینن کە ئەم ڕووداوە خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی زۆری لێ دەکەوێتەوە. یەکێک لە دەرهاویشتەکانی منداڵهاوسەری، تەڵاقی منداڵانە. لە ڕاستیدا یاساکانی هاوسەرگیری تێدەکۆشن ئاماری هاوسەرگیری بەرز بکەنەوە؛ بەڵام لەوە بێئاگان کە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە ئەگەری تەڵاقی منداڵان بەرز دەکاتەوە. دەرهاویشتەیەکی دیکەی هاوسەرگیریی منداڵان بێبەشکردنی منداڵان لە لانیکەمی ئاستی خوێندەوارییە. ئەگەر ئەم منداڵانە لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا ژیان بکەن ماوەیەکی زۆر لە وشیاریی پێویست بێبەش دەکرێن. دیارە ئەم بارودۆخە بۆ منداڵەکانیشیان دەگوازرێتەوە و لەوانەیە نەوەکانی دواتریش گیرۆدەی خۆی بکات. بە واتایەکی دیکە فاکتەرگەلی کەلتووری بۆ وێنە بێبەشبوون لە لانیکەمی خوێندەواریی کە کۆسپی بەر دەم گەشەکردنی بەهرە و تولناکانی منداڵانە، لە ژێر ناوی "کەلتووری هەژار" لە نەومیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و درێژەپێدەری هەژاری لە ناو چینێکە.

**پێشێلکردنی مافەکان و هەڵاواردن لە دژی ژنان**

سزا یاساییەکانی پەیوەست بە ناکۆکی و ئەو توندوتیژییانەی کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا دژ بە ژنان دەسەپێنرێ بە هۆی درێژخایەنبوونی پرۆسەی بەدواداچوونی یاسایی پێناسە نەکراوە. کارناسانی یاسایی لە دیمانەکاندا دەریانبڕیوە کە ڕێژمیەکی زۆری ژنانی سیغەکراو بە هۆی زیانە ئابوورییەکان و هەروەها ئازارە جەستەییەکان سەردانی ناوەندە یاساییەکان و پارێزەران دەکەن؛ بەڵام وەک دەوترێ بە هۆی درێژخایەنبوونی پرۆسەی یاسایی سەلماندنی ئیدەعا و سزا کەمەکان، ژنان لە تۆمارکردنی سکاڵا پاشگەز دەبنەوە و لە سەندنەوەی مافی خۆیان چاوپۆشی دەکەن.

کارناسی یاسایی لە تاران:
هەم یاسامان هەیە هەم عورف. عورفی کۆمەڵگای ئێرانی لە ئەخلاقخوازی سەرچاوەی گرتووە و هاوسەرگیریی کاتی بە قێزەون سەیر دەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا یاسا و شەرع بە کێشەی دانانێت. پەیوەندیی سێکسیی سەرەتایی بۆ ماوەیەک باشە؛ بەڵام پاش ماوەیەک ئەم پەیوەندییە تووشی ململانێیەکی زۆر دەبێتەوە. بەو پێیەی کە ئاستی خۆڕاگریی کۆمەڵگا تا ڕادەیەک دابەزیوە، کاتێک کە شەڕ و تێکهەڵچوون ڕوو دەدا شەڕەکە فیزیاییە. چەندین جار خاتوونەکان سەردانم دەکەن سکاڵاکەیان ئەوەیە کە کاتێک کە شەڕیان دەبێ پیاوەکە لێی دەدا. لەم حاڵەتانەدا خاتوونەکە زیاتر زیانی پێ دەگات بەڵام ناچارە لەبەر ئەو ڕێز و پێگەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی چاوپۆشی بنوێنێ بۆ ئەوەی ناو و ناتۆرەی سیغەیی لێ نەنرێت. ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ سکاڵا تۆمار بکات؛ بەڵام هەڵبژاردنی بێدەنگی بە باشتر دەزانێت. لەبەر ئەوەی لەو گەڕەکەی کە ژیان دەکا حەیای دەچێ و پێی دەزانن کە ژنێکی سیغەیی لەم گەڕەکەدایە. بە هۆی ئەوەی عورف ئەوە قبوول ناکا، نایهەوێ ئەم ناو و ناتۆرەی لێ بنرێت.

هاوسەرگیریی کاتی دیاردمیەکی کۆمەڵایەتی، ئایینی و یاساییە کە لە سەردەمە جۆراوجۆرە مێژووییەکاندا شەرعێتی و پەسەندکراوییەکەی جێی مشتومڕ بووە. لایەنگرەکانی سیغە، سیغە بە هۆکارێک بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە داوێنپیسی و پەیوەندیی سێکسیی ناشەرعی دەزانن و کۆمەڵێک وەک فاکتەرێک لێی دەڕوانن کە هۆکاری فرەچەشنخوازیی پیاوانە و تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی و گەندەڵی لە کۆمەڵگایە. لەگەڵ هەموو ئەم

ڕوانگە هەمەجۆرلنە کە لە بارەی هاوســەرگیریی کاتیدا بوونی هەیە، ئەوەی لەم توێژینەوەدا دەتوانین هەڵێنجێنین ئەوەیە کە دیاردەی هاوسـەرگیریی کاتی بە پێی پێباشــییە ئایینی و یاســاییەکانی لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران ڕووی لە هەڵکشانە و ئەمە زیاتر بە هۆی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتورییەکانی ئەم قۆناغە زەمەنییەی کۆمەڵگای ئێرانە. چوونەســەرەوەی تەمەنی هاوسـەرگیری سـاڵ لە دوای سـاڵ پەرە دەگرێ و هەموو سـاڵێ ڕێژەی ئەو ژن و پیاولنەی کە لە بارودۆخی ســەڵتیی هەمیشــەییدان زیاد دەبێت.[1] هۆکاری ئەم چوونەســەرەوەی تەمەنی هاوســەرگیرییە و هەڵکشــانی ڕێژەی ســەڵتییە هەمیشــەییە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی نالەباری ئابووری، گەشــەی تاکایەتی و ســەربەخۆیی‌خوازی و قبووڵ‌نەکردنی بەرپرســایەتیی گشــتی و پێباشــبوونی پەیوەندیی ســێکســیی کورت‌خایەن، بێ‌متمانەیی و نەبوونی گرێدراویی کۆمەڵایەتی و هەڵکشـانی ئاسـتی خوێندەواریی ژنان و چوونیان بۆ ناو بەسـتێنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکان و هەڵکشـانی ئاسـتی چاوەڕوانییەکان. کەواتە ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشـانی ڕێژەی هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێکارێک بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکان کە بمانهەوێ و نەمانهەوێ لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران یەکســانە و لە ڕووی ئایینی و یاســاییشــەوە شــەرعێتی هەیە بۆ هەندێ کەس پاســاودارە. بەڵام بارودۆخی ناڕوونی یاسایی و ئایینی و کێشە یاساییەکانی وەکوو هەلومەرجی تۆمارکردنی نیکاح، نەفەقە، هەڵوەشــانەوە، عەدە و هەروەها دەرهاویشــتە نەرێنییەکانی کە دەبێتە هۆی لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە، تەشــەنەســەندنی گەندەڵی و لەشـفرۆشــی، نەخۆشــییە نزیکییەکان، منداڵ‌هاوســەری و ...،

1 - بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران، سەڵتیی هەمیشەیی هەتا بەر لە ساڵی 1375 لە نەوەستان و ڕاژاندا بوو؛ بەڵام پاش ئەم ساڵە ڕەوتی هەڵکشانی گرتە بەر. بە پێی لێکدانەوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، سەڵتی هەمیشەیی لە ساڵی 1375 بۆ پیاوان نزیکەی 1.1 لە سەد و بۆ ئافرەتان 1.2 لە سەد بووە. ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی سەڵتیی هەمیشەیی لە ئافرەتان زیاتر لە پیاوانە؛ بە جۆرێک کە لە ماوەی ساڵانی 1375 هەتا 1395 ئەم پێوەرە بۆ پیاوان نزیکەی دوو هێندە بۆتەوە، بەڵام بۆ ئافرەتان گەیشتووەتە پتر لە سێ قات.


پێویستی بە ڕێکخستنەوەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەیە. کەواتە دەبێ هەر سێ دەزگای یاسادانەر، جێبەجێکار و داد و هەروەها سەرچاوەکانی گەورەی لاساییکردنەوە بە هاوکاریی مامۆستایانی زانکۆ، ڕاوێژکارانی بنەماڵە و کارناسانی یاسایی و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ ئەم بابەتە لێک بدەنەوە و ئامادەکاریی پێویست بۆ چارەسەری کێشەکانیان لە سۆنگەی یاسایی، ئایینی و کۆمەڵایەتی گەڵاڵە بکەن و بیبەنە بواری جێبەجێکردن. بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی داهاتوودا بە ئاوڕدانەوە لە لێکۆڵینەوە گشتییە مەیدانییەکان و دیمانەی لەڕادەبەدەرلەگەڵ ئەو بەشداربوولنەی کە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەیان بەئەزموون کردبوو و هەروەها بە پێی ڕاوێژ و دیمانە لەگەڵ کارناسانی ئایینی، یاسایی و بنەماڵە بۆ چارەسەری ئاستەنگەکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە هەندێ ڕێکار دەخەینە ڕوو.

**ئەنجامە چەندایەتییەکانی توێژینەوە**

بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەزموونی قووڵی ئەو کەسانەی کە لە شارەکانی تاران، مەشهەد و ئیسفەهان هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتییان بە ئەزموون کردبوو، شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتیی زەمینەییمان بە کار هێنا. لەم شێوازەدا توێژەر هۆگری بەرهەمهێنانی تیۆری، مۆدێل یان چوارچێوەی چەمکییە؛ بەتایبەت ئەو کاتەی کە لەبارەی ئەم دیاردە، زانیاریی پێویست لە بەر دەستدا نییە. ئەم ئاراستە جۆرێک شێوازناسیی گشتی بۆ گەشەسەندنی تیۆری بە پێی کۆکردنەوەی داتا و شیکاری و شرۆڤەی ئەوانە کە لە درێژەی پرۆسەی لێکۆڵینەوە ڕێک دەخرێت. بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە هەتا هەنووکە هیچ مۆدێلێک بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و شیکاریی سیغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی ئامادە نەکراوە؛ کەڵکمان لە شێوازی گراندد تیۆری یان تیۆریی زەمینەیی وەرگرت. شێوازی نموونەگیری ئامانجدار بوو و ئینجا نموونەگیریی بۆچوونی بۆ یارمەتیدانی وەدەستهێنانی تیۆری بوو بە

ڕێنوێنـەری درێژەی ڕەوتی ئـەنجـامـدانی توێژینـەوە. ڕەوتی توێژینـەوە بـە جۆرێک بەرەو پێشـــەوە چوو کە بە ئەنجامدانی 100 لێدوان دڵنیابوونی تیۆریک وەدەســـت هات. بۆ متمانەی زێدەتر دیمانەی زیاتر ئەنجام درا و بە ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ 216 کەس لە دڵنیابوونی تیۆری و گشـــتگیری توێژینـەوە ڕازی بووین. هـەڵبـەت لێرەدا چـاودێری و ڕێنوێنی پســـپۆڕانی شـێوازی چۆنایەتیشـمان بە کار هێنا. لە کۆی 216 کەس توێژینەوە لە سـەر کراو، 35 لە سەد پیاو و 65 لە سەد ئافرەت بوون. هەروەها 82/7 لە سەدی ئەم کەســانە ئاســتی خوێندەوارییەکەیان دیپلۆم و خوار دیپلۆم بوو. هەروەها لەگەڵ کەسانی خاوەن ئەزموونی سیغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی، کارناسـانی ئایینی و فەقێکان، کارناسـانی یاسـایی و پارێزەران و نووسـینگەی تۆمارکردنی هاوسەرگیری و تەڵاقیشمان دواند.

### 1ـ خواستە ئابووری، سۆزداری و دەروونیو سێکسییەکان




چارتی 1. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی تەمەنی وڵامدەران لە ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی کاتی


پاش لێکدانەوە و شـــیکاریی ئەو دیمانانەی کە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لە

کەسانی خاوەن ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی وەرمانگرت، چەندین هۆکاری ڕووکردنە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە وەدەست هات. وتەزایەک کە لە زۆرێک لە دیمانەکاندا دیارە پرسی خواستەکانە. خواستی سێکسی، خواستی سۆزداری و دەروونی و خواستە ئابوورییەکان لە هۆکارەکانی ڕووکردن لە هاوسەرگیریی کاتییە. بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە زیاترین هۆکاری هۆگریی پیاوان بۆ هاوسەرگیریی کاتی، خواستی سێکسییە. خواستە سێکسییەکان بە 61 لە سەد، خواستە سۆزدارییەکان بە 31/1 لە سەد و خواستی مادی 8/9 لە سەد، یەکەمایەتیی یەکەم هەتا سێیەمی خواستەکانی کۆمەڵگەی ئاماری پیاوان پیشان دەدات. بەڵام گرینگترین هۆکارێک کە ژنان ناچار بە هاوسەرگیریی کاتی دەکا، خواستی ئابووری بە 50 لە سەدە و خواستی سۆزداری و سێکسی بە 35 و 15 لە سەد لە هۆکارەکانی دووهەم و سێیەمی ملدانی ئافرەتان بۆ هاوسەرگیریی کاتییە.

بە ئاوڕدانەوە لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، خواستی سۆزداری و ئابووری لە نێو ژنان و خواستی سێکسی لە نێو پیاوان گرینگترین هۆکاری ڕووکردن لە هاوسەرگیریی کاتییە. لەم توێژینەوەدا ئەزموونی هەست بە بێکەسی و ناشادمانیکردن لە نێو ئافرەتان و ئەزموونی هاوسەرگیریی ناسەرکەوتوو لە ڕابردوو، نارەزایەتیی هاوسەرەکان و نەبوونی لێکتێگەیشتن وەک دیکەی فاکتەرە سەرەکییەکانی هاوسەرگیریی کاتیی پیاوان و ژنان دەستنیشان کرا. بە پێی تیۆریی زنجیرە خواستەکانی مازلۆ، خواستە ژیانییەکان (ئاستی سەرەتایی خواستەکان) و خواستی سۆزداری (ئاستی سێیەمی خواستەکان) لە خواستە سەرەتاییە مرۆییەکانن و هەتا ئەو کاتەی کە ئەم خواستانە دابین نەکرێن مرۆڤ بە خۆگەشەیی و سەرکەوتن ناگات. ئەو پیاوانەی کە خواستە سێکسییەکانیان لە چوارچێوەی ژیانی خێزانیدا تێر نابێ

هۆگری هاوســـەرگیریی کاتین. هۆکارگەلی وەکوو فرەڕەنگ‌خوازیی پیاوان، خۆش‌نەویستنی ژن یان نەخۆشی و کێشە سێکسییەکانی هاوسەر و کێشە خێزانییەکان دەتوانێ پیاوان بەرەو ئەو ئاقارە ببا کە خواستە سێکسییەکانیان لە دەرەوەی ماڵ تێر بکەن کە هاوسەرگیریی کاتی بە هۆی ئاسان دەستپێڕاگەیشتن و نەبوونی بەرپرسایەتیی یاسایی و ڕەواداریی ئایینی، زۆر بە ئاسانی ئەمە بۆ پیاوان دابین دەکات. لە لایەکی‌تریشـــەوە ئەو ژنانەی کە بە هۆی مردنی هاوســەر یان تەڵاق دەبنە بێوەژن، بە هۆی تەنیایی و کێشــە ســۆزدارییەکان، خواســتە ئابوورییەکان و ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونە تاڵ و ناســـەرکەوتووەکانی هاوســـەرگیریی ڕابردوو، ســـەرەڕای ئاگاداری لە قێزەون‌بوونی کۆمەڵایەتیی هاوسەرگیریی کاتی، بۆ دابین‌کردنی خواستەکانی خویان ئەوەیان لە هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی پێ باشـــترە. بە گوێرەی تیۆرییەکان هەڵبژاردنی عەقڵانیی هێکتۆر و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی هۆمێنز دەتوانین بڵێین هەڵســوکەوتی ژنان و پیاوان بۆ ملدان بە هاوســەرگیریی کاتی لەو خاڵ و سەریازییانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەم نیکاحەی وەدەست دێن و لە چاو هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە عەقڵانیتر و کەم‌تێچووتر دەزانن.


**2ـ پابەندیی ئایینیی تاکەکەسی و بنەماڵەیی**



چارتی 4. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی پابەندێتی ئایینیی وڵامدەران لە ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی کاتی

وەک دەبینرێ نزیکەی 32 لە سەدی کۆمەڵگەی ئاماری، پابەندیی ئایینیی بەهێز، 50 لە سەد پابەندیی ئایینیی مامناوەند و 18 لە سەد پابەندیی ئایینییان کەمە. کەواتە زۆرینەی کۆمەڵگەی ئاماریی ئەم توێژینەوە، ئایین و فەرمانە ئایینییەکان و فتوای شەرعیی فەقێکان و سەرچاوەکانی لاسایی‌کردنەوە وەک نۆرمە گرینگەکانی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان لە قەڵەم دەدەن. هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی یەکێک لە باوەڕە ئایینییەکانی شیعەیە و بە پێچەوانەی ئەهلی سوننە کە وەک کارێکی ئایینی و نەریتی / ئایینی لێی دەڕوانن.

بە گوێرەی فیقهی شیعە، هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی مۆڵەتی شەرعی هەیە. زۆرینەی سەرچاوەکانی لاسایی‌کردنەوە و فەقێکان لە کۆماری ئیسلامیش پێیان وایە بە پێی کۆدەنگی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی پاش پێگەیشتنی سێکسی ڕێگەپێدراوە و پێشنیاری ئەم کارە بە شوێن‌کەوتووانی خۆیان دەدەن. هەڵبەت فەقێیەکی وەکوو ئایەتوڵا سانعی هاوسەرگیریی کاتی گرێ دەداتەوە بە بارودۆخی شەڕ لە سەرەتاکانی ئیسلام و لە کۆمەڵگای ئەوڕۆییدا وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی دارمانی بنەماڵە پێناسەی دەکات. کەواتە تاکەکان بە پێی ئەو خواستانەی کە بە هۆکاری ئابووری، سۆزداری و سێکسی هەیانە، هاوسەرگیریی کاتی دەکەن و بە شەرعی لە قەڵەمی دەدەن و لەبەر ئەم دڵنیابوون لە مۆڵەتە ئایینییە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ئەم کارە دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە سیغەی مەحرەمێتی لەم توێژینەوەدا جۆرێک هاوسەرگیریی کاتییە کە بنەماڵە ئایین‌پەروەر و نەریتییەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی خواستە سێکسییەکانی مێرمنداڵە ژێر تەمەنی 18 ساڵانەکەیان ئەنجامی دەدەن.





چارتی ژمارە 3. لێکبڵاویی فرەیی پابەندیی ئایینیی ئەو بنەماڵانەی کە پێشینەی سیغەی مەحرەمێتییان هەیە.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشان دەدا لە ناو ئەو بنەماڵانەی کە باوەڕیان بە سیغەی مەحرەمێتی هەیە و لە بنەماڵەی خۆیاندا وەک بابەتێکی قبووڵکراو لێی دەڕوانن نزیکەی 22.05 لە سەدیان ئاستی پابەندیی ئایینییان زۆرە. هەروەها 73.52 لە سەدی ئەو بنەماڵانەی کە خاوەن ئەزموونی سیغەی مەحرەمێتین، خاوەن پابەندیی ئایینیی مامناوەند و تەنیا 4.41 لە سەدیان پابەندیی ئایینییەکەیان کەمە. ئەو بنەماڵانەی کە پابەندیی ئایینیی زۆر یان مامناوەندیان هەبوو، ئەنجامدانی سیغەیان بە پێی ئایین پاساودار دەکرد. بەڵام ئەو بنەماڵانەی کە پابەندیی ئایینییان کەمتر بوو بە هۆی بوونی نۆرمە نەریتی و کەلتوورییەکانی پیاوسالاری و بە مەبەستی کەمکردنەوەی گوشارە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسیی منداڵەکانیان لەم چەشنە هاوسەرگیرییەیان دەڕوانی.

سیغەی مەحرەمێتی بە پێی ڕوانگەی سەرچاوە لاسایی‌کردنەوە کان، هەمان نیکاحی کاتییە کە بە سەر منداڵان و مێرمنداڵاندا دەسەپێنرێت. (دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم سیغەیە بۆ تەمەنی سەرتریش ئەنجام دەدرێ؛ بەڵام بە پێی کۆمەڵگەی نموونە لەم لێکۆڵینەوەدا ئاماژە بە سیغەی مەحرەمێتیی خوار تەمەنی 18 ساڵان دەکرێت.) لە ڕاستیدا لە بنەماڵە نەریتی

و ئایینپەروەرەکاندا ســیغەی مەحرەمێتی وەک ڕێکارێک بۆ کەمکردنەوەی زەختی کۆمەڵایەتیی دەوروبەرییەکان و کۆنترۆڵی کێشــە ســێکســییەکانی منداڵەکانیان لە ســەرەتای تافی پێگەیشــتندا بە ســەریاندا دەیســەپێنن کە زۆر جار پەیوەندیی ســێکســی لێ دەکەوێتەوە و هەلومەرجی هاوســەرگیریی منداڵان ئاســان دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەم بنەماڵانە بۆ کۆنترۆڵکردنی خواســتە ســێکســییەکانی منداڵەکانیان تێدەکۆشــن لە تافی منداڵیدا تێکەڵی پەیوەندیی ســێکســیی ڕەوا و باویان بکەن بۆ ئەوەی حیزیەتیی ئەم منداڵانە داوێنگیریان نەبێت.

## 3ـ بوونی پێشینەی بنەماڵەیی لە هاوسەرگیریی کاتیدا





چارتی 3. لێکبڵاوی ڕێژەی فرەیی پێشینەی بنەماڵەیی وڵامدەران لە بواری هاوسەرگیریی کاتی

شێوازی ژیانی بنەماڵەیی و جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتیی منداڵەکان لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی قبووڵکردنی ســیغەی مەحرەمێتی و هاوســەرگیریی کاتییە. ئەو بنەماڵانەی کە پێشینەی سیغەی (بڕیاری) مەحرەمێتی و نیکاحی کاتییان هەبووە، ئەم هەڵسوکەوتەیان لە نەوەکانی دوایی خۆیاندا چەسپاندووە و نەوەی دواتریان ئەمە وەک هەڵســوکەوتێکی کۆمەڵایەتیی پەســەندکراو

ئەنجام دەدەن. لەم توێژینەوەدا 61/18 لە سـەدی وڵامدەران وتوویانە کە لە بنەماڵەی ئەواندا پێشـینەی ئەنجامدانی سـیغەی مەحرەمێتی بوونی نەبووە و 31/18 لە سەد وتوویانە کە لە بنەماڵەکانی ئەواندا ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ڕابردوودا کراوە. لەو کەلتوورانەی کە کۆمەڵگاگریی کراوەیە، سـەربەخۆیی و خۆدەربڕی پـەرە دەسـتێنێ؛ لـە حـاڵێکـدا لـەو فـەرهـەنگـانـەی کـە کۆمەڵگاگرییەکەیان داخراوە، ملکەجی و هاوئاهەنگی لە بەها باڵاکانە. لە بنەماڵە ئایینپەروەر و نەریتییەکاندا بنەماڵەکان سـیغەی مەحرەمێتی بە سـەر مێرمنداڵاندا دەسـەپێنن و منداڵان تەنانەت ئەگەر بەم کارە ڕازی نەبن ناچارن ملکەج و هاوئاهەنگ بن. هەروەها بە پێی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی، ئەندامانی بنەماڵە فێری نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەبن. کەواتە لە ئەگەری بینینی ئەنجامدانی هاوسـەرگیریی کاتی لە لایەن ئەندامانی دیکەی بنەماڵەوە وەک نۆرمێکی قبوڵکراو فێری دەبن و ئەگەر هەلی ئەنجامدانیان بۆ هەڵ بکەوێ زۆر بە ئاسانی ئەنجامی دەدەن.


## 4ـــــ دەربڕینی ئاشـکرای هاوسـەرگیریی کاتی، ڕوانگەی سـەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی و ماوەی هاوسەرگیریی کاتی



چارتی ژمارە 4. لێکبڵاویی فرەیی وڵامدەران لە بواری ئاگاداریی دیتران لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی

بە هۆی ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگادا، هەمیشە ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیریی کاتی دەکەن هەوڵ دەدەن بیشارنەوە. ناپەسەندبوونی کۆمەڵایەتیی هاوسەرگیریی کاتی و بە یەکسان‌دانانی لەگەڵ داوێنپیسی و هۆکاری دارمانی بنەماڵەکان و وەسفکرانی ئەنجامدەرانی هاوسەرگیریی کاتی بە بەدڕەوشت، نانۆرم، هەمەچەشن‌خواز و ... بۆتە هۆی شاردنەوەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە. لە بەرامبەردا بە هۆی تێپەڕین لە نۆرمە نەریتییەکان و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن، ئاشکرابوونی هاوسەرگیریی کاتی لای هەندێ کەس گرینگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا 76 لە سەدی ژنان و 50.64 لە سەدی پیاوان بە ئاشکرابوونی هاوسەرگیرییە کاتییەکەیان ڕازین. بە واتایەکی دیکە 44.15 لە سەدی پیاوان و 20 لە سەدی ژنان دژی ئەوەن کە هاوسەرگیرییە کاتییەکەیان ئاشکرا بێت. وەک لە ئامارە وەدەستهاتووەکاندا دەیبینین، پیاوان کەمتر لە ژنان پێیان خۆشە کە دیتران لە هاوسەرگیرییە کاتییەکەیان ئاگادار بن. هۆگریی بۆ شاردنەوەی هاوسەرگیریی کاتی دەتوانێ بە هۆکارگەلی وەکوو شاردنەوەی ئەو ژیانە هاوتەرییەی کە پیاوان لە پاڵ ژیانی یەکەمی خۆیان پێکیان هێناوە یان خۆبواردن لەو زەختە کۆمەڵایەتییە زۆرەی کە بە سەر ژناندا دەسەپێنرێ ڕوو بدات. بەڵام ئەوەی کە ژنان زیاتر هۆگری ئاشکرابوونی هاوسەرگیرییە کاتییەکەیانن دەتوانێ بە هۆکاری وەکوو هیواداربوون بە هەمیشەیی‌بوونی ئەم هاوسەرگیرییە کاتییە یان سوودمەندبوون لە چاکیی مادی و مەعنەویی زیاتر لە هاوسەرگیریی کاتی بێت. هەروەها ژنان گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر دیتران بەم هاوسەرگیرییە کاتییە بزانن زەختێکی کۆمەڵایەتیی زیاتر دەخرێتە سەر مێرد و لە کۆتاییدا مێرد بەرپرسایەتیی زێدەتر لە ئاست منداڵانی مەتعە و ژنی مەتعە لە ئەستۆ


دەگرێت. ڕەنگە هەندێک هاوسەرگیریی کاتییان بە ڕاستی پێ باش نەبێ و بەو هۆکارانەی کە باسمان کردن وەکوو خواستی مادی، سۆزداری و سێکسی هاوسەرگیریی کاتی ئەنجام بدەن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە 56 لە سەدی ژنان ڕوانگەی نەرێنییان بەرامبەر بە سیغە هەیە و لە بوونی ناڕازین. هەروەها 33.76 لە سەدی پیاوان دژی سیغەن و 66.24 لە سەدی پیاوان ڕوانگەی ئەرێنییان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی کاتی هەیە.




چارتی ژمارە 5. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی ڕوانگەی ژنان و پیاوان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی کاتی

ڕوانگەی نەرێنیی زۆربەی ژنان دژ بە هاوسەرگیریی کاتی بە هۆی ئەزموونە تاڵەکانیان لە هاوسەرگیریی کاتی و پێشێلبوونی مافەکانیان و هەروەها دابین‌نەبوونی خواستە ڕۆحی و مادییەکانە. ئەنجامەکان دەریانخست ژنان زیاتر بە هۆی تەنیایی و قەیرانە ڕۆحی و دەروونییەکان مل بە هاوسەرگیریی کاتی دەدەن؛ لە حاڵێکدا پیاوان لەبەر تێربوونی خواستە سێکسییەکانیان ئەم کارە دەکەن. وەک بە ناوی هاوسەرگیریی کاتیدا

دەردەکەوێ، ئەم هاوســەرگیرییە پەیوەندییەکی کاتی و تێژتێپەڕە و بە پێچەوانەی هاوســەرگیریی هەمیشــەیی، هەمیشــەیی نییە. هەندێجار هاوسەرگیریی کاتی بە شێوەی کاتژمێری و کەمتر لە ڕۆژێک ڕوو دەدات.





چارتی ژمارە 6. لێکبلاویی ڕێژەی فرەیی ماوەی سیغە لە ناو ولاّمدەران

شــیکاریی چەندلیەتیی دیمانەکان ئەوە دەردەخا کە 16.66 لە ســەدی ولاّمدەران هاوســەرگیریی کاتیی کورتتر لە مانگێک، 35.71 لە ســەدیان هاوســەرگیریی کاتیی مانگێ هەتا شــەش مانگ، 34.52 لە ســەدی ئەم کۆمەڵە هاوســەرگیریی کاتیی شــەش مانگە هەتا دوو ســاڵ و 28.57 لە ســەدی ولاّمدەران هاوســەرگیریی درێژخایەنتر لە دووســاڵیان بە ئەزموون کردووە. ئەم ئەنجامانە دەریدەخا کە ڕێژەی زۆری هاوســەرگیرییە کاتییەکان ژێر دوو ســاڵ بووە. ئەم بابەتە بۆ ژنان ناخۆشــترە کە تەنیا ئەوانیان بۆ سێکس بوویێت. لەم چەشــنە پەیوەندییانەدا ژنان زیاتر تووشــی قەیرانە ڕۆحییەکان دەبن؛ چوونکە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراو پەیوەندییەکە کۆتایی پێ

دێ و پیاوان کەمتر ئامادەن ئەو هاوسەرگیرییە کاتییە درێژ بکەنەوە یان ئامادەن بیکەن بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و ئەو ژنانەی کە بە جێ دەهێڵدرێن زیاتر تووشی خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی دەبنەوە. هەروەها کۆمەڵگا ناوناتۆرەی بەدناوی و بێڕەوشتییان لێ دەنن کە ئاستی کێشە ڕۆحی و دەروونییەکانیان زیاتر دەکات. کەواتە ڕوانگەی ژنان لە چاو ڕوانگەی پیاوان نەرێنیترە.


## 5ـ دووگیانی، ئاگاداربوون لە یاسا، تۆمارکردنی هاوسەرگیری، توندوتیژی دژ بە ژنان




چارتی ژمارە 7. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی بارودۆخی دووگیانیی ژنان و پشتیوانیی پیاوان لە هاوسەرگیریی کاتی

ئامانجی سەرەکیی لە هاوسەرگیریی کاتی چێژبردنی سێکسی و پێدانی بڕە پارەیەکی دیاریکراو بە ژن وەک مارەیی لە ماوەیەکی دیاریکراوە. دووگیانبوون هیچ پێگەیەکی لە هاوسەرگیریی کاتیدا نییە هەر بۆیە هەر کام لە هاوسەرەکان دەتوانن بە بێ ڕەزامەندیی ئەویتری ڕێگری لە دروستبوونی کۆرپەلە بکەن. (وێلوجێردی، 1371) لە هاوسەرگیریی کاتی ئەگەر ژن دووگیان بێ، پیاو لە ئاست پێدانی نەفەقە و پابەندێتی لە ئاست منداڵ

بەرپرســـە و وەکوو منداڵی هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی دەبێ ناســـنامەی بۆ وەربگرێت. کەولتە منداڵی هاوســـەرگیریی کاتی هەموو مافەکانی منداڵێکی ئاســـایی هەیە. بە پێی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە 33.3 لە ســـەدی ئەو ژنانەی کە دووگیان بوون منداڵەکەیان لەدایک بووە، 44.4 لە ســـەدیان کۆرپەلەیان لەبار بردووە. لە لایەکی تریەشـــوە 22.2 لە پیاوان ئامادە نەبوون بەرپرسـایەتی و ڕاگرتنی منداڵی هاوسـەرگیریی کاتی لە ئەستۆ بگرن. بە پێی مادەی 21ـی یاسای پشتیوانیی بنەماڵە پەسەندکراوی 1391ی هەتاوی، لە ئەگەری دووگیانی یان ڕێککەوتنی لایەنەکان یان مەرجە لاوەکییەکانی مارەکردن، هاوســـەرگیریی کاتی دەبێ تۆمار بکرێ و نیکاحی کاتی بە پێی هەموو ڕێسا شەرعییەکانی نیکاحی هەمیشەییە؛ بەڵام بە هۆی ئاگادارنەبوونی لە یاسا و ئاگادارنەکردنەوە لەم بوارەدا، مافەکانی ژنان پێشێل دەکرێت.




چارتی ژمارە 8. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی وڵامدەران لە بواری ئاگاداربوون لە یاسا

ئەنجامە چەندایەتییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەرخەری ئەوە بوو کە 68 لە ســـەدی وڵامدەران هیچ زانیارییەکیان لە ســـەر هاوســـەرگیریی کاتی نەبوو. 22.66 لە سـەدیان زانیارییەکەیان کەم بوو و 9.4 لە سـەدیان زانیارییەکی تا ڕادەیەک باشیان لە سـەر یاسـاکانی هاوسـەرگیریی کاتی هەبوو. ئەنجامی ئەم ناوشـــیارییە پێشـــێلبوونی مافی تاکەکان بەتایبەت لە هاوســـەرگیریی کاتی دەبێت. تۆمارکردنی هاوســـەرگیریی کاتی لە نووســـینگەکانی تۆمارکردنی


هاوسەرگیری و پێدانی ڕاوێژی یاسایی و دەروونناسی بە هاوسەرەکان یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە بۆ نەهێشتنی هەندێ لە بۆشاییەکانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە سوودمەندە.




چارتی ژمارە 9. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی بارودۆخی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی لە ناو وڵامدەران

لە ناو وڵامدەرانی ئەم توێژینەوە، 65 لە سەدی تاکەکان هاوسەرگیریی کاتییان تۆمار کردبوو و 35 لە سەدیان ئەم هاوسەرگیرییەیان تۆمار نەکردبوو. تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی لە ئەگەری دووگیانبوون بە پێی مادەی 21ی یاسای پشتیوانی بنەماڵە پێویستە. زۆرێک لە تاکەکان بە هۆی بێئاگایی لەم مادە یاساییە ناتوانن باوکی منداڵەکە ناچار بە پشتیوانی لە منداڵەکە بکەن. ئێستا هەموو ئەو بەرپرسایەتییانەی کە باوک لە ئاست منداڵێکی ئاسایی هەیەتی، لە ئاست دایک و منداڵی مەتعەش هەیەتی. هەروەها بە هۆی ئاسانبوونی ئەنجامدانی سیغە، پیاوان سیغەی چەندساڵە دەکەن و پاش ماوەیەک بە بێ بەخشینی ماوە واز لە ژنە دێنن و ژنان بە هۆی نەبوونی زانیاری لە سەر یاسا شوێنەون دەبن. هەروەها بەو پێیەی کە مادەیەکی یاسایی بۆ هەڵوەشانەوەی پێناسە نەکراوە، تەنانەت هەندێ لە سەرچاوەکانی لاساییکردنەوە لە ئاست ئەم بابەتە، پێشنیار بە ژنان دەدەن کە سەردانی دادگای بنەماڵە بکەن.

بە پێی مادەی 1139ـی یاسای مەدەنی، "تەڵاق تایبەت بە هاوسەرگیریی هەمیشـــەییە و ژنی کاتی لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوە یان بەخشـــین لە لایەن مێردەوە لە هاوسـەرێتی دێتە دەرەوە." لەم مادە یاسـاییەدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە ژنان ناتوانن ماڵ بە کرێ بگرن و لە مادەی 1152 بە تەنیا وتراوە کە " عەدەی هەڵوشـاندنەوەی نیکاح، بەخشـینی ماوە و بەسـەرچوونی نیکاحی کاتی لە نـادووگیـانـدا دوو جـار پـاکبوونـەوە لـە سـووڕی مـانگـانـە". لێرەدا عـەدەی هەڵوەشـانەوەی نیکاح، دەرەنجامی توانای هەڵوەشـانەوەی مەتعەیە تەنیا ئەو کاتەی کە درێژەدانی ژن و مێردی بۆ ژن گونجاو نەبێ، بە پێی مادەی 1130 ژن دەتوانێ بە هۆی دەسـتەنگی لە گرتنی ماڵ سـەردانی دادگا بکا و داوای هەڵوەشـانەوەی هاوسـەرگیریی کاتی بکات. لە بارودۆخێکدا کە تەنانەت یاسـادانەر بە شـێوەی پەنامەکی و ناڕوون باس لە مادە یاسـاییەکانی پەیوەسـت بە هاوسـەرگیریی کاتی دەکا چۆن دەتوانین چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ کە کەسانی ئاسایی لێی ئاگادار بن و پشتیوانیی یاسایی بیانگرێتەوە؟!





چارتی ژمارە 10. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی وڵامەدرانی ژن لە بواری بەئەزمووونکردنی توندوتیژی لە هاوسەرگیریی کاتی

لە ناو وڵامدەرانی ژنی ئەم توێژینەوە 6.66 لە سـەدی ئەم ژنانە لە لایەن

مێردەکانیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی و لێدانی زۆر توند بوونەوتەوە. هەروەها 18.68 لە سەدی ئەم ژنانە بە ڕێژەی مامناوەند و 26.66 لە سەدیان بە ڕێژەی کەم توندوتیژی و ئازاریان پێگەیشتووە و 48 لە سەدیان هیچ ئازارێکیان نەبینیوە. بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە زۆرینەی ژنان لە هاوسەرگیریی کاتی تەنانەت بە ڕێژەی کەم و مامناوەند ئازار و توندوتیژییان بینیوە و هەروەها ژنان بە هۆی نەبوونی زانیاری لە یاسا و ڕەوتەکانی سکاڵای درێژخایەن و بۆشاییە یاساییەکان زۆر جار چاوپۆشی لە مافەکانی خۆیان دەکەن. هەروەها ئەگەر لە یاسا ئاگادار بن دیسانیش بە هۆی ناشیرینبوونی کۆمەڵایەتیی سیغە ئامادە نین سکاڵا تۆمار بکەن؛ چوونکە دەترسن دەوروبەرییەکان و کەس و کار و دراوسێکانیان بە هاوسەرگیرییە شاراوەکەیان بزانن و ئەو ژنە جگە لە خەسارەتی جەستەیی و ڕۆحی و بەدناوی هیچی دیکەی بۆ نەمێنێتەوە.


**6ـ تەمەن، شێوازی مارەبڕین، دۆخی پەیوەندیی سێکسی و خوێندن**

تەمەنی وردی سیغەی مەحرەمێتی (بڕیاری مەحرەمێتی) و هاوسەرگیریی کاتی بە ڕوونی باس نەکراوە؛ بەڵام بە پێی مادەی 1041ی یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەمەنی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بۆ کچان 13 ساڵی هەتاوی و بۆ کوڕان 15 ساڵە. هەڵبەت بەو پێیەی کە لە سیغەی مەحرەمێتی تۆمارکردن بوونی نییە و لە ناو بنەماڵەکاندا بە شێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێ، تەمەنی سیغەی مەحرەمێتی ژێر تەمەنی 18 ساڵانە.





چارتی ژمارە7. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی تەمەنی وڵامدەران لە کاتی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی

ئەنجامە چەندایەتییەکانی توێژینەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە 36/84 لە سەدی وڵامدەران ژێر تەمەنی 18 ساڵان، 38/15 لە سەدی ئەوان لە مەودای تەمەنی 18 بۆ 30 ساڵان، 23/68 لە سەدیان لە مەودای تەمەنی 31 بۆ 49 ساڵان و 1/31 لە سەدی ئەم کەسانە لە تەمەنی ژوور 50 ساڵان هاوسەرگیریی کاتییان بەئەزموون کردووە. هەروەها بە پێی ئەنجامە چەندایەتییەکانی ئەم توێژینەوە ئەو مێرمنداڵانەی کە ژێر تەمەنی 18 ساڵان و لە سەر پێداگریی بنەماڵە مارەکردنی کاتی سیغەی مەحرەمێتییان بە سەردا سەپاوە خۆیان لە قۆناغێکی نوێی ژیاندا دەبینییەوە؛ لە حاڵێکدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و هزرییەوە پێنەگەیشتبوون. پێگەیشتنی سێکسی لە قۆناغی مێرمنداڵیدا هۆکاری پێگەیشتنی هزری نییە و تەنانەت ئەگەر مێرمنداڵان بەم بارودۆخە ڕازی بن تووشی دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی تایبەتی دەبنەوە. شێوازی پەیوەندی لە کاتی سیغەی مەحرەمێتیدا بە پێی چاودێریی بنەماڵەیە؛ بەڵام بۆ هۆی هەڵچوونی خواستی سێکسی لەم قۆناغە زەمەنییەدا کچ و کوڕ هەموو هەلێک بۆ سێکسکردن دەقۆزنەوە کە هەڵبەت لە ڕووی شەرعییەوە هیچ کێشەیەکی نییە.




چارتی ژمارە 8. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی بارودۆخی پەیوەندیی سێکسی لە هاوسەرگیریی کاتیدا

ئەنجامە چەندایەتییەکانی ئەم توێژینەوە پیشـــان دەدا ئەو وڵامدەرانەی کە خوار تەمەنی 18 ســاڵان ســیغەی مەحرەمێتییان بەئەزموون کردبوو، 32 لە ســەدیان لە ماوەی ســیغەی مەحرەمێتیدا پەیوەندیی ســێکســیی بەردەوامیان بووە، 28 لە سەدیان پەیوەندیی نزیکی بە بێ سنوور وەکوو سێکس و دیکەی هەڵسـوکەوتە سـێکسـییەکانیان بە ئەزموون کردبوو. هەروەها 40 لە سـەدیان پەیوەندیی ســـنووردار و ژێر چاودێرییان هەبووە. وەک دیارە زۆربەی ئەم کەسانە (60 لە سەد) پەیوەندیی تەواوی سێکسییان بووە و بەم شێوە هەل بۆ هاوسـەرگیریی پێشـوەختەیان ڕەخسـاوە. ئەم چەشـنە هاوسـەرگیرییە بە ئاسـانی ڕوو دەدا و جێبەجێبوونی مارەکردن پێویســـتی بە ئاهەنگی هاوســـەرگیریی هەمیشـەیی نییە. لە هاوسـەرگیریی کاتی و سـیغەی مەحرەمێتی تەنانەت پیاوە خۆی یان خزم و کەس و هاوڕێیان دەتوانن ســیغەی مەحرەمێتی جێبەجێ بکەن. ســیغەی مەحرەمێتی بە شــێوەی زارەکی دەخوێنرێ و تەنیا پێویســت (ایجاب) و قبووڵکردن زارەکییەکەی تەواوە و نانووسرێت.





چارتی ژمارە 9. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی بارودۆخی جێبەجێبوونی هاوسەرگیریی کاتی لە نێوان هاوسەرەکان

ئەنجامەکانی توێژینەوە پیشـــان دەدا لە 5.92 لە ســـەدی حاڵەتەکان ســـیغەی مەحرەمێتی لە لایەن خزمان و هاوڕێیان، لە 12.5 لە ســـەدی حاڵەتەکان مەلای مزگەوت، لە 18.42 لە ســـەدی حاڵەتەکان لە لایەن مێرد و لە 63.15 لە سەد لە لایەن مارەبڕەوە جێبەجێ کراوە.

خاڵێک کە لێرەدا شایەنی تێڕامانە ئەوەیە کە هاوسەرگیریی کاتی پێویستی بە تۆمارکردن نییە و هەر ئەم تۆمارنەکردنەیە کە خەســـارەتی لەڕادەبەدەری بەتایبەت بۆ ژنان لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەشـەوە بنەماڵە ئایینپەروەر و نەریتخوازەکان بە شـێوەی نهێنی سـیغەی مەحرەمێتی ئەنجام دەدەن کە لەم کارەدا هیچ چەشنە ڕێگرییەکی یاسایی و شەرعی بوونی نییە. ئاشکرانەبوونی چۆنیەتی ئەنجامدانی ســیغەی مەحرەمێتی و تۆمارنەکردنی یەکێک لە کێشـــەکانی هاوســـەرگیریی کاتییە. بنەماڵە نەریتییەکان بە مەبەســـتی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ســـێکســـیی منداڵەکانیان و هەروەها کەمبوونەوەی زەختی کۆمەڵایەتی سـیغەی مەحرەمێتی بە سـەر منداڵەکانیاندا دەسـەپێنن و بەو پێیەی کە مێرمنداڵان بۆ چوونە ناو قۆناغێکی نوێ لە ڕووی هزری و کۆمەڵایەتییەوە بە ڕادەی پێویست لێهاتوویان نییە، تووشی دەرهاویشتەگەلی

وەکوو منداڵبێوەیی و وازهێنان لە خوێندن دەبنەوە. خوێندن لەو فاکتەرە گرینگانەیە کە هاوسەرگیریی پێشوەختە وەدوا دەخات.




چارتی ژمارە 10. لێکبڵاویی ڕێژەی فرەیی بارودۆخی خوێندن پاش سیغەی مەحرەمێتی لە ناو مێرمنداڵان

لە ناو ئەو وڵامدەرانەی کە سیغەی مەحرەمێتییان بەئەزموون کردبوو، ئەم خاڵە بە ڕوونی دەبینرێ کە سیغەی مەحرەمێتی لەو هۆکارە سەرەکییە کاریگەرانەیە کە ڕێگری لە درێژەدان بە خوێندنی قوتابیان بەتایبەت کچان دەکات. 17.64 لە سەدی وڵامدەران پاش سیغەی مەحرەمێتی درێژەیان بە خوێندن دابوو؛ لە حاڵێکدا 69،11 لە سەدیان وازیان لە خوێندن هێنابوو و ڕۆڵی دایکایەتی و هاوسەرێتییان لە ئەستۆ گرتبوو. وێنای دەوری هاوسەرێتی و زکوزای پێشوەختە هەلی خوێندن لەبار دەبات. ناتەبایی و بەریەککەوتنی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی کە کەسەکە بۆ گرتنە ئەستۆی هیچ ئامادەییەکی تێدا نییە، ئاستەنگی بەر دەم ڕەوتی ئاسایی خوێندنە. دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە دوو هۆکاری سەرەکی لە منداڵهاوسەریدا دەور دەبینن: نەریتیە کەلتوورییەکان و هەژاریی ئابووریی بنەماڵە. بە پێی ئەو کێشانەی کە منداڵهاوسەری ئاوقانی منداڵانی دەکا دەبێ بەرەنگاری ئەم دوو فاکتەرە

ســەرەکییە ببینەوە. ســیاســەتدانانی شــیاو، ڕوونکردنەوەی کێشــەکانی ئەم هاوســەرگیرییە بۆ منداڵان و پشــتیوانیکردنیان و هەروەها پشــتیوانی لەو بنەماڵانەی کە کێشــەی ئابوورییان هەیە دەتوانێ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم فەرهەنگە نەریتییە کاریگەر بێت. بە ناچاریکردنی خوێندن و تۆمارکردنی یاسایی سیغەی مەحرەمێتی و دیاریکردنی تەمەن لەو چەشنە سیاسەتانەیە کە دەتوانین بە پێی ئەوە منداڵهاوســەری وەدوا بخەین. بێگومان خوێندن و بەتواناکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی قوتابیان و بنەماڵەکان دەبێ لە بەرنامە و سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا بگونجێنرێ و ڕێکاری یاسایی و میکانیزمی بۆ ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی خەســارەتە کۆمەڵایەتییەکان کەم ببێتەوە و دەرهاویشــتەی کەمتر بە ســەر تاک و کۆمەڵگا لە ڕەهەندە جۆراوجۆرە کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت سیاسییەکانەوە بسەپێنرێت.

# بەشی چوارەم: کۆبەندی، ڕێکار و پێشنیارەکان

## پێشەکی

هاوسەرگیری ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا ژن و پیاو لە ڕێگەی گرێبەستێکی یاسایی، ئایینی و ئەخلاقی وەک ژن و مێرد پێکەوە دەژین. هاوسەرگیری لە ڕێگەی دابینکردنی بەستێنێک بۆ تێرکردنی خواستە سۆزداری، ئابووری و دەروونییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا دەورێکی گرینگی لە کارکردی کۆمەڵگادا هەیە. ئەگەرچی هاوسەرگیریی کردەیەکی ئیرادی و بە پێی پێباشی و ڕوانگە تاکایەتییەکانە، ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی لەگەڵ دەوروبەری، ڕووداني هاوسەرگیری دەخاتە ژێر کاریگەری پەیوەندییە دوولایەنەکان لەگەڵ بگۆڕە ئابووری، کۆمەڵایەتی، حەشیمەتی و تەنانەت سیاسی. ئەم کاریگەری و کارتێکراوییە وای کردووە کە هاوسەرگیری وەک دیاردەیەکی چەندلایەنە، ببێتە چەقی سەرنج و وردبینیی پسپۆڕانی بوارە جیاوازە زانستییەکانی وەکوو خەڵکناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، یاسا و حەشیمەتناسی و ... . هاوسەرگیری یەکێک لە نەریتە گرینگ و پەسەندکراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە تا ڕادەیەک لە هەموو جڤاکە مرۆییەکاندا بە فەرمی ناسراوە. لەناو ئەو پەیوەندییانەی کە مرۆڤەکان پێکەوە گرێ دەدا پەیوەندیی ژن و مێردی لە هەمووی پیرۆزترە؛ چونکە بەدەر لە دابینکردنی خواستە سێکسی و سۆزدارییەکانی کەسەکە، خواستە ئابوورییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی کەسەکان ڕێک دەخا و بە هۆی ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی، لە هەموو وڵاتانی دنیادا وەک نۆرمێکی قبووڵکراو سەیر دەکرێت.

لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هاوسەرگیری هەمیشە بە پێی بەها ئایینی و یاساییەکانی کۆمەڵگایە. لە ڕوانگەی زۆر کەس هەڵسوکەوتە سێکسی و سرووشتییەکانی لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا ڕێک و تەندروست دەبێ و مانەوەی کۆمەڵگا دابین دەکات. لە درێژایی مێژوودا ئایینە یەکتاپەرستییەکان سەرنجێکی تایبەتیان پرژاندووەتە سەر خستنەڕووی سەرچەشنی هەڵسوکەوتێکی سێکسیی پارێزراو و گرینگییەکی تایبەتی بە ڕێگری، چاکسازی و چارەسەری نانۆرمی، بە لارێداچوون و کێشە سێکسییەکان داوە. چوونکە گەشە، پێشکەوتن، بەختەوەری و کەماڵی مرۆڤ، چاکسازی و پەروەردەی نەوە، درێژەدان و پاراستنی ڕەچەڵەک لە ڕێگەی شیاو، بەردەوامی و تۆکمەبوونی سیستەمی بنەماڵە و بە دوایدا پاکیی کۆمەڵگا لە پارێزراوی و پاکبوونەوە لە جۆرەکانی ئەم بە لارێداچوونە و نەبوونی ئەم کێشانەدا بینیوە.

کەواتە هاوسەرگیری و شێوازی هاوسەربژێری هەمیشە پەیوەست بە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە. لە وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو پێیەی کە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران موسڵمانن، ئیسلام وەک چاوگەی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان سێبەری خستۆتە سەر وتەزای هاوسەرگیری. فیقهـ کە ڕەهەندی یاسایی ئایینی ئیسلامە وەک میکانیزمی جێبەجێکردنی ئایین لە پێناسەی دەشێ و ناشێکانی هاوسەرگیریدا دەوری کاریگەری هەیە. هەروەها بە پێی ئەوەی زۆرینەی حەشیمەتی ئێران شیعەن، فیقهی ئیمامییە بیچم بە یاساکانی هاوسەرگیری و نۆرمەکانی ناوچە شیعەنشینەکان دەدات. بە پێی بنەما یاسایی و فیقهییەکان لە ئێران دوو جۆری هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی (مەتعە، کاتی یان سیغە یان سیغە مەحرەمێتی) بە فەرمی ناسراوە کە لە سۆنگەی فیقهی و یاساییەوە هەر دووکیان شەرعییەتیان هەیە. داپەڕین بۆ هاوسەرگیری پێویستی بە هەلی کۆمەڵایەتیی تایبەتە و هەڵبژاردنی هەر کام

لەم دوو چەشـنی هاوسـەرگیرییە بارودۆخی تایبەتی خۆی دەوێت. لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا هاوسەرگیریی کاتی لە وڵاتی ئێران جێی مشتومڕ بووە و پەسـەندکراوی و شـەرعێتیی ئەم چەشـنە هاوسـەرگیرییە، ئاراسـتەی جۆراوجۆری بە خۆوە گرتووە. بە پێی هەلومەرجی ئایینیی کۆمەڵگا و بە پێی گۆڕانکاریی پێکهاتەیی و ڕوو لە گۆڕان و مۆدێرنیتەی ئێرانی، بە بۆچوونی نووسـەر لەم قۆناغە تایبەتییە زەمەنی و شـوێنییەدا کۆمەڵگای ئێرانی چی لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتی و چی لە چوارچێوەی نیکاحی کاتیدا زیاتر لە ڕابردوو پێشـوازی لە هاوسـەرگیریی کاتی دەکات. ئەم چەشـنە نیکاحە کە بیچمی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ، لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانین تاووتوێ و شـی بکەینەوە. خاڵی گرینگ لێرەدایە کە هاوسـەرگیریی کاتی سـەرەڕای شـەرعێتییە ئایینی و یاسـاییەکەی بە ڕادەی پێویسـت پەسـەندێتیی کۆمەڵایەتی نییە و بە شـاراوەیی ئەنجام دەدرێت. بەم پێیە کەمتر سـەرنجی هۆکار، دەرهاویشـتە و کەڵکاوەژوویـیەکانی ئـەم چـەشـنە هاوسەرگیرییە دراوە. نووسەر بە پێی پرەنسیپە تایبەتەکانی کۆمەڵگای ئێرانی و بە بێ دەمارگرژیی ئایینی بۆ یەکەم جار لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی گشـتگیر و بە ڕوانگەیەکی خەڵکناسـانە، هاوسـەرگیریی کاتی (سـیغەی مەحرەمێتی و مەتعە) لە ڕەهەندی مێژوویی، ئایینی، یاسـایی و کۆمەڵایەتی لێکداوەتەوە و بە ڕوانگەیەکی زانستی دیوە شـاراوە و ئاشـکراکان و هەروەها دەرهاویشتەکانی هاوسـەرگیریی کاتی لە سـەر ئاستی هەر سێ کەڵێنشـاری تاران، ئیسفەهان و مەشهەد شی کردۆتەوە.

### پوختە و کۆبەندی توێژینەوە

لە بەشـی یەکەم و لە چوارچێوەی کۆی توێژینەوە، شـێوازی ڕێکخسـتنی ڕەفتاری سـێکسـی و پەیوەندییە سـێکسـییەکانی ژن و مێرد لە چوارچێوەی ئیسـلامی و ڕۆژاوایی، پێناسـەی هاوسـەرگیری و هاوسـەرگیریی کاتی و

ڕوونکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانی لە ئێستادا تاوتوێ کراوە. لە ڕۆژاوای بەر لە سەدەی نۆزدەهەم، گومانی ئایینی / ئەخلاقی کە لە وانەکانی ئایینی مەسیحییەتەوە سەرچاوە دەگرێ و لە بنەڕەتەوە لە سەر بناغەی بە تاوانزانینی خواستی سێکسی و هەوڵ بۆ ڕەتکردنەوە یان کۆنترۆڵی توندی خواستی سێکسی ڕەگی داکوتاوە، بە سەر پەیوەندییە سێکسییەکاندا باڵادەست بوو. بە پێی ئەم گریمانە، پەیوەندییەکانی ژن و پیاو تەنیا لە چوارچێوەی هاوسەرگیری و بنیاتی بنەماڵە ڕەوایە. لە سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی مۆدێرن، عەشقی ئێحساسی وەک بیچمێکی مۆدێرن و تاکخوازانەی ڕەفتاری سێکسی وردە وردە بوو بە بەدیلی سەرچەشنی پێشمۆدێرن. لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم گریمانەی کۆمەڵناسی/مێژوویی لە گوتارە ڕەگەزێتییەکاندا سەری هەڵدا و تا دەهات بە سەر ڕوانگە گشتییەکانی پرسە سێکسییەکان لە کەلتووری سێکسیی ڕۆژاوادا باڵادەست دەبوو و ئاراستەی یەکسانخوازانە لە بارەی ژنان و پیاوان بیچمی دەگرت. لە ئێستادا لەگەڵ باوەڕە نەریتییەکان زۆر باوەڕی لیبرالتر سەبارەت بە هۆگرییە سێکسییەکان بوونیان هەیە کە بە شێوەی تایبەت لە دەیەی 60ـی زایینی بەهێز بوون. هەندێ لە خەڵک بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئامۆژە مەسیحییەکان لە کەلتووری ڕۆژاواییدان پێیان وایە پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری شیاو نییە؛ بەڵام زۆر کەس باوەڕیان وایە کە چێژی سێکسی لایەنی باش و گرینگی ژیانە. لە بەرامبەردا هەندێ (ڕەفتاری سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی فەرمی و زکوزا) لە هەمبەر چالاکییە سێکسییە جیاوازەکان باوەڕی نەرمینوێن دەگرنە بەر. لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا باوەرە سێکسییەکان ئازادتر و کراوەتر بوون. هەروەها مۆدێلی ئیسلامییانەی پاراستنی ڕەفتاری سێکسی لە دوو ڕەهەندی پاکداوێنی

(داوێنپاکی و خۆپارێزیی سـێکسـی) و هاوسـەرگیری (تێرکردنی شـیاو و ڕەزامەندانەی خواستی سێکسی لە ڕێگەی هاوسەربژێری) پێک دێت. ئەم دوو ڕەهەندە سنوورێکی بەربڵاو لە بنەما و بەرنامەکان (کە بریتییە لە چاودێری، کۆنترۆڵ، ڕێنوێنی و پەروەردەی سێکسی، ئامادەکردن و ڕاهێنانی سێکسی لە کاتی هاوسەرگیری، ڕاهێنانی سێکسی و شێوازی هاوباخەڵی و چاکسازی و چارەسەری نەشیاوییە سێکسییەکان) لە خۆ دەگرێت. ئایینی ئیسلام تێرکردنی خواستی سێکسی لە سیستەمی بنەماڵە و لە سای هاوسەرگیری وەک بابەتێکی پەسەندکراو دێنێتە هەژمار و داکۆکی لە سەر دەکا و ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدا کە خواستی سێکسیی خۆیان لە ڕێگەی تێکەڵبوون لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان تێر بکەن.

لە پێناسەی هاوسەرگیری بە گێڕانەوە لە سارۆخانی هاتووە کە هاوسەرگیری دەبێتە هۆی بەردەوامیی پەیوەندیی سێکسیی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر کە پێویستی بە گرێبەستی کۆمەڵایەتییە و هەروەها بە گێڕلنەوە لە کلوود لۆی شتراوس، هاوسەرگیری بەریەککەوتنی دراماتیکی نێوان کەلتوور و سروشت یان بنەما کۆمەڵایەتییەکان و گیراییە سێکسییەکانە. بە گشتی تایبەتمەندییە پەیوەندیی جەستەیی، دژایەتیی ڕەگەزی، بەردەوامی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی (یاسا و ئایین) لە فاکتەرە هاوبەشەکانی پێناسەی هاوسەرگیرین. لە سنووری جوگرافیایی ئێرانیش دەردەکەوێ کە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتی لە ئێرلندا وەک بیچمە قبووڵکراوەکانی هاوسەرگیری ناسێنران و لە پێناسەی مۆتعەش هاتووە کە جۆرێک هاوسەرگیرییە کە پیاوێک یان ژنێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بڕەمارەیی دیاریکراو نیکاح دەکەن و لەگەڵ کۆتاییهاتنی کاتی دیاریکراو ژن و پیاو بە بێ تەڵاق لێک جیا دەبنەوە.

کاتی ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسەتدانانەکانی هاوسەرگیریی

کاتی وتراوە کە سیاسەتدانەرانی دەوڵەتی و ئایینی و یاسایی لە هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگای ئێرانیدا کە مەودایەک کەوتۆتە نێوان تەمەنی پێگەیشتن و تەمەنی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، سیغە یان هاوسەرگیریی کاتییان وەک ڕێکارێک بۆ ڕێگری لە داوێنپیسی و تەشەنەسەندنی پەیوەندییە سێکسییە ناشەرعییەکانی دەرەوەی هاوسەرگیری ڕەچاو کردووە. هەروەها ئاماژە بە ناڕەزایەتیی ئایەتوڵا سانعی و هەندێ لە چالاکڤانانی مافەکانی ژنان دژ بەم سیاسەتدانانە کرا.

وڵاتی ئێران لە حاڵی تێپەڕین لە قۆناغی نەریتییەوە بۆ مۆدێڕنیتەیە و ئەم نوێسازی و مۆدێڕنبوونە کاریگەری لە سەر بنیاتی بنەماڵە داناوە. لە سەر ئاستی بەربڵاو هەرچی کۆمەڵگا لە حاڵەتی نەریتی بێتەوە دەرەوە و لە هەلومەرجی مۆدێڕن نزیکتر ببێتەوە، تەمەنی هاوسەرگیری بەرز دەبێتەوە. نوێسازی لە ڕێگەی پەرەسەندنی هەلی خوێندن، گۆڕانکاری لە هێزی کار و دەورە مۆدێڕنەکان و شارنشینی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری لێ کەوتۆتەوە. هەروەها ئەوەی کە نوێسازی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکانی ژیان لە پاش هاوسەرگیری دەبێتە هۆی وەدواکەوتنی هاوسەرگیری. لە سەر ئاستی مامناوەند، کاریگەرییەکانی بە هۆی ئەزموونی مۆدێڕنیتەی ئێرانی لە ناوچە جیاجیاکاندا جیاوازە. هەرچی ڕێژەی هاتنی مۆدێڕنیتە بۆ ناوچەیەک زیاتر بێ زیاتر هاوسەرگیری وەدوا دەکەوێت. لە ئێستادا هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری لە سەر ئاستی گەورەشارەکانی تاران، مەشهەد و ئیسفەهان لە چاو شارەکانی دیکە زیاترە. لە لایەکی دیکەشەوە پشێوییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگا لێبڕاوەیی ئابووری کەم کردۆتەوە و بێهیوایی کۆمەڵایەتی بەرز کردۆتەوە و پێوەر و چاوەڕوانییەکانی گۆڕیوە. سەرەڕای ناجێگیریی ئابووری، چاوەڕوانییە کەلتووری و نەریتییەکانی پەیوەست بە تێچوو و ستانداردەکانی هاوسەرگیری

و ژیانی هاوبەش گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و ئەم بابەتە کێشە و گرفتەکانی جارانی زیاتر کردووە. پشێوییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو تەڵاق و خەیانەتی ژن و مێردیش بەش بە حاڵی خۆی کاریگەری لە سەر ڕوانگەی کچان سەبارەت بە هاوسەرگیری دلناوە و بۆتە هۆی ئەوەی کچان سەبارەت بە هاوسەرگیری خۆپارێزتر بن. هەروەها لە سەر ئاستی تاکایەتی گۆڕانکارییەکی زۆر لە کچاندا بەدی دەکەین؛ هەڵکشانی ئاستی خوێندەواری، سەربەخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری، ئازادیی هەڵبژاردن و کردار، دابڕان لە ڕا و بۆچوونی دایک و باوک و کەس و کار، ڕوانگەی کچانی گۆڕیوە. بە گشتی بە پێی ئەو گۆڕانکارییە پێکهاتەیی و زەینییانەی کە لە ئەنجامی مۆدێڕنیتە و نوێسازی لە کۆمەڵگای ئێرانی و بنیاتی بنەماڵەدا ڕووی داوە، مەودای نێوان پێگەیشتنی سێکسی و هاوسەرگیری زیادی کردووە. هەر بۆیە فەقێکان و سیاسەتدانەران هاوسەرگیریی کاتی وەک ڕێکارێکی کاریگەر دەبینن کە وەک ئاماژەی پێدرا ئەم ڕێکارە دژبەری خۆی هەیە.

لە بەشی دووهەمدا بە پێی پێناسەی بابەت و ئەو ناکۆکییانەی کە لە بارەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بوونی هەیە؛ ڕیشە مێژوویی، ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی تاوتوێ کرا. لە ڕووی مێژووییەوە لە ئێرانی کۆندا شیکاریی لەڕادەبەدەر لە سەر هاوسەرگیریی کاتی بووە. هەندێ لە مێژووناسان ئاماژەیان بە جۆرێک پەیوەندیی سێکسی بە ناوی (گادار) لە ناو زەردەشتییەکان کردووە کە تێیدا پەیوەندیی سێکسی تێیدا سنووردار و کاتی بووە. هەروەها لە ناو عەرەبەکانی سەردەمی بەر لە ئیسلامیش مەتعە بوونی بووە و وەک یەکێک لە ئەحکامە واژۆییەکان لێیان ڕوانیوە کە گوازراوەتەوە بۆ پاش ئیسلامیش. جیا لەم حاڵەتانە لە وڵاتانێکی وەکوو ژاپۆن نموونەی هاوشێوەی هاوسەرگیریی کاتی لە ژێر ناوی هاوسەرگیریی تاقیکاری بوونی

هەیە و کەسانێکی وەکوو بێرتراند ڕاسێل پێشنیاری هاوسەرگیرییەکیان بە ناو هاوسەرگیریی دۆستایەتی داوە کە لە ناوەڕۆکەوە وەکوو مەتعەیە.

لە ڕوانگەی ئایینییەوە زانایانی ئایینیی ئەهلی سوننە و ئەهلی شیعە سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە. بە کورتی ئەهلی سوننە مەتعەیان پێ هاوسەرگیرییەکی حەرامە. لە ڕوانگەی ئایینزاکانی ئەهلی سوننەوە حەرامبوونی نیکاحی کاتی بە پێی فەرموودەی پێغەمبەرە. ئایینزاکانی ئەهلی سوننەت لە سەر حەرامکردنی هاوسەرگیریی کاتی کۆدەنگن؛ بەڵام وەکوو مەتعە بە زینای نازانن و ئەنجامدەری نیکاح لە بری حەد، تەمبێی دەکەن. هۆکاری ئەم کارە گومانێکە کە ئیبنی عەباس لە بارەی حەرامکردنی هاوسەرگیریی کاتی خستییە ڕوو. ئەوەتان لێ ناشارینەوە کە ئیبنی عەباسیش دواتر لە بۆچوونی پاشگەز دەبێتەوە و حوکم لە سەر حەرامبوونی نیکاحی کاتی دا. بەڵام ئەهلی شیعە بە پشتەبستن بە ئایەتی 24ی سوورەتی نیسا و گێڕانەوەی ئیمامان و هۆکارە عەقڵی و گێڕانەوەییەکان، مەتعە بە حەڵاڵ دەزانن و پێیان وایە بە حوکمی سەرەتایی خۆیان هاوسەرگیریی کاتی حەڵاڵ و ڕەوایە و لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێگەپێدراوە.

لە ڕوانگەی یاساییشەوە هاوسەرگیریی کاتی یان سیغە تاوتوێ و ڕوون کراوە کە ناوەندی هاوسەرگیریی کاتی وەک ناوەندێکی یاسایی تەنیا لە یاسای ئێراندا بوونی هەیە و لە یاسای هیچ وڵاتێکی دیکەدا هاوشێوەی ئەوە بوونی نییە. بە پێی مادەکانی 1075و 1076ی یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوسەرگیریی کاتی شەرعێتیی یاسایی هەیە.

لە هاوسەرگیریی کاتیدا ژن مافی میراتی نییە و بە گوێرەی مادەی 21ی یاسای پشتیوانیی لە بنەماڵە پەسەندکراوی 1391ی هەتاوی، لە ئەگەری دووگیانی و یان مەرجی لاوەکیی مارەکردن، دەتوانێ نیکاحی خۆی تۆمار بکات. هەروەها تەمەنی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی بە

گوێرەی مادەی 1041ـــی یاسای مەدەنی وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی بۆ کچان تەمەنی 13 ساڵان و بۆ کوڕ تەمەنی 15 ساڵانە. هەڵبەت لە سەر ئیزنی دادگا و سەرپەرشت هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمتریش گونجاوە. هەروەها لە بەشی دووهەمدا ئاماژەمان بە بۆشاییە یاساییەکان و دەرهاویشتەکانی کرد کە درێژەی ئەم ڕەوتە لە ڕووی یاساییەوە نە تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە بارودۆخی تایبەتیان نییە ڕێکارێکی گونجاو نییە بەڵکوو پەرە بە هەڵاواردنی ڕەگەزێتی لە یاسا دەدات.

لە بەشی کۆمەڵایەتی، هەندێ تیۆریی کۆمەڵناسانە خرایە ڕوو کە پەرەسەندنی هاوسەرگیریی کاتییان ڕوون دەکردەوە و هەروەها پێویستیی کۆمەڵایەتیی هاوسەرگیریی کاتی لە ڕوانگەی لایەنگران و ناکارامەبوونی لە ڕوانگەی دژبەران بە تێر و تەسەلی شی کراوە. کەسانێکی وەکوو مورتەزا موتەهەری بۆ ڕێگری لە ڕەبەنایەتیی گەنجان یان پێشگری لە کۆمۆنیستی سێکسی، پێشنیاری مەتعە دەدا و هەروەها کەسانێکی وەکوو ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، مستەفا پوورمحەمەدی، قەرائەتی و دیکەی سەرچاوەکانی لاسایی‌کردنەوە ی ئێران لە میدیا و تریبۆنە فەرمی و نافەرمییەکانەوە وەک ڕێگەچارەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی پاکداوێنیی کۆمەڵگا بانگەشە و پێداگرییان لە سەر پێویستیی هاوسەرگیریی کاتی کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە ئایەتوڵا سانعی وەک فەقێیەک مەتعە تەنیا بۆ بارودۆخی شەڕ لە سەرەتاکانی ئیسلام بە پێویست دەزانێ و لە ژیانی ئەوڕۆییدا وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی دارمانی بنەماڵە پێناسەی دەکات. هەروەها چالاکڤانانی مافەکانی ژنان هاوسەرگیریی کاتی بە فاکتەری بەرهەمهێنانەوەی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان، هەڵاواردنی ڕەگەزێتی لە دژی ژنان، سستبوونی بنیاتی بنەماڵە و پەرەسەندنی فرەهاوسەری و نەخۆشیی نزیکی و تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی دەزانن و لە دژی دەوەستنەوە.

نووســەر بە ئاوڕدانەوە لە تیۆرییە نوێســازی و مۆدێرنیتەکان، هەڵبژاردنی عەقڵانیی هێکتۆر، ئاڵوگۆڕ و هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتیی هۆمێنز، ناوناتۆرەی شـانۆیی گافمەن، زنجیرە خواستەکانی مازلۆ، تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیی ساترلەند و شێوازی ژیانی پییێر بۆردیۆ، عەشقی مەلەوەری باومەن و گیدنێز و تیۆرییەکانی باڵادەســتیی دارێندرۆف و فیمینیزم، دیاردەی هاوســەرگیریی کاتی تاوتوێ و لە چوارچێوەی ئەم تیۆرریيانەدا ڕوونی کردۆتەوە.

لە بەشــی ســێیەم چاوێکمان بە ئەنجامە مەیدانییەکانی لێکۆڵینەوەدا خشاند و بە پێی ئەو پێشینە لێکۆڵینەوەییە کە بوومان، دیاردەی هاوسەرگیریی کاتیمان لە سـەر ئاستی هەر سێ کەڵێنشـاری تاران، ئیسـفەهان و مەشـهەد تاوتوێ کرد. لەم ئاراســتەدا کادرێک لە توێژەرانی ڕاهێنراو لە ژێر چاودێری کارناســانی یاســایی و کۆمەڵایەتی، ئایینی و دەروونناســان و مامۆســتایانی زانکۆ بە شــێوەی قووڵ دیمانەیان لەگەڵ 216 کەس کرد کە ئەزموونی هاوســەرگیریی کاتییان هەبوو. ئینجا ئەم دیمانانە بە شــێوەی گشــتگیر بە ئاراستەی چۆنایەتی و بە کەڵکوەرگرتن لە گڕاندد تیۆری شی کراوە و فاکتەرە هۆکـاری، زەمینـەیی، کـارلێکـە ســـتراتیژییـەکـان، دیـاردەی تـەوەری و دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی بە وردی ناسران و تاوتوێ کران.

لە شـیکاریی وردبینانەی دیمانەکان دەرکەوت کە هۆکارە سـەرەکییەکانی هاوســەرگیریی کاتی بریتییە لە خواســتی ئابووری، خواســتی ســۆزداری، هەستکردن بە تەنیایی بەتایبەت لە ناو ژنان و خواستی سێکسی بەتایبەت لە پیاوان. بە گوێرەی ڕوانگەی هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی هۆمێنز و هەڵبژاردنی عەقڵانیی هێکتۆر، هەرچی تێچووی هەڵســوکەوتێک کەمتر و پاداشتەکەی زیاتر بێ (واتە خواستە بنەڕەتییەکانی باشتر دابین بکا)، ئەگەری ئەنجامدان و دووپاتکردنەوەی ئەو هەڵسوکەوتە زیاتر دەبێت. هەروەها بە پێی زنجیرە خواستەکانی مازلۆ، مرۆڤەکان کۆمەڵە خواستێکیان هەیە کە خواستە

بایۆلۆژی و سێکسییەکان لە خوارەوەی ئەم قووچەکەدان و هەتا ئەو کاتەی ئەم خواستلنە نەیەنە دی مرۆڤەکان بە ئاستی خۆگەشەیی ناگەن. کەولتە هەمیشە مرۆڤ هەڵوەدای خواستە زنجیرەییەکانیەتی کە لە هاوسەرگیریی کاتی ئەم خواستانە بە جۆرێک لە جۆرەکان دابین دەبێت.

لە بەشی هۆکارە زەمینەییەکاندا فاکتەرە ئایینی و پێکهاتە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ کران. ئەو کەسانەی کە دیمانەمان لەگەڵ کردن شەرعێتیی ئایینییان بە یەکێک لە هۆکارەکانی دابینکردنی خواستەکانیان (مادی، دەروونی و سۆزداری و سێکسی) لە ڕێگەی سیغەوە دەزانی. ئەو فەرموودە و گێڕانەوانەی ئیمامان و خێر و پاداشتی سیغە کە گێڕدرایەوە و فەقێ ئیمامییەکان لە کۆمەڵگادا پەرەیان پێدا، دەورێکی گرینگی لە شەرعێتیی ئەم دیاردەدا هەبووە. هەر بۆیە کەسەکان پاش سیغە ئازاری ویژدان و ترس لە سزای ڕۆژی قەیامەتیان نییە. ئەم پرسە لە کەسانی ئایینپەروەردا زیاتر بەدی دەکرا. لە لایەکی دیکەشەوە پێکهاتەی یاسایی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێی فیقهی شیعەی ئیمامییە ئامادە کراوە کەواتە کەسەکان هاوسەرگیریی کاتی بە یاسایی دەزانن و پێی ڕازین؛ بەڵام ئەوەی لەم بەشەدا بە باشی ئاشکرایە ئەوەی کە وڵامدەران لە مەرجە یاساییەکانی هاوسەرگیریی کاتی بێئاگا بوون.

لە بەشی دارشتەی کۆمەڵایەتی، ئەو فاکتەرە خێزانی و عورفی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییانە کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا هەیە تاوتوێ کرا. لە بەشی تاوتوێی فاکتەرە خێزانییەکان، بە پێی تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون و فێربوونی کۆمەڵایەتی لە شیکاریی دیمانەکان ئەمە وەدەست هات کە لەو بنەماڵانەی کە وەک بابەتێکی پیرۆزی قبووڵکراو لە هاوسەرگیریی کاتی دەڕوانن و هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵە ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتییان هەبوو، لەم چەشنە خێزانانەدا هاوسەرگیریی کاتی زیاتر و ئاسانتر قبووڵ

دەکرێ و دیکەی ئەندامەکانی وەک بابەتێکی یاسایی و شەرعی بە ئاسانی قبووڵی دەکەن. بەڵام لە ناو ئەو بنەماڵانەی کە پێشینەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە بوونی نەبوو و بە هۆی خراپ‌تێگەیشتن لە هاوسەرگیریی کاتی و کەڵکاوەژۆیی هەندێ کەس ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بە قێزەون لە قەڵەم دەدرێ، لە ناو ئەو بنەماڵانەی کە پێشینەی هاوسەرگیریی کاتییان نەبوو کەمتر سیغە ڕوو دەدا و لە ئەگەری دەستپێشخەری بۆ هاوسەرگیریی کاتی لە بنەماڵە و خزم و کەس دەشاردرێتەوە.

لە بەشی ڕوانگەی عورفی بۆ هاوسەرگیریی کاتی دەرکەوت کە عورف ئەم دیاردە بە هۆی ئەوەی پەیوەست بە خواستی سێکسییە، بە ناپەسەندی دەزانێ و قبووڵی ناکا و بە هۆکاری گەندەڵی و هەمەچەشن‌خوازی دەیناسێت. بە گوێرەی تیۆرییەکانی عەشقی مەلەوەری باومەن و گیدنێز، لە جیهانی مۆدێرندا پەیوەندییەکان کورت‌خایەنن و لەگەڵ چێژە تاکایەتی و تێژتێپەڕەکاندا پەیوەندیدارن. سەیر ئەوەیە کە ئەم تایبەتمەندییانەی پەیوەندیی مۆدێرنی کورت‌خایەن لە هاوسەرگیریی کاتیدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت. عورف و ڕوانگە گشتییەکان ئەم چەشنە ڕوانگەیان بە دڵ نییە و لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا بیری عەشقە کۆنەکان دەکەن. جیا لەوە، هاوسەرگیریی کاتی نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنە ڕەگەزییەکانیش بەرهەم دێنێتەوە. بە هۆی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە بازاڕی کاری ئێران، ژنان هەلی کاری کەمتریان بۆ دەڕەخسێ و هەندێ‌جار بۆ دابین‌کردنی خواستە مادییەکانی خۆیان مل بە هاوسەرگیریی کاتی دەدەن. ئەم بارودۆخە بازاڕێکی لە ئێراندا بۆ دەلاڵان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هەندێ لە عەرەبەکان و پیاوانی دیکەی وڵاتانی دراوسێ دروست کردووە کە جۆرێک ئابووریی چێژ و توورێزمی سێکسی بەهێز دەکەن. ئەم کارلێکانە لە چاوی خەڵک شاراوە نییە و عورف هەمیشە بە ڕوانگەی نەرێنییەوە لە مەتعە

دەڕوانێت. لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لە نایەکسانییەکان لە دژی ژنان لە هاوسەرگیریی کاتیدا لە لایەن ژنان خۆیانەوە بیچم دەگرێت. ئامانج لە هاوسەرگیریی کاتی چێژبردنی سێکسی لە چوارچێوەی یاسایەکی دیاریکراو و ڕوون بە بێ پشتگوێخستنی ڕێسا شەرعییەکانە بەڵام کاتێک کە ڕێسا و مەرجەکانی بە شیاوی ڕەچاو نەکرێ ئاریشە و کێشەگەلی وەکوو نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لەم چەشنە پەیوەندییانەدا تۆختر دەبێت. ئەو نایەکسانییانەی کە ژنان خۆیان لە دژی خۆیان دروستی دەکەن و بە پیشاندانی جەستەیان پیاوان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن و هەڵواردنە ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەکان لە دژی خۆیان تۆختر دەکەن و لەم پرۆسەدا کەڵکاوەژۆیی دارایی و ئابووریی زۆر ڕوو دەدا کە لەگەڵ ئامانجی هاوسەرگیریی کاتی ناکۆکە.

لە لێکدانەوەی کارلێکی ستراتیژانە و پەیوەندی لە هاوسەرگیریی کاتیدا، تیژتێپەڕبوونی ئەم چەشنە پەیوەندییانە ڕوون بۆوە و لە شیکاریی دیمانەکان ئەم ئەنجامە دەست کەوت کە پەیوەندیی هاوسەرگیریی کاتی، سنووردار و کورتخایەن و کۆتاییەکی دیاریکراوی هەیە کە ئاسەواری نەخوازراوی بۆ لایەنەکان و بەتایبەت بۆ ژنان هەیە. هەروەها پەیوەندییە سۆزداری، ئابووری و سێکسییەکانیش لەم چەشنە هاوسەرگیرییانەدا لێک دراوە و لەم چەشنە لێکدانەوانەدا جۆرێک نایەکسانی لە پەیوەندییەکان بە قازانجی پیاوان هەڵنجێنرا.

لە بەشی دیاردەی تەوەری، دوو فاکتەر تاوتوێ کران کە هەڵگری تێگەیشتنی زەینیی هاوبەشی هەموو توێژەران و شیکاریی دیمانەکان لە لایەن مامۆستاکان بوو. ئەم دوو فاکتەرە کە لە سەرتاسەری پێکهاتەی لێکۆڵینەوە دەبینرێ، دوو دیاردەی خۆشڕابووێری و هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بوو. بنەمای هاوسەرگیریی کاتی لە سەر چێژبردن و خۆشڕابووێرییە و وشەی مەتعە (مۆتعە)ش واتای خۆشڕابووێرییە. بەڵام بە پێی بەڵگە و دیمانەکان

ئەم چێژبردنە زیاتر بۆ پیاوان دەبێت. لەم توێژینەوەدا حاڵەتگەلێکمان بەدی کرد کە ژنان لە هاوسەرگیریی کاتیدا جیا لەو چێژە سێکسییەی کە بە پیاوانی دەدەن، دەبێ هەندێ لە خواستە مادییەکانیشیان بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی چێژە سێکسییەکە دوولایەنە بێت. ئەم چەشنە چێژخوازییە جۆرە ژیانێکی مەترسیدارە کە هۆکارەکەی تاکایەتی و سەربەخۆیی‌خوازیی ژیانی مۆدێرنە. تەمەنی هاوسەرگیریی کاتی وەکوو هاوسەرگیری هەمیشەیی لە یاسادا 13 ساڵ بۆ کچان و 15 ساڵ بۆ کوڕانە کە لە ئەگەری ئیزنی سەرپەرشتیار ژێر ئەمە تەمەنەش سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی ڕوو دەدات. بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی ئێران ئەم تەمەنە بۆ دەستپێکی ژیان یان دابین‌کردنی چێژی خواستە سێکسییەکان بە هیچ چەشنێک گونجاو نییە. هەروەها ئاڵۆزێتی لە یاسا و تۆمارنەکرانی سیغەی مەحرەمێتی ڕێخۆشکەری کێشەگەلێکی وەکوو پێدۆفیلیا بۆ ئەو کەسانەیە بۆ ئەوەی کەڵکاوەژۆیی لە ئاسانبوونی هاوسەرگیریی کاتی بکەن.

لە بەشی دەرهاویشتەکاندا بە پێی دیمانە و شیکارییە ئەنجامدراوەکان، ڕێژەیەکی زۆری دەرهاویشتە و لێکەوتەی نەخوازراو ناسێنران. سەیر لەوەدایە کە تەنیا لە یەکێک لە دیمانەکاندا هاوسەرگیریی کاتی کاردای دڵخوازی هەبوو. گرینگترین لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی کاتی کە لە شیکاریی دیمانە و بینینی قووڵی مەیدانی لێکۆڵینەوە وەدەست هات بریتین لە: ئابووریی چێژ، گەندەڵی و لەشفرۆشی لە کۆمەڵگا، ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و پەرەسەندنی گومانخوازی، سستبوونی بنیاتی بنەماڵە و هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵ‌هاوسەری، منداڵ‌بێوەیی، وازهێنان لە خوێندنی منداڵان، پێشێلبوونی مافەکان و هەڵاواردن لە دژی ژنان لە ڕەهەندە ئابووری و یاسایی و سۆزدارییەکان. ئابووریی چێژ لەو برە پارە زۆرەدا ڕەگی داکوتاوە کە لە تووریزمی سێکسی لە ڕێگەی مەتعەی ژنان بۆ

دەلالان و عەرەبەکان و هەندێ لە دەوڵەمەندە فرەچەشن‌خوازەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. هەروەها بە هۆی نەبوونی چاودێری و پابەندنەبوونی ژنان، عەدە ڕاناگیرێ و ئەم چەشنە پەیوەندییانە لە ڕاستیدا جۆرێک لەشفرۆشی لە پێناو دەستخستنی داهاتە کە تەشەنەسەندنی سۆزانێتی لە کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە. هەروەها شیکاریی دیمانەکان پیشان دەدا کە بە هۆی دووبارەبوونەوەی پەیوەندییە کورت‌ماوەکان و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسانی بێڕەوشت جۆرێک گومانخوازی و ناهۆگری بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی بەدی دێت. بنەماڵە مۆدێرنە ناوەکییەکان کە لە سەر بنەمای عەشق بیچم دەگرن، چیتر تامۆڵی ناپاکیی هاوسەرەکان ناکەن و ئەم چەشنە هاوسەرگیریانە دارمانی بنەماڵەی لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە هاوسەرگیریی کاتی لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتیدا هاوسەرگیریی منداڵان ئاسان دەکاتەوە. لەم تەمەنانەدا کەسەکان لە ژێر چاودێریی بنەماڵەکانیان لێک سیغە دەکرێن؛ بەڵام لەوانەیە پاش ماوەیەک سێکس بکەن و دووگیان‌بوونی نەخوازراو ڕوو بدات. هەروەها داتاکان پیشان دەدا لە ئەگەری پابەندیی بنەماڵەکان بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختە، لێکەوتەی وازهێنان لە خوێندنیش ئاوقانی منداڵان دەبێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر مێرد بەرپرسایەتیی منداڵ لە گەردن نەگرێ گیروگرفتێکی زۆری مادی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی بە سەر ژنە و بنەماڵەکەی دەسەپێنرێت کە یەکێک لە ئەنجامەکانی منداڵبێوەییە.

هەڵاواردن لە دژی ژنان لەو لێکەوتانە بوو کە لە هاوسەرگیریی کاتی ناسرا. لە ڕەهەندی جۆراوجۆری یاسایی وەکوو میرات و نەفەقە و تۆمارکردنی نیکاح و پرسە ئابوورییەکان بۆ ژنان، ئاستەنگی یەکجار زۆر بەدی دەکرێت. بەڵام بەدەر لەمانە بەو پێیەی کە ژنان نایانهەوێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تەریک بکرێن و ناو و ناوتۆرەی سیغەییان لێ بنرێ، لە سکاڵاکردن و

سـەندنەوەی مافە پێشـێلکراوەکانیان لە هاوسـەرگیریی کاتیدا خۆ دەپارێزن. هەروەها ئەو سـزایانەی کە بۆ توندوتیژی لە دژی ژنان لە هاوسـەرگیریی کاتی ڕەچاو کراوە ئاڵۆز و ناڕوونە و یاســادلنەر لە زۆرێک لە بابەتەکاندا بێدەنگی نولندووە. بە گوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و فاکتەرە ناســراوەکـان، مۆدێلێـک خرایـە ڕوو کـە تێیـدا هـاوســـەرگیریی کـاتی وەک بگۆڕێکی گرێدراو و هۆکارە کاریگەرەکانی ســـەر ئەم هاوســـەرگیرییە وەک هۆکـارە ســـەربـەخۆکـان ڕەچـاو کراون. لێکـەوتـە و دەرهـاویشـــتـەکـانی هاوسەرگیریی کاتی لە مۆدێلدا بەم شێوە گونجێنراون:



بە گوێرەی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بە ئاوڕدانەوە لە دەرهاویشتە خەسارەتبەخشەکانی نیکاحی کاتی و پێناسەی ناکارامە و کۆنی یاسایی و ئایینیی ئەم نیکاحە لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێران و هەروەها نەبوونی هەر چەشنە پێشینە و بەرنامەی پەروەردەیی لەم بوارەدا، کاردای ئەم هاوسەرگیرییە بۆ وڵاتی ئێران لەم قۆناغەی ئێستادا بە ئەرێنی بەراورد ناکرێت.

کاردای زۆرێک لە پیاوان لە بەکارهێنانی مەتعە وەک ئامرازی چێژبردن و هەوەسبازیی لە ڕادەبەدەر، ژنان و کچانی کردووە بە ئامرازێک بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانی پیاوان. نەبوونی پاڵپشتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژنانی خۆسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت مەتعەی کردووە بە ڕێکارێک بۆ دەستخستنی داهات و بێگومان پەرەپێدەری گەندەڵی و لەشفرۆشی. بنیاتی بنەماڵەکان بە هۆی بوونی فاکتەرێک بۆ دابینکردنی خواستەکان لە دەرەوەی بنەماڵە و جیا لە هاوسەری یاسایی و هەمیشەیی سست دەبێ و ڕێژەی تەڵاقی سۆزداری و تەڵاقی یاسایی لە کۆمەڵگا زیاد دەکات. بە پێی قێزەونبوونی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە، ئەو پیاوانەی کە ئەمە ئەنجام دەدەن تووشی جۆرێک گومانخوازی و ڕەشبینی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی دەبن و ئەم گومانخوازی و ڕەشبینییە پەل بۆ ناو کۆمەڵگاش دەهاوێژێت. لە سۆنگەی یاساییەوە ژنانی مەتعە بۆ تێرکردنی خواستی سێکسیی پیاوان، کاردای هاوسەری هەمیشەییان هەیە؛ بەڵام نەفەقە و میرات نایانگرێتەوە. پەرەسەندنی هاوسەرگیریی کاتی لە ساڵانی ڕابردوودا، ئاسانبوونی دەستڕاگەیشتن بەم چەشنە هاوسەرگیرییە و تۆمارنەکرانی نیکاحی کاتی لە نووسینگە فەرمی و یاساییەکان ڕێژەیەکی زۆری کێشەی یاسایی بۆ ژنان و پیاوان ساز کردووە کە ئەم بابەتە بە دووگیانبوونی نەخوازراو ئاڵۆزتر دەبێت.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، هاوسەرگیریی کاتی نە تەنیا دڵخواز

نییە بەڵکوو کاردای نەرێنیشی هەیە. هەر بۆیە بە هۆی پێویستیی ڕێکخستنی ئەم چەشـــنە هاوســـەرگیرییە و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی، لەم بەشـــەدا ڕێکارگەلێک دەخرێتە ڕوو کە لە ناو دڵی ئەم لێکۆڵینەوە و ڕاوێژ و دیمانە لەگەڵ مامۆستایان و دەروونناسـانی بنەماڵە و کارناسـانی یاسـایی و ئایینی و چالاکڤانانی مافە مرۆییەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵێنجراوە. بە پێی چالاکیی فیقهی ئیمامییە، چاوەڕێی ئەوە دەکرێ ڕێبەران و سەرۆکی هەر ســێ دەزگای داد، یاســادانەر و جێبەجێکار بە مەبەســتی ڕێکخســتنی هاوســەرگیریی کاتی و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی، کۆمەڵە یاســایەکی گونجاو پەســەند و جێبەجێ بکەن. لەم بوارەدا کەڵکوەرگرتن لە ڕێکار و دەســتکەوتەکانی ئەم چەشــنە توێژینەوانە دەبێتە هۆی گەشــەی بەردەوامی ڕەهەندە جۆراوجۆرە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات. چوونکە ئەم توێژینەوانە بە دەرخستنی دیوە شاراوە و ئاشکراکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، ناسیاری و ڕێکاری کاریگەر بۆ بڕیاردەران دەخەنە ڕوو.

## ڕێکار و پێشنیارەکان

لە ڕوانگەی عورفییەوە وشـــەی ســـیغە بەو بێوەژنانە دەوترێ کە بوونەتەوە مەتعەی پیاوێک و وەک وتمان بە پێی لێکەوتەکانی، ئەم ژنانە لە ڕووی عورفییەوە پێگەیەکی شـــیاویان نییە. بەڵام نابێ ئەوەش پشـــتگوێ بخەین کە سیغەی مەحرەمێتی لەگەڵ مەتعە یەکن و کارناسانی ئایینی و یاسایی لە سەر ئەم بابەتە کۆدەنگن کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ســـیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتیدا بوونی نییە.

هەندێ لە کۆمەڵناســان پێیان وایە ســەرەڕای ئەوەی ســندووقی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەســـانی خوار تەمەنی 18 ســـاڵان بە منداڵ لە قەڵەم دەدا و هاوسەرگیریی ئەوان بە نایاسایی و تاوان دێنێتە هەژمار؛ بەڵام لەم پێناســـەی منداڵ و هاوســـەرگیرییەدا جیاوازییە کەلتوورییەکان و

بەتایبەت ئایینییەکان ڕەچاو نەکراوە. لە ناو حەشیمەتی میلیاردیی موسڵمانان، تەمەنی پازدە ساڵان تەمەنی کۆتایی پێگەیشتن و تێپەڕینی کەسەکە لە تافی منداڵییە. بە ئاوڕدانەوە لە نۆرمە سێکسییەکان و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی کە لە سەر بنەمای قەدەغەکردنی هەر چەشنە پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرگیرییە، دیاریکردنی تەمەنی 18 ساڵان وەک لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری، پێشنیارێکی واقیع‌بینانە بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیی موسڵمان نییە.

تەمەنی مەتعە یان سیغە هەم لە سۆنگەی ئایینی و هەم یاسایی وەکوو تەمەنی هاوسەرگیری 13 ساڵ بۆ کچان و بۆ کوڕان 15 ساڵانە و لە تەمەنی کەمتر لە سەر ئیزنی دادگا و ئیزنی سەرپەرشت گونجاو دەبێت. سیغەی مەحرەمێتی زیاتر لە ناو ئەو مێرمنداڵانەدا ڕوو دەدا کە لە ژێر تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریدان و بنەماڵەکانیان بەرنامەیان بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەییان داڕشتووە. ئەم کارە زیاتر لە ناو بنەماڵە ئایین‌پەروەر و نەریتخوازەکاندا باوە. ئەو بنەماڵە ئایین‌پەروەرانەی کە دەیانهەوێ منداڵەکانیان لە دەرەوەی هاوسەرگیری سێکس نەکەن و ڕەفتاری سێکسیی منداڵەکانیان کۆنترۆڵ بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی و هاتوچۆی بنەماڵەکان ئاسانتر بێتەوە. سیغەی مەحرەمێتی زیاتر ناوهاوسەرییە؛ ولتە دەبێ لە ناو گرووپێکی دیاریکراو کە وەکوو خۆیان ئایین‌پەروەرن ئەنجام بدرێت. زۆر جار بنەماڵە نەریتخواز و بەربڵاوەکان کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ڕێژمیان کەمی کردووە، بە پێی نۆرمە نەریتییە پیاوسالارییەکان و داب‌ونەریتی باب و باپیرانیان منداڵەکانیان لە تەمەنی کەمدا لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی ناوهاوسەری لێک سیغە دەکەن. ئەم ڕووداوە بە هۆی باوەڕە نەریتی و کۆنەکانی بنەماڵەکانە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو بنەماڵانەی کە تووشیاری هەژاریی ئابووری و هەژاریی کەلتوورین و ئەو بنەماڵانەی کە بەدەسەرپەرشتن سیغەی مەحرەمێتی بۆ

منداڵەکانیان ئەنجام دەدەن؛ چوونکە بەم کارە دەتوانن هەرچی زووتر منداڵەکانیان بکەنە هاوسەری هەمیشەیی یەکتر بۆ ئەوەی تێچووی ئابووریی بنەماڵە کەم بکەنەوە.

لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و لە درێژەی دیمانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە تافی منداڵیدا ئەزموونی سیغەی مەحرەمێتییان بووە دەرکەوت ئەنجامی ئەم سیغانە بە گشتی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و دووگیانبوونی ژنان لە تەمەنی کەمی لێ دەکەوێتەوە. هەندێ لەم هاوسەرانە بە هۆی ئاشنانەبوون بە ژیانی هاوسەرێتی تووشی قەیران و خەسارەتی زۆر دەبنەوە. زیاتر بنەماڵە ئایینپەروەر و نەریتییەکان بە ئامانجی ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسیی منداڵەکانیان و کەمکردنەوەی زەختی کۆمەڵایەتی سیغەی مەحرەمێتیی مێرمنداڵان و منداڵان ئەنجام دەدەن و زۆر جار مەرجی سێکسنەکردن ڕچاو دەکەن. بەڵام بەو پێیەی کە ئەم منداڵ و مێرمنداڵانە زۆریان لە هەرەتی پێگەیشتندان، سێکس دەکەن کە هەندێجار دووگیانی و لە ئەنجامدا هاوسەرگیریی پێشوەختەی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە سیغەی مەحرەمێتی یەکێک لە فاکتەرە سەرەکی و ئاسانکەرەوەکانی پرۆسەی هاوسەرگیریی منداڵان و هەڵکشانی ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە سەر ئاستی وڵاتە.

هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەک دەوترێ کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵان کرابێت.[1] بە پێی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ[2]، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە نێوان ڕێکەوتی لەدایکبوونەوە هەتا 18 ساڵانە. بەڵام لە هەندێ لە وڵاتاندا ئەم تەمەنە بە پێی یاساکان و هەلومەرجی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە گۆڕانی بە سەردا دێت. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان[3]، تەمەنی

1. https://www.unicef- irc.org/publications/291
2. Convention of Rights of the Child
3. WHO

منداڵی هەتا تەمەنی 15 ساڵان پێناسە کردووە. کەواتە ئەگەر منداڵ ژێر ئەم تەمەنە بێ هاوسەرگیرییەکەی وەک هاوسەرگیریی پێشوەختە لە قەڵەم دەدرێت. ئەم هاوسەرگیرییانە لە لایەن باوک یان باپیری باوکەوە بیچم دەگرێ و تێیدا لانیکەمی تەمەنی یاسایی گرینگی پێ نادرێت. دیاردەی منداڵهاوسەری بابەتێکی جیهانییە؛ بەڵام ئامار و ڕێژەکانی هەم لە ناو سنوورەکانی وڵاتێکدا و هەم لە ناو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان جیاوازە. سەرەڕای ئەمە بە پێی ئامارەکان زیاترین ڕێژەی منداڵهاوسەری لە ناوچە گوندییەکانی ئەفریقای باشووری و باشووری ئاسیا ڕوو دەدات.[1] بە پشتیوانی و سەرنجی جیهانیی بۆ سەر ئەم دیاردە، ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی بە گشتی ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە؛ ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرچاوی منداڵان هێشتا لە تەمەنی کەمتر لە تەمەنی یاسایی کۆمەڵگای خۆیان هاوسەرگیری دەکەن. نموونەی دیار و زەقی ئەم دیاردە کۆمەڵگای ئێرانە، لە ڕوانگەی ڕەگەزی و مافە مرۆییەکانەوە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان، لێکەوتەی ئاشکرای سەرکوتی سێکسی و ئەو ئاکارە ڕووخێنەرانەیە کە دەبێتە هۆی نایەکسانیی ڕەگەزێتی و سەرکوتی زیاتر. لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە، پرسی ئاڵۆزی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بە هۆی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەتی گەنجان ڕووی لە بەرزبوونەوەیە و هۆکاری ئەم ڕووداوە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری، نەبوونی زانست و خوێندەواری، لاسایی‌کردنەوەی کەلتووری پیاوسالارانە و ئەو باوەڕانەیە کە بە هەڵە پێی وایە ناچارکردنی کچان بە هاوسەرگیریی زۆرەملێ بۆ پشتیوانی و پاراستنیانە. بەداخەوە سەرەڕای لێکەوتەی جەستەیی و هەڵاواردنی بەردەوام دژ بە مافەکانی کچان، هەنگاوی کەم بۆ ڕێگری لە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان هاوێژراوە. بە پشتەبستن بە پێکهاتەی ئایینیی زاڵ بە سەر ئێران،

1. https://www.unicef.org/media/media_68116.html.

پێگەیشتن و دەستپێکی یەکەم سووڕی مانگانە وەک سەرەتای گواستنەوە لە تافی منداڵییەوە بۆ گەورەساڵی ڕەچاو دەکرێت. گەیشتن بەم سەرەتای گواستنەوە فیزیایی و بایۆلۆژییە بە واتای لێهاتوویی کەسەکە بۆ هاوسەرگیرییە بە بێ ئەوەی تەمەنی ڕاستەقینەی ئەو منداڵە ڕەچاو بکرێت. هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ هەر دوو ڕەگەزی کچ و کوڕی منداڵ بە کار دەهێنرێ؛ بەڵام ڕاستیی تاڵی کۆمەڵگا ئەوە دەردەخا کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی دیاردەی منداڵهاوسەری بۆ سەر کچۆڵەکان جیدیتر و مەترسیدارترە. هەڵبەت بە هۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بایەخداری تایبەت بە منداڵهاوسەری لە ئێران، زانیاری لەم بارەوە کەمە. سەرەڕای ئەمە، ئاماری فەرمی و دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاپۆرتە لەوەی کە ساڵانە بە دەیان هەزار کچ و کوڕی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەم منداڵانە لە ڕاستیدا زۆر زیاتر لەم ئامارانەیە. چوونکە هەندێک لە بنەماڵەکان لە ئێران هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا تۆمار ناکەن و بە شێوەی نافەرمی لە ڕێگەی مارەبڕی گەڕەک و تۆمارنەکردنی هاوسەرگیری، منداڵەکانیان ناچار بە هاوسەرگیری دەکەن. شایەنی ئاماژەیە ئەگەرچی ڕێکخراوی سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF) لە ڕاپۆرتێکدا هاوسەرگیریی منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ و 18 ساڵ لە ئێرانی بە ڕیز 3 و 17 لە سەد بۆ ساڵانی 2008 تا 2014 بەراورد کردووە بەڵام وەک لە خشتەی ژمارە 2 و بە پێی داتاکانی ڕێکخراوی تۆامری تاکەکەسیی (سەبت و ئەحواڵ)ـی ئێراندا دیارە لە ساڵانی 1391ـی هەتاوی هەتا نیوەی یەکەمی ساڵی 1395ـی هەتاوی ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵان کەمی کردووە. هەڵبەت خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە ڕێژەی هاوسەرگیریی کچانی کەمتر لە 15 ساڵ لەگەڵ پیاوانی 30 ساڵە و لە خۆیان گەورەتر سەرەڕای

کەمبوونەوەی ئاماری هاوسەرگیری لەم ساڵانەی دواییدا ڕوی لە هەڵکشان کردووە کە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە بنەماڵە ئێرانییەکاندا ئەنجامی هەژاری و هۆگریی دایک و باوک بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیی سێکسیی کچەکانیانە (ئەحمەدی، 1396).

خشتەی ژمارە 1. ئاماری هاوسەرگیریی کچانی خوار تەمەنی 15 ساڵ (سەردانی ماڵپەڕی ڕێکخراوی تۆماری تاکەکەسی (سەبت و ئەحواڵ) بکە)

| ساڵ | ڕێژەی هاوسەرگیریی کچانی خوار تەمەن 15 ساڵ | ئاماری گشتیی هاوسەرگیری | پشکی هاوسەرگیریی کچانی کەمتر لە 15 ساڵ بە بەراورد لەگەڵ کۆی هاوسەرگیرییەکان | ڕێژەی دایکانی کەمتر لە 15 ساڵ | ڕێژەی کچانی کەمتر لە 15 ساڵ کە لەگەڵ پیاوانی تەمەن 30 ساڵ و زیاتر هاوسەرگیرییان کردووە | پشکی هاوسەرگیریی کچانی کەمتر لە 15 ساڵ کە لەگەڵ پیاوانی تەمەن 30 ساڵ و زیاتر هاوسەرگیرییان کردووە بە بەراورد لەگەڵ کۆی هاوسەرگیرییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1391 | 40653 | 829968 | 4.89% | 1646 | 977 | 0.11% |
| 1395 | 41439 | 774513 | 5.35% | 1727 | 981 | 0.12% |
| 1393 | 40404 | 724324 | 5.57% | 1713 | 1031 | 0.14% |
| 1394 | 37117 | 685352 | 5.41% | 1511 | 1042 | 0.15% |
| نۆ مانگی یەکەمی ساڵی 1395 | 29710 | 535670 | 5.54 | 1513 | 964 | 0.18% |

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی هاوسەرگیریی منداڵان لە تەمەنی کەمتر لە 18یان 15 ساڵ لە ئێران، نۆرمە

نەریتی و ئایینییەکانی سـیغەی مەحرەمێتییە کە تەمەنێکی دیاریکراوی بۆ نییە و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت. "ناوکبڕین" یەکێک لەو شێوازانەیە. کەواتە تەمەن و بنەمایەکی تایبەت بۆ سـیغەی مەحرەمێتی بوونی نییە و بە جەختکردنە سـەر شـەرعێتییە ئایینییەکەی، زیاتر بە شـێوەی ناوگرووپی و ناوهاوسـەری لە ناو بنەماڵە نەریتی ئایینییەکاندایە، ڕێکارەکان لە سـەر دوو ئاستی یاسایی و ئایینی و عورفی پێشنیار دەکرێت:

1. پەسـەندکردنی یاسـای دیاریکردنی وردی تەمەنی هاوسـەرگیری و سیغەی مەحرەمێتی و هەڵکشاندنی ئەم تەمەنە بۆ 18 ساڵ بۆ کچان و کوڕان و بە تاوانزانین و دانانی سـزا تایبەت بە سـیغەی مەحرەمێتی لە تەمەنی کەمتر لە 18ساڵی.

2. بەسـتێنسـازیی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە کۆمەڵگە گوندییەکان و لە دەوروبەری شـار و لە ناوچە هەژارنشـینەکان و بەکارهێنانی توانا خۆجێییەکان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان (NGO) و ڕێبەرانی ئایینی و خۆجێیی.

3. سـەرچاوە مەزنەکانی لاسـاییکردنەوە بە دەرکردنی فتوای پێویسـت بۆ ئەنجامدان و واجب دەتوانن پشـتیوانی لە زیادکردنی تەمەنی سـیغەی مەحرەمێتی بکەن و مامۆستایانی ئایینیی مزگەوتەکان لە ڕێگەی ئامۆژگاری و خوتبە لە بۆنە جۆراوجۆرە ئایینییەکاندا دەتوانن بانگەشـە و ڕێکلام بۆ هەڵکشاندنی تەمەنی سیغەی مەحرەمێتی بکەن.

4. تۆمارکردنی یاسـایی سـیغەی مەحرەمێتی لە نووسـینگە فەرمییەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق

5. بەناچاریکردنی خوێندن هەتا قۆناغی دیپلۆم بە شـێوەی بێبەرامبەر یان بە تێچووی کەم و بەتواناکردنی قوتابیان و دایک و باوکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە. 6. ئاگادارکردنەوەی گشـتیی لە ڕێگای میدیا

و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروست کردنی بەرنامەگەلی تایبەتی دەروونناسی، ئایینی و یاسایی سەبارەت بە لێکەوتە زیانبەخشەکانی سیغەی مەحرەمێتی ژێر تەمەنی یاسایی.

7. پەرەدان بە بازنەی چالاکیی چالاکڤانانی مافەکانی منداڵ و ئێن‌جی‌ئۆکان لە بەشی بەتواناکردنی منداڵان و بنەماڵەکان لە ناوچە جۆراوجۆرە شاری و گوندییەکان.

لە ڕوانگەی زۆرێک لە کارناسان، هاوسەرگیریی پێشوەختە (ئەنجامی سیغەی مەحرەمێتی) کاریگەری لە سەر ژیانی منداڵان داناوە و بە لێکەوتەی خەسارەتبەخشی تەندروستی ئاڵۆزتری کردووە و کاریگەری لە هەر ئاستێک لە پێشکەوتن، گەشە و پێشکەوتنی تاکایەتی دادەنێت. لە هەندێ لە وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتن، هاوسەرگیریی پێشوەختە وەک ئامرازێکی ئابووری سەیر دەکرێ کە دەتوانێ بارودۆخی ئابووریی بنەماڵە باشتر و پەیوەندییەکانی بنەماڵە پتەو بکات. کۆنترۆڵکردنی خواستە سێکسییەکان دەتوانێ پاکیزەیی کچان بەر لە هاوسەرگیری دەستەبەر بکا و نەهێڵێ کچان بگەنە تەمەنێک کە وەک هاوسەر گیرایی سێکسییان کەم ببێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کێشە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە دووگیانێتی لە سەرەکیترین هۆکارەکانی مەرگی کچانی نێوان تەمەنی 15 بۆ 19 ساڵانە. بە گشتی لێکەوتەکانی سیغەی مەحرەمێتی لە تەمەنی کەم و هاوسەرگیریی پێشوەختە بریتین لە هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵبێوەیی، وازهێنان لە خوێندن، خۆکوژی بەتایبەت لە ناو کچان، خەسارەتی جەستەیی، سێکسی و ڕۆحی، بەردەوامبوونی پرۆسەی هەژاری. بوونی پەیوەندیی مانادار لە نێوان پابەندبوون بە یاسا و ڕێگری لە تاوان و کەمکردنەوەی تاوان و بە هۆیەوە هەڵکشانی ئاستی دیسیپلین و ئاسایش و تەندروستیی دەروونی و کۆمەڵایەتی بابەتێکی ئاشکرا و ڕوونە. بۆ ئەم مەبەستە دەزگا یاسادانەرەکانی وەکوو مەجلیس (پاڕلەمان) و دەوڵەت

دەبێ بە پەسەندکردنی یاسای بەرزکردنەوەی تەمەنی سیغەی مەحرەمێتی بۆ 18 ساڵ و بە تاوانزانینی ئەم کارە ئەم ئاریشە کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی یاسایەکی فەرمیدا ڕێک و پێک بکەن.

کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی ئایینپەروەرە کە تەنانەت ئەگەر نوێژ و کارە ئایینییەکانی تێدا ئەنجام نەدرێ بە هۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاگریی ئایینی لە لایەن کۆمەڵگا، قوتابخانە و ڕاگەیاندن، وەک کۆمەڵگایەکی ئایینی و نەریتی سەیر دەکرێت. بە شێوەی گشتی، ئایین یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانە کە کاریگەری لە سەر ڕێکخستنی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت. هەر بۆیە یاسای ئێران بە پێی فیقهی شیعەی ئیمامییە ئامادە کراوە. کەواتە پشتیوانیی یاسایی لە بابەتێک بە بێ وەدەستهێنانی پشتیوانیی ئایینی گونجاو نییە. لە پلەی یەکەمدا فەقێیان شۆڕای نگابان (ئەنجومەنی پارێزەران) و سەرچاوەکانی گەورەی لاسایی‌کردنەوە بە پێی چالاکبوونی فیقهی شیعە و تواناکانی بۆ دەرکردن حوکمە نوێ شەرعییەکان کە لەگەڵ پێویستییە زەمەنی شوێنییەکاندا هاوئاهەنگە دەتوانن بە ناشەرعی و حەرامزانینی سیغەی مەحرەمێتیی ژێر تەمەن 18 ساڵ هەنگاوێکی گرینگ بۆ هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە بهاوێژن. هەروەها مزگەوتەکان وەکوو تۆڕی پێکەوە لکێنراو دەتوانن لە پەرەدان و بانگەشە بۆ سیغەی مەحرەمێتیی ژوور 18 ساڵ و ڕێگری لە سیغەی مەحرەمێتیی خوار ئەم تەمەنە کاریگەرترین کاردایان هەبێت. بەدەر لەم بابەتانەی کە ئاماژەیان پێکرا، ئاماژە بە خەسارەتەکانی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی پێشوەختە لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران لە پانتای مزگەوتەکان، دەورێکی ناوازەیان لە هەڵوەشانەوەی سیغەی مەحرەمێتی کە بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان کۆتایی پێ دێ، دەکرێت.

پێویستیی تۆمارکردنی سیغەی مەحرەمێتی لە لایەن ڕێکخراوی تۆماری

تاکەکەسی لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی بنەبڕکردنی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی پێشوەختەیە. ئەم ڕێکخراوە ئەرکی ئامادەکردنی زانیاریی تاکەکەسی وەکوو لەدایکبوون، مەرگ و هاوسەرگیری و هەروەها دەرکردنی بەڵگەی شوناسی وەکوو ناسنامە لە ئەستۆیەتی. بەو پێیەی کە سیغەی مەحرەمێتی ئاسانبوون و بەردەوامیی هاوسەرگیریی منداڵانی لێ دەکەوێتەوە، تۆمارکردنی ناچارییەکەی دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت. بەو پێیەی کە ڕێکخراوی تۆماری تاکەکەسی (سەبتی ئەحواڵ) لە ژێر چاودێریی وەزارەتی ناوخۆ و هێزی جێبەجێکارە، دەوری دەوڵەت و دانانی سیاسەتدانەرییە دەوڵەتییەکان دەتوانێ ڕێژەی ڕوودانی تاوان و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی سیغەی مەحرەمێتی لە تەمەنی کەمدا کەم بکاتەوە. هەروەها لە ڕێگەی کەلتوورسازیی پشتبەستوو بە تۆمارکردنی یاسایی سیغەی مەحرەمێتی و لێکەوتە باشەکانی و ڕێگری لە پێشێلبوونی مافەکانی هاوسەرەکان هەنگاوێکی کاریگەر بۆ لەناوبردنی سیغەی مەحرەمێتی لە تەمەنی کەمتر لە 18 ساڵان بنرێت.

دەوری خوێندن وەک ئامرازی بەرزکەرەوەی تەمەنی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی پێشوەختە حاشاهەڵنەگرە. بەم شێوە سیستەمی پەروەردەی ناچاری و بێبەرامبەر دەبێ لە سەرتاسەری ئاستی وڵاتدا دابمەزرێت. زیاترین کاریگەریی ئەم سیستەمە پەروەردەییە پەرەدان بەم بیرۆکەیە کە هاوسەرەکان هێشتا قوتابیانی خوێندنگەن. لە لایەکی دیکەشەوە بە فێرکردنی تواناکانی ژیان بە قوتابیان و دایک و باوکەکانیان لە ڕێگەی خولی پەروەردەی بنەماڵە کە ماوەی چەند ساڵە لە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێراندا بە شێوەی ناتەواو بەڕێوە دەچێ، دەتوانین زانیاریی لە بارەی سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی پێشوەختە بڵاو بکەینەوە و بە ئاگادارکردنەوەی دایک و باکەکان سەبارەت بە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە لە

ئەنجامدانی ئەم کارە پاشــگەزیان بکەینەوە. خولی ڕاهێنانی ســێکســی و ئاشــنابوون لەگەڵ جەســتە و پەرەدان بە هاوپەیوەندی و بەڕێوەبردنی خولی کارخولقێنی بۆ قوتابیان و پەرەدان بە ئایدیای یەکســانخوازانە و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لە ناو قوتابیان لەو کارانەیە کە هزر و دەروونیان دەگەشــێنێتەوە. فێرکردنی ئەم توانایانەی ژیان، قوتابیان لە ئاســت بابەتگەلی وەکوو ســیغەی مەحرەمێتی و هاوســەرگیریی پێشــوەختە پارێزراو دەکا و بە هۆگرکردنیان بە خوێندن و قوتابخانە، تەمەنی هاوســەرگیری بەرز دەکاتەوە. لەم خولانەدا دەبێ ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکتر و ڕوانگەی مرۆیی بە قوتابیان فێر بکرێت. ڕوانگەیەک کە زۆرێک لە پرسەکان لە ڕەهەندی سێکسیدا تەسک دەکاتەوە و خوازیاری کۆنترۆڵکردن و هاوســەرگیری لە تەمەنی کەمە، لەم کەلێنە ڕەگەزێتییانەدا بیچم دەگرێ کە دەتوانین لە ڕێگەی فێرکردنی توانا کۆمەڵایەتییەکان بە قوتابیان، ئەم چەشنە ڕوانگە کەم بکەینەوە.

میدیاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەوری جۆراوجۆر دەبینن؛ بۆ وێنە دیمەنێک دروست دەکا کە ژیانی سیاسی تێیدا پیشان دەدرێ، فەرهەنگ و کەلتوورەکان باڵی خۆیان بە سەر هەموو شتێکدا دەکێشن، مۆدەکان وەگەڕ دەکەون و ســتایلە نوێکان و نۆرمەکانی ژیان خۆیان دەنوێنن. هەر بۆیە، میدیاکان وەک گرینگترین ئامرازی ئاگادارکردەوە لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە. میدیاکان دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە بەرنامە کارناســیکراوە ئایینی، دەروونناسی، کۆمەڵایەتی و یاساییەکان لە بارەی سیغەی مەحرەمێتی و ڕەهەندە یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زانیاریبەخشی بکەن و لە کۆمەڵگادا پەرە بەو نۆرمانە بدەن کە سیغە و سیغەی مەحرەمێتیی ژێر تەمەنی یاسایی و هاوسەرگیریی پێشوەختە بە پێی لێکەوتە نەرێنییەکانیان بە نەخوازراو بناسرێن و لەم ڕێگەوە هەنگاوێکی کاریگەر بۆ کەلتوورسازی بهاوێژن. میدیا گشــتییەکان بە ناســاندنی خەســارەتە جۆراوجۆرە

کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنیان بە ڕاپەڕێنەرانی کۆمەڵایەتی لە بارەی پەرەسەندنی نانۆرمی نەشیاوە کۆمەڵایەتییەکان هۆشداری دەدەن و بەم شێوە ڕاپەڕێنەرانی کۆمەڵایەتی لە چەشنی هەڵسوکەوت و وردەکەلتووری نائاسایی و زیانبەخشەکان ئاگادار دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە پێی بەها و نۆرمە دروست و لۆژیکییەکان بجووڵێن. کەواتە ئەرکی میدیاکان ئەوەیە کە ڕەهەند، چەشن و چۆنیەتیی نۆرمە هەڵەکان پیشان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا بتوانن بە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە، وێڕای پاراستنی خۆیان لە تووشبوون بەم نۆرمە هەڵانە، لە ئاراستەی کارلێکی شیاو و ئاگادارانە هەنگاو بنێن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هەمەکیبوونی مۆبایلە زیرەکەکان و ئاسانبوونی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت لە ناو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا کاریگەریی زیاتری لە چاو کەرەسە پەیوەندییەکان و میدیاکان هەیە. ئاگادارکردنەوەی تاکەکان لە ڕێگەی ئامادەکردن و دانانی ناوەڕۆکە پەروەردەییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن کارناسان و دەرخستن و بڵاوکردنەوەی لە لایەن کەسایەتییە کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو کەسایەتییە نیشتمانی و ئایینی، وەرزشوانان، هونەرمەندان و ... دەتوانێ لە کەلتوورسازی و زانیاریبەخشیی گشتی ڕۆڵێکی گرینگیان هەبێت.

بوونی ئێن‌جی‌ئۆکان بە پێکهاتەیەکی نابەرژەوەندخواز، ناسیاسی و خۆبەخشانەیان وەک سەرەکیترین توخمی فەرهەنگسازی و ئاگادارکردنەوە و بەشداریی خەڵک بۆ پشتیوانی لە گرووپە خەسارەتهەڵگرەکانی کۆمەڵگا، پێویستیی دنیای ئەوڕۆیە. بە پێی ڕاپۆرت و ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، 30 لە سەدی حەشیمەتی وڵات کەسانی خوار تەمەنی 18 ساڵن. جێبەجێکردنی دادپەروەری لە بواری خۆشگوزەرانی، تەندروستی، پرسە کۆمەڵایەتی و کەلتووری، پەروەردەییەکان و چۆنایەتیی ژیانی ئەم حەشیمەتە لەو بابەتە گرینگانەیە کە دەبێ پتر لە جاران سەرنجی پێ بدرێت. لەم بارەوە

بوونی چالاکتری ئێن‌جی‌ئۆکان لە بەشــە جۆراوجۆرە گوندی و شــارییەکانی وڵات لـە بواری بەتواناکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی منداڵان کاریگەریی بەرچاوی هەیە. ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن لـە ڕێگەی ڕاهێنانی منداڵان لـە بواری تواناکانی ژیان و هەروەها دایک و باوکیان هەنگاوێکی باش لـە کەلتوورســازی و ڕێزگرتن لـە مافەکانی منداڵان و ڕێگری لـە ســیغەی مەحرەمێتیی ژێر تەمەنی 18 ساڵان بهاوێژن.

وەک وتمان یەکێک لە دەرهاویشــتەکانی هاوســەرگیریی کاتی، ئابووریی چێژ، پەرەســەندنی داوێنپیسـی و لەشـفرۆشـی لە کۆمەڵگایە. بازرگانیی نوێی بەکرێدانی ژنان لە لایەن هەندێ لە خاوەن میوانخانەکان، ئاژانســەکان و گەشــتە مســافرەتییەکان و ماڵپەڕەکانی ســیغەدۆزی وای کردووە دیاردەی سـەفەری سێکسـی لە ئێران تەشـەنە بسێنێ و ژنان و کچانی ئێران بە شـێوەی کاتی لە عەرەبە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە یان پیاوە خۆشــڕابووێرەکان مارە بکرێن کە جگە لە هەمەچەشــن‌خوازی هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە. ئەو ژنانەی کە زۆر بە ئاسانی خۆیان دەخەنە بەر دەستی دەڵاڵانی هاوسەرگیریی کاتی، بە پێچەوانەی فەلسـەفەی هەبوونیی مەتعە و پرەنسیپە ئایینییەکان عەدە ناپارێزن و پێویسـتکردن و قبووڵکردنی (ایجاب و قبول)ــــی شـەرعی تێیدا ئەنجام نادرێت. چوونکە شێوازی ئەنجامدانی سیغەی مەحرەمێتی یاسایەکی تایبەتی نییە و دەتوانرێ لە لایەن کەســەکەوە ئەنجام بدرێت. ئەم بارودۆخە تەشـەنەسـەندنی لەشـفرۆشـی و گەندەڵی لە ڕێگەی هاوسـەرگیریی کاتی لێ دەکەوێتەوە و دژی پرەنسیپی بوونیی مەتعەیە. ئەو ژنانەی کە ڕەنگە پێویستیی دارایی و هیچ کام لە هۆکارەکانی پێویستبوونی مەتعەیان نەبێ، عەدەی چل و پێنج ڕۆژ تایبەت بە ژنانی نادووگیان و چوار مانگ و دە ڕۆژ لە ئەگەری مردنی هاوســەر و بارودۆخی دووگیانی لە کاتی دووگیانبووندا ڕەچاو ناکەن و هەندێ‌جار بە شــێوەی هاوکات لەگەڵ چەند کەس ســێکس دەکەن. ئەم

ژنانە لە سۆنگەی تەندروستی و تەندروستیی سێکسی تووشی گەلێ کێشە دەبنەوە نەخۆشیی نزیکی و ئایدز لە ناویلندا باوە. بە پێی ئەم دەرهاویشتە ڕووخێنەرانە، پێداچوونەوە بە یاساکانی سیغە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی میرات، سەرپەرشتیاری و تاکسەرپەرشتیی منداڵانی سیغە، تەشەنەسەندنی گەندەڵی و سۆزانێتی لە کۆمەڵگا، ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و پەرەسەندنی گومانخوازی، لەقبوونی بنیاتی بنەماڵە و هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، پێشێلکردنی مافەکان و هەڵاواردنی دژ بە ژنان لە ڕەهەندە ئابووری و یاسایی و سۆزدارییەکاندا پێشنیاری دەدرێت:

1. پەسەندکردنی یاسایەک بۆ تۆمارکردنی نیکاحی کاتی و بەتاوانزانین دژ بەو کەسانەی کە سەرپێچی لەم یاسایە دەکەن. هەروەها بە ناچاریکردنی تۆماری نیکاح تەنیا لە ڕێگەی نووسینگەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق و ناچارکردنی نووسینگەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق بە ناونووسکردنی ژنانی خوازیاری سیغە لە نووسینگە تایبەتە ئەلیکترۆنیکییەکان و ئامادەکردنی کارتی ناسنامە بۆ ئەو کەسانە.

2. ئامادەکردنی کارتی تەندروستی بۆ ئەو ژن و پیاوانەی کە خوازیاری مەتعەن و نووسینگەکانی تۆمارکردنی هاوسەرگیری و تەڵاق خۆیان لە سیغەکردنی بە بێ بینینی ناسنامە و بەڵگە تەندروستییەکانی ژنان و پیاوانی مەتعە بپارێزن.

3. پەسەندکردنی یاسایەک بۆ سنووردارکردنی مەتعە بە جۆرێک کە مەتعە تایبەت بەو ژن و پیاوانەی کە هەلومەرجی تایبەتیان هەیە و هەروەها ئەو گەنجانەی کە هۆکاری پاساوداریان هەیە و بوونی ڕەزایەتنامەی هاوسەری هەمیشەیی.

4. ناسینەوەی بنکە خۆشگوزەرانی و تووریستییەکان کە هاوسەرگیریی کاتی وەک یەکێک لە خزمەتگوزارییەکانی خۆیان پێشکەش بە

مشتەرییەکانیان دەکەن و چالاکییەکانی ئەم بنکانە بە تاوان دابنرێت.

5. ناسینەوە و داخستنی کاناڵەکانی سیغەدۆزی و بەتاوانبارزانینی بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕە پەرەپێدەرەکان.

پێشینەی پێویستیی تۆمارکردنی نیکاح لە یاسای ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1310ی هەتاوی. یاسادانەر بەر لە شۆڕشی ئیسلامی بە بێ جیاکردنەوەی جۆرەکانی نیکاح، تۆمارنەکردنی بۆ مێرد و مارەبڕ بە تاوان لە قەڵەم دابوو. لە ئێستادا مادەی 645ـی یاسای سزای ئیسلامی، تۆمارنەکردنی نیکاحی هەمیشەیی تەنیا بۆ مێرد وەک تاوان لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها پرۆژە یاسای پشتیوانیی لە بنەماڵە، دەرفەتی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی دووهەمی مێرد گرێ دەداتەوە بە پێدانی بڕەمارەیی ژنی یەکەم و بە بێ ناچارکردنی پیاو بە تۆمارکردنی نیکاحە کاتییەکەی، تەدارکاتی ئەم کارەی سپاردووە بە یاسانامە. ڕەنگ بێ پێویستکردنی تۆمارکردنی نیکاحی کاتی، تاوانبارکردنی بەشداربووان (بەتایبەت هاوسەرەکان و دایک و باوکی هەر دوو لا لە ئەگەری کەمتەمەنبوونی منداڵ) لە مارەکردنی نیکاحی بە بێ تۆمارکردن و نەبوونی چاودێریی بەهێز و کارامەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانێ خەسارەتەکانی هاوسەرگیریی کاتی کەم بکاتەوە. کەواتە پێشنیاری ئەوە دەکرێ کە مادمیەک لە بارەی پێویستیی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی لە نووسینگەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق لە سەر ئیزنی هاوسەر پەسەند بکرێ و بەدواداچوونی یاسایی بۆ هەموو ئەو بەشداربووان و مارەبڕانە بکرێ کە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم ڕێوڕەسمانە هاوسەرگیریی کاتی ئەنجام دەدەن.

ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی، سستبوونی بنیاتی بنەماڵەکان و هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق لە دیکەی دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتییە. وەک وتمان لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێران وەدواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری و هەڵکشانی ڕێژەی

سەڵتیی هەمیشەیی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری، دەرفەتی پەروەردە بۆ ژنان و پەرەسەندنی شارنشینی و گۆڕانی بەهاکانی هاوسەرگیری، چێژخوازی و بەرژەوەندیی تاکایەتییە. کەواتە لە بارودۆخێکدا کە هاوسەرگیریی کاتی هەم شەرعێتیی ئایینی و یاسایی هەیە و هەم لایەنە پەیوەندیدارە یاسایی و ئایینی و دەوڵەتییەکانیش بە توندی بانگەشەی بۆ دەکەن، هاوسەرگیریی هەمیشەیی کاڵ دەبێتەوە و لە ئەنجامی تەشەنەسەندنی هاوسەرگیریی کاتی، ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بیچم دەگرێت. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەوەی بێوەژنان و ژنانی تەڵاقدراو و بەدسەرپەرشت ئەزموونی ناخۆشیان لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و ئەزموونی توندوتیژیی خێزانی یان ئەزموونی ژیان لەگەڵ هاوسەرانی نابەرپرس و گیرۆدەی مادەی هۆشبەر و نەسازیان هەیە، لە هاوسەرگیریی دووبارە دەترسن و بە هۆی قەیرانە سۆزداری و دەروونییەکانیانەوە پەنا بۆ هاوسەرگیریی کاتی دەبەن. هەروەها بە پێی دووپاتبوونەوەی هاوسەرگیریی کاتی و پەیوەندیی سێکسیی کاتی و لەڕادەبەدەر ئەم گومانخوازییە لە ناو خەڵکدا دروست دەبێ کە هەمووان هەڵوەدای پەیوەندیی سێکسیی کاتین. بەم شێوە بەها ئەخلاقییەکان بایەخیان نامێنێ و متمانە لە ناو دەچێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئاسانبوونی دەستڕاگەیشتن بە هاوسەرگیریی کاتی بۆ پیاوان و نەبوونی مەرجی یاسایی بۆ تۆمارکردنی نیکاح و ڕێکاری گونجاو بۆ ڕێگری لە شاردنەوەی دەتوانێ فاکتەرێک بێ بۆ ئەوەی پیاوانی فرەچەشنخواز هۆگری پەیوەندیی سێکسیی پەیتا پەیتا و هاوسەرگیریی کاتی بن.

هەروەها هەندێ لە هاوسەرەکان کە بە هەر هۆکارێک لە ژیانی سەرەکیی خۆیان ناڕازین، لە بری ئەوەی لە ڕێگەی ڕاوێژکارانی بنەماڵە کێشەکان چارەسەر بکەن لە دەرەوەی ماڵ بۆ وڵام دەگەڕێن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی باوبوونی تەڵاقی سۆزداری لە بنەماڵە و ناپاکیکردنی هاوسەرەکان بەرامبەر

بە یەکتر. ئەم پرۆسـە هەندێجار هەڵکشـانی ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە. بە مەبەسـتی ڕێگری و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەرهاویشـتانە پێشنیار دەکرێ:

1. دابین‌کردنی هـەلومـەرجی ئـابووریی گونجـاو و هـەلی کـار و پێدانی قەرزی تایبەت بە گەنجان بە مەبەستی هاندانیان بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی بۆ وێنە پێدانی قەرزی خانوبەرە.

2. ناچاری‌کردنی ڕاوێژکاریی دەروونناسـی بە ژنانی زیانبەرکەوتوو لە تەڵاق لە هاوسەرگیرییە هەمیشەییەکان

3. ناچاری‌کردنی دەربڕینی ڕەزامەندیی نووسراوەیی و یاسایی هاوسەری هەمیشـەیی بۆ هاوسـەرگیریی کاتیی مێرد لە نووسـینگەکانی تۆمارکردنی هاوسـەرگیری و تەڵاق بۆ ئەوەی ڕێگری لە شـاردنەوە و تەڵاقی سـۆزداری لە بنەماڵە و تەشەنەسەندنی تەڵاق بکرێت.

بارودۆخی نالەباری ئابووری هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە زۆربەی گـەنجـان زەوت کردووە. نـایـەکسـانی و نـادادپـەروەری لـە هـەلـەکـانی کـار، حەشـیمەتێکی زۆری خوێندکاری بێکـار، لاوازیی دەوڵەت لە دابین‌کردنی هـەلی کـاری نوێ و بـەدبـەڕێوەبـەریی لـە ئـابووری. دەوڵـەتی ڕووبـەڕووی حەشـیمەتێکی زۆری بێکار کردووە کە بەهای نوێ و مۆدێرنیان هەیە. ئەم کەسانە ژیان بە هەلومەرجە ناجێگیرە ئابوورییەکانی قبووڵ ناکەن و سەڵتی و وەدواخسـتنی تەمەنی هاوسـەرگیری لە خێزانداربوون لە بارودۆخی نالەبار بە باشـتر دەزانن. لە بەرامبەردا کچان و ژنان لە هەلی پەروەردەی یەکسـان سـوودمەندن و توانیویانە لە کۆمەڵگادا پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زیاتر لە چاو ڕابردوو وەدەسـت بێنن و هەر بۆیە هۆگری ژیانکردن لەگەڵ پیاوانی بێکـار و بێ‌پـارە نین. هـەر هـەموو ئـەمـانـە وای کردووە کـە هـاوسـەرگیریی هەمیشـەیی چیتر وەکوو جاران ڕێکارێکی گونجاو بۆ چارەسـەری پێویسـتییە

بنەڕەتییەکان نەبێ و ڕوانگەی نەرێنی دژ بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی دروست ببێت. گەشەی کەمی ئابووری، حەشیمەتی خوێندەواری بێتوانا و ڕانەهێنراو، پڕبوونی دەفرایەتیی ڕاکێشانی هێز لە ناوەندە دەوڵەتییەکان، شوێنی کاری نەشیاو و کەمبوونەوەی تەرخانکردنی سەرمایە لە کەرتی تایبەت، توندبوونی هەڵاوسان و گەندەڵییە ئابوورییەکان لە دام و دەزگا دەوڵەتییەکان لە گرینگترین هۆکارەکانی بێکاری لە ئێرانە.

ئەم جیهانە هاوچەرخە لە ڕوانگەی گیدنێز پرەنسیپێکی تایبەتی هەیە کە لە سەردەمی نەریتیدا نییە و ئەویش بێمتمانەیی دوولایەنەی ئەندامانی کۆمەڵگا لە ئاست یەکترە. ئەم بێمتمانەییە دزەی کردۆتە ناو بنەماڵەش. بە ئاوڕدانەوە لە فراوانیی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و پەرەسەندنی شاردنەوە و دوورویی لە کۆمەڵگا، بنەماڵەی مۆدێرنی ئەوڕۆیی چیتر بەرگەی هاوسەرگیریی کاتی و ناپاکیی هاوسەرەکان ناگرێ و تەڵاق بە ڕێکارێکی کردەیی دەزانێت؛ هەتا ئەو جێگایەی کە لە زۆرێک لە حاڵەتەکلاندا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. ڕەنگە ئەم ڕوانگە نەرێنییە بەرامبەر بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی پێویستی بە خەسارەتناسیی دەروونناسانە بێ و هاوسەرەکان پێش و پاش تەڵاق دەبێ لە ژێر چاودێریی ڕاوێژکارانی بنەماڵە بن. لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ لەو ژنانەی کە بە مەتعە ڕازی دەبن پێناسەیەکی وردیان لە هاوسەرگیریی کاتی نییە کەواتە پێویستە بە وردی بۆیان ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە باشی لە دەرهاویشتەکانی ئاگادار بن. کەواتە ناچاریکردنی ڕاوێژدان بە هاوسەرەکان بەتایبەت ئەو ژنانەی کە مەتعە دەکرێن بەر لە ئەنجامدانی سیغە لە پێویستییە بنەڕەتییەکانە بۆ ئەوەی دەرهاویشتە نەخوازراوەکانی کەم ببێتەوە.

لە کۆتاییدا دواهەمین دەرهاویشتەی هاوسەرگیریی کاتی کە گرینگترین دەرهاویشتەکەیەتی، پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و هەڵاواردن لە دژی ژنانە.

زۆربەی چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ناوەندە پشـــتیوانەکانی مافەکانی ژنان، مـەتعـە بـە هۆکـاری پێشـــێلکردنی مـافـەکـانی ژنـان، مـەتعـە بـە هۆکـاری پێشـــێلکردنی مافەکانی ژنان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرە یاســـایی، ئابووری و کەلتوورییەکان دەزانن و لەو باوەڕەدان کە هاوســـەرگیریی کاتی هەڵاوردنی ڕەگەزێتی بەرهەم دێنێتەوە و لە چوارچێوەی ئەم نەریتەدا ســـووکایەتی بە ژنی ئێرانی بـەردەوام دەبێـت. ئـەم تـاقمـە بـەڵگـە دەهێننـەوە کـە پرســـی ژنـان لـە هـاوســـەرگیریی کـاتی گرینگ نییە و ڕوانین بۆ ســـەر ئەم ژنانە ڕوانینێکی پیاوانەیە. بەم پێیە پێشنیار دەکرێ:

1. پەسـەندکردنی یاسـایەک لە بارەی مافەکانی ژنان لە نیکاحی کاتی بۆ سوودمەندبوون لە میرات و نەفەقە کە ئەگەر پیاو خێزاندار بێ و هاوسەرەکەی هەمیشـەیی بێ لانیکەم نیوەی هاوسـەرە هەمیشـەییەکەی و ئەگەر پیاوە سەڵت بێ بە شێوەی ڕێککەوتنی دیاری دەکرێت.

2. پەســـەندکردنی یاســـایەک بۆ دابین‌کردنی لانیکەمەکانی ژیان یان هەمان نەفەقە لە ڕۆژانی عەدەی ژن و ماوەی دووگیان‌بوون تەنانەت لە حاڵەتی دووگیانیی نەخوازراو.

3. شیاویی هەڵوەشانەوەی سیغەنامە لە لایەن هەر کام لە هاوسەرەکانەوە.

4. سنووردارکردنی یاسایی ڕێژەی ژنانی مەتعە بۆ پیاوان.

5. بەتولناکردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونیی ژنانی زیانبەرکەوتوو لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی

و ژنانی خۆسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت.

6. فێرکردنی تواناکانی ژیان بە هاوسەرەکان لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی، بە پێداگریکردنە سـەر ئەوەی کە ئەم چەشـنە توانایانە لە قوتابخانە بە بناغەیی بکرێ و لە بنەڕەتەوە فێری ئەم توانایانە بکرێن.

7. پیشـــاندلنەوەی هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکان و پێشـــێلکردنی مافەکانی

ژنان لە هاوســەرگیریی کاتی لە لایەن فیلمســازان و دەرهێنەرانی ســینەمای ئێران.

8. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاگاداربوون لە لێکەوتە نەخوازراوەکانی هاوسەرگیریی کاتی و ململانێ یاساییەکانی.

لە هاوســەرگیریی کاتیدا بە پێی یاســای مەدەنیی 940 و 1113ژنی مەتعە لە مافی میرات و نەفەقە بێبەشــە. هەروەها بە ڕوونی باس لە هەڵوەشــانەوەی هاوســەرگیریی کاتی نەکراوە و تەنیا پیاوە کە بۆی هەیە بە شــێوەی یەکلایەنە ماوەکە ببەخشــێت (مادەی 1139). زۆرێک لەو ژنانەی کە مل بە ســیغەی پیاوان دەدەن پێویســتیی زۆری داراییان هەیە و لە چینی بنەماڵە هەژار و خۆســەرپەرشــتەکانن کە پێویســتییە داراییەکانیان بە قووڵی ڕەگی داکوتاوە و بە بڕەمارەیی دیاریکراو لە هاوســەرگیریی کاتی دابین نابێت. هەر بۆیە دەتوانین بە پەســەندکردنی یاســای پێدانی مافی نەفەقە و میرات بۆ ژنانی هاوســەرگیریی کاتی، لانیکەم بە قەت نیوەی نەفەقە و میراتی ژنی هەمیشەیی بەشێک لەم نایەکسانییە قەرەبوو بکەینەوە. چی پاساوێک لەوەدا هەیە کە ژن لە هاوسەرگیریی کاتی هەمان کاردا سێکسی و سۆزدارییەکانی ژنی هەمیشــەیی هەبێ بەڵام لە مافی نەفەقە و میرات بێبەش بێت؟!بە هۆی هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکان لە ئابووریی ئێراندا بوونی ژنان لە چاو پیاوان لە بازاڕی کاردا کەمترە و بێگومان بێکاریی ژنان زیاترە. بە پێی ڕاپۆرتی کەلێنی ڕەگەزێتی 2017 کە لە بەشــی ســێیەمدا لێک دراوە، دەتوانین ئیدەعای ئەوە بکەین کە بە پێی کەمیی هەلی کاری ژنان لە چاو پیاوان ئەم چاوەڕوانییە لە یاسادانەر دەکرێ کە ئەو ژنانەی کە مل بە هاوسەرگیریی کاتی دەدەن خاوەن یاســا ئابوورییەکانی وەکوو مافەکانی هاوســەری هەمیشــەیی بن. بۆ وێنە لە کاتی عەدەدا کە ژنان لە سۆنگەی یاسایی و هیچ پاڵپشتێکی یاساییان نییە یان لە کاتی دووگیانیدا ژنانی مەتعە لە ســۆنگەی ئابوورییەوە دابین بکرێن و ئەمە

تەنیا بە یاسادلنەریی سەرچاوەکانی هێزای لاسایی‌کردنەوە و دەوڵەت و پارلەمانی شۆرای ئیسلامی گونجاو دەبێت.

بەو پێیەی کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا هاوسەرەکان ناسیارییەکی ئەوتۆیان لە یەکتر نییە و هەندێ‌جار ئەگەر سیغەکان (کاتژمێرێک هەتا 99 ساڵ) درێژماوە و مامناوەندماوە هەڵدەبژێردرێن، پیاوان پاش چەندجار سێکس‌کردن واز لە ژنان دێنن و ژنەکە دەخەنە ناو بارودۆخی ناجێگیریی سۆزداری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەو پێیەی کە بەشێک لە ژنان زانیاریی یاساییان نییە تووشی خەسارەتی زۆر دەبنەوە و هیچ داڵدەیەکیان نییە.

لە وەها بارودۆخێکدا ژنان بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریی کاتی دەچنە دادگای بنەماڵە (فتوای ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران) و بۆ سەندنەوە ماف و هەڵەوشاندنەوەی مەتعە ڕەوتە یاساییەکان تێدەپەڕێنن. بەڵام ئەم ڕەوتە دادگاییە زۆر ئاسایی نییە و هەندێ‌جار زۆر درێژ و بێ‌ئەنجام دەبێت. هەر بۆیە ژنان پێویستە هەلی هەڵەوشانەوەی مەتعەیان هەبێ بۆ ئەوەی پێویستیان بە ڕەوتی درێژخایەنی دادگای بنەماڵە نەبێت. ئەگەر ئەم مافە بە ژنان بدرێ، ئەگەر پیاو لە ماوەی مەتعە لە سۆنگەی جەستەیی و ڕۆحییەوە ژن ئازار بدا، ژن دەتوانێ بە کەڵک‌وەرگرتن لە مافی بەخشینی پاشماوەی ماوەی مەتعە و هەڵوەشانەوە بە بێ تێپەراندنی ڕەوتی درێژخایەنی دادگا لە پیاو جیا ببێتەوە و هاوسەرگیریی کاتی هەڵبووەشێنێتەوە. کەواتە پەسەندکردنی یاسایی مافی هەڵوەشانەوەی مەتعە بۆ ژنان ڕێکارێک لە ئاراستەی سەندنەوەی مافەکانی ژنان و ڕێگری لە توندوتیژی لە دژی ژنانە. لە لایەکی دیکەشەوە بە پێی ئایەتەکانی قورئان پیاوان مۆڵەتی ئەومیان هەیە کە بە شێوەی هاوکات چوار ژنیان هەبێ، بەڵام ئەم مۆڵەتە بە مەرجی ڕەچاوکردنی دادپەروەرییە و ئەگەر ڕچاونەکردنی دادپەروەری گونجاو نەبوو پشنیار بۆ یەک ژن کراوە. یاسادانەر لە بارەی ڕێژەی ئەو ژنانەی کە پیاو

دەتوانێ بە شـێوەی هاوکات مەتعەیان بکا بێدەنگی نولندووە و پیاو دەتوانێ هاوکات لەگەڵ ڕێژمیەکی زۆری ژنان سـێکس بکا کە ئەم بارودۆخە مافی ژنان پێشـێل دەکات. کەواتە بە سـنووردارکردنی یاسـایی ڕێژەی ژنانی مەتعە دەتوانین بە ڕەچاوکرانی لانیکەمی دادپەروەری لە نێوان ژنانی مەتعەکراوی پیاوێک هیوادار بین.

بـە پێی خواسـتی ئـابووری و بێکـاربوونی زۆربـەی ژنـانی مـەتعـە و پێشـێلکرانی مافەکانیان لە هاوسـەرگیریی کاتیدا پێویسـتە دەوڵەت و ناوەندە پـەیوەنـدیـدارەکـانی وەکوو وەزارەتی کـار و هـەرەوەرزی (کـار و تعـاون)، چاکژیانەوە (بێهزیسـتی) و کومەیتەی ئیمداد بە مەبەسـتی بەتواناکردنی دارایی، کۆمـەڵایـەتی، یاسـایی و دەروونناسـیی ژنـانی مـەتعـە هـەوڵدای جێبەجێکردنی ڕێکارە میکـانیزمییەکـان بن. پێدانی قەرزی مـادی بە ژنـانی خۆسەرپەرشت بە مەبەستی خۆپیشەدارکردن لە کەرتگەلی وەکوو کاری ناو ماڵ، بەڕێوەبەردنی خولی وەرزشـی و ڕابواردنی بێبەرامبەر بۆ ژنانی تەڵاقدراو و هەژار لە لایەن شـارەوانییەکان و کردنەوەی خول بە مەبەسـتی بەتواناکردنی دەروونناسـیی ژنـان و ئـاگـادارکردنەوەیـان لـە هـەولومـەرجـە یاسـاییەکـانی هاوسـەرگیریی کـاتی لـە لایـەن ڕێکخراوی چـاکژیانەوەوە دەتوانێ تواناکـانی ژیانی ئەم ژنلنە باشـتر بکا و لە ئەنجامدا دەتوانین دڵنیا بین بە کەمبوونەوەی بەشـخوراویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشـتربوونی بارودۆخی ڕۆحییان، چیتر مـل بـە هـاوسـەرگیریی کـاتی نـەدەن. لـەم بوارەدا نـابێ لـە تواناکـانی ئینجیئۆکان و ناوەندە کۆمەڵایەتییە نادەوڵەتییەکان و چالاکڤانانی مافەکانی ژنان و منداڵان لە ئاگادارکردنەوەی گشـتی و پشـتیوانیی مادی و مەعنەوی لە ژنـان و منـداڵانی زیـانبـەرکـەوتوو چـاوپۆشـی بکـەین. ئـەم نـاوەنـدانـە کـە لـە پشـتیوانیی کەسـانی دەوڵەمەند و کاریگەری وەکوو یاریزانان و وەرزشـوانان سـوودمـەنـدن، دەورێکی کـاریگـەریـان لـە کـەمکردنـەوەی هـەڵاواردن و

توندوتیژی دژ بە ژنان و منداڵان هەیە.

کارناسان و پسپۆڕانی ڕاوێژکاری بنەماڵە دەبێ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەدا توانا کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان لە قوتابخانە و میدیاکان بە قوتابیان فێر بکەن. تواناکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکتر، هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خۆبەدوورگرتن لە توندوتیژی، شێوازی پەیوەندیگرتن لەگەڵ یەکتر و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ لە منداڵییەوە فێر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە گەورەساڵیدا کاریگەرییەکەی بەدی بکات. لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ کتێبی وەکوو (تفکر و سبک زندگی) لە قوتابخانەی قۆناغی ناوەندی و دولناوەندی دەوترێتەوە کە لە بواری تولنا کۆمەڵایەتییەکلندا ناوەڕۆکی باشی لە خۆ گرتووە؛ بەڵام زۆربەی پسپۆڕان ئەم کتێبانە ناڵێنەوە و زیاتر دەخرێتە ئەستۆی جێگرانی قوتابخانە یان ئەو مامۆستایانەی کە کاتژمێری بێکارییان هەیە، کە ئەمە کاریگەرییە دڵخوازەکە لە بار دەبات. کەواتە باشتر وایە پسپۆڕانی ئەم بوارە ئەم وانانە بڵێنەوە.

هەڵبەت ئاگادارکردنەوە و ڕاهێنانی توانا کۆمەڵایەتییەکان نابێ لە قوتابخانەدا تەسک ببێتەوە بەڵکوو لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەتوانین توانا کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانیان فێر بکەین و هەم دەرهاویشتە و کارداکانی مژارگەلی وەکوو هاوسەرگیریی کاتی ڕوون بکەینەوە. دەرهێنەران بەتایبەت فیلمسازانی ژنی ئێرانی دەتوانن لە ڕێگەی نواندنەوەی ژیانی ژنانی مەتعە و دەرهاویشتەکانی زانیاریبەخشی بکەن. هەروەها نابێ لە دەفرایەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چاوپۆشی بکەین چوونکە بە پێی هەمەکیبوونی بیستۆکی زیرەک و ئاسانیی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دەتوانین لە ڕێگەی ئەوانەوە زانیاریبەخشی بکەین و ئاگاداریی پێویست لەبارەی مەتعە و ڕەهەندە یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونناسییەکانی بۆ کۆمەڵگا بگوازینەوە.

**وتەی کۆتایی**

هاوسەرگیریی کاتی / سیغە کە شوناسێکی ئایینی و یاسایی هەیە، لە بواری کۆمەڵایەتیدا هەمیشە جێی باس و مشتومڕ بووە. کەسانێکی وەکوو مورتەزا موتەهەری بۆ ڕێگری لە ڕەبەنایەتیی گەنجان یان پێشگری لە کۆمۆنیستی سێکسی، پێشنیاری مەتعە دەدا و هەروەها کەسانێکی وەکوو ئایەتوڵا ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی و زۆربەی فەقێیان و سەرچاوەکانی لاسایی‌کردنەوە لە میدیا و تریبۆنە فەرمی و نافەرمییەکانەوە بانگەشەیان بۆ کردووە. هەڵبەت هەندێ لە فەقێکان وەکوو ئایەتوڵا سانعی مەتعە تەنیا گرێ دەداتەوە بە بارودۆخی شەڕ لە سەرەتاکانی ئیسلام و لە کۆمەڵگای ئەوڕۆییدا وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی دارمانی بنەماڵە پێناسەی دەکات. هەروەها لە ڕوانگەی ئەهلی سوننەت و فەقێیانی چوار ئایینزاکە هاوسەرگیریی کاتی حەرامە و بە کردەومیەکی ناشەرعی و نائایینی لە قەڵەمی دەدەن. لە لایەکی دیکەشەوە چالاکڤانانی کەلتووری و بزاڤەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان هاوسەرگیریی کاتی بە فاکتەری بەرهەمهێنانەوەی پێشێلکردنی مافەکان و هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکانی دژی بە ژنان، سستبوونی بنیاتی بنەماڵە و پەرەسەندنی فرەهاوسەری و نەخۆشیی نزیکی و تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی دەزانن و لە دژی دەوەستنەوە.

ئەو لێکۆڵینەولنەی کە هەتا هەنووکە ئەنجام دراون زیاتر بۆ داکۆکی‌کردن لە سەر هاوسەرگیریی کاتی بووە و هیچ کامیان بە شێوەی گشتگیر نەیانڕوانیوەتە سەر ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە. ئەم توێژینەوە بە لێکدانەوەی گشتگیری هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرە یاسایی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و ئایینییەکان بە ئاراستەیەکی زانستی لە سەر ئاستی هەر سێ کەڵێنشاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان ئەنجام درا. لەم

لێکۆڵینەوەدا هۆکار و دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی کاتی لە ناو دڵی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان و ئەو دیمانە قووڵانەی کە لەگەڵ کەسانێک کە ئەزموونی هاوسەرگیریی کاتییان هەبوو هەڵهێنجراوە. چاکیی ئەم توێژینەوە لە چاو وتار و دیکەی ئەو کتێبانەی کە لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی نووسراون گشتگیریی بابەتی ڕوومالّدراو بە بێ ڕوانگەی لایەنگرانە و دەمارگرژانەیە. لە کتێب و وتارەکانی پێشوودا کۆمەڵێک بۆ سەلماندن و پێویستیی مەتعە و کۆمەڵێ لە سەر پێویستنەبوونی هاوسەرگیریی کاتی بە شێوەی لایەنگرانە و بە ڕوانگەیەکی ئایینی و ئایینزایی و لایەنگری بەهادارانە توێژینەوەیان کردووە. بەڵام نووسەر بە بێ ئەوەی ناکۆکییە ئایینزاییەکان برووژێنێ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی فرەهۆکاری هاوسەرگیریی کاتی لێک داوەتەوە و دیوە شاراوە و ئاشکراکانی پیشان داوە.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشان دەدا کە دیاردەی تەوەریی هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی، خۆشڕابووێری و ئاسانبوونی بارودۆخی منداڵهاوسەرییە کە لێکەوتەی وەکوو بەدناوی بەتایبەت بۆ ژنان و بیچمگرتنی زەینییەتی نەرێنی لە بارەی هاوسەرگیریی کاتی لە پیاوانی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ڕێکاری بنەڕەتی و واقیعبینانە پێشنیار کراوە کە گرینگترینەکەیان بریتییە لە: یاسادانان بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی (بڕیاری) مەحرەمێتی بۆ تەمەنی 15 ساڵان، تۆمارکردنی فەرمی و یاسایی سیغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی لە نووسینگەکانی تەڵاق و هاوسەرگیری، بە ناچاریکردن و بێبەرامبەربوونی خوێندن، ڕاوێژەری یاسایی و تەندروستی لە سیغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی، مەرجدار و سنووردارکردنی یاسای سیغە / هاوسەرگیریی کاتی، یاساداڕێژی بۆ نەفەقە و مافی هەڵوەشانەوە بە قازانجی ژنان لە هاوسەرگیریی کاتیدا، باشترکردنی

بارودۆخی ئابووری، هەلی کار و کارخولقێنی، دەوری زلنایانی ئایینی وەک هۆکاری گۆڕینی بیچمی هاوســەرگیریی کاتی لە ئێران. هیوادارین لە ســەر بنەمای ئەم ڕێکارانە ناوەندی هاوســەرگیریی کاتی لە ئێران لە ســۆنگەی یاسایی و کۆمەڵایەتی بە جۆرێک ڕێک بخرێ کە مافەکانی ژنان و منداڵانی تێدا پێشــێل نەکرێ و بنیاتی بنەماڵە و پێگەی هاوســەرگیریی هەمیشــەیی بپارێزرێت.

**سەبارەت بە نووسەر**

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر لە دایک بووی شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی **یاسای لەندەن** لە بنیاتی مافەکان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانیی ئاشتی **(PEACE)** بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە.** توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیک و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەز (جێندەر) و منداڵان بووە.

کامیل ئەحمەدی، پاش چوونی بۆ بەریتانیا خوێندنی پاشناوەندی و پێش زانکۆی لەو وڵاتەدا درێژە پێ داوە و ساڵی ١٩٩٩ کارناسیی چاپ، مافەکانی چاپ و ئابووریی ئاقاریی لە کۆلێجی گواستنەوە و گەیاندنی لەندەن وەرگرتووە. ناوبراو هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری لە ڕستەی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و قەومنگاریی وێنەیی لە زانکۆی کێنت لە کانتێربێری بەریتانیا وەرگرتووە و پاشان خولە پسپۆڕی و تایبەتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی لێکۆڵینەوە درێژە پێداوە و ئەم خولانەی لە زانکۆی ئابووری و زانکۆی بێرک بەکی لەندەن تێپەڕاندووە.

وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکیی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **سازگاری و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵانی مەهاباد** "بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازیی ڕەگەزی و خۆڕاگری - ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە کوردستانی ئێران" لە سالی ٢٠٠٦ لە مە هاباد کراکە لە ٢٠١٩ لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندن و لە سالی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** "ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ دابونەریتی مزۆپۆتامیا"؛ Etkim press (Istanbul, Turkey (2009 لە لایەن چاپەمەنیی اتکیم بە سێ زمانی تورکی و ئینگلیزی ئیستانبول لە چاپ

کراوە.

**-بە ناوی نەریت** "تویژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران "کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و چاپەمەنیی شیرازە لە ساڵی ۲۰۱۶ و لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی ساڵی ۲۰۲۱ چاپ کراوە، یە کیکی لە دیکەی تویژینەوەکانی ئەم تویژەرەیە.

- **زایەڵەی بێدەنگی** (تویژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛ و چاپەمەنیی شیرازە و دیسان لە ساڵی ۲۰۲۱ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ماڵێک لە سەر ئاو** "تویژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە ۆ هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران "کە دەقە فارسییەکەی لە ساڵی ۲۰۱۸ لایەن چاپەمەنیی شیرازە بڵاو بۆتەوە و چاپەمەنیی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە و لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە یە کیکی لە دیکەی تویژینەوەکانی ئەم تویژەرەیە.

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** "تویژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران "بە ئینگلیزی و فارسی کە ساڵی ۲۰۲۰ لە چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛ هە ر وها لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکان لەبەر دەستن.

- تویژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** "تویژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، رێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران "بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕیی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و

لە ساڵی ٢٠١٩ ڕوونوێنی کرا؛

– دەقی ئینگلیزی، کوردی و فارسیی دەقی **شاری قەدەغەکراو** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران" یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن ساڵی لە ٢٠١٩ چاپ کرا؛ فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف لە ٢٠٢١ دووبارە چراپ کراونەتەوە.

– و لە ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران "کە ٥ ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛ دیسان لە دانیمارک لە ٢٠٢١ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی هەنووکە لەبەر دەستە.

کتێبی **ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان "کە لە ساڵی ، هاوڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی دژی کاری منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی و دەنگیی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە و لەبەر دەستە.

ئەم نووسەرە سەبارەت بە خەتنەنەی پیاوان / کوڕان، زیناکردن لەگەڵ مەحارم، و دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی چەندین توێژینەوەی ئامادەیە کە بەم زووانە لە دەکەوێتە بەر دەست هۆگران و خەمخۆرانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها بەرێزیان لە گۆڤارە جیاوازە فارسی، کوردی و ئینگلیزییەکاندا چەندین وتاری بڵاو بۆتەوە. توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیاندا دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

## سەرچاوە کوردییەکان

1. ئەحمەدی، کامیل (1396) زایەڵەی بێدەنگی؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: شیرازە.

2. ئەحمەدی، کامیل (١٣٩٦). پێویستیی پێداچوونەوە و هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان لە یاساکانی ئێران، توێژینەوەی یاسایی، ٢٣٣ تا ٢٥١.

3. ئەحەدی، کامیل (١٣٩٦). «لێکدانەوەی ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵان لە ئێران، لێکۆڵینەوەی نوێ لە زانستە مرۆییەکان، هاوینی 1396ی هەتاوی. ژمارە ٢٣، ل ١٢٥ هەتا 140.

سەرچاوە فارسییەکان:

4. ابن کثیر دمشقی، تفسیر ابن کثیر، چاپ دار المعرفه، 561/2 ـ ٥٦٢.

5. ابن منظور، محمد ابن مکرم (1414ق). لسان العرب، جلد هشتم، بیروت: دارصار

6. أحمد بن محمد بن حنبل، المسند، 87/2

7. احمدی، خدابخش. براری، مصطفی سید اسماعیلی، فتح الله (١٣٩٠). "نگرش مردم به ازدواج موقت»، فصلنامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی، سال یازدهم، شماره 43، ص ١٥٦-١٣٥.

٨. استرواس، آنسلم و کوربین، جولیت (١٣٩٠). اصول روش تحقیق کیفی؛ نظریه سیاسی، رویه ها و شیوه های ترجمه یوک محمدی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

9. اسماعیلی، هادی (١٣٩٣). دورنمای حقوقی ازدواج موقت تهران فرهنگ.

١٠. اشمی، علی (١٩٩٠ م). المرأة في الشعر الجاهلی، بغداد: مطبعة المعارف.

١١. افراسیابی، حسین و براتی، آتیه (١٣٩٦). بررسی احساس امنیت در فضای عمومی با تأکید بر سبک زندگی مخاطره آمیز، فصلنامه جامعه شناسی سبک زندگی، دوره اول، شماره ١. می ٢٨-١.

١٢. التجائی، ابراهیم و عزیز زاده، مینا (١٣٩٠). "بررسی عوامل اقتصادی و فرهنگی مؤثر بر سن ازدواج در ایران: یک مطالعه میان استانی" فصلنامه جامعه پژوهی فرهنگی، دوره 7، شماره ٣. صص ١٩-١.

١٣. آبوت، پاملا و والاس، کلر (١٣٨٧). جامعه شناسی زنان، ترجمه مجزه نجم

عراقی، تهران: نی.

14. آذرشب، اردشیر (۱۳۵۸). مراسم مذهبی و آداب زرتشتیان. تهران: فروهر.

۱۵. آرمسترانگ، جان (۱۳۹۳). شرائے عشق: فله ممیت. ترجمه مسعود علیا، تهران: ققنوس.

16. آزاد ارمکی، تقی (۱۳۸۹). جامعه شناسی خانواده ایرانی، تهران: انتشارات سمت.

۱۷. آموزگاره ژاله (۱۳۸۷). زبان، فرهنگ و اسطوره. تهران: معین.

۱۸ـ بادامچی، حسین غضنفری، کوم. داوری، پروین (۱۳۹۵). «ازدواج موقت در دین زردشتی و در اسلام ، فصلنامه زن در فرهنگ و هنر، دوره هفتم، شماره 4، ص ۵۳۵ - ۵۲۱.

۱۹ـ باقری، شهلا (۱۳۸۹). "راهبرد نظریه پردازی در جامعه شناسی جنت و جامعه شناسی خانواده"، فصلنامه مطالعات راهبردی زنانه دوره سیزدهم، شماره ۵۰ ص ۲۵۹- ۲۲۲.

۲۰. بحرانی، یوسف (بی تا). الحدائق الناضره فی احکام العتره الطاهره. تحقیق محمد تقی ایروانی، قم: مؤسسه النشر الاسلامی.

۲۱. بخاری، محمد بن اسماعیل (256 هــ ق). صحیح البخاری، ترجمه عبد العلی نور احراری (۱۳۹۱)، تربت جام: انتشارات شیخ الاسلام احمد جام.

۲۲. بزرگیان، مهدی (۱۳۸۵). "بررسی جامعه شناختی ساختار حقوقی ازدواج موقت در ایران"، پایان نامه کارشناسی ارشد. تهران: دانشگاه تربیت مدرس.

۲۳. بهرامی، محمد (۱۳۸۵). درآمدی بر جامعه شناسی خانواده در قرآن". پژوهش های قرآنی، دوره دوازدهم، شماره 48، ص ۷۲-۷.

24. بیهقی، احمد بن الحسین (بی تا). السنن الکبری، قم: دار الفکر.

۲۵. پرویزی، سرور (۱۳۹۳). اصول و روش های پژوهش های کیفی تهران: جامعه نگر.

26. پریشی، معصومه (۱۳۸۷). بررسی زمینه ها و پیامدهای ازدواج موقت برای زنان». پایان نامه کارشناسی ارشد، تهران: دانشگاه علامه طباطبایی.

۲۷. پورنقی، شهلا (۱۳۹۵). بررسی جامعه شناخت عوامل مرتبط با ازدواج دیررس جوانان ازدواج کرده بالای ۳۰ سال شهر بناب". فصلنامه مطالعات جامعه شناسی دانشگاه آزاد درباره سال هفتم، شماره ۲۷، ص ۸۰-63.

۲۸- تانگ، رزمری (۱۳۸۷). در آسای جامع بر نظریه های فمینیستی، ترجمه منیژه نجم عراقی، تهران: نی.

۲۹ـ ترمانینی، (بی تا). الزواج عند العرب في الجاهلية والاسلام، دمشق طلاس.

۳۰ـ ثلاثی، محسن (۱۳۷۹). «نقش مردم نگاری در تحقیقات اجتماعی"، جامعه شناسی ایران، شماره ۲. ص 176.

۳۱. جواد علی، (۱۳ 14 ق / ۱۹۹۳ م). المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام، بی جا بینا.

۳۲. جهانی، سمانه (۱۳۹۱). «جامعه شناسی خانواده در قرآن کریم"، فصلنامه پژوهش های میان رشته‌ای قرآن کریم، دوره سوم، شماره 1، ص ۱۰۰-۸۱.

۳۳. حاجی اسماعیلی، محمد رضا (۱۳۹۱). "ازدواج موقت و پیامدهای آن"، فصلنامه فقه مدنی، شماره 6، ص ۸۷-65.

34. حر عاملی، محمد بن الحسن (بی تا). وسائل الشیعه الی تحصیل مسائل الشریعه، بیروت: داراحیاء التراث العربی.

۳۵. حسینی بهارنچی، سید محمد (۱۳۸۳). آیین همسرداری و آداب زندگی در اسلام، قم: انتشارات اجر.

36. حلی، نجم الدین جعفر بن حسن (۱۳۷۰). الرسائل التسع، قم کتابخانه آیت الله مرعشی.

۳۷. خمینی، سید روح الله (۱۳۷۹). تحریر الوسیله، قم: دار العلم. ۲۸۵/۲.

۳۸. دانینو، آندره (۱۳۸۳). جامعه شناسی روابط جنسی، ترجمه حسن پویان، تهران: توس.

39. دوستخواه، جلیل (۱۳۸۸). اوستا. تهران: مروارید.

40. دهخدا، علی اکبر (۱۳۷۱). لغتنامه، تهران: سخن‌گستر.

41. ذاکرمن، فیل (1384). درآمدی بر جامعه شناسی دین، ترجمة: خشایار دیهیمی، نشر وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.

42. راغفر، حسین. گرچه، حمید پاکیزه نیت، مرضیه (۱۳۹۰). "تله های فقر در اقتصاد متکی به منابع طبیعی ایران»، فصلنامه پژوهشنامه اقتصادی (رویکرد اسلامی - ایرانی)، سال دوازدهم، شماره 45، ص 143-171.

43. رافعی، طلعت (۱۳۸۲). تحلیلی بر روان شناسی زن در ازدواج موقت تهران: دانژه.

44. رضادوست، کریم (۱۳۹۱). بررسی جامعه شناسی برخی از عوامل مؤثر بر میزان دینداری (مورد مطالعه: دانشـــجویان دانشـــگاه شـــهید چمران اهواز)، برنامه ریزی رفاه و توسعه اجتماعی، دوره سوم شماره ۱۰، ص ۱-۳۸.

45. رمضـــان بو طبي، محمـد سـعيـد (۲۰۱۰). المرأه بين الفتيـان النظـام الغربي والطائف التشريع الرباني، دمشق: دار الفكر.

46. رودگر، نرجس (۱۳۸۸). تاریخ، نظریات، گرایش ها و نقد فمینیسـم، تهران: دفتر مطالعات و تحقیقات زنان.

47. ریاحی، محمد اسـماعیل (۱۳۹۱). شـناسـایی مبه های اجتماعی میزان و دلایل موافقت با مخالفت با ازدواج موقت، خانواده پژوهی، سال هشتم، شماره ۳۲. صص ۵.۹ - 490.

48. زاهدپور، سـید سـعید خیری، بهناز (۱۳۹۰). "بررسـی نگرش زنان سـرپرسـت خانواد تحت پوشـش کمیته امداد امام خمینی شـهر شـیراز به ازدواج موقت»، پژوهشـنامه زمان، پژوهشگاه علوم انسانی و

مطالعات فرهنگی، سال دوم، شماره ۲. ص 66-43.

49. ساروخانی، باقر (۱۳۸۵). مقدمه ای بر جامعه شناسی خانواده تهران: سروش.

۵۰. سـاناسـاریان، الیز (۱۳۸۶). جنبش حقوق زنان در ایران، طغیان، افول و سـرکوب از ۱۲۸۰ تا انقلاب ۱۳۵۷، ترجمة توشین احمدی خراسانی، تهران: اختران.

۵۱. سـتوده، هدایت الله (۱۳۸۹). "خانواده و خویشـاوندی در گذر زمان"، فصـلنامه پژوهش اجتماعی، دوره سوم، شماره 9. ص ۲۱۱-۱۹۱.

۵۲. سلیمی، علی و داوری، محمد (۱۳۸۵). جامعه شناسی کجروی، قم: پژوهشگاه حوزه و دانشگاه.

53. سیستانی، سید علی (۱۳۹۲). توضیح المسائل، نشر نورالمبین.

54. شـــهریکندی، عبد الکریم (۱۳۷۸). احوال شـــخصـــیه و حقوق زوجین، بیجا: محمد محمدی.

55. شیخ صدوق (۱۶۱۳ هـــ ق). من لا یحضره الفقیه، ج ۳، قم: انتشارات جامعه مدرسین.

۵۶. صفای اصفهانی، نزهت (۱۳۷۷). روایت امید اشو هیشتان، تهران: مرکز.

۵۷. طبرســی، بن فضــل حســن (۱۳۷۵). مکارم الاخلاق، ترجمه سـید ابراهیم میر باقری، تهران: فراهانی ۵۸. عاشـور، احمد عیسـی (۱۳۸۹). نقشـه آسـان، ترجمه محمد

ابراهیمی، تهران: احسان.

59. عباسی شوازی، جلال و صادقی، رول (۱۳۸۵). قومیت و الگوهای ازدواج کردن در ایران، پژوهش زمان، مرکز مطالعات و تحقیقات زنان دانشگاه تهران، دوره سوم، شماره اول.

60. عبد الرحمن الحجار کوری، تحفة الأحوذی شرح جامع الترمذی: 269/4.

61. علوی، هدایت الله (۱۳۷۷). زن در ایران باستان، تهران: هیرمند.

6۲. غزالی، محمد (۱۳۷۷). مختصر احیاء العلوم الدین، ترجمة محمد صالح سعیدی، سنندج: کردستان.

63. فاضلی، نعمت الله (۱۳۸۳). پیامد های مدرنیته، تحلیلی بر تحولات خانواده و رفتار جنسی در بریتانیا»، فصلنامه مطالعات جوانان، شماره 6، ص ۱۷۱ -145.

64. فخر رازی، محمد (بی تا). النفیر الکبیر، بی‌نا.

65. فضل الله سید محمد حسین (۱۳۸۳). دنیای زن. تهران: دفتر پژوهش و نشر مهدوی.

66. فقیهی، علی نقی. خدایاری فرد، محمد. غباری بناب باقر، شکوهی یکتا، محسن (۱۳۹۲). "بررسی الگوی دینداری از منظر قرآن و سنت». فصلنامه اندیشه دینی دانشگاه شیراز، شماره 6 (۱۹). ص ۷۰-41.

67. قرشی، سید علی اکبر (۱۳۷۱). قاموس قرآن، جلد ششم تهران: دار الکتب اسلامیه.

68. کاتوزیان، ناصر (۱۳۷۸). حقوق خانواده. تهران: شرکت سهامی انتشار.

69. کجباف، محمد باقر (1384). «رفتارشناسی جنسی در اندیشه دینی"، فصلنامه مطالعات راهبردی زنانه سال هفتم، شماره ۲۷, ص 144 - 133.

۷۰. کریمی نیا، محمدمهدی (۱۳۹۰). "بررسی ازدواج موقت در دایره المعارف لیدن»، ترجمه شهلا حائری، مجله تخصصی قرآن پژوهی خاورشناسان، شماره ۱۰، ص ۷۳ تا 96.

۷۱. کلانتری، عبد الحسین. صادقی فسایی، سهیلا رضانیا، صدیقه (۱۳۹۳). مطالعه کیفی شرایط و زمینه های شکل گیری ازدواج موقت زنانه"، زن در توسعه و سیاست. شماره 47.

۷۲. کنز العمال في سنن الأقوال و الأفعال ، علاء الدین علی بن حسام معروف به نقی هندی، 525/16 - حدیث 736 - 45).

۷۳. گی روشه (۱۳۷۲). تغییرات اجتماعی، ترجمه منصور وثوقی. تهران: نی.

74. گیدنز، آنتونی (۱۳۸۹). جامعه شناسی، ترجمه محسن چاوشیان. تهران: نی.

۷۵. متقی هندی، علاء الدین علی (۹۷۷ ق‌ی)، کنز العمال، انتشارات دارالحدیث ،ج 16، ص ۲۷۹.

76. محبی، محمد عارف (۱۳۹۰). «خانواده و شاخصهای تنظیم روابط جنسی، فصلنامه معرفت، سالی بیستم. شماره ۱۷۱، ص ۵۷-۷۳.

۷۷. محمد بن احمد انصاری قرطبی، تفسیر قرطبی، 403/5.

۷۸. مزداپور، کتایون (۱۳۹۳). خانواده در ایران باستان تهران مرکز دایره المعارف بزرگ اسلامی.

۷۹. مطلبی، مرتضی (1344). ترجمه رساله عدالت از کتاب متاجر مرحوم شیخ مرتضی انصاری پایان نامه کارشناسی ارشد، تهران: دانشکده حقوق و علوم سیاسی و اقتصادی.

۸۰. مطهری، مرتضی (۱۳۷۹). حقوق زن در اسلام، تهران: انتشارات صدرا.

۸۱. مظاهری، حسین (۱۳۷۵). خانواده در اسلام، تهران: شفق.

۸۲. منتظری مقدم، حامد (۱۳۸۵). "گونه های ازدواج در عصر جاهلیت" فصلنامه تاریخ اسلام در آینه پژوهش، سال دوم، شماره چهارم.

۸۳. مهدوی، محمدصادق (۱۳۷۷). بررسی تیمی تغیرات ازدواج، تهران: دانشگاه شهید بهشتی.

84. میر خانی، عزت السادات (۱۳۷۹). امرزشناسی در ازدواج موقت"، مطالعات راهبردی زنان، شماره 9.

۸۵. نازک تبار، حسین، جلودار، شهرام. حسینی، سیده زهرا (۱۳۹۶). "تحلیلی بر نوسازی و کارکرد خانواده در استان مازندران». مطالعات زن و خانواده، دوره سوم، شماره ۲، ص 149-۱۲۱.

86. نجفی، محمدحسن. جواهر الکلام (تلخیص)، ج ۳۰.

۸۷. نور علیزاده میانجی، مسعود (۱۳۸۸). "مدل اسلامی مصون سازی رفتار جنسی با تأکید بر پیشگیری و درمان انحراف ها و مشکلات جنسی"، فصلنامه علمی تخصصی اسلام و روان شناسی سال سوم، شماره ۵. ص ۱۲-۱۰۷.

۸۸. واگو، استیون (۱۳۷۳). درآمدی بر تئوری ها و تغییرات اجتماعی، ترجمه احمدرضا غروب زاد، قم: جهاد دانشگاهی ماجد.

۸۹. وثوقی، منصور و نیک خلق، علی اکبر (۱۳۷۶). سیاسی جامعه شناسی تهران: خردمند.

۹۰. ولوجردی، محمد (۱۳۷۱). ازدواج موقت از دیدگاه حقوقی اجتماعی و اهل سنت. تهران: سازمان تبلیغات کشور.

۹۱. هاشمی بهرمانی، عمان (۱۳۹۲). اعتدال و پیروزی (هاشمی رفسنجانی کارنامه و خاطرات ۱۳۶۹). تهران: دفتر نشر معارف انقلاب.

۹۲. هاشمی رفسنجانی، علی اکبر (۱۳۷۷). ازدواج دائم و ازدواج موقت از نظر اسلام، تهران: موجودی.

93. یاری نسب، فاطمه. توحیدی، افسانه. حیدری، عفیفه. عسکری، زهرا (۱۳۹۶)، «نگرش دانشجویان نسبت به ازدواج موقت (مورد مطالعه دانشگاه شهید باهنر کرمان )»، فصلنامه فرهنگ در دانشگاه اسلامی دوره پنجم، شماره 16. ص 364 ـ 347.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

94. Arnet, J.J. (1995), "Broad and Narrow Socialization: The Family In The Context Of A Cultural Theory", *Journal of Marriage and the Family*, Vol, 57.

95. Baumrind, D. (1967). "Child care practices anteceding three patterns of preschool behavior". *Genetic Psychology monographs*, 75.

96. Beck, G. (1995). The Normal Chaos of Love. London: Polity Press.

97. Butler, T (1998). *Gender Truble, Feminism and The Subversion of Identity*, London: Routledge.

98. Davies, P. T., Myers, R. L. & Cummings, M. E. (1996) Responses of children and adolescents to marital conflict scenarios as a function of the emotionality of conflict endings. Merrill-Palmer Quarterly, 42, 1– 21. Review of the literature. *Clinical Child and Family Psychology Review*, 5(4), 255–271.

99. Elbedour, S., Onwuegbuzie, A. J., CarIdine, C. & Abu-Saad, H. (2002). The effect of polygamous marital structure on behavioral, emotional, and academic adjustment in children: a comprehensive review of the literature. *Clinical Child and Family Psychology Review*, 5(4), 255–257.

100. Foucault, M. (1993). *Power and Knowledge*, London.

101. Hall, S. (2005). *A Postmodern View of Feminism*, London.

102. Horrocks, R. (1997). *An Introduction to the Study of Sexuality*. London: Mcmillan Press LTD.

103. Jaggar, A. (1998): *Gender, Body, Knowledge: Feminist Reconstractions of Being and Inowing*, Rutgers University Press, New York.

104. Jones, A. (1996). *Feminism Reclaimed*, New York.

105. MacDonald, P. (2006). “Low Fertility and the State: The Efficacy of Policy”. *Population and Development Review*, 32 (3).

106. MacDonald, P. (2006). “Low Fertility and the State: The Efficacy of Policy”, *Population and Development Review*, 32 (3).

107. Mackinnon, Catharine, (1987). *Feminism Unmodified: Discourses on life and Law*, Harvard University Press.

108. Macuch, M. (2003). "The function of Temporary Marriage in the context of Sasanian Family Law", Proceeding of the fifth conference of the societas Iranologica Europaea held in Ravenna, October 6-11, vol.I: *Ancient and Middle Iranian studies*, ed.by A.panaino/ A. Piras, pp.585-597.

109. Perikhanian. A. (1980). *The Book of a Thousand Judgments* (A Sasanian Law Book) (MHD): Costa Mesa.

110. Stark, R., & Glock, C.Y., (1968). *American Piety: The Nature of Religious Commitment*. Berkeley: University of California Press.

111. Weeks, J. R. (2002). *Population: An Introduction to Concepts and Issues*, Eighth Edition, Wadworth.

112. Weeks, J. R. (2002). *Population: An Introduction to Concepts and Issues*, Eighth Edition, Wadworth**.**